# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ژمارە (٩) شوباتی ٢٠٢٢ زایینی - ڕەشەمێی ٢٧٢١ کوردی

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**



**(خانم و سوارچاکی)**
کاری هونەرمەند: **د. محەمەد عارف**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانسازی

govaridiwan@gmail.com

دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١

چاپخانە: هێڤی

مەسعود محەمەد لەکتێبی (زمانی کوردی)دا دەڵێ: (هێزی زمان لەگەڵ هێزی میللەتدا کە قسەی پێدەکات هاوسەنگە و سەرچاوەی هێزیش دەسەڵات و ئایینە)
ئەو قسەیە دەرگا بەڕووی ئەو پرسیارەدا دەکاتەوە، بەڕاست نەتەوەیێکی وەکوو کورد، کە زۆرجاران خۆمان بەراوورد دەکەین بە نەتەوە و گەلانی دیکەی ناوچەکە، خۆمان زۆر بەکەم و زەلیل دێتە بەرچاو، بەڵام کاتێک بیر لەوە دەکەینەوە، باشە ئەگەر وابێت ئێمە نەتەوەیێکی هێندە هەژار بین لەڕووی فەرهەنگ و زانستدا و تا ئێستەش گەورەترین نەتەوەبین لەجیهاندا، خاوەنی کیانێکی سیاسی و نەتەوەیی نەبین، دەبێ ئەو هۆکارانە چی بن ئێمەی کوردی بە زیندوویێتی هێشتۆتەوە؟
بیرمە لە ڕۆژەکانی سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕادیوی دەنگی ئەمریکا بەشی عەرەبییەکەی، ئەو وتارەی خوێندەوە کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو، وتاری هەفتانەی ئەم ڕادیۆیە بوو.
لە وتارەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو، کە کورد نەتەوێکی دابەشکراون، بەسەر ئێران و عێراق و تورکیا و سوریادا. کەچی لەهیچ کام لەم وڵاتانەدا خاوەنی خۆیان نین، بەشێوەیێک لە تورکیا بەزمانی کوردی قسەکردن قەدەغەیە، لە ئێران ڕێگەپێدراو نییە، لە سوریا بێبەش کراون لە پێدانی ناسنامەش، تەنیا لە عێراق جیاوزن، بەپێی قۆناغە سیاسییەکان توانراوە بەزمانی کوردی قسە بکەن و بخوێنن.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەدرێژایی مێژوو چەوسێنراونەتەوە، تائاستی هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنیان بە یەکجارەکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیوویانە لەڕێگەی پاراستنی زمانەکەیانەوە، بوونی خۆیان بسەلمێنن و لەمەیدانەکەدا وەکوو نەتەوەیێکی ژێر دەستە بمێنن.
ڕاستە لە ئێستەدا کورد خاوەنی هێزی تەکنەلۆژی سەردەمییانە نییە، بەڵام خاوەن ئیرادەیێکی لەبن نەهاتووە، ڕاستە لە ئێستەدا وەک بیروباوەڕ موسڵمانن، بەڵام لەڕووی نەتەوەییەوە نەبۆتە چەترێک بۆ پێکەوەنانی قەوارەیێکی سەربەخۆ، بە پێچەوانەوە ئایین بۆ نەیارەکانمان بۆتە کەرستەیێک بۆ لێدان و لەنێوبردنمان.
بۆیە بادەست بەزمانەکەمانەوە بگرین و لە ساڵڕۆژی زمانی دایکدا، زمانی کوردی بۆ هەمیشە بەگەشاوەیی ڕابگرین.

**سەرنووسەر**

# لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە:**

١. زۆرجار هەوڵمدەدا دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵدا سازدەم ڕازینەدەبوو/ نازم دڵبەند ........................ ل٤
٢. تایەر تۆفیق لەزاری خۆی و کەسانی دیکەوە / سمکۆ عەبدولکەریم – محەمەد گۆران ........................ ل٨
٣. بۆ یادی هونەرمەندی گـەورەی نـەمـر (تایەر تۆفیق) / وریا ئەحمەد ........................ ل١٦
٤. تایەر تۆفیق .. دەنگێکی ڕەسەنی کوردی / ڕزگار خۆشناو ........................ ل١٨
٥. دەستەمۆکردنی مردن لەپێناو ژیانێکی ئەبەدیدا / ئامانج غازی ........................ ل٢٠
٦. خەڵاتی هونەرمەند تایەر تۆفیق / فازیل شەوڕۆ ........................ ل٢٢
٧.مەلا عەولا هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی ناردە ئەوروپا / نەجمەدین عەزیز سمایل ........................ ل٢٣
٨. هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق لەگەشتێکدا بۆ ئێران ساڵی ١٩٦٨/ جەمالی دەلاک ........................ ل٢٤
٩. تایەر تۆفیق: ســـاڵی ١٩٤٢ قوتابخانم تەرک کرد ........................ ل٢٥
١٠. سەرهەڵدانی دیاردەی هونەری (تایەر توفیق) / خالید دلێر........................ ل٢٨

*** مێژوویی:**

١. کورد لە سەفەرنامەی ڤیکتۆر لانگلوا بۆ کیلیکیا و چیاکانی تۆرس / و: د.نەجاتی عەبدوڵلا ........................ ل٣٨
٢. هەندێک ڕاوبۆچوون سەبارەت بەنووسینی هەولێر لەسەرچاوەکانی سریانیدا / کەمال نوری مەعروف ........................ ل٤٢

*** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:**

١. زمانی دەق، زمانی ئایدیۆلۆژیا / نەجات ئەسپیندارەیی ........................ ل٤٨
٢. خوێندنەوەیێکی شرۆڤانە بۆ ڕۆمانی (ئەتیلا...) / و. لە عەرەبییەوە: ئیسماعیل بەرزنجی ........................ ل٥٨
٣. ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) ..... / هێرش کەمال ڕێکانی ........................ ل٦٤
٤. پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ژیان لەڕوانگەی (ئۆرهان پاموک)ەوە / د. نەجم ئەڵوەنی ........................ ل٧٠
٥. ناونیشانێک بۆ وتارێکی بێ ناونیشان! / سەدیق سەعید ڕواندزی ........................ ل٧٣

*** دەق: (چیرۆک – شیعر)**

١. شەوی قـەدر / ن: نەعیم شەریف و. لەعەرەبییەوە: حەسەن یاسین ........................ ل٧٦
٢. مەزاد.. مەزاد.. هەراج.. هەراج.. / د. جەمشید حەیدەری ........................ ل٧٩
٣. ئاکام / شەماڵ عەبدوڵلا ........................ ل٨٠
٤. ئەلها / یوسفی حەمەڕەشید ........................ ل٨١
٥. ئەوە چ خەنێک بوو / هەڵۆ خانەقینی ........................ ل٨٢

*** ڕۆشنبیریی گشتی:**

١. پیرۆزکردنی شێخانی سۆفی / سعید مولود نادر ........................ ل٨٤
٢. سەرچاوەکانی پەند و ئیدیوم / عەبدولوەهاب شێخانی ........................ ل٩٢

*** دیدار:**

١– دیدار (تەڵعەت تاهیر) / دیداری سمکۆ عەبدولکەریم ........................ ل٩٦

*** هونەریی:**

١. مامۆستا زرار محەمەد مستەفا .. / مەغدید حاجی ........................ ل١١٤
٢. گرنگی هونەر لە کۆمەڵگەدا / هەندرێن خۆشناو ........................ ل١١٥

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر / مەسعودی مەلا هەمزە ........................ ل١١٨
٢. ڕۆمانی بنووسە خوێن .. / باهۆز مستەفا ........................ ل١٢٢

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی ٣ ) / د. ئەرسەلان بایز ........................ ل١٢٦

٢. *** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار ........................ ل١٣٤
٢. قسەکانی پشتی کامێرا .. / سالار کۆشار ........................ ل١٣٦
٣. خەونی ڕەنگاوڕەنگ / ڕەسوڵ بەختیار ........................ ل١٣٧
٤. وەسیەتنامەی کوردستانییەک بۆ منداڵ و نەوەکانی / تاریق جامباز ........................ ل١٣٨
٥. هەرەسەکەی من / حەمەڕەشید هەرەس ........................ ل١٤٠

*** باخچەی دیوان:**

١. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ........................ ل١٤٢

*** لاپەڕە ١٤٤:**

١– سلێمانی وەکو تابلۆیە / محەمەد گۆران ........................ ل١٤٤



# دۆسیه

# تایەر تۆفیق

## ١٩٢٢ – ١٩٨٧/١٠/٢٠

شیرین بەهارە بەهاری شادان
بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان
جەژن و بەهار و سەیران و خۆشیی
گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

# زۆرجار هەوڵمدەدا دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵدا سازدەم ڕازینەدەبوو، دەیگوت: دە واز بێنە لۆ چییە...



نازم دلبەند

ڕۆژێکیان لەناو ماشێنەکەی هاوڕێم (سمکۆ عەبدولکەریم) سەرنووسەری گۆڤاری (دیوان) بە ڕێگاوەبووین بەرەو سەنتەری شار، خۆشتان دەزانن هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک کە پێکەوە دەبن قسە و باسەکانیان زیاتر بەلای پڕۆژەی نووسین و دەربڕینی بیروڕاکان دەبێ، مەرجیش نییە هەموو جارێ لەدوا وێستگەی قیژە قیژەکانیان بە یەک مەبەست بگەن، بەڵام من وایدەبینم کە لەگەڵ ئەو هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەم دەکەوینە ناو جەنجاڵیەتی باسێک، زۆرجار دەگەینە لوتکەیێک کە ببێتە بەشێک لەیەک تێگەیشتنمان، مەرجیش نییە هەموو جارێ ئەو مەبەستە بەدڵی هەردووکمان بێت، بەڵام ئەمجارە لەئامادەکردنی دۆسیەیێک بۆ هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) بەو پێیەی من لەژیانی زیندووی ئەم هونەرمەندە نزیکبوویمە و لە نزیکەوەش ئاشنایەتیمان هەبووە، ڕێککەوتین دۆسیەی ئەمجارەی گۆڤاری (دیوان) لەسەر ئەم کەڵە هونەرمەندە بێت.

یەکەم لەدەرگا دانیشم لە دەرگای هاوڕێی تەمەنم (جیهانبەخش کۆیی) بوو، کە هەردووکمان لەهونەرمەند (تایەر تۆفیق) نزیکبووین، ئەو زەخیرەیێکی ئەرشیفی گەورەی ئەم هونەرمەندەیە و لەمن زیاتر هەم خۆی و هەم (محەمەد کەبابچی) باوکی ڕەحمەتی و هەم (ئەمیر کۆیی) برای، هەمیشە لەگەڵ (تایەر تۆفیق) لەسەر یەک سفرە بووینە و هەموو ئەرشیفەکانی ئەو لەوێ دەستدەکەون.

خواهەڵناگرێ لەگەڵ یەکەم زەنگی تەلەفۆنەکەم بۆ کاک (جیهانبەخش) هەموو دەرگاکانی لێکردمەوە، بۆ سەرخستنی ئەم کارە هونەرییەم.

ئەمەشمان بۆ خۆشەویستی و ئەمەکداری و وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی بۆ هونەرمەند (تایەر تۆفیق) و هونەری کوردی ئەوێ ڕۆژێ ئەنجام دا.

بۆ ئەم مەبەستەش چوومە بنج و بناوانی زیاتر، لەگەڵ ئەو کەسایەتییە هونەرییانەی کە بەشێک بووینە لەو ڕۆژگارەی کە کاک (تایەر) لەگەڵیان ژیاوە و لەسەر شانۆکان بوونەتە ستافی موزیکژەنی ئەو، لەسەرووی هەمووشیانەوە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) و (ڕزگار خۆشناو) ئینجا موزیکژەن (ئامانج غازی) و کۆمەڵێکی دیکەی وەکوو جەودەت شاکر، واحید مەرجان و مستەفا ڕەئوف- خوالێیان خۆشبێ، خۆشم ئەوەندەم لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەری نووسیوە، کە پێموایە ویژدانی خۆم بەرامبەر ئەو هونەرمەندە حەساندۆتەوە.

**کاک (تایەر) یەکێ بووە لەو هونەرمەندانەی زۆر زیرەکانە هەم دەستنیشانی شیعری کردووە بۆ گۆرانییەکانی، هەم یەکێ بووە لەو هونەرمەندە گۆرانیبێژانەی کە زۆر زوو شیعری شاعیرانی لەبەر کردووە**

کاک (تایەر) یەکێ بووە لەو هونەرمەندانەی زۆر زیرەکانە هەم دەستنیشانی شیعری کردووە بۆ گۆرانییەکانی، هەم یەکێ بووە لەو هونەرمەندە گۆرانیبێژانەی کە زۆر زوو شیعری شاعیرانی لەبەر کردووە. بانموونەیەکتان بۆ بێنمەوە کە خۆم تیایدا ئامادەبوویمە، ئینجا دێینەوە سەر شیعری شاعیرانی دیکە. مامۆستا (هێمن) کە یەکەمجار شیعری (ناڵەی جودایی) لەگۆڤاری (بەیان) بڵاوکردەوە، بۆ ئەوساکە بووە مارشی نەتەوەیی، خاڵە تایەر ئێوارەییێک لەشەقامی (باتا) دەهاتە خوارەوە، جلێکی کوردی لەبەربوو، جەمەدانییەکەی لەبن هەنگڵی نابوو، گۆڤارێکی لوول دراوی لەدەستبوو، بەسودفە منی دیت و گۆڤارەکەی کردەوە و گوتی: (ئەوە دوێ شەوێ فاروق جەمیلی مەحامی لەنادی حقوقین پێی گۆتم: مامۆستا هێمن شیعرەکی جوانی لەگۆڤاری بەیان بڵاوکردیتەوە هەرشایەنی ئەوەیە تۆ بیڵێی، منیش ئەوە چوومە ئەو کتێبخانەیە گۆڤارەکەم کڕیو هەر لەوێش هەندەکم لێخوێندەوە، وەڵڵا فاروق ڕاستدەکا، شیعرێکی بەلەزەتە).

**ساقییا وابادەوە، وابادەوە**

**ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە**

**موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن**

**زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن**

**مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان**

**مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان**

**ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە**

**لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە**

**ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە**

**لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە**

لەدواییدا شۆڕبووینەوە بۆ لای تۆمارگاکەی کاک (جیهانبەخش) و لەوێش باسی ئەوەمان کردەوە، بەڵام ئەو هەرچاوی لەسەر شیعرەکە بوو، دیاربوو لەبەرخۆشیەوە (هەر منگە منگی) بوو.


چەند ڕۆژێکی پێچوو دیتمەوە، بەرلەوەی من پرسیاری شیعرەکەی لێبکەم ئەو گۆتی: (هەموویم لەبەرکرد، دەیرێم)

فیعلەن لەئاهەنگێکی هۆڵی (گەل) ساڵی ١٩٧٦ کە من پێشکەشکاری بووم بەشێکی ئەو شیعرەی بەدەنگە زوڵاڵەکەی چڕی و دونیای هەژاند کە تا ئێستاکەش تۆمارە دەنگییەکەی ماوە.



وەکوو گوتم هونەرمەند (تایەر تۆفیق) بۆ گۆرانییەکانی زۆر زیرەکانە دەستنیشانی شیعری شاعیرانی کردووە، ئەگەر بەلاپەڕەکانی کتێبی (گوڵی سەربەستی)دا بچینەوە کە سەرجەم گۆرانییەکانی ئەوی لێ کۆکراوەتەوە، زۆرینەی ئەو شیعرانەی گوتویەتی هی (نالی) و (کوردی) و (وەفایی) و

(ئیبراهیم ئەحمەد) و (شوکری فەزڵی) و زۆریترە، دیارە ئەمەش بەشێکە لەلێهاتوویی هونەرمەند بۆ هەڵبژاردنی شیعر، بەڵام ئەوەی کە هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی گەیاندۆتە لووتکەی نێوبانگ مەقامی (شیرین بەهارە)یە لەشیعری مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) کە تا ئێستاکەش بۆتە مارشی نەتەوەیێک، لە داکشان و هەڵکشانیدا هەمیشە بەسیمبولی خۆی زانیوە و تا ئێستاکەش هەر بە (نەمری) ماوەتەوە.







**شیرین بەهارە بەهاری شادان**
**بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان**
**جەژن و بەهار و سەیران و خۆشیی**
**گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان**
**شیرین ئەزانم کە تۆش زامداری**
**وەک من عەودالّی خونچەی بەهاری**
**هیوای تۆ یەکە هیوای من هەزار**
**من بێزار نەبم تۆ بۆ بێزاری**

هونەرمەند (تایەر تۆفیق) سیفاتێکی هەبوو کە لای کەم کەس دەبینرێ، ئەویش سیفاتی خۆدەرنەخستن بوو، زۆرجار هەولّمداوە بتوانم جوانترین دیداری لەگەڵدا سازدەم ڕازینەبووە، هەموو جارێ دەیگوت: (کورە دەوازبینە لۆ چییە).

تاگەیشتە ئەوەی، ڕۆژێکیان من و هاوڕێم (جیهانبەخش) تایەر تۆفیق لەوێ بوو هەر ئەو سێیەمان بووین لەتۆمارگاکەی کە بەناوی (خەیام) بوو بەدزییەوە تەسجیلێکمان دانا، من دەستمکرد بەپرسیارکردن، بەڵام زۆری نەبرد وەڕس بوو و لێیدا چووە دەرەوە، بەبێ ئەوەی بزانێ ئێمە دەنگی تۆماری دەکەین.

جارێکی دیکەش ماڵەکەیان لەخانوە حکومییەکانی گەڕەکی (سەیداوە) بوو، ستافێکی تەلەفزیۆنی بەغدا هاتنە هەولێر کە پێکهاتبوون لەهونەرمەندان (ناسر حەسەن) و هونەرمەندی وێنەگر (جەبار غەریب) چەند هونەرکارێکی دیکەیان لەگەڵدا بوو، پەیوەندییان بەمنەوە کرد سەردانی مامۆستا (تایەر تۆفیق) بکەین و دیدارێکی تێروتەسەلی لەگەڵدا بکەین، من لای خۆمەوە بۆ ئەم کارە هەر زۆر گەرموگوڕ بووم، هەر ئەوکات چووینە ماڵەکەی، لەبیرمە دەرگاکەیان لەسەر پشت بوو، وەکوو ئەدەب و حورمەتی چوونە ژوورەوەی ماڵ، چەند جارێک لەدەرگاکەمدا تا مامۆستا هەر لەهۆڵەکەوە دەنگی هات و فەرمووی: (وەرنە ژۆرێ)ی لێکردین

کە چووینە ژوورەوە ئەو بەکراس و بیجامەییێکی خەت خەتەوە لەسەر قەرەوێڵەییێکی ئاسن دانیشتبوو و ڕیشی هاتبوو، من دەمزانی کاک (تایەر) لەدوای کۆچکردنی (یا حەوا) هیچ هیواییێکی بەو ژیانەی خۆی نەمابوو و خۆشی لەبارێکی تەندروستی باشدا نەبوو، وەکوو جارانیش لەشەقامەکان دەرنەدەکەوت، هێندەی



ئەوەی بۆ ئەو ئازارانەی خەمخۆر بووم، بەقەد ئەوە زیاتریش حەزمدەکرد لەدیدارێکی ئاوادا گوێم لە دەردە دڵ و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی بێت، تا هەرنەبێ کەمێک بیبەمەوە ناو دونیای دوێنێی هاوڕێ و هاوئاوازەکانی خۆی، هەر لەمەجلیسی (حەمەی مەلا) و (حەمەدەمین عەباس) و (حەمە گەمعان) و سیاچەمانەی ناو ڕەزانی کۆیە و ڕۆژگارە پڕ لەپێکەنینەکانی خۆی و (مام ڕەسوڵ گەردی) و زۆریتر...

سەرەتا زۆر بەخۆشییەوە پێشوازی لێکردین و بەدڵی خۆشەوە هەندێ قسەی کرد، بەڵام کە ڕووم لێنا و گوتم: (مامۆستا ئەوە لەگەڵ کاک ناسر و ئەوان هاتووین بۆ ئەوەی دیدارێکی هونەری تێروتەسەلت لەگەڵدا بکەین تا وەکوو مێژوو بمێنێتەوە)

ڕوخساری گۆڕا و ڕووی لەمن کرد و گوتی:

(نازانم کەنگێ ئەتو و جیهانبەخش واز لەدیدار و دیدارۆکان دینن، کوڕە دەواز لەو قسانە بێنە، تازە من بەتەمای چیم لەو ژیانەی، حاڵی من نابینی، هاتنتان بۆ ئێرە لای من لە هەزار دیدار خۆشترە، نازم وازم لێبێنە...).

زۆرمان لەگەڵ هەوڵدا بەهیچ شێوەیێک ڕازینەبوو و لەدواجاردا هەمووومان بەنائومێدی هاتینە دەرەوە، زۆریشی پێنەچوو مەرگ ئەویشی ڕاپێچ کرد و بردیە پاڵ گۆڕی (یا حەوا)

ئەوە گەورەیی ئەو پیاوە بوو هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەدەدا وەکوو هونەرمەند خۆی وەدەربخێ، چونکە هەموو جارێ دەیگوت:

(ئەمن فشەم بەوانە دێ هیچیان لەبارنییە و دەیانەوێ خەڵک پێیان بڵێ ئەوە فلان گۆرانیبێژە، ئەمن تایەرم ئەگەر هەتا ئێستاکە دەنگم لەگێی خەڵکیدا نەزرینگابێتەوە، یانی بە موقابەلەو شتیوا دەزرینگێتەوە؟)

زەمەنێک لەگەڵ هونەرمەند (تایەر تۆفیق) ژیام، هەرگیز کەسێکم نەدی وەکوو ئەو باوەڕی بەکەسێتی خۆی بێ، لەو شەو و ڕۆژانەشدا کە دەبووە میوانی کەسانێک، هەرگیز خۆی لەوان بەبچووکتر نەدەدی، تا بڵێی شانازی بەکەسایەتی خۆیەوە دەکرد، تا مردیش هەر بە (تایەر تۆفیق)ە گەورەکە مایەوە.



پێنجشەممە ٢٠/١٠/١٩٩٤ز – ٢٨ی ڕەزبەر ٢٦٩٤ک – ١٥ جمادی الاولی

دوا لاپەڕە

لە ساڵڕۆژی هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیق

لەم ڕۆژانەی رابرد هەموو ڕۆژنامەکانی بەیروت و ئەو ئیزگە جیهانییانەی کە بەزمانی عەرەبی پەخش دەبن بەپەرۆشەوە هەواڵی ئەخۆشیە سەختەکەی گۆرانبێژە گەورەکەی لوبنان «فەیروز» یان بڵاوکردەوە.

لەجێ خۆیەتی و چەند زیاتریشی بۆ بکرێ هێشتا بەقەد باڵای گەورەیی فەیروز نیە. رەنگە سبەینێش گەورەترین میدالیای پێشکەش بکرێ و یان بەناوی بکرێ و ڤیستیڤاڵی ساڵانەشی بۆ ساز بدرێ. ئەمەشیان رەوایە.

لە کوردستانی ئێمەشدا ئەم کەڵە هونەرمەندانە هەن کە تا مەرگیش راپێچی کردون چریکەی دەنگیان شۆڕشێکی سەرتاسەری بوەو هەمیشە دوژمن لەم دەنگانە ترساون.

ئەگەر جاران دەرگای ئازادی داخرابوو کە زۆر بە زەحمەت و لەپەنای دەیان و دەیان بیانو یادیان دەکرایەوەو خەڵکانێک بەشداریان تێدا دەکرد کە پێیان وابوو ئەم یادەو رێزلێنانەش رێزلێنانە لە مرۆڤی کوردو لە مێژووی کورد.

خۆزگە وەزارەتی رۆشنبیری ڤیستیڤاڵێکی گەورەی سازدەدا.!!!

ناظم دلبەند

بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر دوژمن لە «شیرین بەهارە» دەترسا.

دوژمن لە دەنگی کەڵە هونەرمەندی کورد «تایەر تۆفیق» دەترسا.

پێی وابوو هەر چریکەیەکی «تایەر»ی ستراتیژ شورشیکی نوێترەو سەر لەنوی گرو بلیسەی ورەی کومەلانی خەلك دادەگیرسێنێتەوە لە راستیدا هەروا بوو. ئەگەر فەیروز گورانی بو پیشمەرگە فەلەستینی یەکان دەگوت، ئەوە بێ شك ماموستا «تایەر»یش بە درێژایی تەمەنی گورانی بو پیشمەرگەی کوردو بو ئازادی کورد دەگوت.

«سەدەی بیستەمەو گولی سەربەستی و قەلبی من.. هتد» ئەمانە هەموو پێناسنامەی بەشداربوونی ئەم هونەرمەندە گەورەیەیە کە لە کەوتن و لەهەلسانەوەو لە سەرفرازی و لە هەلگیرسانەوەی شورش.

ساڵی ئەمساڵیش بەهێمنی و بەبێ حەق دان ئەوەتا یادی «تایەر توفیق»ی هونەرمەند دەکەینەوە کە دەبوایە وەزارەتی روشنبیری لەسایەی ئەم ئازادییەی کوردستان گەورەترین ڤیستیڤاڵی بو سازبدایە..



داواکارییەکی نووسەر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)






ئا: سمکۆ عەبدولکەریم – محەمەد گۆران

**خۆمتان پێ بناسێنم**

من ناوم تایەر کوڕی تۆفیق کوڕی ئاوڕەحمان کوڕی حەمەدی شێخانییە، لەساڵی ١٩٢٢دا لەگەڕەکی بەفریقەندیی شارە خنجیلانەکەی کۆیە، شاری ئاواز و گۆرانی و شیعری کوردی چاوی ژیانم هەڵێناوە.

**تایەر تۆفیق لە ژیانی هاوسەری، هیچ منداڵێکی نەبوو، بەڵام هۆکاری منداڵ نەبوونەکە تایەر تۆفیق بوو، نەوەک (حەوا)ی هاوسەری**

لەساڵی ١٩٢٩دا باوکم بردمی بۆ سوختەخانەی (مەلای ڕەش)ی کۆیە و لەلای ئەو خوێندنی قورئانی پیرۆز و گولستان و بۆستانم تەواوکرد. لەساڵی ١٩٣٢دا چوومە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە و مامۆستاکانم لەپۆلی دووەمیان دانام و لەو ساوە بەمنیان دەگوت: «دەنگت خۆشە» و خستمیانە تیپی سروود و گۆرانی قوتابخانەکەوە.

جارێ هەرزەکار بووم لەساڵی ١٩٣٦ەوە دەستم بەگۆرانی گوتن کرد، ئەوسا باغ و سەیرانگاکانی کۆیە مەڵبەندی شادی و ئاواز و گۆرانی کوردی بوون و شیعری شاعیری کوردی وەکوو نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و بێخود و سافی و عەونی و مەیلی و ڕاجی و زەکی و دڵدار لەپاڵ شیعری بەنددا لەباو بوون و لەلایەن گۆرانیبێژە ناودارەکانی کۆیە وەکوو سێوەی هونەرمەند و مەلا ئەسعەد و ئەحمەدی حەمە مەلا و گەلێ هونەرمەندی دیکە دەگوتران و منیش بەو بۆنەیەی کە خوێندەوار و دەنگخۆش بووم، شیعری ئەو شاعیرە ناودارانەم بەگۆرانی دەگوتن و لەبەرم دەکردن. جگە لەو گۆرانیبێژانەی ناوم بردن، دەستەیێکی دەنگخۆشی دیکەش لەو شارەدا کۆڕی مەولوود و دانیشتنی تایبەتی خۆیان بەدەنگ و ئاوازی گۆرانی ڕەسەنی کوردی دەهێنایە جۆش و خرۆشەوە، لەوانە: حەمەدەمینە گۆجە و قادری حەمەدی حەمامچی ناودار بەقالە کەچەڵ و حوسێنی حەبە تۆز و فەقێ ئەحمەدە کۆرە و وەستا قادری لبادکەر و حەمە ڕەشیدی شێرزاد و خۆشم یەکێک بووم لەو تاقمە گۆرانیبێژانە و لەدوای ئێمەش هەندێ گۆرانیبێژی دیکە وەک شەفیقی مام خەڵەف و حەمەد ئەمینی عەباس و عەبدولباقی بەربەر و چەند گۆرانیبێژێکی دیکە سەریانهەڵدا و کاروانی گۆرانی کوردییان بەرەو پێشەوە برد.

من لەساڵی ١٩٣٦ەوە تا ساڵی ١٩٤٠ لەهەموو باخێک و مزگەوت و ماڵێکدا ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر و لەکۆڕ و دانیشتنی تایبەتی خۆم، مەقام و بەستەی کوردیم لەسەر زار بوو، چونکە ئەوسا کۆیە شارێکی پڕ خۆشی و شادی بوو، مەڵبەندی ساز و ئاواز و گۆرانی کوردی بوو، ئەگەر هیچ بۆنە و موناسەبەتێک نەبووایە گۆرانی تێدا بڵێم، ئەوا لەگەڵ دەستەیەک لەبرادەران، ڕوومان دەکردە دەم ڕووبارێک یاخود باخ و ڕەزێکی دامێنی شار و ئیدی هەر گۆرانی گوتن و شادی و پێکەنین بوو.

هەتا ئێستاکەشی لەگەڵدابێ، خۆم نەمهێشتووە کەس دڵی لێم بڕەنجێ. کۆڕی دانیشتن و ڕابواردنی ئەوسای ناوباخ و ڕەزانمان بەزۆری لەگەڵ هونەرمەند و هونەردۆستانی وەکوو عومەری مام عەولا و ئەحمەدی حەمە مەلا و عوسمان عەونی و ساڵحی قەساب و ئەحمەدی مامە عەدە و سۆفی محەمەدی قەسابدا بوو، ئەم خۆشی و ڕابواردنەمان تا ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ی خایاند، لەو کاتە بەدواوە گرانییەکی کوشندە سەبارەت بەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهان تووشی وڵات هات و ئەوسا من لەپۆلی سێیەمی ناوەندی کۆیە بووم، لەبەر دەستکورتی و هەژاری دەستم لەخوێندن هەڵگرت، هەر چەندە خزم و کەسی دەوڵەمەندمان زۆر بوون بەڵام باوکم پیاوێکی نەفسبەرز و بەحیرس بوو، دەردی برسییەتی خۆی و منداڵەکانی بەکەس ڕانەدەگەیاند و زۆر شەو هەبوو بەبێ نان سەرمان دەنایەوە، بەڵام هەرچۆنێ بوو تا جەنگ بڕایەوە ئیدارەمان کرد و ئینجا ئێمە و خەڵکەکە، وردە وردە بووژاینەوە و لەبرسییەتی ڕزگارمان بوو.


لەساڵی ١٩٤٥دا، لەدوای جەنگ بڕانەوە چووم بۆ بەغدا و چاوم بەخزمێکی خۆم کەوت، ناوی (سەمەد حاجی محەمەد بەننا) بوو، پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو و دووربین بوو، پێیگوتم: وەرە با بچینە ئێستگە لەوێ گۆرانیبێژیان پێویستە، من پێمگوت: دەمەوێ بگەڕێمەوە کۆیە و لێرە بەڕێوە ناچم، کەچی ئەو گوتی: دەبێ هەربێی و بردمیە ئەوێ و ئەوسا (کامل ئەمین) و (قادر قەزاز) لەئێستگە بوون و زۆریان پێخۆشبوو، لەوێ بەمووچەی هەفتانەی دوودیناریی دامەزرام، بەرامبەر ئەو مووچەیە هەفتەی نیو سەعات ئاهەنگێکی گۆرانیان پێشکەش بکەم. ئێستگە ئەوکات بەشی کوردییان پێدەگوت و بەزستان سارد و بەهاوین زۆرگەرم بوو، بەمجۆرە تا ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ ئێستگەی ڕادیۆی عێراق بەشی کوردیدا هەبوو، ئینجا لەمانگی ئەیلوولی ١٩٥٦دا گەڕامەوە هەولێر و لە ١٢ی ٩ی ١٩٥٦ بەفەرمانی میریی دامەزرام و کرام بەکاتبی ناحیەی سیدەکان، ماوەی ساڵێک لەوێ مامەوە و ئینجا لەساڵی ١٩٥٧دا گوێزرامەوە بۆ بەغدا و لەوەزارەتی ناوەخۆ دانرام و لەهەمانکاتیشدا هاتوچۆی ئێستگەی کوردیشم دەکرد و لەساڵی ١٩٦٠دا داوای گواستنەوەم کرد بۆ هەولێر و لەو شارە دێرینەی کوردستانم و لەئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان بوومە (ڕەئیس مولاحزین). (تۆفیق، (١٩٨٣)، ١٤-١٥-١٦).

## شێوەی گۆرانی گوتنی لە ناو سەدان دەنگ دەناسرێتەوە

کەریم شارەزا، لەبارەی بەهرە و ناوودەنگی تایەر تۆفیق، دەڵێ: مامۆستا تایەر تۆفیق لەشارەکەی کۆیە گوێی بەچریکە و چەهچەهەی بولبولانی باخەکانی (شەمە) و (ئۆمەرخوچان) و (باغە) و (ڕەزی پلووسک) و هەرمۆتە و ئاشان و سەیرانگاکانی دیکەی ئەو شارە گۆش بووە. هەرچەندە تایەری هونەرمەند خۆی خاوەنی بەهرەیێکی هونەریی گەورەیە لەمەیدانی ئاواز و گۆرانی کوردیدا، بەڵام پەروەردەبوونی لەو



شارە زیندووە بەهات و باتەدا بووە بەمایەی گەشەکردنی بەهرە هونەرییەکەی، تا بووە بەمیراتگری بەهرەی هونەریی مەقامبێژە بلیمەتەکانی ئەو شارە دێرینەی وەک (مەربێن) و (نەشئەی ڕەشید ئاغا) و (حاجییە گەورە) و (ڕەفیق چارچاو) و (عەبەی چایەچی) و (مەلا ئەسعەد) و (سێوە)، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە (تایەر تۆفیق) کتومت ئەو هونەرەی مەقامی کوردی بەبێ دەست



ئەو شوێنەی تایەر تۆفیق دوارۆژەکانی ژیانی لێ بەسەر برد



لێدان و گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە بردنی وەرنەگرتووە، بەجۆرەک هەر ئاواز و شێوەی گوتنی ئەوانی جوبێتەوە! بەڵکو جۆرە گۆڕانکاری و چەشنە چێژ و تەرزە خاسیەتێکی تایبەتی بەخۆی پێداون، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەیدا بگونجێن و جۆرە داهێنانێکیان لەناودا بخوڵقێنێ.

وەک (کەریم شارەزا) دەڵێ: «مامۆستا تایەر پێغەمبەر و لەسەر مەحفەل و منارە و گومبەتی مزگەوتانەوە بهێنێتە ناو کۆڕی جەماوەری میللەت و بیهاوێتە قالبی گۆرانی نەتەوایەتی و سیاسی، توانی گۆرانی کوردی لەمەجلیس و دیوەخانی ئاغاکانەوە دەربهێنێ و بیباتە ناو کۆڕی دەستەی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەران و بیخاتە سەر شانۆی ئاهەنگی نەورۆز و جەژنە نیشتمانییەکانی وڵات و لەدوایشدا بردی بۆ جیهانێکی فراوانتر و لەئیستگەی کوردی ڕادیۆی عێراقەوە بەدەیان نموونەی سەرکەوتووی لەگۆرانی کوردی پێشکەش کردووە».

مامۆستا تایەر تۆفیق، شێوەی گۆرانی گوتنی لەناو دەیان، بەڵکوو لەناو سەدان دەنگ دەناسرێتەوە. خۆ گۆرانییەکەی (ناڵەی جودایی)مامۆستا(هێمن)ی کوردستانی باشترین بەڵگەی ئەم ڕایەمانە و گەلێک خۆشتر و پڕ سۆزترمان دێتە بەرگوێ لەچاو گۆرانییەکانی سەردەمی هەرزەکاری و گەنجیەتیدا. هەرکەسێکی کەمێک ئاشنای هونەر و ئاواز و گۆرانی کوردی بێ و گوێی لەناوی (تایەر تۆفیق) بێ، یەکسەر ئاوازی گۆرانییەکانی (زولفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە)ی نالی و (چاوەکەم زانیوتە ئەمڕۆ خەو لەچاوم ناکەوێ)ی مستەفا بەگی کوردی و (لەمەیدانی بەهارا شارەکەی کۆ)



بەتانییەکەی تایەر تۆفیق

**کەریم شارەزا: مامۆستا تایەر تۆفیق لەشارەکەی کۆیە گوێی بەچریکە و چەهچەهەی بولبولانی باخەکانی (شەمە) و (ئۆمەرخوچان) و (باغە) و (ڕەزی پلووسک) و هەرمۆتە و ئاشان و سەیرانگاکانی دیکەی ئەو شارە گۆش بووە**

و (لەسەر شەو ڕۆژی داناوە)ی حاجی قادری کۆیی و (ئیشکە ڕووی ئێستێ لەهەورازە)ی شوکری فەزلی و (لەباغان ئاهو ناڵین دێ)ی وەفایی و (مەکەن مەنعی عاشقان)ی ئەحمەدی کۆر و (تا بەکەی قوربان بناڵم)ی تاهیر بەگی جاف و (چوارینەکانی خەیام) و غەزەلە تەڕ و ناسکەکانی (سافی هیرانی) و (عەونی کۆیی) و (پەڵە هەور)ەکەی (گۆران)ی



نەمر و (گوڵی سەربەستی)ی (بەختیار زێوەر) و (بیست و حەوت ساڵە)کەی بێکەس و (ئەی بادی شەماڵ)ی دڵدار و چەند شیعرێکی تەڕ و پاراوی مەدهۆش و هەژار و دڵزار و مەدحەت بێخەو و گەلێ چەپکە گوڵی گوڵزاری کوردەماندا دەژی. (شارەزا، (١٩٨٢)، ٨-٩-١٠-١١).

لێم ڕوونە ئەگەر تایەر تۆفیق بەو دەنگە خۆشەوە لەناو ئێمەی کورد نەبووایە و لەناو هەر نەتەوەکی دیکە بووایە، ئێستا دەبووایە هەموو ئاواتخوازێک ئاوات بەجێگەی ئەو بخوازێ و گەلەکەی شانازی پێ دەکرد، بەڵام ئەویش وەک هەر هونەرمەندێکی کورد، هەتا کورد و کوردستان، بێکەس بێ بەبرینی خۆی دەزانێ، دەبێ ئەویش بەخوێنی دڵ و فرمێسکی چاوەوە بتلێتەوە و بەهەناسە ساردی سەر بنێتەوە، بەڵێ دەردی بێکەسی و بەدەرد نەزانین، دەردێکی زۆر گران و دژوارە. (شڕۆڵ، ١٩٧٢)

## تایەر تۆفیق زۆر حەزی لە دۆلمەی کۆییان بوو

وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی کۆییەکان لەبارەی (تایەر تۆفیق)ەوە، بەتایبەت توێژی هونەرمەند و ڕۆشنبیران، گرنگبوو، بۆیە لەهەولێرەوە چووینە شارەکەی کۆیە و ڕۆژێکی تەواو گەڕاین و زۆر کەسمان بینی، ڕێکخەری سەردان و دەستنیشانکردنی کەس و شوێنەکانیش، هەمووی بەهاوکاری (پشتیوان کاکل) بەرپرسی ڕاگەیاندنی تیپی باواجی کۆیە بوو، پشتیوان کاکل کە هاوکات ژەنیاری (نایە)شە، لەکۆتاییەکانی تەمەنی یەکێ لەکەسە هەرە نزیکەکانی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) بووە، وەک ئاماژەی پێدا: ماوەی مانگێ زیاتر بەبەردەوامی لەگەڵ هونەرمەند (ئەحمەد هاشم) سەردانی (تایەر تۆفیق)یان کردووە و زۆربەی ڕۆژ، کەباب و شەربەتیان بۆ بردووە.

پشتیوان کاکل دەڵێ: «تایەر تۆفیق پیاوەکی هێندە نەفسبەرز بوو، ئەگەر لەبرسان بشمردبایە، تەنازوولی بۆ کەس نەدەکرد و سەری دانەدەنواند، ئەوەندە بەحیرس بوو گلەیی لەکەس نەدەکرد و نەیدەگوت کەس ئەوەم لۆ بکات، بەڵام چونکە شوقەکەی نزیکبوو لەوێ، (وەستا ڕزگار)ی کەباب برایان، هەموو ڕۆژ کەبابی بەلاش لۆ دەنارد»، وەک پشتیوان گوتی: «لەخواردنەکان تایەر تۆفیق زۆر حەزی لەدۆلمەی کۆییان بوو»، دەشڵێ: «ڕۆژانە لەگەڵ ئەحمەد هاشم کە سەردانمان دەکرد، لەو ژوورەی شوقەکەی کەوتبوو، ژوورێکبوو هیچ شتێکی لێ نەبوو، جگە لەقەرەوێلە و بەتانی و سەرینەک، بێکەس و بێدەرەتان، بەڵام کە ئێمەی دەبینی، دڵی زۆرخۆش دەبوو، ڕۆژەکی گۆرانیمان بۆ گوت»، پشتیوان بەدەنگێکی بەرز دەستدەکاتە چڕینی گۆرانییەک وەک ئەوەی لای خاڵە تایەر دانیشتبێ، تەواوی گۆرانییەکە بەئاوازەوە دەڵێ!.

ئەو ڕۆژە چووینە بەردەم ئەو شوقەیەی کە تایەر تۆفیق دواساتەکانی ژیانی لێ بەسەربرد، چەند وێنەیەکیشمان چرکاند، شوقەکە لەئێستادا کەسی لێ ناژێ، بەڵام کەباب برایان کە چەند مەترێک ئەولاتربوو، جەمەی دەهات و ژەمی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. ئەو کاتەشی ئێمە چووین وەستا ڕزگار لەکەبابخانەکە نەبوو تاکو چەند قسەیەکی لەگەڵ بکەین.

لەهەولێر لەبارەی کۆییەکان دەگوترێ «کۆیی و خۆیی»، بەواتا هەمیشە پشتی یەکتر



قەرەوێڵەکەی تایەر تۆفیق



«تایەر تۆفیق تازە لە مەجلیسەکان مەقامی دەگوت و لەسەرەتای دەرکەوتنیدا بوو، باوکی لە کۆیە چایەچی بوو و تۆفیقە دریژیان پیدەگوت، مام تۆفیق ئاهی هەڵدەکیشا و دەیگوت کوڕی عالەمێ بوونە دکتۆر و موهەندیس، کوڕی منیش بووە چاوەش»

دەگرن و لەسەر یەکدی دێنە جواب، بەڵام ئەو هاوکێشەیە هەر لەدەرەوەی کۆیە ڕاستە و پێناچێ لەناو خودی کۆیە وابێ، چونکە پشتیوان کاکل باسی لەوەکرد کە: «هەر کۆییەکان هۆکاری ئەوەبوونە کە حاجی قادری کۆیی سەرهەڵگرێ و بڕوات، هەر ئەوانیش هۆکاربوونە شێخ ڕەزا جارێکی دیکە سەرنەکاتەوە بەکۆیە و کەیفی جوانڕۆیی لەو شارە هەڵێ». بۆیە ئەگەرچی لەکۆتاییەکانی ژیانی تایەر تۆفیق بەبێ نازی و بێکەسی لەشوقەکەی سەری نایەوە و بۆ هەتاهەتایە کۆیە و عاشقانی دەنگەکەی جێهێشت، بەڵام لەکاتی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی، تەواوی شاری کۆیە لەو ڕۆژەدا خرۆشاوە و بەشداری ناشتنی و پرسەکەی بووینە.

**قەرەوێلە و بەتانییەکەی تایەر تۆفیق لای منە**

لەئێستادا تەختی نووستن (قەرەوێلە) و بەتانی و تەسبیح و چەندین وردەواڵەی دیکەی (تایەر تۆفیق) کەوتۆتە لای (محەمەد داریاس)ی شاعیر، کە وەک ئەو گوتی: «هاوینان لەسەر قەرەوێلەکە دەنووم و بەزستانان بەتانییەکە بەخۆم دادەدەم». داریاس لەگەڵ تایەر تۆفیق هەم خزمن هەم وەک کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی کۆیە و کوردستان، هەمیشە لەکەسە نزیکەکانی تایەر تۆفیق بووە و لەقۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا سەردانی کردووە، هەر بۆیەش زۆر زانیاری و وردەکاری لەبارەی ژیانی تایەر تۆفیق، لای داریاسە.

بەمەبەستی بیبینی قەرەوێلە و بەتانی و کەلوپەلەکانی دیکە، هاوکات وەرگرتنی هەندێ زانیاری تازە و نەبیستراو لەسەر ژیانی تایبەتی تایەر تۆفیق، چووینە ماڵەکەی ئەو شاعیرەی کۆیە کە تاکو ئێستاکە چەندین نامیلکەی شیعری چاپکردووە و چەند بەرهەمی دیکەشی لەچاوەڕوانی چاپکردندان و یەکێ لەهۆنراوەکانیشی خراوەتە کتێبی پۆلی چواری بنەڕەتی قوتابخانەکان.

محەمەد داریاس وەک ئاماژەی پێکرد، هەر لەو کاتەوەی لەهەولێر خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان بووە، بەردەوام سەری لەماڵەکەی تایەر تۆفیق داوە، دەڵێت: «ساڵی ١٩٧٢ خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان بووم لەهەولێر، ماڵی کاک تایەریش ئەوکاتە لەگەڕەکی سەیداوە لەپشت ئالیاتی شورتە لەنزیک پەیمانگا بوو، جگە لەوەش یا عیسمەتی دایکی تایەر تۆفیق لەگەڵ باوکم کوڕە خاڵ و کچە پووری یەکتری بوون، بۆیە ئێمە خزمیش بووین، بۆیە ئەو کاتەی لەهەولێربوو و دواتریش کە هاتەوە کۆیە، بەبەردەوامی هاتوچۆم دەکرد»، داریاس دەشڵێ، «تایەر تۆفیق لەلای دایکییەوە بەویراسە دەنگخۆشبوون و مام ئەسعەد باوکی یا عیسمەت، واتا باپیرەی تایەر تۆفیق، مەقامزانێکی بێهاوتا بوو».

تایەر تۆفیق لەژیانی هاوسەری هیچ منداڵێکی نەبوو، بەڵام وەک داریاس گوتی، «هۆکاری منداڵ نەبوونەکە تایەر تۆفیق بوو نەوەک (حەوا)ی هاوسەری، چونکە پێشتر یاحەوا شووەکی دیکەی کردبوو و کوڕێکی لەهاوسەرەکەی هەبوو، دواتر جیابۆوە و شووی بەتایەر تۆفیق کرد، بۆیە دیارە کە هۆکاری منداڵ نەبوونەکە کاک تایەر بوو، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر دکتۆری لەعێراق و ئەلمانیا کرد، بەڵام بێ چارەسەربوو».

> **هەندێکجار، گۆرانیبێژ دەجار بە قەت شاعیرەکە گرنگترە لە ناساندنی هۆنراوەیەکدا، ئەوە تایەر تۆفیقە (شیرین بەهارە)ی کردووە بە هۆنراوەییێکی نەتەوەیی**

محەمەد داریاسی شاعیر، لەدوای ٣٥ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر وەفاتی تایەر تۆفیق، ئێستاشی لەگەڵدابێ خەم لەوە دەخوات کە لەدواساتەکانی ژیانی (تایەر تۆفیق)دا نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەتی بکات و بیهێنێتە لای خۆی، تاکو لەنزیکەوە ئاگاداری بێت و خزمەتی بکات، دەڵێت: «خەم لەوە دەخۆم لەکۆتاییەکانی ژیانی نەمتوانی بیهێنمە لای خۆم، چونکە ئەوکات منداڵەکانم بچووک بوون و وەک ئێستا نەبوو جێگام زۆربێ، کاک تایەریش کە هاتەوە کۆیە سەرەتا لەماڵی زاهیری برای لەئیسکان دەژیا، لەبەر دەنگەدەنگی



منداڵان ڕۆیشتبوو، چونکە خۆی سرووشتی وابوو حەزی لەشوێنی هێمن و کپ بوو، بۆیە ئەوکاتە منیش بەهۆی بچووکی منداڵەکانم، نەمدەتوانی بیهێنمە لای خۆی»، تایەر تۆفیق خوشکێکیشی هەبووە بەناوی (شەوکەت) و پێشخۆی وەفاتی کردووە، بەڵام (داریاس) دڵی خۆی بەوە دەداتەوە کە ئەوەی نەیتوانیوە بۆ تایەر تۆفیق بیکات، بۆ (شەفیق)ی برای (تایەر تۆفیق)ی کردووە و دەڵێت: «کاک شەفیقی برای لەکۆتاییەکانی تەمەنی من خزمەتم کرد، ئەویش بەبێکەسی سەری نایەوە، جا ئەو قەرەوێڵە و بەتانییەی تایەر تۆفیق کەوتبووە لای شەفیقی برای و ئەو لەسەری دەنووست و بەخۆی دادەدا، ئینجا لەدوای وەفاتی کاک شەفیق، من هێنامە کنە خۆم و هاوینان لەسەر قەرەوێڵەکە دەنووم و زستانانیش بەتانییەکە بەخۆ دادەدەم».

محەمەد داریاس چوو لەژووری نووستن بەتانییەکی هێنا و پاشتریش ئێمەی بردە سەربان و قەرەوێڵەکەی نیشانداین، دوارستەی بۆ ئێمە ئەوەبوو کە گوتی: «تایەر تۆفیق قەت لەبیرم ناچێ».

## زۆربەی گۆرانی و مەقامەکانی لە ئاوازدانانی خۆی بوو

«تایەر تۆفیق لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندێکی باشبووە، کەسێکی ڕۆشنبیریش بووە، چونکە لەو کاتەوەی لەسوختەخانە خوێندوویەتی، ئەو مەلایانەی دەرسیان پێگوتووە یەکجار ڕۆشنبیر بوونە، کاریگەری زۆریان بەسەر کەسایەتی تایەر تۆفیقەوە هەبووە، چونکە هەر لەزووەوە مەلایەکانی کۆیە کەسایەتییە ئاینییەکەیان بەلایەک بووە و لایەنە نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکەیان بەلاکەی دیکەوە بووە، مەلای کۆیە باوەڕی بەزۆر شتی خورافی نەبووە و ڕۆحی ئایین لای ئەوان مەبەست بووە. هەر لەحاجی قادری کۆیە و مەلای گەورە تا دەگاتە مەلاکانی دیکە، هەموویان باوەڕیان بەزانست و فێربوون هەبووە و تایەر تۆفیقیش کاریگەری ئەمانی بەسەرەوە بووە». سەرپەرشتیاری هونەری لەچالاکی قوتابخانەکانی کۆیە (مامۆستا سەفین) ئاوای گوت.

کاتەک لە (مامۆستا سەفین عەبدولڕەزاق عەبدولقادر)مان پرسی ئێوە ڕۆشنبیرییەکەی تایەر تۆفیق لەکوێدا دەبینن؟ گوتی: «لەتێکست و هۆنراوەکانیدا، تایەر تۆفیق هاتووە هۆنراوەی هەرە بەرزی شاعیرە گەورەکانی وەرگرتووە، زۆر بەتایبەتیش ئەو هۆنراوانەی پەیامی پەروەردەیی و نیشتمانی هەڵگرتووە، هۆنراوەی هەرەبەرزی وەفایی، سافی هیرانی، عەونی، هێمن و هەژار موکریانی، حاجی قادر و پیرەمێرد، هەر هۆنراوەیەک لەمانە وانەیەکە بۆخۆی، ئەمانە ئاستی ڕۆشنبیربوونی تایەر تۆفیق نیشان دەدەن. وەرە گوێ لەمەقامی سەبا بگرە کە تایەر تۆفیق دەیڵێ و هۆنراوەکەی هەژاری موکریانییە: بەکوردی دەمرم.. بەکوردی دەژیم»، مامۆستا سەفین و پشتیوان کاکل مەقامەکە بەدوێت لەسەر هەمان نەغمەی تایەر تۆفیق دەڵێنەوە.

«مەقامی سەبا عەرەبییە بەڵام کە تایەر تۆفیق دەیڵێ، شتەکی تایبەتە و شێوەی گوتنەکەی ناوچەی کۆیەیە، ئەڵلا وەیسی کە سنووری جوگرافیاکەی گەرمیانە بەڵام دیسانەوە تایەر تۆفیق زۆر کۆییانە و وەستایانە گوتوویەتییەوە، بۆیە تایەر تۆفیق مەقامەکانی زۆر وەستایانە گوتووە، لەمەش سوودی لەمەلا ئەسعەد وەرگرتووە«. (مامۆستا سەفین) کە ئەندامی تیپی مۆسیقای




گۆڕی تایەر تۆفیق لە کۆیە



باواجی کۆیەشە، ئەوەشی درکاند کە ئەو کاتەی تایەر تۆفیق تازە لەمەجلیسەکان مەقامی دەگوت و لەسەرەتای دەرکەوتنیدا بوو، «باوکی لەکۆیە چایەچی بوو و تۆفیقە دریژیان پێدەگوت، مام تۆفیق ئاهی هەڵدەکیشا و دەیگوت کوڕی عالەمێ بوونە دکتۆر و موهەندیس، کوڕی منیش بووە چاوەش، نەیدەزانی ئەو تایەرە دەبێتە ڕەمزێکی گەورەی کۆیە کە مام تۆفیقیش بەویەوە دەنازی».

لەسەردەمی ڕژێمدا وەک ئەوانەی لێیەوە نزیکبوونە و دەگێڕنەوە، تایەر تۆفیق زۆری فشار دەخرێتە سەر تاکو گۆرانییەک بەسەر بەعسدا هەڵبلێ، بەڵام ئەو ناچێتە ژێرباری هیچ شتێ، جا چ هەڕەشەی نانبڕین



بێ، یاخود ئیغراکردنی بێ بەپێدانی پارەی زۆردا، مامۆستا سەفین دەڵێ: «کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، لەهەر بارودۆخێکی ژین کە بەسەریدا هاتووە، لەو هەموو هەوارز و نشێوەی بینیوێتی، قەت تەنازوولی لەبەرامبەر پارەدا نەکردووە، هەر کاتێکیش پارەیان پێدابێ لەبەرامبەر ئەوەی گۆرانیان بۆ بڵێ، پارەکەی فرێداوەتەوە پێشیان و گۆرانییەکەی نەگوتووە».

تایەر تۆفیق کاریگەری مەلا ئەسعەد و حەمیدە خڕە و سێوە و ئەحمەدی حەمە مەلا و مەلا کۆرە و عەلی سەمەند و حاجی قادری بەسەرەوە بووە و ئەمانە هەموویان بۆ تایەر تۆفیق وەک قوتابخانە وابوونە و دواتر ئەویش بۆ ئێمە و نەوەی دوای خۆی بووە قوتابخانە. مامۆستا سەفین وای گوت.

مامۆستا سەفین کە هاوکات سەرپەرشتیاری موزیکی سەنتەری گەنجانە لەکۆیە و ئێمەش هەر لەوێ بینیمان، ئەوەشی گێڕایەوە و گوتی: «عوسمان عەونی دوکانی هەبوو لەکۆیە، توێژە ڕۆشنبیرەکەی ئەو کاتەی کۆیە لەوێ دانیشتوونە، تایەر تۆفیق بەوێدا ڕەت دەبێ و عوسمان عەونی بانگی دەکات و پێی دەڵێ، ئەمشەو شیعرێکم نووسیوە وەرە گوێبگرە. گوتی بۆم خوێندەوە. عوسمان عەونی دەڵێ، من دانیشتبووم و ئەویش بەپێوە وەستابوو، شعرەکەی لێوەرگرتم کە لەدەفتەرە شڕ نووسیبووم، هەر بەپێوە ئاوازی بۆ دانا و بەنەغمە گوتی: ئەی گوتم ئەی کچ لەدەشتێ... شارستانی... ئەو کچە نازدارە. بۆیە تایەر تۆفیق زۆربەی گۆرانی و مەقامەکانی لەئاوازدانانی خۆی بوو».

## تایەر تۆفیق دووسێجار پەیکەری بۆ کراوە و فڕێ دراوە!

زۆرجار وا ڕێککەوتووە کە گۆرانبێژ هێز دەداتە هۆنراوەیەک و شاعیرەکە زیاتر دەناسێنێ، ئەمە بۆ «فاتیمە«ەکەی عەلی مەردان و ئەحمەد هەردی شاعیر ڕاستە، ئەوە (عەلی مەردان)ە ئەو هۆنراوەی (ئەحمەد هەردی) بەگوێچکەی هەمووان ئاشنا دەکات. ئەم هاوکێشە بۆ «شیرین بەهارە«ەکەی تایەر تۆفیق و (ئیبراهیم ئەحمەد)ی شاعیریش ڕاستە. دەگێڕنەوە لەیەکێ ئاهەنگەکان کە ڕیزی پێشەوەی بەپیاوانی ئەمن و بەعس پڕ کرابۆوە، تایەر تۆفیق دێتە سەر ستەیج و دەڵێ: «شیرین!»، لەو کاتەدا جەماوەر تێکڕا دەکەنە چەپلەلێدان، ئەوجارە تایەر تۆفیق دەڵێ: «بەهارە!»، دیسانەوە هۆڵەکە دەبێتە یەکپارچە لەهەیەجان و حەماسەت و چەپلەلێدان، کابرای بەعس دەپرسێ، شیرین چییە؟ دەڵێن ناوی کچە! دەڵێ، ئەی بەهار چییە؟ دەڵێن وەرزی ساڵە! پیاوەکەی ڕژێم دەڵێ: «ئەو چەپلەلێدان و قیامەتە هیچ پەیوەندی بەو دوو وشەیەوە نییە!».

پشتیوان غەفووری، سەرۆکی پێشووتری (تیپی مۆسیقای باواجی) کۆیە دەڵێ: «ساڵی ٢٠١٩ لەساڵیادی ٣٢ەمین ساڵی وەفاتی تایەر تۆفیقدا لەوتارێکدا گوتم ئەگەر تایەر تۆفیق نەبووایە، لەوانەیە تەنیا چەند هەزار کەسێک شیعری (شیرین بەهارە) ی لەدیوانەکەی مامۆستا



ئیبراهیم ئەحمەد خوێندبایەوە، بەڵام تایەر تۆفیق توانی ئەو شیعرە بەگوێچکەی هەموو کوردێک ئاشنا بکات، بۆیە هەندێکجار، گۆرانیبێژ دەجار بەقەت شاعیرەکە گرنگترە لەناساندنی هۆنراوەیەکدا، بۆیە ئەوە تایەر تۆفیقە (شیرین بەهارە)ی کردووە بەهۆنراوەیەکی نەتەوەیی، نەوەک بەتەنها بۆ هۆنراوەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵکو ئەم قسەیە بۆ هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی و وەلی دێوانە و فانی و وەفایی و هەموو ئەوانی دیکەش ڕاستە کەوا تایەر تۆفیق هۆنراوەکانی کردوون بەگۆرانی. ئێستاش گەنج هەیە، گۆرانی شیرین بەهارەی هەموو لەبەرە و دەیڵێتەوە، بەڵام نازانێ هۆنراوەکە هی کێیە؟!».

سەبارەت بەهەبوونی پەیکەرێکی شایستە بەتایەر تۆفیق لەکۆیەدا، هونەرمەندی ژەنیاری چەلۆ (پشتیوان غەفووری) دەڵێ: «تاکو ئێستا دووسێجار پەیکەر بۆ تایەر تۆفیق کراوە، وەختەک مەلەوانگەی تایەر تۆفیق هەبوو لەکۆیە کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان مەلەوانگە و تایەر تۆفیقدا نەبوو، بەڵام چونکە پەیکەرێکی بچووکی تایەر تۆفیق لەوێ هەبوو، دواتر کە مەلەوانگەکە دروستکرا، ئەویشیان بەناوی ئەو کرد، لەپاشاندا شوێنەکە کرایە بەنزیخانە و نەپەیکەرەکە و نەمەلەوانگەکە هیچیان نەمان!. ئێستاش لەناو قشلەی کۆیە پەیکەرێکی تایەر تۆفیق دانراوە، بەڵام ئەوێش شایستە نییە، چونکە قشلە ناوچەیەکی شوێنەوارە و ناکرێ هیچ پەیکەرێک لەو شوێنەدا دابنرێ، دیسانەوەش هیچ پەیوەندییەک تایەر تۆفیق بەقشلە نابەستێتەوە».

ئەو ژەنیارەی چەلۆ، ئەوەشی گوت کەوا کاتی خۆی پێشنیارێکی بۆ قایمقام کردووە، بەڵام لەدوای ئەوە سێ قایمقامی دیکەش هاتنە کۆیە و هێشتاش کار بەو پێشنیارە نەکرا. گوتم: «لەجیاتی ئەوەی ئەو پەیکەرانە هەر ڕۆژە و لەشوێنەک دابنرێ، چونکە پەیکەری حاجی قادری کۆیەش کەوتوتە پەنایەک، مەگەر بەڕێککەوت ببینی، ئەوە تایەر تۆفیقە دووسێجار پەیکەری بۆ کراوە و فڕێدراوە!. وتم پارکێک لەکۆیە دروستکرێ و پەیکەری هەموو کەسایەتییەکانی لێ دانرێ، تەنانەت گوتم گۆڕی دڵدار و تایەر تۆفیق و ئەوانەی دیکەی هەڵقەنێن و بیانهێنن لەوێ مەزاریان بۆ دروستکرێ تاکو خەڵک پێی بزانێ».

ساڵێک دوای وەفاتی تایەر تۆفیق، لەساڵی ١٩٨٨ لەکۆیەدا ساڵیادی دەکرێتەوە و بەهۆی خوێندنەوەی چەند هۆنراوەیەکی حەماسی، پشێوی دروست دەبێ و بۆنەکە کۆتایی پێ دەهێنرێت. پشتیوان غەفووری دەڵێ: «لەقوتابخانەی ئامادەیی کۆیەی کوڕان لەبەرامبەر کارگەی تووتن، بۆنەکە لەڕۆژێکی باراناویی دەستپێکرد. خەڵکەکە سەرەتا هەمووی لەحەوشی مەکتەب لەسەر ڕەحلەکان دانیشتبوون، دواتر بارانی بەلێزمە باری و خەڵکەکە هەمووی ڕایکردە ژێر تارمەکان و تەنها ڕۆستەم ئاغالە بەتاقی تەنیا لەناو ڕەحلەکان وەستابوو. دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەم ئێستاش وەک خۆی لەبیرە. غەریب پشدەری هۆنراوەیەکی حەماسی خوێندەوە: حەمامۆکە دەڵێ شەکرە، ئاوی چناڕۆکە، لەمێژوو نووسرا ناوی .... تازەش داستانەکەی حەمامۆک بووبوو کە هەژدە ئەمنی تێدا کوژرا. لەدوای ئەوە (ئەحمەد شێواو) هات و لەناو خەڵکەکە شیعرێکی زۆر حەماسیتری خوێندەوە، خەڵکەکە کردیانە چەپڵە و هەیەجانەک، بەمەش پیاوانی ئەمن و بەعس تووڕەبوون و بۆنەکە تێکچوو. باشبوو زوو ئەحمەد شێواویان شاردەوە و بەسەیارەک بردیانەوە ڕانیە«.


**تایەر تۆفیق پیاوێکی هێندە نەفسبەرز بوو، ئەگەر لە برسان بشمردبایە، تەنازووڵی بۆ کەس نەدەکرد**

**سەرچاوەکان:**


١- تایەر تۆفیق، (گوڵی سەربەستی) بەری ڕەنجی هونەری چل و پێنج ساڵی گۆرانی بێژێکی کورد، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٨٣

٢- تایەر تۆفیق، (گۆرانی و ژیان)، چاپی یەکەم، ١٩٧٣

٣- سەردانێکی ستافی دیوان بۆ کۆیە و دواندنی (محەمەد داریاس) و (پشتیوان کاکل) و (پشتیوان کاکل) و (مامۆستا سەفین).



# بۆ یادی هونەرمەندی گەورەی نەمر (تایەر تۆفیق)



**وریا ئەحمەد**

پێمباشە هەرشتی کۆن نەجوینەوە، بەڵکوو هەندێ شتی تایبەتی هونەرمەندی گەورەی نەمر کاکە تایەر باسبکەم کە پێشتر نەبیستراون، بۆنموونە: ڕۆژێک دوای عەسرانێک لەلای باخی شارەوە بەپێ بەرەو چایخانەی (مەچکۆ) دەهاتم، بینیم کاکە تایەر بەجلی کوردی و سەروجەمەدانەوە، بەڵام پاکوخاوێن و دیمەنی جوان لەبەردەم کەبابی (قەڵا) ڕاوەستا بوو، چوومەلای و چاکوچۆنیمان کرد و پرسیم: چۆنە بەم ئێوارەیە بەتەنیا لێرە ڕاوەستاویت؟ بەپێکەنینەوە گوتی: چاوەڕێم بچم لەتۆمارگەکەمان بەشە پارەی ئەمڕۆم وەربگرم. منیش وامزانی گاڵتەدەکات بۆیە گوتم: خۆزگە کارێکی ئاوهات هەبوایە و بۆت ببوایە مایەی ژیانێکی خۆشتر، گوتی: بڕوابکە هەمە، بەپێشم کەوت و گوتی: وەرە نیشانتی بدەم. لەشەقامەکە بۆ ئەوبەری پەڕیەوە، بۆ ئەو بازاڕەی ئەوسا (حەنان)ی ناوبوو، دیارە بەو پێیەی بەندەش ئەوسا تۆمارگەی (دڵدار)م هەبوو، زۆربەی خاوەن تۆمارگەکانی ئێرەم دەناسی، کەچی کاکە تایەر هەموویانی ڕەتدا و نەوەستا و بەردەوام بوو لەڕۆیشتن، منیش گوتم: کاکە ئیدی تۆمارگە نەما بۆکوێ دەڕۆی؟ گوتی: وەرە، سەیرمکرد لەبنەبانی ئەو کۆڵانە داخراوە باریکەیەدا، دۆلابێکی ئاسنی دووچاوی وەکوو ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دانرابوو، کەسێکیش بەجلوبەرگی کوردی و سەروجەمەدانەوە لەبەردەمی ئەو دۆلابە ڕاوەستا بوو، دەوری ئاوا (٢٠) کاسێتێکیش لەسەر ڕەفتەی دۆلابەکەوە دیاربوون، کاکە تایەر سەیری کردم و گوتی: ئەوە دوکانی کاکتە، دیتم کابرای بەحساب شەریکی کاکە تایەر، ئاوا دەوری (٧ـ ٨) دیناری دایە دەستی کاکەتایەر.

گوتم: خۆزگە هەر لە زووەوە تۆمارگەیەکی گەورە و جوانت بەناوی خۆتەوە دابنایە، ئێستا خاوەنی ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودە دەبوویت، گوتی: هەندێ برادەری خۆم داوای



یەحیا مەرجان، تایەر تۆفیق، شێرزاد سەرسپی، سابیر عەبدولڕەحمان، هێمن موکریانی، عەباس ئیسماعیل ناسراو بە (عەباس نیوتن)، عەلی ئەحمەد

## پێیگوتم: وریا ئەوە دواجارە گۆرانی بۆ ئەو ڕژێمە تۆماربکەم

هەندێ کاسێتی تایبەتی خۆمم لێدەکەن، کەبەداخەوە لێرە نیمانە، بەڵکوو بۆیان تۆماربکەم و دیارە بۆ ئەوەیانە داهاتی باشترم دەستبکەوێت. خۆزگە ئەوڕۆژە ناو و وێنەی ئەو شەریکەی کاکە تایەر و وێنەی دۆلابەکە و کاکە تایەریشم تۆماربکردایە و بگرتایە، ئێستا لەگەڵ ئەم پارچە نووسینەدا بڵاوم بکردایەتەوە.

هەر سەرەتای هەشتایەکان بوو، لەگەڵ هونەرمەندان مامۆستایان: (سەردار باب سەردار) و (ئەنوەر قەرەداخی) و کەسانی دیکەش باسمکرد و گوتم: کاکە تایەرم ڕازی کردووە و بەنیازم ئێمە و چەند هونەرمەندێک لە ستۆدیۆی (تیپی هونەری هەولێر) چەند شاکارێکی وەکوو: (شیرین بەهارە) و (قەلبی من) و (سەدەی بیستەمە) و ...هتد، بەشێوازێکی نوێ و ژەنینی ڕەسەنی ئەوتۆ، کە لەگەڵ گوتنەکان بوەشێنەوە، بەدەست و پەنجەی موزیکژەنی کوردی لێهاتوو دووبارە بۆی تۆماربکەینەوە.

ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەش سەری ڕەزامەندیان بۆ ئەو پڕۆژەیە لەقاند، کەچی مخابن کاتێک لەسەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ کاکە تایەرم ڕازیکرد لەبەرنامەیەکی هونەری بەشداربێت، هەرچەندە بڕوای بەو ڕژێمە و کارمەندانی نەبوو، بەڵام لەبەر خاتری ئێمە لەقەڵای هەولێر بەشێوە گوتنی (ساقیا وابادەوە) بەشداریکرد، کەدیارە یەکەم کەس و یەکەمجار خۆی بەهاوکاری ژەنینی هونەرمەند و مامۆستا (باکووری) تۆماریکردبوو، پاشان هەندێ گۆرانیبێژانی دی لاسایی هەمان شێوەگوتنەکەی ئەویان کردبووەوە، ئەوەبوو ئێمە لەو بەرنامەیەدا وەکوو (تیپی هونەری هەولێر) لەگەڵیدا بەشداربووین، ئەوڕۆژە شێوە گوتنی (ساقیا وابادەوە)ی زۆرجوان ئەدا کرد و بووە مایەی خۆشی بۆهەموو ئامادەبووان، دوای شێوەگوتنەکەش بەیەک دوو کۆپلە گۆرانی (چیبکەم جەرگم سووتاوە) کۆتایی بەگوتنەکەی هێنا. بەڵام کاتێک بەرنامەکە نیشاندرا شێوەگوتنی (ساقیا وابادەوە) لادرابوو، تەنیا ئەو یەک دوو کۆپلەیەی گۆرانی چیبکەم جەرگم سووتاوە نیشاندرابوو، ئەمەش بووە مایەی توورەبوون و دڵشکانی زۆری کاکەتایەر، کاتێک چوومەوە بۆلای پێیگوتم: وریا ئەوە دواجارە گۆرانی بۆ ئەو ڕژێمە تۆماربکەم، نەک هەر ئەوە بەداخەوە و هەر بەو هۆیەوە پڕۆژەکەی ئێمەشی ڕەتکردەوە و فەرامۆشی کرد.








# تایەر تۆفیق ..

# دەنگێکی ڕەسەنی کوردی



ڕزگار خۆشناو

هونەرمەندێکی کوردی دەنگ زوڵاڵ و دەنگ خۆش بوو، تایبەتمەندییەکی هەبوو، ئەوەی گوێی لە دەنگی بایە، یەکسەر بە دەنگەکەی دەیناسییەوە، ئەوەش بەهرەی دەنگ و توانا و ستایلی گۆرانی گوتنەکەی بوو، باشترین سەرمایە بۆ هەر گۆرانیبێژێک نەمرییە.

دەنگی هونەرمەندی گەورەی کورد تایەر تۆفیق لەنێوان (گڕ) و (بەرز) بوو، دەنگێکی گەرم و ڕەسەن و پڕ شێوە و هەستی دەڤەری کۆیە و دەوروبەری. لە سەرەتای دەسپێکی گۆرانی گوتنیدا هونەرمەندانی پێش خۆی وەکوو (سێوە و مەلا ئەسعەد) کاریگەرییان لەسەری هەبووە.



خاڵە تایەر شارەزایی لە ژەنینی هچ ئامێرێکی موزیک نەبووە، بەڵام گوێچکەیێکی موزیکی زۆر باشی هەبوو لە پێگە و پلەکانی موزیک. بەڕای من، ئەو زیاتر مەقام چڕ بوو لەوەی کە گۆرانی بێژ بێ، زۆربەی مەقام و گۆرانییەکانی لەسەر دەنگی (سۆڵ)ەو هەندێ جار پلەیێک بەرزتری گوتوە لەسەر (لا) باشترین بەڵگەش بۆ قسەکەم، لەو ڤیدیۆیەی ساڵی ١٩٨٢ کە لە لایەن ئەمیر کەبابچی تۆمارکراوە، دەبیندرێ و دەبیسترێ، کە خاڵە تایەر بە تەنیا بێ ئەوەی هەتا یەک ژەنیارێکیشی لەگەڵ بێ چەند کاژێرێک مەقام دەچڕی و گۆرانی دەڵێ (ساقیا) لەسەر دەنگی (لا) بە مەقامی بەیات دەچڕێ، بەڵام (شیرین بەهارە) کە دەنگی بەرزتری تێدایە، لەسەر دەنگی (سۆڵ) دەچڕێ و هەردوو پلەکەش بێ کەم و زیاد، وەکوو ئێمەی ژەنیار بە (لا)و (سۆڵ) پیانۆ ناوی دەبەین، بۆ وێنە (لا) ی پیانۆ بە گشتی (٤٤٠) لەرینەوەیە!


کەم بوون و کەمن ئەو گۆرانیبێژانەی دەیانتوانی و دەتوانن بێ یارمەتی ئامێرێک، یان گرووپێکی موزیک، نەهۆمی دەنگی بدۆزێتەوە و دەست بە چڕین و گۆرانی بکات. جگە لەوەش



سەلیقەییێکی زۆر بەرز و ئاستێکی کەم وێنەی هەبوو لە هەڵبژاردنی دەق و شیعر و هۆنراوەی شاعیرە هەرە ناودارەکانی کورد، جگە لە بەهێزی بەرهەمەکانی، زۆربەشی نیشتمانی و کوردپەروەری و دڵسۆزی و خۆشەویستی کورد و کوردستانی پێوە دیاربوو. لە لایەکی دیکەوە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتی لەگەڵ وشەو دەقەکان، زۆر شارەزایانە و سەرنج ڕاکێشانە بووە، بە جۆرێک کە تەنیا دەرچووانی ئەکادیمی ئەو توانایەیان هەیە. زۆر دەقی سەختی چڕیوە کە هەموو کەسێک ناتوانن خۆی لێ بدەن! چ لەسەر شانۆ و چ لە ستۆدیۆی تۆمارکردن پێرفێکت بوو، چ لە مەقام چڕین و چ لە گۆرانی گوتن بە هیچ جۆرێ گوێت لە دەنگی (تۆن)ی نەشاز نەدەبوو. زۆر بە ئەتەکێت بوو لە (هونەری جووڵانەوە و ڕەفتار و جلوبەرگ و هتد...) دەیزانی چ هەڵبژێری و چەند لەسەر شانۆ بی! هەر لەدوای تەواوکردنی خوێندنی موزیک لە بەغدا لەهۆڵی گەل دامەزرام لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند، بەڕێوەبەریشمان مامۆستا تایەر توفیق بوو. شێرزاد سەرسپی خووی بەوە گرتبوو نینۆکی پەنجەکانی بە ددانی لێ دەکردەوە، مام تایەریش زۆر تووڕە دەبوو، لەسەری هاوار دەکرد و دەیگوت: «دەستت لەو گوەی «شێرزادیش زوو دەستی لەدەوی دەردەهینا، بەڵام ئەوەندەی نە دەبرد هەمان شتی دووبارە دەکردەوە و مام تایەریش هاواری دەکردەوە! بەڕاستی مرۆڤ و هونەرمەندێکی هەتا بڵێی، گران و بەڕێز و ڕاستگۆ و قسە خۆش و خۆشەویست بوو. که دەوام تەواو دەبوو بە پێیان دەچووینەوە ماڵ، ئەو ماڵی لە سەیداوەی بوو لەنێوان گومرگ و هۆڵی گەل.

زۆر جاریش دەیگۆت: وەرە باکفتەکی، یان یاپراغەکی کۆییانت دەرخوارد دەم! منیش لەگەڵی دەچوومە ماڵێ و پێکران نانمان دەخوارد! یادی بەخێر ئەو هونەرمەندە گەورە و ناودارە.


جێگای فیردەوسی بەرین بی.



***ئەو زیاتر مەقام چڕ بوو، لەوەی کە گۆرانیبێژ بی، زۆربەی مەقام و گۆرانییەکانی لەسەر دەنگی (سۆڵ) ە و هەندێ جار پلەییێک بەرزتری گوتووە لەسەر (لا)***



# دەستەمۆکردنی مردن لەپێناو ژیانێکی ئەبەدیدا



ئامانج غازی

لە (١٩٨٧/١٠/١ )دا کاتێ تیپی موزیکی پاشای گەورە بۆ یادی ڕۆژی جیهانیی موزیک لە ڕواندوزی هونەرەوە گەیشتە هەولێری باپیرەوە، یەکەم ئەرکی سەرشانی هونەریمان ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک دەرویشی خاڵە تایەر بەرەو مەنزڵی ئەو مرۆڤە دڵگەورەیە بەڕێبکەوین.

ماڵێکی بچووک، دونیایەکی گەورە لەسام و ڕەهبەت، قەڵوێرەیەکی سادە، جەستەیەکی لێکدراو لە ئێش و ئازار، بەسەریەکەوە بوو، کۆمەڵێک حەب و دەرمان و کەپسولی بێ شەرم لەسەر مێزێکی شەرمەزار ئارەقەی ڕەش و شینیان کردبوو. ئای لەو ڕۆژە بێ ئەمانە. چەند مەینەتە لە ڕۆژێکی ئاوای پڕ لە برینەدا، ئافرەتێک نەبێ بزەیەکت بداتێ.

ئێمە ئەوسا کۆمەڵێ هەرزەکاری بواری هونەریی بووین، لەم ژیانە بێ ڕەحمەدا لەگەڵ مامۆستای گەورەمان هونەرمەند (زرارمحەمەد مستەفا) یەک یەک نوشتاینەوە سەر جەستە ماندووەکەی خاڵە تایەر.

کاک جیهانبەخشی خەمخۆری هونەرمەندان بە ئیشارەت و هێمای دەستەکانی تێیگەیاند کە ئەو حەشامەتە هونەرمەندە لە ڕواندوزەوە هاتوون. لەگەڵ ناوهێنانی ڕواندوز خاڵە تایەر دەستە لەرزۆکەکەی بەرزکردەوە، دیاربوو حەزی دەکرد هێشتا بچینە پێشەوە. لەو ساتە سامناکەدا دەستە لەرزۆکەکەی زیاتر بەرەو ڕوومەتە زەردەکانی برد و تا هەر هیچ نەبێ ئەو فرمێسکە هونەریانە بگرێتەوە، نەبادا عیشقی ڕۆژانی ڕابردوو بەرەڵای ئەم سەردەمە جەنجاڵەی بکەن.

ئەو کۆنە برینە نوێیانەی باسم لێوەکردن (١٩) ڕۆژ بەر لە ماڵاوایی یەکجارەکی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بوو، کە هەرگیز نەیدەویست ژان و ژیان تێکەڵی یەکتربن.

دوای (٣٥ )ساڵ پێچانەوەی یادگاری وهونەری یەکتریی، دەنگ و ئەدای ئەم هونەرمەندە هەمیشە لە گرمە گرمی هونەری خۆی نەکەوتووە، لەمەش زێتر ئێستاکە لێرەولەوێ بەدەیان هونەرمەند پڕۆژەی





هونەری لەسەر دەنگ و ڕواڵەتە هونەرییەکانی خاڵە تایەر بونیاد دەنێین. خاڵە تایەر ئێمە نەمانتوانی دڵی گۆرانییەکانت بدەینەوە کام عیشق گەورەترە؟ عیشقی نیشتمان یا گۆرانی؟ ئەم نووسینەم نامەیەکی ترسنۆکانەیە لەبەردەم ژیانی هونەری داهاتووی خاڵە تایەر. ئەمە گەردەلوولی ژیانە، یان لەدایک بوونێکی نوێ؟ ئەوە دەنگێکی دیکەیە، یان نەغمەیەکی یاخی؟ دوێنێ لە کۆیەی کەکۆن، ئەمڕۆ لە هەولێری کۆن و ئێستا لەباوەشی ئێمە، ئێوارە لە دڵی هەموو جەماوەر و بەیانی لەنێو کۆشی مێژوویێکی بریندار، سبەینێش لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا، بۆ دوارۆژیش هەر خۆت باس و خەبەر، ئەوە چ ژیانێکی پڕ شکۆیە بۆ عیشقی نیشتمانی برسی و بۆ بۆنی خاکی پاش



بارانیش ئەڤینی هەمیشە وێڵ و عەودال، بۆ خەڵکی دەوروبەرت مۆمی گریاناوی ڕووناک، بۆ نەغمەی کوردی هەمووکات نوێبوونەوە، ئەوە چ داهێنانێکە؟ دەروون پڕ کڵپە بێ، سینە پڕ بادەی بێسەر و شوێن، ژیان پڕ لە خەزانی تەمەن، تەمەن پڕ لە حەسرەت، حەسرەت پڕ لە

هەناسەی گەرم، ئەم هەموو شۆڕشە لەپای چی؟

نیشتمان پڕبوو لە قەلبی من، قەلبی من پڕ لە شیرین، شیرین بە چەهچەهەی بولبول نەبا لەخەو ڕانەدەبوو، ئیدی (مانی) قوەتی بۆ چییە؟

تۆ هەمیشە خاکت بەوەتەنەوە دەویست گۆرانییەکانت هەمیشە یاخی بوون لە موزیکژەنەکان، ئیدی ئەم عیشقە بۆ بەهەدەرچوو! بەهەموومان نەمانتوانی دڵی مەقام و بەستە و گۆرانییەکانت بدەینەوە، بەرگەی نەڕەی لەرینەوە کوردییەکانت بگرین، ئیدی ئەم یادگارانە لەپای چی! شەرمەزارین، بەڵام دڵنیابە خاڵە گیان بێ گوناهین.

**«دوای (٣٥) ساڵ پێچانەوەی یادگاری وهونەری یەکتریی، دەنگ و ئەدای ئەم هونەرمەندە هەمیشە لە گرمە گرمی هونەری خۆی نەکەوتووە»**



ڕەسوڵ گەردی و تایەر تۆفیق

# خەڵاتی هونەرمەند تایەر تۆفیق





فازیل شەوڕۆ
ـ دوبلن

هێشتا ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل، تایەر تۆفیق تێنەپەڕی بوو، لەسەرەتای بەهاری (١٩٨٨) مەحموود زامداری ئەدیب و فیکرەت عیزەتی ئەدەب و هونەر دۆست ـ ڕۆحی پاکیان شاد، بە سەردانێک لە هەولێرەوە هاتنە شاری کۆیە و بەیەکەوە دانیشتین. ئەوان بە ئەرکێکی هونەری و ئەدەبی هاتبوون. فیکرەت عیزەت، بیرۆکەی داهێنانی (خەڵاتی ساڵانەی تایەر تۆفیق)ی پێشنیاز کردبوو، بیرۆکەکە ئەوە بوو، کە هەموو ساڵێک، هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد، خەڵاتێک دروست بکات و لە بۆنەیێکی جەماوەری و هونەری شیاودا، پێشکێش بە هونەرمەندێکی کورد بکرێ و لەسەر ئاستی کوردستان لە بواری مۆزیک و ئاواز و گۆرانی سەردەستە بێ.

بۆ یەکەمین خەڵاتی ساڵیادی خاڵە تەیەر، ئەو دوو زاتە، بە سوپاسەوە، منیان دەستنیشان کردبوو بۆ دروستکردنی ئەو خەڵاتە، وەکوو کارێکی هونەری جوان و پڕ قیمەت. هەر لەو سەردانەشدا، چاویان بە هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای باواجیش کەوت، بەنیازی خۆئامادەکردن، بۆ ڕۆژی بەخشینی خەڵاتەکە، هونەرمەندانی تیپەکەش بەسەپەرشتی سەرداری باب سەرداری هونەرمەند ـ ڕۆحی شاد، داواکارییەکەیان قبوڵ کرد.

لە دوایین قۆناغدا، مەحموود زامدار و فیکرەت عیزەت و هاوەڵەکانیان، بڕیاریان دابوو، کە یەکەم خەڵاتی تایەر تۆفیق بدرێتە ئەو خوێندکارەی کە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ـ بەشی مۆزیک، بە یەکەم دەردەچێ.

ئەوەبوو لەکۆتایی ساڵی خوێندن، بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتەکە، لە هەولێرەوە (مەحموود زامدار و فیکرەت عیزەت و وریا ئەحمەد و ئیسماعیل بەرزنجی) و چەند کەسێکی دیکە ـ کە ناوەکانیانم بیرنەماوە، هاتنە کۆیە و لەگەڵ هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای باواجی چووین بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانێ. لەوێ پێشوازی گەرممان لێکرا و تیپێکی مۆسیقای سلیمانیش لەوێ بوون، بە حزووری ئەنوەر قەرەداغی هونەرمەند و کەسانی دیکە.

لەو بۆنەیەدا، کە ئەدیب و هونەرمەند و مامۆستا و خوێندکاری زۆر تێدا بەشدار بوون، ئاهەنگێکی خۆشیان گێڕا و تیپی مۆسیقای باواجیش کاری هونەری خۆی پێشکێش کرد.

لە دوایین بڕگەدا، من خەڵاتەکەی تایەر تۆفیقم بەخشییە ئەو قوتابییەی کە بە یەکەم دەرچوو بوو.

کارە هونەریەکەی من، کە لە دار و بەرد دروستم کردبوو، قەبارەکەی (٣٥)سم درێژ و (١٥)سم پانی و (٢٥)سم بەرزی دەبوو. لەسەر لەتە بەردێک، کە تایەر تۆفیق بەگەنجی گۆرانی لەسەر چڕی بوو. لەشێوی ڕەزانی کۆیە، خەنجەرێکم چەقاندبوو، لەسەر خەنجەرەکەش شێوەی پەلکە زێڕینەیەکم درووستکردبوو، کە نۆتەی گۆرانی (نەسرین ئیمڕۆ بەهارە)ی لەسەر تۆمار کرابوو، ئەرزی کارەکەش، پارچەیێک لە قوماشی کشمیری پشتێندێکی خاڵە تایەر بوو، کە لە هاوسەرەکەیم وەرگرتبوو.

هەر لەو بۆنەیەشدا، خەڵاتێکم پێشکێش بە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی کرد، کە عودەکی بچووک بوو لە دەستکردی خۆم.

دوو تێبینی:

ئەو ڕۆژەی ئێمە سەفەرمان کرد بۆ سلێمانی، کوردستان ئەنفال دەکرا، کۆیە لەسەروبەندی تێکداندا بوو، زۆر خەمبار و پەشۆکاو بووین، هەموو باس و خواسمان لەسەر ئایندەی نەزانراوی ئەو خەڵکە بوو.

دووەم، کە من لە پەیمانگەکە دەهاتمە دەرەوە، خوێندکارێک بەرەو ڕوومەوە هات و گوتی: من خوێندکاری یەکەمی دەرچووەکانی ئەمساڵ بووم، لەم پەیمانگایە، بەڵام چونکە کەسوکاری من پێشمەرگەن و لە شاخن، منیان دوور خستەوە و خەڵاتەکەیان دا بە کەسێکی دیکە. کە پرسیارم لێکرد، ناوت چییە؟ گوتی: (غەمگین فەرەج) منیش گوتم: دڵنیابە سەرکەتن هەر بۆتۆیە، ئێستا تۆ دەتوانی لە قوتابخانەی ژیان ئەوە بسەلمێنێ.

حەیف و مەخابن، هەر ئەو ساڵە خەڵاتی تایەر تۆفیق پێشکێش کرا و خەونەکەی فیکرەت عیزەت و مەحموود زامداریش ئەنفال کران لەگەڵ ساڵی ئەنفالەکە.

خۆزیا، ئێستا یەکێک بە یادی ئەو سێ زاتە جوانە: خاڵە تایەر و مەحموود زامدار و فیکرەت عیزەت، بیرۆکەی خەڵاتی خاڵە تایەریان زیندوو دەکردەوە.

٢/ شوبات/ ٢٠٢٢

**مەحموود زامدار و فیکرەت عیزەت و هاوەڵەکانیان، بڕیاریان دابوو، کە یەکەم خەڵاتی تایەر تۆفیق بدرێتە ئەو خوێندکارەی کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی ـ بەشی مۆزیک، بە یەکەم دەردەچێ.**



# مەلا عەولآ، هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی نارده ئەوروپا

نەجمەدین عەزیز سمایل - هۆلەندا

بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا تایەر تۆفیق لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ دەست پێدەکات، ئەو کاتەی لە ئێستگەی کوردی بەغدا گوازرامەوە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیر و لاوان لە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری ولاوان لە هەولێر کاک تایەر و هونەرمەندان چەتۆ حەسەن و یەحیا مەرجان لەوێ دەوامیان دەکرد، ڕۆژانە هونەرمەندان فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەهاش دەهاتنە ئەوێ دادەنیشتین، باسی هونەر و گۆرانی قسەی خۆشمان دەکرد بەڕاستی کاک تایەر تۆفیق گوڵی مەجلیسەکەمان بوو، ساڵی ١٩٨٤ ڕژێمی ئەوسای عێراق بڕیاری دابوو هەندێ لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژان (تکریم) بکات، ناویشیان لێنابوو (مکرمة سید الرئیس صدام حسین) کە هەر یەکە سەیارەکی بەڕازیلی بوو، کە ناوەکان هاتنەوە ناوی هەندێ لە گۆرانیبێژ و هونەرمەندە کوردەکانی تێدا بووە، بەڵام ناوی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی تیدا نەبوو، منیش بەو پێیەی ئەوکات لێپرسراوی بەشی ڕۆشنبیری بووم لە دیوانی ئەمینداریێتی، چوومە لای ئەمین عامەکەمان کە (مەحەمەدەمین محەمەد) بوو بە حەمەدەمین شەمبی ناسرا بوو، پێم گوت مامۆستا ئەوە ناوی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی تێدا نییە بۆ؟

گوتی: وەڵڵا کاک نەجم عیلم و خەبەرم نییە، گوتم: چۆن ئەدی ئەتو ئەمین عام نی؟ گوتی: ئاگام لێ نییە و پرسیان پێنەکردیمە و ناوەکان لە بەغدا لە وەزارەتی (ثقافە و ئیعلام) هاتیە. منیش بڕیمەوە و هاتمە دەرێ تووشی تایەر تۆفیق بووم گوتم: مامۆستا تایەر تازە لە لای ئەمین عام بووم. گوتی: کاک نەجم ئەوەی پێ ناوێ (جغارەکی لەدەستی بوو سۆتەکەکەی درێژ ببوو پەنجەیەکی لە سۆتەکەکە داو کەوتە سەر زەوی گوتی: ) بەڕازیلی ئەوان و ئەم سۆتەکە جغارەیە لە کنەمن وەکوو یەکە) ئەوە هەڵوێستی مام تایەر بوو، بۆ مێژوو نووسیوومە، بەڵام گوتی: ئەگەر پێت دەکرێ شتەکی دیم بۆ بکە. من تێیگەیشتم چونکە جارێکی دیش پێی گوتبووم کە هەوڵەکی بۆ بدەین بینێرینە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری نەخۆشی کە (پاڵەپەستۆی خوێن و شەکرە)ی هەبوو، ماوەیەکی کەمی پێچوو بۆ ئیشی کتاب لە چاپدان ڕێم کەوتە بەغدا سەرێکی (مەلا عەولآی حاجی سمایل)م دا، کە ئەو کات وەزیری دەوڵەت بوو، خزممە زۆریش ڕێزی لێدەگرتم، ماجەرای کاک تایەر تۆفیقم بۆ گێڕاوە و گوتم: حەزی لێیە ئەگەر ئیمکان بێت بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری، گوتی: زۆرباشە، من هەموو هونەرمەندانی کوردم خۆش دەوێت بەتایبەتی تایەر تۆفیق و محەمەدی ماملێ و تەحسن تەها، من لەگەل بابەکر ئاغای پشدەری ئەویش ئەوکات (وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی) بوو قسە دەکەم و پێکەوە بە تەها محیەدین مەعروف دەڵێین کە (جێگری سەرۆک کۆمار صدام حسین) بوو ئینشائلا قسوری بۆ ناکەین.

سەلامی منی پێبگەینە و پێی بلێ داخوازیەکەی گەیشت و هیچی دی مەلێ، نەوەکوو ئیشەکەم سەرنەگرێ. ئیشەکەی بۆ کرا، کاک تایەر تۆفیق لەسەر مەسرەفی دەوڵەت نێردرایە ئەڵمانیا و ماوەیەک لەوێ ماوە و چارەسەری بۆ کرا و گەڕایەوە، کە هاتەوە دەوام، بەیانیان کە دەهات دەیگوت: دکتۆرەکان لە ئەڵمانیا پێیان گوتووم هەر بەپێ بڕۆ و پیاسەی بکە. کوڕێکمان لابوو ناوی ئیحسان بوو کاک تایەر لەگەڵ ئەو لە سەعات نۆی سبەینان هەتا دەوری دوانزەی نیوەڕۆ لە دائیرەکەمان کە لە سەر جادەی شەست مەتری بوو لە سێتاقان پیاسەیان دەکرد بۆ لای نەخۆشخانەی کۆماری و دەهاتن و دەچوون، بەڵام وادیاربوو پێشتر نەخۆشییەکانی تەنگیان پێهەڵچنیبوو، بۆیە پاش سەفەرەکەی دەرەوەی وڵات زۆری نەبرد لە ١٩٨٧/١٠/٢٠ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان بردەوە کۆیی و لەوێ بە خاکی نیشتمان سپێردرا .


**کە ناوەکان هاتنەوە، ناوی هەندێ لە گۆرانیبێژ و هونەرمەندە کوردەکانی تێدا بوو، بەڵام ناوی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ی تێدا نەبوو**



عەلی خورشید، تایەر توفیق، نەجمەدین عەزیز

# هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق لەگەشتێکدا بۆ ئێران ساڵی ١٩٦٨





جەمالی دەلاک

لەم چەند ڕۆژەدا لە واڵی برای بەڕێزم (ڕەحمەت تەوەکول) چەند وێنەیێکی نایابم بەرچاوکەوت، وێنەکان زۆر سەرنجییان ڕاکێشام، یەکەم جاریش بوو بیان بینم، چونکە زۆر لەمێژبوو ئاواتم بوو وێنەیێک، یان بیرەوەریێکی هونەرمەند تایەرتۆفیق، لەوگەشتەیدا کە کردبووی بۆ وڵاتی ئێران بزانم، چونکە لەهەردوو گەشتی هونەرمەند و مامۆستای بەستە و مەقام (عەلی مەردان) وێنە و بیرەوەری هەبووە، دوای بینینی وێنەکان لەڕێی نامەوە پەیوەندیم بە (ڕەحمەت تەوەکول) کرد و پرسیاری وێنەکانم لێکرد، بەڕێزییان بەوپەڕی لوتف و گەورەییەوە زانیاری لەسەر وێنەکان پێبەخشیم، لەسەر دیدارەکەیان و هەروەها ئازادیشی کردم کە ئەو وێنانە بخەمە بەردیدی ئازیزان و هەوادارانی دەنگ و هونەری هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، دونیایێک سوپاس و حورمەت و خۆشەویستی بۆ (ڕەحمەت تەوەکول) بۆ ئەو دیارییە بەنرخەی.

تەوەکولی دەڵێ: وێنەکە هی ساڵی( ١٣٤٧ ) ی هەتاوی (١٩٦٨) ی زاییني، واتە (٥١) ساڵ لەوەپێشە ئەو دەمەی لە زانکۆی تاران، بەشی کشتوکاڵی شاری کەرەج دەمانخوێند .

من ئەودەم پەیوەندی زۆرم بە (خاڵە تایەر)ەوە بوو، گۆرانییەکانیم بە عودەکەم لێدەدا و دەمگوتنەوە ، ئەودەم بیستم خاڵەتایەر بۆ سەردان هاتۆتە تاران و منیش چوومە تاران و لە هۆتێلێک بە دیداری شادبووم، میوانداریم کرد، کە بۆ ڕۆژی دوایی بێت بۆ دانشگەی کەرەج، پێی خۆش بوو، قەبووڵی کرد .

ڕۆژی دوایی بە سەیارێک لە کەرەجەوە چوومە تاران و خاڵەتایەرم هەڵگرت و بەرەو کەرەج گەڕاینەوە. چوار دۆستی زۆر نزیکم ئاگادار کردەوە، کە خاڵە تایەر ئەستێرەی گەشی دەنگ و مۆسیقای کوردی میوانمانە. خڕبووینەوە و لە دانشگەی کەرەج بەرەو ڕێی(جادە)ی کەرەج و چاڵووس وەڕێکەوتین و باغێکی بەرچۆم و ئاومان بۆ ڕۆژێک بەکرێ گرت و دامەزراین. خواردەمەنییێکی خۆشمان لە شاری کەرەج کڕیبوو، هەڵبەت شەڕاب و ئابجۆیێکی زۆرمان پێبوو. دەستمان کرد بە گۆرانی گوتن و خواردنەوە و خۆش گوزەرانی. خاڵە تایەر کە گۆرانی دەگوت ئێمەش بۆمان دەگێڕایەوە. چەند گۆرانییێکی گۆرانیبێژی دیکەشی بۆ گوتین. تا تاریکبوونی دونیا ماینەوە. دوایی گەڕاینەوە بۆ کەرەج، منیش بە سەیارەییێک خاڵە تایەرم گەیاندەوە هۆتێلەکەی لە تاران. خاڵە تایەر پێیگوتم: پێمخۆشە سەرێکی سابڵاغ بدەم. ئەودەم حکومەت چەند گەنجی کوردی سابڵاغی شەهید کردبوو، خەڵک و شار زۆر داغدار و پەرێشان بوون. بە خاڵە تایەرم گوت: وەختێکی زۆر خەراپە و خەڵک داغدارن و خۆشحال نین و نیگەرانم کە بچی بۆ سابڵاغ و بەهۆی کارەساتەکەوە خەڵک نەتوانن ئەوەی شایانی تۆی هونەرمەندی بەناوبانگی کوردە، پێشوازیت لێ بکرێت. خاڵە تایەر قەبووڵی کرد و دوو ڕۆژ دوایی گەڕاوە کوردستان .

وێنەی تەواوی دۆستانم لە ڕاستەوە: حەسەن خاتەمی (سابڵاغ) حوسێن شافیعی (سەردەشت) مامۆستا خاڵە تایەر، ڕەحمەت تەوەکول (سابڵاغ) عەلی حوجەت جەلالی (سنە) ئەفشین ئەردەڵان (سنە)

تەواوی دۆستان حاڵیان باشە و لە وەختی خۆی بەرپرسی باڵای کشتوکاڵ و مامۆستای زانکۆ بوون لە ئێران)





# تایەر تۆفیق

## ساڵی ١٩٤٢ قوتابخانەم تەرک کرد، بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی دایک و باوکم و خوشک و برایەکانم بدەم

(١)

من تا ئێستا تەمەنم بەتەواوی نازانم چەندە، چونکە وەختی خۆی نەنووسراوە، دایکم و باوکم وەختی خۆی دەیانگوت: تۆ ساڵی تەیەران لەدایک بووی، ساڵی تەیەرانیش ساڵی (١٩٢٢)وە یان (١٩٢٣) یە. زۆرکەس لێم دەپرسن تەمەنت چەندە؟ دەڵێم وەڵڵاهی باوکم نایزانم. من ئەو ڕۆژە لە دایک بووم، کە ئینگلیز شاری کۆیەی بۆردومان کردووە.

(٢)


تەمەنی هونەریشم، وەختی خۆی کە لە قوتابخانە بووم، سەرەتایی یەکەمی کۆیە، لە فرقەی نەشید بووم، سروود و شتی وا. کۆیە جیگەییکی گەلێک خۆش و جێگەی ئاواز و نەغەمات و شتی وایە، لەوێ زۆر ئیهتیمامیان بە مەولود دەدا، مەولودی نەبەوی، ئێمەش هەموو ئەوانەی دەنگ خۆش بووین کۆدەبووینەوە و ئەنواعی گۆرانیمان دەگوت، ئەو وەختە فێری گۆرانی هەندێک بەقوەت بووین.

(٣)

لەوێ خوێندنم هەمووی لای مەلا بووە، قورئان و گولستان و شتی وام لەکۆیێ تەواو کردووە، هەتا شەشی ئیبتیدایم لە کویێ تەواو کردووە، ناوەڵلا هەتا قوتابخانەی ناوەندی، من هەر لە کۆیێ بووم، پاشان ژیان تاڵ بوو، نەمتوانی هاتووچۆی مەکتەب بکەم، زۆر کەس هەیە پێی عەیبە بڵێ نەمتوانی بخوێنم، لەبەر دەستکورتی نەمان خوێند، ئەوکات دەغل ودان زۆر گران بوو، ساڵی (١٩٤٢) من قوتابخانم تەرک کرد بۆ ئەوەی بتوانم یارمەتی دایک و باوکم و خوشک و برایەکانم بدەم، مەکتەبم واز لێهینا.

(٤)

من هاتم بۆ بەغدا ساڵی (١٩٤٤) چووم بۆلای ماڵی خزمێکم، بۆ بەسرە، ناوی ئەو ماڵەش، تاهیری حاجی فەندی پێدەڵێن، باوکی جەمال، ئێ ئەوان دەوڵەمەندێکی زۆر تێر بوون، دوکانیان بۆ دانام، مامەوە هەتا ساڵی (١٩٤٥) ساڵی (٤٥) جارێک هاتمەوە بۆ کۆیە، یەکسەر گەڕامەوە بۆ بەغدا، یەکسەر بۆ ئێزگە، لە ئێزگە منیان تاقی کردەوە، ئەو وەختە کامیل ئەمین سەرپەرشتیاری ئێزگە بوو، نەدەچوومە ئێزگە، کابرایێک هەبوو ناوی کاک سەمەد بوو، سەمەد بەنایان پێدەگوت، بەمنی گوت دەبێ بتبەم بۆ ئیزاعە، ئیزاعە ئەودەمی هەمووی عیبارەت بوو لە دوو هۆدە، وەڵلا چووین دەنگیان تاقی کردینەوە، ساڵی (١٩٤٥-١٩٤٦) دەنگیان تاقی کردمەوە، گۆتیان: باشە بابێت، ئەو وەختی مووچانەی هەفتەیی، دینار و نیوێک و دوو دینار و شتی وا بوو، لەهەفتەی جارێک گۆرانیمان دەگوت، یەکەم گۆرانیم گۆرانی گوتنم شتێکی فۆلکلۆرییە، حیجازی پێدەڵێن، ئێمە پێیدەڵێین نیوەشەو، نیوەشەوی:




" شاری کۆیێ جێگەی شاعیر و ئەدیب و نووسەر و گۆرانی بێژی یەکجار باش بووە، "



**له گوڵێ له سۆره گوڵێ، له نارنجێ، لەتورنجێ لەلیمۆیی**

**به عام شەرعێ خۆیان دەبردەوە کن پیرە شەوبایێ**

**پیرە شەو بایێ ماڵ وێران دەڵێ ئەگەر ئەمن هیچ بزانم و چ حەرفان لێک بدەم**

**شتاقیان بەو خاڵەی نینە کە وەتانی لە سورەتی لەیلایێ**

**ئەمن ناوێرم دەنگ و سەدایێ ماڵ وێرانێ**

**خۆم هەڵێنم لە ترسی بەژنەکا بڵند و دوو جاوی بەڵەک**

**ببێتەوە مەترسی و هاوار و غەفڵەتە**

**مەمکێ ئەو بابان وێرانەی لەبۆ من بمێنێ..بەوان فنجان و**

**فەخفوریان کە وەتانی لە هەموو دیوەخانەکان پێیدەخونەوە**

**قاوە لەگەڵ هەرامە شەربەتە!**

**ئەمن بە گەڕەکی ژێری دا دەچمەوە خوارێ**

**لە عامی دەرو جیرانان دەپرسم داخوا شەو چ مەجالە**

**کیژ دەڵێ هەتیمە لاوە مەجالی نیوە شەوێم لێ بەسەر چووینە**

**دەم لەسەر ڕوومەتم هەڵبگرە**

**بەسم شەمامە و شەمامە نە نیوەشەوە نە بەیانی بەرداوە**

**کەلەشێرێک دەخێنێ بە دەنگەکی باریک لە گەرەکی ژێری**

**ئەمن نازانم نە سۆری نەشینی ڕەبی یەکت لە ماڵی نەمینی**

**کە تۆ لە وادەی شەو و نیوەشەوێ نازانی بۆچ ئەمن**

**لەسەر سینگ و مەمکی ئەو جوانەی بەخەبەر دینی.**


**“ من لەساڵی ١٩٤٩ ژنم هێناوە، هەتا ئێستا ئەلحەمدوللا نە منداڵمان هەیە نەهیچ، ئەوها دانیشتووین، گەلەک ئیسراحەتین ”**

**(٥)**

زۆر دانیشتنم لەگەڵ سێوە بووە، دایمەن پێکەوە دانیشتووین، منداڵ بووم، ئەو گەورە بوو، بەڵام زۆر شیعرم لەبەربوو، من ئەشعارم گەلێک زۆر لەبەربوو، دەمتوانی مقاوەمە بکەم، لەگەڵ ئەوانە دابنیشم زۆرجار، چونکە شاری کۆیێ جێگەی شاعیر و ئەدیب و نووسەر و گۆرانی بێژی یەکجار باش بووە، دادەنیشتین، سێوە بوو، مەلا ئەسعەد بوو، ئەحمەدی حەمە مەلای بوو، هەروا بەتو بڵێم عومەری مام عەوڵای بوو، جاروبار شەفیقی خەلەفی بوو، نەختێ جار، یەعنی جۆرەها کەس دەهاتن دادەنیشتن بۆ گۆرانی گوتن.

**(٦)**

من لەساڵی ١٩٤٩ ژنم هێناوە، هەتا ئێستا ئەلحەمدوللا نە منداڵمان هەیە نەهیچ، ئەوها دانیشتووین، گەلەک ئیسراحەتین.



ڕەسوڵ گەردی، هۆمەر دزەیی، تایەر تۆفیق

**(٧)**

لیکول زمان دەوڵەت و رجال ئێستاکە نۆرەی وانە، نۆرەی گۆرانی بێژی تازەیە، ئێمە دەبێ پاڵیان پێوەنێین، بۆ ئەوەی کە پلەیان بەرز بکەینەوە، وەلێ نەیانخەینە بەر توانج و شتی وا، گوایە خراپن، هەمووی باشن، یەعنی بەعام باشن، چونکی ئەگەر گۆرانی دەڵێ، ئەگەر تۆ چەپڵەی بۆ لێنەدەی، مەعنای ئەوەیە چەپڵەی بۆ یەکێکی لێدەی بۆ وی  لێنەدەی مەعنای ئەوەیە ئەو کابرایە خۆی لەپێش چاو دەکەوێ، ناوەڵڵاهی هەمووی باشن، ئومێدەوارم لەمەودوا دائیمەن هونەر هەر پێسکەوتو بێ.

**(٨)**

وەختێک کە من کراس زەردێم گۆت، تەقریبەن کراسی ڕەش لەبەر دەکرا، ئەمن گۆتم کراس بووە زەرد، سەرتاپای ئەو مەنتیقەیەی حاجی ئۆمەران و ڕواندز و کۆیێ و ئێرە هەمووی بووە زەرد:

**کراس زەردێ کراس زەردێ**

**کراس زەردێم لێ تۆراوە**

**کراس زەردێم بۆ بکەن بە بووک**

**بیبەن بۆ باخی شەقڵاوە**



## (٩)

خۆشترین شت لە ژیان چییە؟ ئینسان سحەتی باش بی، بتوانێ بۆ هەر جێگایێک بچێ، دەچتە سەفرەییێک، دەچتە جێگایێک، دانێشتنێک، وەکوو پلنگ هەڵبستێ دابنیشێ و بخوا و بخواتەوە و گۆرانی بڵێ.

## (١٠)

خۆشترین شت ئەوەیە خۆشەویستی، خۆشەویستی شەرت نییە دڵداری، هەموو عالەمت خۆش بووێ، ئەوە خۆشەویستییە.

## (١١)


ناخۆشترین شت لە ژیانما، ڕۆژێک لە ئێزگە بووم، لە ئێزگە حەفەلاتی مە ئەو وەختی زیندوو بوو، دەچووین تۆزێ پرۆڤەمان دەکرد، پاش پرۆڤە داخل دەبووین، جا ئەوکاتی نە ئینکۆندێشن هەبوو، نەهیچ، یەک پانکە هەبوو، بەغداش ئەوەندە گەرم، بڕوات هەبی کە دەهاتینە دەرەوە، هەر هاتینەدەرەوە. ڕۆژەک حەفلەم هەبوو، گۆرانیم دەگوت، لە گۆرانییەکەدا، من دەستم بەسەری گۆرانییەکەی کرد، هەرکە دەستم پێکرد خوماسییەکەم گۆت، خوماسی دووەمم نەهاتەوە بیر، چۆن لەفکرم چوو، وەرە و بڕۆ وەرەو بڕۆ، هەتا چواردە دەقە، یان دوازدە دەقە، کە هاتمە دەرێ زۆر بێ تاقەت بووم.

## (١٢)

ئاواتی من ئەوەیە بۆ هونەر و هونەمەندی کوردی، گۆرانیبێژی کوردی ئێستاکە هەمووی مۆسیقا دەزانن، ئەوانەی ئێستاکە ئیش دەکەن، خاسەتەن مۆسیقاژەنی کورد، ئەوانی ئیش دەکەن زۆرن ئێستاکە، پەنا نەبەنە بەر بێگانە، لاسا نەکەنەوە، لاساکەرەوەمان گەلەک زۆرە، بگەنە پلەییکی تر، بێ لاسایی، مۆسیقا مادام هەیە، بۆچی لاسا بکەنەوە، یەعنی هەتا ماشە هەبێت بۆ بە دەست ئاگری دەردێنن، کاکە مولەحینەکانیش لە کانگای دڵیانەوە نییە، بۆ پارەکەیە، دەنا قەتعییەن نابێ، گۆرانی بێژ، یان مولەحین، مولەحین دەبێ ماندوو بێ هەرچۆنێک بێ پارەکەی پێ وەردەگرێ عەمرم کەتانە دەگەڕێتەوە دواوە.

*** وتووێژێکی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ە لەگەڵ ڕادیوی کوردی بەغدا کە مێژووەکەی بۆ ١٩٨٦/٥/٢٥ دەگەڕێتەوە، بەڵام دیار نییە کێ وتووێژەکەی لەگەڵ کردووە، بەڵام دوای بەدواداچوون، دەرکەوت پێدەچی ئەوکەسەی ئەو دیدارەی لەگەڵدا کردووە، خاتوو نیشتمان عومەر بێ، کە ساڵانی هەشتاکان بەدواوە لە ڕادیوی دەنگی کوردی بەغدا بەرنامەی (ئێمە و ئێوەی) پێشکەش دەکرد و ئێستاش لە وڵاتی دانیمارک نیشتەجێیە.**

**ئێمەش ئەوبەشەی وتووێژەی کە لە لایەن (جەمال دەلاک)ەوە دەستمان کەوت وەکوو خۆیمان دارشتۆتەوە بێ هیچ دەستکارییێک.**







# سەرهەڵدانی دیاردەی هونەری (تایەر تۆفیق)

خالید دلێر

## بێهیوایی و گەورە کردنەوەی منداڵ نەبوون

وابزانم بەهەڵە نەچووبووم، کە لە وەوپێش وەها ئەو پیاوەم پێناساندن، کە هەر لە سەرەتادا، زۆر دڵی بەو ژیانە نەکرابێتەوە کە تێیدا ژیاوە، ئەمە لە سەرەتادا هەڵگرتنی زۆر سەخت و دژوار نییە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن و بە درێژایی ژیان ئەگەر چارەنەکرێ، گیروگرفتی ژیانی میللەتی ئێمە، بەتایبەت بۆ چینە چەوساوەکان، بەتایبەتیش بۆ هەژارە شەرم بەخۆبووەکان، بۆ دەوڵەمەندبوون ڕوو لەهەموو دەرگایەک ناکەن و هەموو شێوازێک ناگرنەبەر، بەرەبەرە ئەرکەکە گرانتر و چەندبار دەبێتەوە و لەوانەیە لەدوا پلەدا ببێتە نەخۆشی دەروونی و شتی خراپیشی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتیش کە ئەوکەسە لەناو دەوروبەرێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاردا خەریکی ململانێ نەبێ، ئەمە لە کاک تایەر تۆفیق ڕوویدا، ئەو دەوروبەرەی کاک تایەر تۆفیق، کە زۆربەی کاتی لەگەڵدا بەسەر دەبردن، دەوروبەرێک بوو، نەیاندەتوانی تایەر تۆفیق بناسن و بەتەنگ ئازارەکانییەوە بچن و هیوای هەرەسهێناوی بە بەربهێننەوە و بیبووژێننەوە، دەوروبەرێک شەوانە کۆڕی مەیخواردنەوە سازدەدەن و لە دەوری مێزی قومارکردندا کۆببنەوە، دەورووبەری هەرەسهێنان و دوژمن بە گەورەتر زانین و میللەت بە بێهێز تێگەیشتن بوو، دەورووبەری خەڵک پاڵپێوەنان بوو بەرەو دەوڵەت کۆکردنەوە و خۆبەسەر خەڵکدا سەپاندن. کاک تایەریش لەو کەسانە نەبوو، خەمی ئەمان و خەمی خۆشی دەخستە دەروونییەوە بەرەبەرە ئەو کێوی خەمانەی بەسەردا دەکەوتوو و گران و گرانتر دەبوو، تا هەرەسی تەواوی پێهێنا.

کاک تایەر تۆفیق منداڵی نەبوو، زۆری بەلاوە گرنگ بوو، گەلێک زیادیش لە پێویست لەنێو مێشک و دەروونی خۆیدا گەورەی کردبوو، کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو بەند و باوە دەرەبەگایەتییەوە کە گرنگی زیاد لەپێویست بە منداڵبوون دەدەن، دەیویست خاوەنی کوڕ و کچ بێت لەدانیشتنەدا لەگەڵ خزم و دۆستە نزیکەکاندا، کە باسی منداڵ دەکرا، بە خەم و پەژارەیەکی زۆری لە ڕادەبەدەرەوە، هەواڵی ئەوەی دەگێڕایەوە کە جارێک لە جاران (حەوا)ی هاوسەری منداڵێکی لەبارچووە. ئەم بارودۆخەی لێببوو بە کارەساتێکی فرە گەورە، تێکەڵاویش بووبوون بە گیروگرفتی تایبەتی و گشتی، بەتایبەتی بە نەخۆشییەکەیەوە، بە هەموویان بووبوون بە لەشکرێک شەڕ و وێرانکردن و شانیان بە کاک تایەر تۆفیق دادا.

با باسێکی کورتی حەوای دڵسۆزی خێزانیشی بکەین. براژنە حەوا خێزانی کاک تایەر تۆفیق نازانم کچی کێ و خەڵکی چ شارێک بووە، هەر ئەوەندە دەزانم خەڵکی هەرێمی کرمانجی ژووروو (بادینان) بوو، خێزانی کۆنە بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی (سابیرە فەندی) بووە، لەم مێردەی تاکە کچێکی بەناوی (فایزە)وە بووە، شووی بە (ئەنوەر دزەیی) کردووە، لە دەمێکەوە لەگەڵ مێردەکەی چوونەتە (ئەڵمانیا) و لەوێ جێگیربوونە، دوای کۆچکردنی سابیرە فەندی، کاک تایەر


تایەر تۆفیق، خالید دلێر

**لەتاو داخی بێ منداڵی و خۆ بە بێکەس زانینی خۆی، جاروبار وشە و واتای (ڕۆڵە) و (براکەم) و (برای بابم) و نازانم چیدی تێکەڵاوی ئەم مەقامە و مەقامەکانی دیکەش دەکرد**

تۆفیق براژنە حەوا دەهێنێ. کاک تایەر تۆفیق لەسەربازی بەر لێبووردن دەکەوێ و دەدرێتەوە بە حەوا و سەربازی پێ ناکرێ. براژنە (حەوا) ژنێکی چاوشینی باڵابەرزی سوور و سپی و جوان بوو، لە فەقیر حاڵی و بێدەنگی و بێ پرتە و بۆڵەیی و هەڵسوکەوتی، لەوەدەچوو پەرییەکی ئاسمان بووبێ و هاتبێتە سەرزەوی. ماوەی چارەگە سەدەیەک زیاتر خزمەتی کاک تایەر تۆفیقی کردووە، ساڵێک پێش مەرگی کاک تایەر تۆفیق کۆچی دوایی کردووە. ئەم ئافرەتە نەبایە، کەس بۆ ئەو ماوەیە لەگەڵ کاک تایەر تۆفیق ئیدارەی نەدەکرد، کاک تایەر تۆفیق دواتر ئاگاداری زۆر دەکرد، هەر لەبەر بێکەسی براژنە حەواش بوو کە ژنی بەسەر نەهێنا ئەم هۆیە نەبووایە بەمەبەستی منداڵبوون، ژنی دووەمی دەهێنا. تایەر تۆفیق ئەگەر لە جێگایەکی بە دڵی خۆی بایە و بانگهێشت بکرایە، براژنە حەوای لەماڵەوە بەتەنیا بەجێدەهێشت و دەچوو بۆ ئەو شوێنە. دەنا ڕاست دەچووە یانەی (پزیشکان) و لەوێش لە (مەی) خواردنەوە و قومارکردن چی دی هەبێت، بۆ پیاوێک کە ژیانی وەک ئەوە بووبێ کە باسمان کرد، دەورووبەرەکەش و جۆری ژیانی ئەوەبێ کە گوتمان، دەبێ چارەی چی بدۆزێتەوە لە (مەی) خواردنەوە زیاتر؟ بۆیە بەجارێ ملی لە مەی خواردنەوە نا. ناوەڕۆکی هۆنراوەی (ناڵەی جودایی) و (هێمن موکریانی) کردبوو بە ئارام و تەسکینهێنەری باری نا ئارامی و جەنجاڵی مێشک و دەروونی خۆی، ورەبەردان و بێدەسەڵاتی هۆنراوەکە دڵنیایان پێ بەخشیبوو، کە ناڵەی جودایی ڕاست دەکا دەڵێ:

**ئەو شەرابەی تاڵە بۆ دەفعی غەمە**
**لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە**
**بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە**
**بێخەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە**
**مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان**
**مەستی بێخەم بۆچی بگرن بێخەمان**

ئەو هونراوەیە، هیوا و نووزە لێبڕاوەی بە مەقامی (بەیات) ئەوەندە بەسۆز و بە کوڵ و بەدڵ و دەروون دەگوت، هەر دەتگوت هەنگی لەداردا دۆزیوەتەوە. لەتاو داخی بێ منداڵی و خۆ بە بێکەس زانینی خۆی، جاروبار وشە و واتای (ڕۆڵە) و (براکەم) و (برای بابم) و نازانم چیدی تێکەڵاوی ئەم مەقامە و مەقامەکانی دیکەش دەکرد، ئەم وشە و واتایانە لەدەقی مەقامەکاندا نەبوون، وادیارە لەم دواییەدا بێدەسەڵاتی و دەستەپاچەیی (مەی) بۆ دەرکەوتبوو، ئەمجا وەکو ژەهر بۆ خۆ کوشتن دەیخواردەوە. بۆ نموونە لەسەر ڕاستی ئەم قسەیە ئەم ڕووداوە دەگێڕمەوە:



ئێوارەی ڕۆژی (٢٣)ی نیسانی (١٩٨٠) لە یانەی پزیشکان لە هەولێر بانگهێشت کرابووم، بەرێکەوت کاک تایەر تۆفیق و برادەرێکیشی بە ناوی (کاک جەمال)ەوە ئەوانیان دیتبوو، چووبوون لەلایان دانیشتبوون دیاربوو لەوەوپێش کاک تایەر تۆفیق باسی خزمایەتی خۆی لەگەڵ وریا ئەحمەد بۆ کاک (جەمال) باسکردبوو، ئەمیش ئەم بەیەکگەیشتنەی بەهەل زانیبوو بۆ هەوڵدانێک لەگەڵ کاک تایەر تۆفیق-دا بۆ ئەوەی هەرنەبێ، کەمێک لەمەی خواردنەوەکەی کەم بکاتەوە، بە برادەرەکانی گوت: دەزانی کاک تایەر تۆفیق ئەمڕۆ لە بەیانییەوە هاتووەتە ئەم یانەیەوە، بەبێ حەسانەوە تا ئێستاش هەر دەخواتەوە، ئەمجا گوتی: لە کاک تایەر تۆفیق بپرسە بزانە بۆ وادەکا (وریا ئەحمەد)یش وەکو گلەیی و دڵدانەوەیەک هەندێ قسەی کردبوو، دوایی پرسیبووی کاک تایەر تۆفیق تۆ بۆ وادەکەی؟ کاک تایەر تۆفیق بێ پێچ و پەنا وەڵامی دابوویەوە گوتی: کورە وەڵڵا بۆیە وەدەکەم بمرم، بەلای منەوە کاک تایەر تۆفیق لەوکاتەدا و لەوەوپێشیش

**وادیارە لەم دواییەدا بێدەسەڵاتی و دەستەپاچەیی (مەی) بۆ دەرکەوتبوو، ئەمجا وەکو ژەهر بۆ خۆ کوشتن دەیخواردەوە**



تایەر تۆفیق، ڕەسوڵ گەردی



لە منداڵ بۆ نەبوون بەولاوە هیچی دی لە زۆربەی خەڵک کەمتر نەبووە و کەسیش لەو سەردەمەدا هەوڵی خۆکوشتنی نەداوە، جارێ براژنە حەوا هەر لە ژیاندا مابوو باری ئابووری خراپ نەبوو چاوی لەدەستی کەس نەبوو لەناو کۆمەڵدا ڕێز و ڕوەتێکی هەبوو بە پەنجە ئاماژەی پێدەکرا، هەر بە نەختێ لەخۆ ڕاپەرموون دەیتوانی خۆی لەهەموو کەم کوڕیەکانی ڕزگار بکا، کارلێکردنیان لەسەر تەندروستی و باری هونەری کەم بکاتەوە تەمەنیشی درێژتر و لەشیشی ئەمەندە بەبار نەدەبوو، بۆ منداڵ نەبوونەکەش سۆزی باوکایەتی نەبێ لەم سەردەمەدا کەم کەس لەسایەی منداڵی دەحەسێتەوە، زۆربەشیان لە ئەرک و بار زیاتر شتێکی دیکەیان بۆ دایک و باوکیان نییە، ڕژێمی سەرمایەداری مرۆڤی لە خێزان و لە کۆمەڵیش دابڕیوە و گیرۆدەی بەرژەوەندی خۆیەوە کردووە، کەس بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی خۆشی ڕاناگا، چ جای هی کەس و کاری کاک تایەر تۆفیق، دەبوو هەر نەبێ لایەک بەلای شاعیری گەورەی کورد، یەکەم شاعیری کورد کە ڕێگەی شۆڕشکردنی نیشان بە گەلە چەوساوەکەی داوە (حاجی قادری کۆیی) بکاتەوە کە نزیکی یەک سەدە دوور لەو سەردەمە لە وڵات و نەتەوەکەشی دوور بووە لە وڵاتێکی نامۆ ژیاوە و کەسی نزیکی نەبووە لەو ڕۆژەدا حاجی پێیگوتوون:

> **ئەو دەوروبەرەی کاک تایەر تۆفیق، کە زۆربەی کاتی لەگەڵدا بەسەر دەبردن، دەوروبەرێک بوو، نەیاندەتوانی تایەر تۆفیق بناسن و بەتەنگ ئازارەکانییەوە بچن**

**هەر منم ئێستا وارسی (عیسا)**

**بێ کوڕ و ماڵ و بێ ژن و مەئوا**

ژیانی کاکە تایەر تۆفیق زۆر لە ژیانی حاجی باشتر و لەبارتر بووە، کەچی حاجی وەکو ئەو هەرەسی نەهێناوە، دەبوو کاک تایەر تۆفیق وانەیەکی بەکەڵک لە حاجی فێرببا و بەسەر ئەو لێکدانەوە هەڵە و کوشندەیەدا زاڵبووایە، کە لەبەر چاوی خۆی بەرجەستەی کردبوو، لەناوەوە بە چەقۆ بە خەنجەر لە دەروونیان دادەتاشی، حاجی پێیگوتوون کە ئەو بێکەس و بێجێ و ڕێیە و منداڵ و ژنی نییە، بەڵام بەهۆی شیعرەکانییەوە وەجاغی کوێر نییە، بابی کوڕانە، کاک تایەر تۆفیق-یش بەهۆی دەنگ و سەدا هەڵوێستەکانییەوە.

حاجی پێی گوتووین:

**ئەوەی شاعیر نەبێ کوێرە وەجاخی**

**لە سایەی شیعرەکانم بابی کوڕانم**

لەپێشتر باسمکرد، کە کاکە تایەر تۆفیق، یان بە زمان و دەست و قاچ کەوتویی دەهێننەوە هەولێر و لە نەخۆشخانەی ڕزگاری چەند ڕۆژێک دەخەوی و دوایی ئیزن دەدرێ و دەیبەنەوە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی سەیداوە لەسەر قەرەوێڵەیەک بێکەس بەجێی دەهێڵن و دەرگای ماڵ و حەوشەکەشی هەر بە وازیی بەجێدەهێڵن، بەڵکو خێرومەندێک، کۆنە برادەرێک بچێت سەرێکی لێ بدات و ئاوڕێکی لی بداتەوە.

شەو دزی شارەزا بەهەلی دەزانن دەچنە ماڵەکەی بۆ پارە و شتی سووک و گران دەگەڕێن، هەرچی بەکەلکیان دێ دەیبەن، هەندێک پارەی لەبن سەری دەبیت بیریان بۆ ئەوە ناچێ کاکە تایەر تۆفیق هەموویانی ناسیبوو بەڵام نە زمانی دەگەڕا تا ناویان بهێنی، نە دەستی قەڵەمی گرتووە، تا ناویان بنووسێ، ئەمە یەکێکە لە دزییە هەرە بەنرخ و بێشەرمییەکان، هەر وەکو ئەمە کە لە مرۆڤ پیرۆزتر و گرانبەها

> **لە نەخۆشخانەکانی (هەولێر) یش نەیان حەواندبۆوە، کردبوویانە سەری ئەم خانوەی چارەکە سەدەیەکیش بوو تیایدا دەژیا چۆلی بکا، ئاگاداریان کردبوو کە ئەگەر چۆلی نەکا بزگۆڕی فرێدەدەنە کۆلان**

تر نییە، لەو کاتانەدا بە خەسڵەتە کە مرۆڤایەتییەکانی تەواوە لە مرۆڤیش چەپەڵتر نییە، لەو کاتانەدا کە ئەو خەسلەتانەی تیدا نامێنی هەوڵدانی درێژکردنەوەی تەمەنی هونەری کاک تایەر وەکو شاعیرێک و ئاوازدەنەرێکیش، حەزم دەکرد کاک تایەر تۆفیق چەند دانەیەک لە بەرهەمەکانی تۆمار و بڵاوبکاتەوە، کاک تایەر بە نەمر شەهید کردنی جافەری برام زۆر تێکچوو، پەیوەندی کاک تایەر بە ئێمەوە و بە جافەریش گەلێک بەهێز بوو، دوای ئەم ڕووداوە ئیدی لە هەولێر زوو زوو لە ماڵی ئایشەی خوشکم و ماڵی جافەری برام کە بەیەکەوە بوون یەکتریمان دەبینی ڕووم نەدەهات ئەو ئارەزووەی خۆمی لەلا باس بکەم، دڵی ناسک بوو، نەوەکا وای لێکبداتەوە کەمن خۆم لەو بە هونەرمەندتر بزانم.

هەر جارێک بە یەک گەیشتباین، دەمجولاند و گۆرانیم بۆ دەوت، ئەویش دەستی پێدەکرد، من دەنگی کاک تایەر تۆفیقم زۆر لەلا خۆشبوو، ئەویش حەزی لە دەنگی من دەکرد، جارجار لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکانی دەگوتەوە، بەتایبەتی گۆرانی تۆران و وەی وەی، جارێک لە جاران گۆرانی (پەری)م بۆ گوت کاک تایەر تۆفیق گوتی: ئەم گۆرانییە تۆمارکراوە؟ کە وەڵامم دایەوە تۆمارنەکراوە گوتی: بۆخۆم تۆماری دەکەم. ڕاستییەکەی منیش بەو نیازە ئەو گۆرانییەم بۆ گوت هەر دەستبەجێ هۆنراوەکەم بۆ نووسییەوە و گۆرانییەکەم لەسەر کاسێتێک بۆ تۆمار کرد و دامێ. کاک تایەر لە دەمێکەوە بوو گۆرانی تازەی تۆمار و پێشکەش بە جەماوەر نەکردبوو، لەم باوەڕشدا بووم لە پێشکەشکردنی ئەم گۆرانییەدا سەرکەوتوو دەبێ، ئەم گۆرانییە ئەگەر چی لەپێش مانگی ڕەشەمێی (١٩٦١)ە داندرابوو، بەڵام بڵاونەکراوەتەوە و کەس گوێی لێنەبوبوو ئاوازەکەشی لە پلەی دەنگی کاک تایەردا بوو، خۆشی لەنێوان چەند گۆرانییەکی تازەدا کە دانرابوون و تۆمارنەکرابوون بۆ کاک تایەرم گوتن، بە ئارەزووی خۆی ئەمەیانی هەڵبژارد گۆرانییەکە لەسەر مەقامی سێگایە، هۆنراوەیەکی تەڕ و خۆش و ئاوداری هەیە لەبەرئەوەی تا ئێستا بە نووسین لەهیچ جێگەیەکدا نەنووسراوەتەوە لێرەدا بە باشی دەزانم بڵاوی بکەمەوە:

**پەری**
**پەری گیان ئەی پەری**
**چەندی بڵێن دولبەری**
**لە کوڕی نازدارانا**
**تۆ سەروەر و ڕابەری**
**ڤینوس سەرسام ماوە**
**چۆن بێ و کرنۆشت بۆ بەری**
**پەری پەری گیان ئەی پەری**
**کاتێ ئەڕۆی بۆنخۆشی و لار**
**و لەنجەت لێئەتکێ**
**گوڵ خۆیان فڕێ دەدەن بۆ**
**پات دەبن بە چەمکێ**
**منێ سەودای تۆی وا شۆخ**
**سکاڵام بەرمە لای کێ**
**پەری پەری گیان ئەی پەری**
**بڵێ سروشت ئەم جوانی و**
**شۆخ و شەنگییەکەی پێداوی**
**هەر دەڵێی خەیاڵی من**
**نەخشەی جوانی کێشاوی**
**بۆ ئەوەی پی نەداوی تا منی**
**بخەیتە داوی**
**پەری پەری گیان ئەی پەری**

* * *

ئەوەی ڕاستی بێ لەوەدوا کە حەزم دەکرد کاک تایەر تۆفیق ئەو گۆرانییەی من پێشکەش بکا و سەرکەوتن بەدەست بهێنی و گۆرانی دیکەی لەو گۆرانیانەی من ئەوکاتە هەمبوون بەدوای پەری تۆمار بکات و جەماوەرەکەی خۆی زاخاو بداتەوە و خەڵکی تری لەدەور و بەریدا کۆبێتەوە، مەبەستم ئەم جموجۆڵە هونەرییەی کاک (تایەر تۆفیق)یش بوو شان بە شانی هاتنە دی حەزەکەی من هیوایەک بوو تروسکەیەک ڕووناکی لێوە دەبیندرا، ئەمە ببوایە لەوانەبوو کاک تایەر تۆفیق بیووژێتەوە و تەندروستی بەرەو باشی بچێ و ماوەیەکی تر بەرگەی ئازارەکانی بگرێت، یان هەر بە یەکجاری لێیان ڕزگار ببێ، سەرکەوتنی هونەرمەند لەکاری هونەریدا وەک ئەوە وایە کە تازە لە دایک ببێتەوە کاک تایەر تۆفیق دوای ئەوەی لە فێربوونی گۆرانی پەری دڵنیادەبێ گەشتێکی tv کەرکوک دەکا کاربەدەستانی tv کەرکوک دەبوو بە شێوەیەک لە شێوەکان گۆرانییەکە تۆماربکەن دوایی بەبێ ئاگایی کاک تایەر تۆفیق دەقەکە لە تۆمارکراوەکە



وەربگرن بۆ ئەوەی دلی ئەم پیاوە نەیەشێنن، بەڵام دەردی شێخ ڕەزای تاڵەبانی گوتەنی:


خوا سا کوا لە دونیادا قەدرزان و خڕیدارێ؟

ساڵێک زیاتر لە چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکە بووم، هیچ سەر و سۆراخی نەبوو، نامەیەکم بە پۆستە بۆ کاک تایەر نارد:

**پورزای بەڕێز و خۆشەویستم**

**کاک تایەر ڕۆژتان باش**

**(ئومێد دەکەم لەشتان ساخ و گوزەرانتان خۆشبێ و سەلام لە براژنم دەکەم کاکە گیان**



تایەر تۆفیق، خالید دلێر

**بەڵێنێکت پێدابووم کە گۆرانی (پەری گیان ئەی پەری-چەندی بڵێم دولبەری) بە دەنگە خۆش و زوڵاڵ و ناسراوەکەت تۆماربکەن، واخەریکە هەشت ساڵ بەسەر بەڵێنەکەدا تێدەپەڕێ و گۆرانییەکەش لەجێی خۆیەتی لەگەڵ کاک وریا ئەحمەدی خۆمان تەگبیرێکمان کردووە کە بێمە هەولێر، کاک وریاش چوار میوزیکژەنی زۆر بە توانا ئامادە بکات هەموومان بێین لە ماڵەوە لەلای خۆتان گۆرانییەکەت بۆ تۆمار بکەین ئەمجا ئۆتۆمبێلێکی خۆش و باش پەیدا بکەین بچین لە tv**



> **"براژنە حەوا خێزانی کاک تایەر تۆفیق نازانم کچی کێ و خەڵکی چ شارێک بووە، هەر ئەوەندە دەزانم خەڵکی هەرێمی کرمانجی ژووروو (بادینان) بوو"**

**لە کەرکوک دۆبلاژی بکەین، جا ویستم ئاگادارت بکەین و هاتنەکەی ئێمەت لەلانەبی بە کت و پڕی، تکایە وێنەیەکی خۆشتم بۆ بنێرە با لامبێ خەڵات و پاڵە دەستتان و دەستی مامۆژنیان ماچ دەکەن دایکیشیان زۆر ڕیز و سڵاوی هەیە بۆتان)**

**هەر بژین و خۆشبن**
**خاڵۆزای دڵسۆزت خالید دلێر**
**گەڕەکی کارێزە وشک**
**خانووی ژمارە ٨**

وەڵامەکەشی هەر بە پۆستە بۆم هاتەوە، کاک تایەر گوتبووی کەدەبێ ئەم گۆرانییە تۆماربکا دواتر داوای لێکردم کە لەگەڵ تیپەکانی مۆسیقا لە سلێمانیدا ڕێککەوم و گۆرانییەکە ئەمادەبکەن بۆ کاتی تۆمارکردنەکە لە کاک تایەر بگێڕنەوە و بێتە سلێمانی و تۆماری بکات لەتیپی مۆسیقای سلێمانی لەگەڵ خالید سەرکار لەتیپی مەولەوی لەگەڵ نامدار قەرەداغی قسەم دەکرد هیچ کامێکیان فرمانەکەیان نەگرتە ئەستۆ.

لەو کاتەدا کە کاک تایەر پەکی کەوتبوو کاک وریا ئەحمەد لە هەولێر هەوڵی لەگەڵ کاک تایەر دابوو لە گۆرانییەکەی هەر لە ماڵی کاک تایەر خۆی تۆماربکات بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بیباتە tv کەرکوک بۆی دۆبلاژ بکەن، بەڵام بەداخەوە گۆرانییەکە لای کاک تایەر دوای چەند ساڵێک هەر تۆمارنەکرا، بەڵام دوای چەند ساڵێک لەلایەن شەماڵی حەمە تۆفیق تۆمارکراوە، بەم جۆرە ئەم هەوڵە لەبارچوو ئەم هیوایە کوژایەوە کاک تایەریش کۆچی دوایی کرد، ئەمەش دەقی نامەکەی کاک تایەرە بۆ نووسەر لە وەڵامی نامەکەدا لە کوردستانەوە بە فاکس بۆم هاتووە:

وەڵامی نامەکەی کاک تایەر تۆفیق بۆ خالید دلێر:

**خۆشەویست و بەڕێز دلێر گیان**

**پێش هەموو شتێک هەمووکات لەش ساغ بن، کاکی خۆم نامە جوانەکەت گەیشتە دەستم لە ناوەڕۆکی نوسینەکەی تێگەیشتم کاکە گیان زۆر سڵاوم بۆ دایکی خەڵات هەیە، هەروەها حەوا چاوی خەڵات و پاڵە ماچ دەکات و چاوی خەڵات و پاڵە ماچدەکەم، کاکە گیان بی ڕەحم نیم، بەڵام نەخۆشی وای لێکردووم، دەبێ ئەم پەریە هەر تۆماربکەم، لەبیرم نەچووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچم تۆمارنەکردووە و لەبیرم نەچووە، دەبی هەتا مانگی ٣ هەر تۆماری بکەم، ئیتر سڵاوم بۆ ئەو کەسانەی کە یادمان دەکەن کاکە گیان.**
**خۆشخوازتان**
**تایەر تۆفیق**

کاربەدەستانی هونەر و هەندێ خەڵک لە تایەر تۆفیق تێنەگەشتن دوای کۆچکردنی کاک تایەر تۆفیق، دوای ماوەیەک وتارێکم بە ناونیشانی سەرەوە لە گۆڤاری کاروان بڵاوکرایەوە، وتارەکە لەناو چوو ناچار جارێکی دی وەکو ئەوەی کە لەبیرم مابێ دەینوسمەوە لەم کتێبەی تایبەت بە کاک تایەر تۆفیق بڵاوی دەکەمەوە بەر لە کۆچکردنی دوایی کاک تایەر تۆفیق ئێزگەی کوردی بەغدا چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی لەگەڵدا کردبوو، چەند جارێکیش بڵاویان کردبۆوە، ئەوەی لەدەمی دەورەبەرەکەمدا بیستومە و جێگەی لێدوانی ئەم وتارەن ئەمەیە، کاک تایەر تۆفیق لەو چاوپێکەوتنەدا گوتبووی کە ئەو حەز لە دەنگی خۆی ناکا، کاربەدەستانی ئێزگەکەش بۆ بەدبەختی خۆیان بۆ ئەوەی خەڵک تێیان بگا کە ئەوان لە کاک تایەر تۆفیق نەگەشتوون، وەکو گوتم زوو زوو ئەو چاوپیکەوتنەیان پەخش کردووە بەرلەوەی بێینە سەر خودی باسەکەمان پێوسیتە بڵێین کە کاک تایەر تۆفیق هونەرمەند بوو، بە ڕێبازێکی هونەری تایبەت ناسرابوو لەم کتێبەدا هونەر و ڕێبازەکەی لە جێگایەکی دیکەدا ڕوونکراوەتەوە هونەر چییە و هونەرمەند کێیە؟ دەبێ بە کورتیش بێ لێرەدا وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەینەوە.

راو بۆچوونێک هەیە لای وایە هونەر و داهێنان لەپشتەوەی سروشت، لە سەرچاوەیەکی نادیار و نەناسراوە، بەشێوەی ئیلهام بەسەر مرۆڤێک دادەبەزێ و دەچیتە دڵیەوە و لەوێشەوە دەگا بە خەڵک، بەرهەمە خۆش و نایاب و داهێنانەکە کە لە دەست خەڵکی ئاسایی نایە ڕاییبهێنی و کارێکی سرووشتی ڕوحی لە خەڵک دەکا، بەلای منەوە ئەو ڕاوبۆچوونەی سەرەوە ڕاستیان نەپێکاوە، چونکە هونەر و دوای ئەویش هونەرمەند دیاردەی سروشتی و دونیایین و لە خودی سروشت و دەوروبەرەوە هەڵدەقوڵن، هونەرمەند کە ڕاگەیەنەری هونەرەکەیە لە خەڵکی ئاسایی جودا دەکرێتەوە، بۆیە هونەر بە سادەترین شێوەی و بە کورتترین دەربرین لە سەرەتادا لە ئارەزوو و حەزلێکردنی سادەی بابەتێکی هونەری زیاتر نییە کە لە دەوروبەرەوە، لەنێو مێشک و دەروونی مرۆڤدا هەڵدەدا و هەندێ جاریش لەهەندێ هونەردا ماکێک، یان گەرایەک بەهۆی بۆمانەوە لە باوانەوە دروست دەبێ، ئەم حەزلێکردن و بۆ مانەوەیە وەکو (خلیسکەیەک- تۆوێک) لەناو زەمینەی مێشک و دەروونی ئەو کەسەدا دەردەکەوێ و وردە وردە بەهۆی ژیان

لەگەڵ ئەو حەز و ئارەزووە پێوەخەریک بوونیەوە جێدەگرێ و دەئاوسێ و گەشەدەکات و (خلیسکە) کە دەڕۆی هەر بەو هۆیەی کە خستمانە بەرچاو جامی ئارەزوو لەسەر دەکا و خلیسەکەکە ئاو دەدرێ و دەبێتە لاسایکردنەوەی ڕێبازێک، یان قوتابخانەیەکی هونەری و لەوێشدا ئەگەر مرۆڤ لەهەوڵدان نەوەستێ هونەرەکە ناوەستێ و ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتێ و لق و چڵ دەردەکا و مرۆڤ بە لاسایکردنەوە ناوەستێ و دڵی ئاو ناخواتەوە و لەخۆی ڕادەپەرموێ، ڕێگای داهێنان و خۆدروستکردنێکی تازە بگرێتە بەر و بەرەو ئەو ڕێگە سەخت و دژوارە تەکان بەخۆی دەدا.

زۆران و ململانێیەکی پیرۆز بۆ داهێنان و بەرەوپێشچوون دەکا، بەربەرەکانی ڕەشەبا و کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگا دەکا و بەرهەمی تازە جیا و سەربەخۆ لە بەرهەمی ئەو مرۆڤە هونەرمەندەی لەوەوپێش لاسایی دەکردەوە دادەهێنن. هونەرمەند دەبێ داهێنەری هونەربێ بەمجۆرە بەرهەمە تازەکە یەکێکە لە بابەتەکانی هونەر و مرۆڤە داهێنەرەکەش وەکو هونەرمەند جارێکی دی لە دایک دەبێ. هونەرمەند لەدوای ئەوەی متمانەی بە توانای هونەریی و داهێنانی خۆی توندوتۆڵ دەبێ دەگەشێتەوە، خۆی بە گەورە دەزانێ و ژیانی لا خۆشدەبێ، لێرەدا هونەرمەند یەکێک لەم دوو ڕێگایە بەخۆیەوە دەگرێ:


١. یان ئەوەیە دەیەوێ هونەرەکەی بۆ دەوڵەمەندبوون و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربێنێ.

٢. یانیش خۆی و هونەرەکەی بۆ خزمەتی نەتەوە چەوساوەکەی و مرۆڤایەتی تەرخان دەکا، ئەمانە هەرگیز لە داهێنان ناکەون و نەمری وەدەست دێنن لەکاتێکدا ئەوانی دی لە خۆبایی دەبن و لە داهێنان دەکەون و لەسەر ڕابردوویان دەژین، لە خۆبایبوون بۆ هونەرمەند و پیاوی سیاسەتمەدار دوا هەنگاوی پێشکەوتنە، لە هونەرمەندی هەموو بابەتە هونەریەکان هونەری بەدەنگ هونەری بە وشە و هتد هونەرمەند ئەگاتە پلەی هونەرمەندی ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ڕای لەو بابەتە هونەرییە نەبێ کەخۆی پێیەوە خەریکە، ئەگەر دڵی پێی خۆش نەبێ، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئومێد و هیوای بە سەرکەوتنی خۆی نەبووبێ، ئەگەر پشت بە توانای هونەری خۆی نەبەستێ، ئەمانەش نایەنە دی ئەگەر ڕای لە بابەتە هونەرییەکەی خۆی نەبێ و نەزانێ کاریگەریەکی باش و بەکەڵکی لەسەر خەڵک دەبێ، ئەگەر هونەرەکەی خۆی خۆشنەوێ و حەزی لێنەکا ناتوانێ ئەو ڕێگا سەخت و دژوارە ببڕێ، لەسەرەتای دەستپێکردنی هونەرەکەیەوە خۆی لەسەر ڕابگرێ و بەردەوامی لەسەر بکا و بەرگەی ڕەخنەی ناحەزان بگرێ و بگا بە پلەی هونەرمەندی.

کاک تایەر هونەرمەند بوو داهێنانی کەمبوو، بەڵام دەنگە خۆشە بێوێنەکەی و شێوەی گۆرانی چڕینەکەی و ئاوازە زۆرەکانی ناوچەی کۆیە، کەبۆ یەکەم جار گەیاندنییە ئێزگە و بەو فراوانییە بەبەر گوێی خەڵکی ڕاگەیاند و گەیاندییە ڕادەی هونەرمەندان، کاک تایەر حەزی لە دەنگی خۆی بوو دەنگی خۆی خۆشدەویست، کە گۆرانی دەگوت هەموو ئازارەکانی خۆی لەبیردەچووەوە، خۆی لەناو بەهەشتێکی دونیاییدا دەبینی، بە شانازیکردن بەدەنگ و سەداکەیەوە، سەیری دەوروبەری دەکرد، چاوە نەخۆشەکانی دەبریسکانەوە، دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا، وایدەزانی سامانی هەموو دونیا هی ئەوە، لە ڕاستیدا لەم سامانە گەورەیە بەولاوە، سامانێکی دی شک نەبردووە، بێگومان کاک تایەر گوتوویەتی، کە حەزی لە دەنگی خۆی نییە، ڕقی لێی دەبێتەوە، چاوپێکەوتنەکە ئەو مانایەی تێدابوو، خەڵک زۆر بیستویانە و گوێیان لێبووە ئەی کاک تایەر بۆ؟ خۆی خستۆتە نێوان ئەو ناکۆکیەوە لەپێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە دەربڕینی جەختێکی دیکەی کاک تایەرتان لەسەر متمانەی بەهێزی خۆی بەدەنگ و سەدایەکی خۆیتان بۆ بگێرمەوە کاک (محەمەدی ئاسنگەر)ی هونەردۆستی خەڵکی سلێمانی دەمێک بوو حەزی دەکرد بەیەکەوە بچینە سەردانێکی کاک تایەر و ناسیاری لەگەڵدا پەیدا بکا. کاک تایەر پاش ئەوەی لە نەخۆشخانەی هەولێر ئێزنیان دابوو بە نەخۆشی دەچێتە ماڵی کچێکی شەوکەتی خوشکی و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە ئێمە وامان دەزانی هەر لە کۆیە ماوە لەگەڵ کاک محەمەدی ئاسنگەر بۆ سەردانەکە چووینە کۆیە لەوێ نەمابوو، چووینە هەولێر



**"دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، دەنگی هەر خۆشبوو، بەڵام وەک جاران نەمابوو، منیش دوای ئەوە یەکێک لە گۆرانیەکانی خۆم بۆ گوت دەستیکرد بە گریان"**



تایەر تۆفیق، خالید دلێر



براژنە (حەوا) ژنێکی چاوشینی باڵابەرزی سوور و سپی و جوان بوو، لە فەقیر حاڵی و بێدەنگی و بێ پرتە و بۆڵەیی و هەڵسوکەوتی، لەوەدەچوو پەرییەکی ئاسمان بووبێ و هاتبێتە سەرزەوی

ماڵەکەی خۆی کە ٢٥ ساڵ زیاتر بوو لەوێ دادەنیشت سەرمان لێدا لە دانیشتنەکەدا کە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٥ پێنج مانگ و نیو بەر لە کۆچکردنی دوایی. کە بەداخەوە دواجار بوو چاوم پێیکەوت، لە نێوان گفتوگۆ و قسەی دیکەدا هەواڵی مان و نەمانی دەنگ و سەدایەکەم لێ پرسی گوتی: لەم نزیکانەدا لە ئاهەنگێکدا بەشداریم کرد ناوی یانەکەشی هێنا کە ئاهەنگەکەی تیادا بەڕێوەچوو بوو، ئەمجا گوتی دەنگ چیلێدێ؟ دەنگم وەک خۆیەتی، بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەم قسەیەی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، دەنگی هەر خۆشبوو، بەڵام وەک جاران نەمابوو، منیش دوای ئەوە یەکێک لە گۆرانیەکانی خۆم بۆ گوت دەستیکرد بە گریان.

کاک تایەر لەچاوپێکەوتنەکەی ئێزگەدا ئەم ناکۆکیەی لە دڵشکان و تووڕەییەوە دەربڕیبوو، کاربەدەستانی هونەری ئەوکاتە و هەندێ کەسی دیش، لەبەر مردنی هەستی هونەری و مرۆڤانەیان قسەکەی کاک تایەریان وەکو خۆی بەبێ لێکدانەوە بە سادەیی و ساکاری وەرگرتبوو. نزمی، یان نەبوونی ئەم هەست و هۆشەیان یارمەتی نەدابوون کە بتوانن لە قسەکانی کاک تایەر دا ورد ببنەوە و نهێنیەکانی تێبگەن، لە پشتەوەی ئەو قسانەی کاک تایەر تۆفیق دەربرینی گلەیی و نارەزایی یاخیبوون لە ڕژێم و لە کۆمەڵ هەیە، کاک تایەر تۆفیق پێویستی بە چارەکردن و خزمەتکردن هەبوو لە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی عێراق کەچی لە نەخۆشخانەکانی (ئیبن سینا) کەجێی چارەی نەخۆشی پیاوانی ڕژێمە بە هەوڵدانی زۆری کاک (مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل)یش وەریان نەگرت، لە نەخۆشخانەکانی (هەولێر)یش نەیان حەواندبۆوە، کردبوویانە سەری ئەم خانوەی چارەکە سەدەیەکیش بوو تیایدا دەژیا چۆلی بکا، ئاگاداریان کردبوو کە ئەگەر چۆلی نەکا بزگوری فرێدەدەنە کۆڵان هۆی تووڕەبوونی کاک تایەر تۆفیق ئەوەبووە، بەڵام کێ گوێی لە دەنگی خەڵکی پاک و دڵسۆزی گەل و نیشتیمان دەگرت.

کاک تایەر زۆربەی کات لەنێو کۆمەڵ و کەسانی چینی سەرەوە و ناوەڕاستی کۆمەڵدا ژیاوە، ئەوانیش هەندێ نەریت و خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی تایبەت بە چینەکانیان لەنێو خۆیاندا هەیە و لە یەکتری قبوڵ دەکەن، لەنێو چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵدا بەشتی جوان ناژمێردرێ و لە کەسی قبوڵ ناکەن، کاک تایەریش هەندێ شتیان لی فێربوو لەوانە (جرت کێشان) لەکاتێکدا قسەیەک کردەوەیەکی لەیەکێ بدیبایە و بەدڵی نەبوایە و لە کابراشی رادیتبایە، یان لەگەڵ کابرادا گاڵتەکردنی هەبوایە جرتێکی بۆ دەکێشا. پشووی نیوەی ساڵی قوتابخانەکان بوو، ساڵەکەم لەبیر نییە، لەگەڵ خزمان لە (هۆڵی گەل) سەردانێکی کاک تایەرمان کرد نەمانویست لەماڵەوە زەحمەتیان بخەینەبەر بەر لەوەی بچینە هۆڵەکەوە لە حەوشەکەدا کاک (یەحیا مەرجان) کە پێشتر لە tv کەرکوک دیبوومان خەریکی گۆڕینی تایەی ئۆتۆمبێلەکەی بوو، سەلامێکی ڕاگوزاریمان لێکرد و چووینە لای کاک تایەر، کە ئەوسا بەڕێوبەری هۆڵەکە بوو، زۆری پێنەچوو کاک یەحیا مەرجان هات، بەگەرمی دەستی گوشیم و بەخێرهاتنی هەموو لایەکی کرد و لەلامان دانیشت، وردە وردە کەوتینە سەرباسی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیەوە، کاک یەحیا ڕای منی ویست لەبارەی گۆرانیەکانیەوە کەبە دەنگی خۆی لە تیڤی ناوبراودا تۆماری کردبوون، ئەم پیاوە وەکو بیستوومە باوکیشی لە هەولێر خزمەتی هونەری کوردیان کردووە، منیش ڕای خۆم لەبارەی گۆرانیەکانیەوە پێ گوت ئەمجا گوتم: واباشە هونەرمەندەکان ئەم هۆنراوانە بۆ کردن بۆ گۆرانی هەڵبژێرن کە هەڵەیان لە مانا و زمانیەوە تێدا نییە، وشەکانیان ناسک بێ و وشەی زەق و زەبەلاحیان تێدا نەبێ، کاک یەحیا پاڵپشتی بۆچوونەکەی کردم و پرسی، شیعری گۆرانییەکانی من چۆنن؟ گوتم گەر پێت ناخۆش نەبێت، ئەگەر من شیعری ئەم گۆرانیەم بیر بێتەوە، تا وەڵامی پرسیارەکەتی پێ بدەمەوە، سەرەتا یەکێک لە گۆرانیەکانت هەڵەیەکی ناوەڕۆکی تێدایە ناوی گۆرانییەکەم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم هەر لە یەک دێرە شیعردا شیعرەکە جارێک چاوی دڵدارەکەت بە ڕەش و جارێکی دی بە کاڵ باس دەکا. کاک یەحیا هەندێ بیری کردەوە گۆرانییەکەی بەبیر هاتەوە گوتی:

(هەڵێنە، هەڵێنە، چاوی ڕەشت... با دەروونم ڕەوشەن بێ بە دیدی کاڵ و گەشت) هەر من لەخوێندەوەی شیعرەکە بوومەوە کاک تایەر جرتێکی گەورەی هەڵکێشا و گوتی کوڕم چەندم پێ گوتوون دەست لە ئێش و کاری پیاوان وەرمەدەن، کاک یەحیا گوتی: بەخوا وایە گوتی ئەمە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)ە شاعیری چاکە، بەڵام ئەم دێرە شیعرە ئاوایە.


**تێبینی/** ئەم نووسینە پووختەیێکە لەو وتارەی خالید دلێر کە لە کتێبەکەی وریا ئەحمەد وەرگیراوە کە لە بارەی (خالید دلێر)وە ساڵی ٢٠١٥ ئامادە و کۆیکردۆتەوە.














١٩٨٤/١/١٥

لەبڵاوکراوەکانی
ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان
زنجیرە (1) 1983

تاهیر توفیق


گوڵی سەربەستی

بەری رەنجی هونەری چل و پێنج ساڵی گۆرانی بێژێکی کورد

بەشی یەکەم


پێشەکی و پێداچوونەوەی
کەریم شارەزا

١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م









برایانی کوردی دڵسۆزم
پاش چاپ کردنی گۆرانیەکانی ( چەپکە گوڵ )
( ئاوازی بەسۆز ) و ( گۆرانی و هەڵپەرکێ ) زۆر بە شانازی بوە
وا ( گۆرانی و ژیانتان ) .
پێشکەش ئەکەم ئومێدەوارم سوودی لێ وەربگرن .
گۆرانی بێژ
طاهر توفیق

نرخی (٢٥٠) فلس

لە چاپخانەی ( العراق ) لە بغدا
لە چاپدراوە لە ساڵی ١٩٧٣








دەستنووسێکی طاهر توفیق ساڵی ١٩٧٢، تایبەت بە مقامی شیرین بەهارە

٢٧

یادگاری هیوا / شیرین بەهارە ٣/ بیات

شیرین ابراهیم احمد





نەقابەی هونەرمەندان
لقی هەولێر
بەبۆنەی چلەی ماتەمینی هونەرمەندی گەورەمان مۆستا
تایەر تۆفیق
کورتە دراما:
تایەر لەسەر شانۆدا
نووسینی:
محمود زامدار
دەرهێنانی:
طلعت سامان
لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر ٣٠/١١/١٩٨٧
هەولێر

ئەکتەرەکان
غازی غەفوور
ئەوزاد رمضان
مۆید محمد فقێ
طە ئاغاجان
احمد جمیل
منداڵەکان:
هەژێن طلعت
فرمێسک مۆید
دارا خەسرەو
عبدالوهاب مظفر
هونەر مۆید
سەرکەوت لطیف
هێمن خەسرەو

کارە هونەرییەکان
دەنگ و مۆسیقا: جیهان بەخشی محمد
وێنە: فارس سعدی
مکیاج و ئێکسسوار: مۆید فقێ
رووناکی: سەردار علی / پشتیوان عبداللە
خۆشنووس: قسمەت زبیر محمد
پرۆپاگەندە: عدنان رۆژبەیانی
بەڕێوەبەری شانۆ: عبدالقادر نورالدین

ئەرشیفی ئەوزاد عەلی



تایەر تۆفیق و جیهانبەخش



تایەر تۆفیق، ناسری ڕەزازی و مشکۆ



ڕەسوڵ گەردی، ؟، تایەر تۆفیق، نەسرین شێروانی، خوداد عەلی



تایەر تۆفیق و هێمن موکریانی


# مێژوویی

- **كورد له سه‌فه‌رنامه‌ی ڤیكتۆر لانگلوا بۆ كیلیكیا و چیاكانی تۆرس (ساڵه‌كانی ١٨٥٢-١٨٥٣)**

ئاماده‌كردن و وه‌رگێڕان له‌ فه‌ره‌نسییه‌وه‌:
د.نه‌جاتی عه‌بدوڵڵا - فه‌ره‌نسا

- **هه‌ندێک ڕاوبۆچوون سه‌باره‌ت به‌نووسینی هه‌ولێر له‌سه‌رچاوه‌كانی سریانیدا**

كه‌مال نوری مه‌عروف



# کورد لە سەفەرنامەی ڤیکتۆر لانگلوا بۆ کیلیکیا و چیاکانی تۆرس ساڵەکانی ١٨٥٢-١٨٥٣



ئامادەکردن و وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە: د.نەجاتی عەبدوڵلا - فەرەنسا

**پێشەکی**

لویس ڤیکتۆر لانگلوا Louis Victor Langlois ناسراو بە ڤیکتۆر لانگلوا ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسایی و پسپۆری بواری پارەناسی numismatique و شارستانییەتی ئەرمەن بوو. ڤیکتۆر لە ٢٠ ی ئاداری ١٨٢٩ لە دییێپ Dieppe لە دایک بووە. لە ١٤ ی ئایاری ١٨٦٩ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. ماوەی دوو ساڵان قوتابی قوتابخانەی تایبەت بە زانستی خوێندنی مێژوو (قوتابخانەی نیشمانیی شارت l›École des chartes) بووە، پاشان چووەتە قوتابخانەی زمانەکانی ڕۆژهەڵات١

لە ساڵەکانی ١٨٥٢-١٨٥٣ لەلایەن حوکوومەتی فەڕەنسییەوە ئەرکی سەفەرێکی زانستیی پێ سپێردراوە بۆ کیلیکیا و دوای گەڕانەوەشی ڕاپۆرتێکی لەبەردەم ئەکادیمیای نەخشەسازیی و هونەرەجوانەکان پێش کەش کردووە٢

لانگلوا ڕاپۆرتەکەی لە دانیشتنی ٢٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٣ لە بارەگای ئەکادیمیای فەڕەنسی بەناوی (ڕاپۆرت لەبارەی هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆژییەکانی کیلیکیا و ئەرمێنیای بچووک لە ساڵەکانی ١٨٥٢-١٨٥٣) پێشکەش کردووە، کە ساڵی دواتر لە پاریس (١٨٥٤) وەکو کتێب بڵاوکرایەوە٣


دوای ئەوە پاش حەوت ساڵ، لە ساڵی ١٨٦١ لە پاریس سەفەرنامەی خۆی بەناوی (سەفەر بەناو کیلیکیا و چیاکانی تۆرۆس)٤ لە پاریس بڵاوکردەوە. چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی شارستانییەتی ئەرمەن پێشکەش کردووە بەتایبەتی لەبارەی ئەرمێنیای بچووک٥

خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی مێژووییە، جگە لەوە کتێبی پارەناسیی ئەرمەنی٦ پاریس، ١٨٦٩ یەکێکە لە کتێبە یەکەمینەکان لەم بوارەدا.

**کورد لە سەفەرنامەکەدا:**

سەفەرنامەکە بەناوی (سەفەر بەناو کیلیکیا و چیاکانی زاگرۆس، کە لە ساڵەکانی ١٨٥٢-١٨٥٣ لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆریی و لەژێر چاودێریی وەزیری فێرکردنی گشتیی و ئەکادیمیای نەخشەسازیی و هونەرە جوانەکان جێبەجێ کراوە)

ئێمە لەم وتارەدا تەنیا ئەوەی تایبەتە بە کورد لەم سەفەرنامەیە دەخەینە پێشچاو و توخنی بوارەکانی دیکە ناکەوین. ڕاستییەکەی زانیارییەکانی ناو ئەم سەفەرنامەیە لەبارەی کورد لەم بەشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بۆ ئێمە زۆر گرینگ و پڕ بایەخن و بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەڵقە ونەکانی مێژووی ئێمە، کە بە دڵنیاییەوە سوودی زۆری دەبێ. نووسەر دوای گەیشتن بە شاری (سیس) پایتەختی کیلیکیا و دوای مانەوەی شەش ڕۆژ ویستویە بچێ بۆ ئەو بەشەی چیاکانی تۆرۆس کە تورکمان و ئەرمەنەکانی لێ دەژین، لەکاتی چوونی بۆ شاری ئانازارب Anazarbe دووەمین نیشنگەی شازادەکانی ئەرمەن، نووسەر لەگەڵ ئیسکۆرتەکەی بۆ یەکەمجار تووشی کوردەکانی هۆزی ئەفشار دەبێ، کە دەیانەوێ ڕێگەی لێ بگرن، تا ئیسکۆتەکە ناچار دەبن دەست بکەنەوە و



LIBRAIRIE DE BENJAMIN DUPRAT
Rue Fontanes (Cloitre-St-Benoit), 7, à Paris.

VOYAGE
DANS LA CILICIE
ET
DANS LES MONTAGNES DU TAURUS
Exécuté pendant les années 1852-1853
PAR ORDRE DE L'EMPEREUR
ET SOUS LES AUSPICES DU MINISTRE DE L'INSTRUCTION PUBLIQUE
ET DE L'ACADÉMIE DES INSCRIPTIONS ET BELLES-LETTRES

Par VICTOR LANGLOIS

En 1852, M. Victor Langlois fut chargé, par ordre de l'Empereur, d'une mission scientifique en Karamanie, l'ancienne Cilicie, contrée presque inexplorée, que les Lusignans d'Arménie avaient possédée pendant près de trois siècles, à la suite des Guerres Saintes, et qui conserve encore aujourd'hui le souvenir de la domination française. Cette province de l'Asie Mineure est sans contredit l'une de celles où l'on trouve le plus de ruines

1861

تەقە بکەن.

نووسەر هەرچەندە لەم بەرەوڕووبوونەوەیەدا گوللەیەک بەرقاچی دەکەوێ و بریندار دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەفەرەکەی خۆی بەردەوام دەبێ و سەری کەلاوەکانی ماڵیوس Mallus و لاجازۆ Lajazzo دەدات، کە دەرگەی ئەرمینیا بوو لە دەورانی خاچپەرستەکان و عەمباری بازرگانی ڕۆژهەلات بووە لە سەدەکانی ناوەڕاست.

لەزستانی ١٨٥٢-١٨٥٣ نووسەر لەناو چیاکانی تۆرۆس بووە، لەوێ خەریکی هەڵکۆڵینە ئارکیۆلۆژییەکان بووە، کە ئێستە بەشێکی ئەو هەلکۆڵینانە لەمۆزەخانەی لوڤەردا هەلگیراون. لەدووەمین گەشتی بۆ باکووری ڕۆژهەلاتی تۆرۆس چووەتە ناو عەشیرەتە تورکمان، کورد و ئەرمەنەکانی تۆرۆس.

لەلاپەرە (١٨ی سەفەرنامەکە)یدا تابلۆکانی دابەشبوونی ئیتنیکی تۆرۆس نیشان دەدات و ژمارەی دانیشتوانی سەرلەبەری کیلیکیا بە سەدوپەنجا هەزار کەس دەخەملێنێ ( لا :١٧)

لێرەوە نووسەر باسی دابەشبوونی فراکسیۆنە ئیتنیکییەکانی کیلیکیا دەکات، کە هەر دانیشتوانێک کاراکتەری جیاکەرەوەی خۆیان دەپارێزن و بەشێوەیەک یەک نەتەوە نین، بەڵکو کۆمەڵە گردبوونەوەیەکی کەسەکانن بەبێ هۆمۆژینیتێ و بەردەوام دابەش بوون، ئەستەمە بتوانن لەناو یەکەیەکی سیاسیی هاوبەشدا یەک بگرن (لا: ١٧)

نووسەر لە لاپەرەی دواتر ژمارەی سەرلەبەری دانیشتوانی کیلیکا بەوردی بە ١٤٧,٦١٨ سەد و چل و حەوت هەزار و شەشسەد و هەژدە کەس دەخەملێنێ و دابەشی سەر سێ چینی سەرەکی کردوون. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە سەرجەم گرووپەکانی ناو کیلیکیا جێنشینن تەنیا کوردەکان نەبێ، کە کۆچەرن و ژمارەی تەواوی کورد لە کیلیکیا بە بیست هەزار ٢٠,٠٠٠ کەس دادەنێ ( لا: ١٨)

نووسەر دەنووسێ: «دانیشتوانی ئێستەی کیلیکیا نیشتەجێ، یان کۆچەرن، جگە لە کوردەکان و چەردەیەک هۆزی تورکمان و دۆم و قەرەجەکان نەبێ، کە سەر بە کاتیگۆری دوایین، ئەوانی دیکە هەرهەموویان لەناو شار و ئاواییەکان دەژین (لا: ١٨)

واتە بە قسەی نووسەر سەرجەمی ئەو بیست هەزار کوردەی، کە لە کیلیکیا و چیاکانی تۆرۆس-دا دەژین سەرجەمیان کۆچەری نیشتەجێ نەبوون.

نووسەر لەباسی تورکمانەکانی ئەلرەمەدان-ئۆغلۆ El-Rhamadam-oglou، کە تا ئەوکات کۆچەری بوون، لەم دۆڵ بۆ ئەم دۆڵ، لە دۆڵی کیلیکیا وەکو جێنشین لەگەڵ تورکمانەکان تێکەڵ دەبن.

لەو تورکمانانە جیادەبنەوە، کە دواتر دێن بۆ تۆرۆس و پێدەشتەکانی کیلیکیا. ئەم جیابوونەوەیە لەنێوان تورکمانەکانی نیشتەجێ و تورکمانە کۆچەرەکان، کە بەناوی ئیۆرۆکەکان Iourouks ناسراون، بوو بە سۆنگەی گۆڕینێکی تەواو لە کاراکتەری تورکمانە جێنشینبووەکان، چیدی خەون بە شەڕوشۆڕەوە نابینین، تەنیا بۆ بەرگری کردن لە مەروماڵاتیان و خەرمانەکانیان نەبێ، یان کاتێ تورکمانە ئیۆرکەکان Iourouks و کوردەکانی هاوسێیان چاویان تێ دەبڕن (لا: ٢٠)



کوردەکان زۆر لە تورکمانەکان جیان، کوردەکانی کیلیکیا کۆچەرن و سەر بە کاستی (عەشیرەت)ی جەنگاوەرن، بەپێچەوانەی ئەو هۆزە کوردانەی گوزان Guzan یان ئەو جووتیارانەی، کە لە کوردستانی جنووبیدا دەژین و وایان پێ دەڵێن. کوردەکانی پاشالیکی ئەدەنە هاوینان لە دەوروبەری سێسارێ Césarée هەواریان هەڵدەدەن و زستانانیش دێنەوە ڕەشماڵەکانیان لە نزیک مەرەش لەسەر ئەو ڕێگەیەی، کە دەچێ بۆ ئانازارب Anazarbe ڕەشماڵیان هەڵدەدەن. ئەوانە چوار هۆزی تایبەتن و بەهەموویان پێنج هەزار ڕەشماڵن. ئەوە ناوی هۆزەکانیانە لەگەڵ ژمارەی مێگەلەکانیان.

**“کوردەکان کە چاویان بڕیبووە سەر جاڵتاکانمان دەیانویست بمانترسێنن بە زۆری ژمارەکەیان و مەبەستیان بوو لە پشتمانەوە بسووڕێنەوە”**

| ناوی هۆزەکان (لیوای ئەدەنە) | ژمارەی ڕەشماڵ | مەڕ | بزن | مانگا و گامێش | حوشتر |
|---|---|---|---|---|---|
| کارەلار Karalar | ٦٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ١٧٥ |
| لەک Lek | ١٥٠ | ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ١٥٠ |
| ئەفشار Afchar | ٣٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| کارەسەنتەلی Karsanteli | ١٣٠٠ | ٤٠٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ١٢٣٠٠ | ٣٥٠ |

**«کوردەکان کاتێک بینیان، کە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی بەرگریی لەخۆمان دەکەین و بێهیوابوون لەوەی دەست بەسەر جانتاکانماندا بگرن، گەڕانەوە بۆ ئۆردووەکانی خۆیان و دوانیان کە بینیمان لە ئەسپەکانیان کەوتنە خوارەوە هەڵیانگرتەوە، کە بێگومان گوللەکانی ئێمە پێکابوونیان»**

لەناو ئەمانەدا هۆزی بەژمارە زۆری ئەفشار لە هەموویان ترسناکترن. ئۆردووەکانیان لەناو زۆربەی بەشی ئاسیای بچووک پەرتوبڵاون، لەڕێگەی تاڵانوبڕۆیی و دڵڕەقییان ترس و تۆقین بڵاودەکەنەوە. کورد لەسەر ژیانی کۆچەریی ڕاهاتوون و بەرگەی ئەو دەسەڵاتە ناگرن کە پاشاکانی ویلایەتەکان دەیانەوێ بەسەریاندا بسەپێنن، کە بەردەوام شەڕیان لەگەڵدا دەکەن، بۆ ئەوەی باج بدەن. زۆرینەی کوردەکان لەسەر ئایینی ئیسلام نین٧ بڕێکیان سەر بە تایەفەی سوننین٨ ئەوانی دیکە ئێزیدین، شەیتانی عیبرییەکان، عەرەبەکان و تورکەکان دەپەرستن، کە تەنیا خوداوەندی سێتسی Seth میسرییە کۆنەکانە، کە مەسیحییەکان کردوویانە بە شەیتان (لا: ٢٣)

پێموایە لانگوا ئارگیۆمێنتەکانی لەبارەی کوردەوە تەنیا لەسەر ئەو کوردە کۆچەرانەی کیلیکیا نووسیوە، کە ئەو دیونی بۆیە نووسیویە: «کوردەکان هێندە گرینگی زۆر بە پەرستنی دەرەکی نادەن و بەدەگمەن دەیانبینین کە کڕنۆش بۆ نوێژکردن ببەن» ( لا: ٢٤)


لانگوا لەبەشی زمان، باسی زمانی هەرەبڵاو دەکات لەناو کارەمانی Karamanie کە زمانی تورکییە و کەمێک جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو زمانە تورکییەی کە لە ئیستەنبووڵ و سیمیرنا (ئەزمیر) قسەی پێ دەکەن (لا: ٢٥)

هەروەها لەباسی زمانەکانی دیکەی پاشالیک باسی زمانی کوردی دەکات و پێی وایە «زمانی کورد دیالێکتێکی زمانی فارسییە « (لا: ٢٥)

نووسەر لەباسی مێژووی کیلیکیا لای وایە لە سەدەکانی ناوەڕاست هێزی خۆی لەدەست داوە و بووەتە گۆڕەپانی جەنگ، کە بیزەنتین و ئەرمەنەکان لە سەریا شەڕیان دەکرد و دواتر لە دەورانی جەنگیزخان و تەیموری لەنگ بۆتە بیابانێکی بەرفراوان، کە هۆزە تورکمانەکان و کوردەکان پەلاماریان داوە (لا: ٦٤-٦٥)

کاتێک نووسەر باسی سەفەرەکەی دەکات بەرەو ئەدەنە کە پێدەشتێکی قاتوقڕی نەچێندراو بووە و لە زستانان تورکمان و کوردە کۆچەرەکان تێیدا ڕەشماڵ و دەواریان لێ هەڵداوە و لە چیاکان هاتوونەتە خوارەوە (لا: ١١٩). کاتێکیش دەگاتە ئەدەنە دەنووسێ: «ئەدەنە کەوتۆتە پێدەشتێکی بەرفراوان، کە لە زستانان هۆزە تورکمان و کوردەکان ڕەشماڵی لێ هەڵدەدەن، بڕێکجار گەشتیار ناچار دەبێ بۆ گەیشتن بەسەر چیا، کە شارەکانی سیس Sis و زەیتوون Zéithoun و هادشین Hadchin و مەرەشی لێیە بەناو ڕەشماڵەکانیان سەفەر بکات کە لە مەترسی بەدەر نییە (لا: ١٢٠).

نووسەر لە سەفەرەکەی خۆیدا، کە نەیتوانیوە بچێتە ناوچەی زەیتون، بە ئاراستەی ئانازارب Anazarbe ڕۆیشتووە و گەیشتوونەتە نزیک کۆمەڵە ڕەشماڵێک کە پیاوانی ئێسکۆرتەکەی پێیان وتووە ئەوانە ئۆردووی کوردەکانی ئەفشارن، کە زۆرجار کاروانیان ڕووت کردۆتەوە و تاڵانیان کردوون. یەکێک لە کوردەکان، کە دوو زاپیتەکەی ئێمە چاویان پێکەوتووە چووە هۆزەکەی وریاکردۆتەوە، کە نزیکەی چل پیاو دەبوون، ڕێگەی ڕۆیشتنیان لێ گرتین، ئێمە ژمارەمان لە دوژمنەکانمان کەمتر بوو، بەڵام (پیاوانی ئێمە) هەموویان چەکی چاکیان پێبوو، بڕێکیان دوانیان پێبوو، کوردەکان کە چاویان بڕیبووە سەر جانتاکانمان دەیانویست


VOYAGE

DANS LA CILICIE

ET

DANS LES MONTAGNES DU TAURUS

Exécuté pendant les années 1852-1853

PAR ORDRE DE L'EMPEREUR
ET SOUS LES AUSPICES DU MINISTRE DE L'INSTRUCTION PUBLIQUE
ET DE L'ACADÉMIE DES INSCRIPTIONS ET BELLES-LETTRES

PAR

VICTOR LANGLOIS

« Magnificas Asiæ perreximus urbes. »
Ovide, Fast., II, x, 21.

A PARIS
CHEZ BENJAMIN DUPRAT
LIBRAIRE DE L'INSTITUT, DE LA BIBLIOTHÈQUE IMPÉRIALE ET DU SÉNAT,
DES SOCIÉTÉS ASIATIQUES DE PARIS ET DE LONDRES,
RUE DU CLOITRE SAINT-BENOIT (RUE FONTANES), 7,
PRÈS LE MUSÉE DE CLUNY.
1861

Tous droits réservés.

بـمـانـتـرسـێـنـن، بـــەزۆری ژمارەکەیان، مەبەستیان بوو لە پشتمانەوە بسوورێنەوە، تەقە دەستی پێکرد و زاپیتەکانمان وەڵامیان دانەوە. بۆترۆسی ئازا بە هەڵەشییەوە بەرەو پێشیان چوو و دەستی بە پریشکی چەکەکەی بریندار بوو، منیش قاچم بریندار بوو، سەرۆکی زاپیتەکانیش گوللەیەکی بەر ملی کەوت. ئەو شەڕە تەقەیە دە دەقیقەیەکی خایاند و کوردەکان کاتێک بینیان، کە ئێمە سوورین لـەسـەر ئـەوەی بـەرگـریـی لەخۆمان دەکەین، بێهیوابوون لــەوەی دەســت بــەســەر جانتاکانماندا بگرن، گەڕانەوە بۆ ئۆردووەکانی خۆیان و دوانیان کە بینیمان لە ئەسپەکانیان کەوتنە خوارەوە هەڵیانگرتەوە، کە بێگومان گوللەکانی ئێمە پێکابوونیان.

ڕارەوەکـە کرایـەوە و ڕێگەکە ئـازاد بـوو. بــەردەوام بووین لەڕۆیشتن بەناو بێشەڵانێکدا، لــە پــشــتــەوە ڕەشــمــاڵــی کوردەکانی دەشاردەوە. بیست دەقـیـقـە دواتـــر (ئــانــازارب Anazarbe)مــان ڕەت دا، ژمارەیـەک سـوارە کـە دەنگی تەقەکانیان گـوێ لێ بووبوو، لەسەر ئەوەبوون بێن بۆ شوێنی شەڕەکە، ئەوانە ئەو تورکمانە ئازایانەی هـۆزی بـۆزداغـان- ئۆغلو Bousdagan-oglu بوون، کە بەگەرمی پێشوازییان لێ کردین (لا: ١٣١-١٣٢).

l›École des langues orientales

l›Académie des inscriptions et belles-lettres

Rapport sur l›exploration archéologique de la Cilicie et de la Petite-Arménie pendant les années 18521853-,



Imprimerie nationale, Paris, 1854.


Louis Victor Langlois, Voyage dans la Cilicie et dans les montagnes du Taurus Exécuté pendant les années 18521853- par ordre de l'empereur et sous auspices du ministre de l'instruction publique de l›Académie des inscriptions et belles-lettres, Paris, 1861.

شانشینی ئەرمێنیای کیلیکیا یـان شـانشـیـنـی ئـەرمـێـنـیـای بچووک لە کیلیکیا لە باشووری- ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەلایەن ئەو پەناهەندە ئەرمەنییانە دامەزرا، کە لـە دەسـت سەلجوقییەکان بۆ ئەرمێنیا ڕایـان کـردبـوو. ئـەم شانشینە سـەربـەخـۆ بـوو و هـاوپـەیـمـانـیـی مـەگـۆل بـوو و لـە ١٠٨٠ تـا ١٣٣٥ لەلایەن مەملووکەکانەوە ڕوخێندرا و پایتەختەکەشی شـاری (سیس) یان شـاری (کـۆزات) ی ئێستە بوو.

Victor Langlois, Numismatique de l›Arménie, Paris : C. Rollin : A. Durand ; Londres : M. Curt, 1859

دیـــارە لـێـرەدا مـەبـەسـتـی نـووسـەر تـەنـیـا کـوردەکـانـی کیلیکیایە، کە تەنیا کوردەکانی ئەوێ گەڕاوە.

دیارە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بـگـیـرێ کـە نـووسـەر تـەنـیـا بـەنـاو چیاکانی تـۆرۆس دا ڕۆیشتووە.



**"کورد لەسەر ژیانی کۆچەریی ڕاهاتوون و بەرگەی ئەو دەسەڵاتە ناگرن کە پاشاکانی ویلایەتەکان دەیانەوێ بەسەریاندا بسەپێنن، کە بەردەوام شەڕیان لەگەڵدا دەکەن بۆ ئەوەی باج بدەن"**

## هەندێک ڕاوبۆچوون

# سەبارەت بەنووسینی هەولێر لەسەرچاوەکانی سریانیدا



کەمال نوری مەعروف

ئەوەی مێژووی دێرین دەنووسێ و بەدوای سەرچاوەکاندا دەگەڕێ، زۆرجار لەباسی سەردەمە کۆنەکانی تایبەت بە ئایین و باوەڕ بەدوێنێ و کورد و کەمایەتییەکانی دی، لە ڕەگەزی ئاری نەژاد، لە ڕۆژگاری ساسانی، بەرلەوانیش بابەتی سەیر و سەمەرە دەبینێ و دەخوێنێتەوە، کە لەگەڵ مێژووی ئەو ڕۆژگارە کۆنەدا نایەتەوە. لێرەدا خوێنەر ئەو باوەڕەی بۆ دروست دەبێت، کە بابەتەکە دەربڕین لەبیروباوەڕی خاوەنەکەی دەکات. بۆیە باوەڕهێنان بەدەربڕینەکەی زۆرجار بەو شێوەیە دەکەوێتەوە کە تاک ناتوانێت لەهەوڵەکەیدا ڕاستی بپێکێت. لەو ڕوانگەیەوە چاوگێڕانێک بەو نووسینەی کە لەلایەن (د.فرسەت مەرعی) نووسراوە و (حەسەن یاسین) لە عەرەبییەوە کردویەتی بەکوردی و لەژمارە (٦)ی گۆڤاری دیوان، تشرینی دووهەمی (٢٠٢١) لاپەڕە (٤٦ ـ ٥٥) بڵاوکراوەتەوە، بەهەمان شێوازی سەرەوە و سەرچاوەیەکی دی، نووسینەکەی داڕشتووە بەناوی (التبشیر المسیحی) کە تێیدا ڕاستییەکانی لنگەوقووچ خستووە و بابەتەکەی خۆی بەو لایەدا خستووەتەوە. ئەو ئایین و باوەڕانەی بەر لەدەرکەوتنی ئیسلام لەوڵاتی ئێراندا هەبووە، وەکوو ئایینی مەسیحی، یان عیسایی، کردۆتە پێشەنگ، زەردەشتیەت و ئەوانی دیکەش کە بوونیان هەبووە لەو ڕۆژگارەدا خستوونیەتە ناو ڕۆژگارێکی تاریک. بۆ ئەوەی مەسیحییەت بکاتە سەر قافڵەی ڕزگاربوونیان لە بێباوەڕییاندا و گەیشتنیان بەڕووناکی ئایینی نوێ، لەو ڕوانگەیەوە بەنووسینەکەدا چوومەوەو سەرنجی خۆم لەسەر برگە و بابەتەکانی خستەڕوو، کە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١. لە لاپەڕە (٤٦)دا نووسەر دەڵێت: (لە کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی مەسیحییەت بڵاوبۆوە، ئەمە لەلایەک، لەگەڵ دەوڵەتی فارسیش لەلایەکی ترەوە) ئەم کورتە باسەی نووسەر سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئایینی عیسایی لەلایەک و لەگەڵ دەوڵەتی فارسیش لەلایەکی دیکەوە... لەم دەربڕینەدا نووسەر مەبەستێک بەدەستەوە نادات، چونکە دوای ئەو مێژووە دێت، کە ئێران لەناو مێژووی سەردەمی ئەشکانی دایە. بەڵام ددان پێدانانی ئایینەکە بەفەرمی لەلایەن قوستەنتینی گەورەوە لە ڕۆما بۆ سەدەی چوارهەمی زایینی دەگەڕێتەوە، کە بەفەرمی ناساندی. هەتا بەر لە ڕۆژگاری ئەو ناساندنەش، ئەمانە گروپێک بوون لەبنەچەی خۆیان پچڕابوون، لەبیابانی سووریاوە بەرەو سووریا ڕۆیشتن و تێیدا مانەوە، کە نەیاندەتوانی بەئاشکرا ڕێورەسمی ئایینەکەیان بەجێبگەیەنن، چونکە پشتگیرییان نەبووە لەلایەن، زلهێزێک لەو دەوڵەتانەی ڕۆژگارەکە، کە لەو سەرووبەندەدا ئەشکانییەکان هێشتا لەدەسەڵاتدا بوون، با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێین، ئەمانە فارس نەبوون. بەگوتەی سەرچاوەکانی مێژووی دوور، خۆیان بەجێگرەوەی مادەکان داناوە.

هەر لەسەرچاوەکانی ئەوانیشدا هاتووە، مرۆڤ سەربەست بووە لەوەرگرتنی ئەو ئایینەی کە پێی باوەڕدار بووە، واتە لەوەرگرتنیدا بۆ سەری فشارێک نەبووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە بەزۆر بەسەریدا بسەپێنن و باوەڕی پێینەبووبێت. ئەوەش هەر وەکوو لەنووسینی ناوبراودا هاتووە.

ڕاستە سریانی زاراوەیێکی نوێی ئارامییە، بەڵام بڵاوبوونەوەی زیاتر بۆ سەردەمی ئیسلامیی دەگەڕێتەوە، (ئارامی)ش زووتر ناسراوە و بووەتە زمانی لێکتێگەیشتن لەنێوان خۆرهەڵات و خۆراوادا، کە ئەسکەندەری مەقدۆنی لەگەڵ هێرشەکەی بۆ سەر ئێران لە شەڕی (گۆگامیلا)دا هێنای و بڵاوبۆوە و بەناوی کلتووری هێلنستی، شارستانێتی کۆنی یۆنانی بە ئێمەی خۆرهەڵاتی ناساند.

لەلایەکی دیکەوە، ڕاستە

ئارامییە کۆنەکان لەسامییەکانن و نەتەوەییێکی کۆنن، لەهەزارەی سێهەمی پێش زایین لەدوورگەی عەرەبییەوە کۆچیانکردووە بەرەو دواوە و لە سووریا و عێراق گیرساونەتەوە، بەڵام وەکوو نەتەوەیێک نەماون و بوونەتە گروپێکی ئایینی.

٢. لەبەشێکی دی باسەکەیدا نووسەر، هەر لەلاپەڕە (٤٦)دا دێتە سەر دابەشکردنی زمانی ئارامی لەهەردوو سەدەی یەکەم و دووهەمی زایینی، کە ئەوانیش بەواتای نووسەر، دابەش بوون بەسەر کۆمەڵێک زاراوە، یان زار، لەوانە: ئارامی خۆرهەڵات، زاراوەکانی (حەزەر) (شاری ڕۆژ) هتد.

لەباسی شاری (حەزەر)ی بەناوبانگ، دەبێت لەوە تێبگەین، کە دروستکردنی ئەو شارە، کە بەشاری کاروانییەکان ناسراوە، تەمەنی شوێنەواری بەپێی پاشماوەکانی، بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێتەوە. ئەو سەردەمەش هاوکاتە لەگەڵ کلتووری ئارامیی و تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی، بەڵام نووسەر کە لەبەشی دووهەمیدا هاتووەتە سەر ئارامی بابلی، بەلامەوە هەر بەشێکە لە یەکەم و لەناو بازنەکەیداو بۆ هەمان سەردەمی (حەزەر) دەگەڕێتەوە، بەمانای بڵاوبوونەوەی لە (حەزەر)ەوە بۆ شوێنەکانی دی چووە.

وشەی بابلیش وەکوو بنەماڵە، با نەمان خاتە هەڵەوە، مەبەست لەبنەماڵەی بابلی یەکەم نییە، چونکە ئەوانە زمانی نووسینیان مێخی بووە، هەروەکوو لەمیلەکەی حامورابیدا دەردەکەوێت. ڕۆژگاری (ئیبراهیم خەلیل)یش (سڵاوی خوای لێ بێت) کە لەهەندێک سەرچاوەدا هاتووە بەوەی زەردەشتی یەکەمە، هەر لەکوردستانەوە کۆچەکەی دەست پێکردووە بۆ وڵاتی فەلەستین. ئەو کۆچەش، بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی کۆن، لەنێوان چەرخی (٢٢ - ٢٠)ی پێش زایین بووە، واتە بۆ دوای ڕۆژگاری دەسەڵاتی میتانی.

ئەوەش دیارە کلتووری ڕۆژگارەکەش ئارامی کۆن بووە، چونکە هاوکاتە لەگەڵ کۆچیان. ئەمەش پەیوەست نییە بە کلتووری ئەو ئارامیانەی سەدەی دووهەمی زایینی، لەزاراوەی ئارامیی حزووری بووە لە کەوانەی بەپێتداو عیسایییەکان لەنەشوونماییێکی سەرەتاییدا بوون، بەر لەهاتنی سەدەی زایینی.

٣. لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی ساسانی لە (٢٢٧)ی زایینی لەلایەن (ئەردەشێری بابەکان) ئایا هیچ بەڵگەیێک بەدەستەوەیە کە فەرمانی بە (هێربزان تەنەسوور) دابێ تا دەقەکانی ئاڤێستای زەردەشتی ئەشکانی کۆبکاتەوە؟ تەنیا ئەوەی هەیە. یارمەتی داوە. وادیارە دکتۆر (فرسەت مەرعی) لەکتێبی (التبشیر المسیحی فی کوردستان) کە لەساڵی (٢٠١١) بڵاوی کردۆتەوە. ڕەچاوی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە و ترسولەرزی دەسەڵاتدارانی نەکردووە، کە بەپێی سەردەمەکانیان لەئارادا بوون، بۆ دژایەتی ئایینی عیسایی.

بۆیە، بێ وردبوونەوە، وابەیان دەکات کە بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەکۆتایی سەدەی یەکەمی زایینیدا، سەرەتا لە فەڵەستینەوە دەستی پێکردووە، لەوێشەوە بەشوێنەکانی دی دەوروبەر، گەیشتووەتە وڵاتی نێوان (دوو ڕووبار) و کوردستان و بەرزاییەکانی ئێران. دیارە ئەم ڕایە بێ بنەمایە و زیاتر پشت بەسەرچاوەکانی کەنیسە دەبەستێت، کە بەلای منەوە پەیوەستە بەحەز و ئارەزووی نووسەرەکانییەوە، لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی دکتۆریش بۆ ڕاکە. هەروەها ئەو ڕایە لەسەرەتای سەدەی سێهەمی زاینیشدا خۆرهەڵاتناسەکان و زانا ئەورووپییەکانی بواری سریانیش، لەو جۆرە ڕایانەیان هەبووە، کە لەهەمان قسەو بۆچوونەکانی سەرچاوەکانی کەنیسەن.

لەلایەکی دیکەوە نووسەر باس لەوە دەکات کە ئایینەکە گەیشتووەتە شاخەکانی پشتی کوردستان (زاگرۆس) و بەڕۆشتنی کاتیش دانیشتوانەکەی زۆرینەیان بوونەتە عیسایی، تاوەکوو کۆتایی دەوڵەتی پارت لە (٢٢٧)ی زایینی و سەرەتای هاتنی دەسەڵاتی ساسانی کە گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژیانی

**لەفەرمانڕەوایەتی (یەزدەگورد)دا دوو ڕاهیبەی عیسایی هەڵواسراون و بەردباران کراون، هەروەها چەند کەسێکی دیش لەوان بەزیندوویێتی خراونەتە ناوچینی دیوار، یان ڕێگە دراوە لاشەی تاوانباران بخەنە ژێر پێی فیل**

**“ڕاستە سریانی زاراوەییێکی نوێی ئارامییە، بەڵام بڵاوبوونەوەی زیاتر بۆ سەردەمی ئیسلامیی دەگەڕێتەوە”**

عیساییەکاندا هات، بەڵام مێژوو دەڵێت: پادشاکانی ساسانی لەسەرەتادا بڵاوبوونەوەی ئایینی عیساییان لەسنووری ئێراندا بەلاوە گرنگ نەبووە و هەستیان بەمەترسییەکەی نەکردووە، بەڵام کە شاپووری گەورە ئەو ویلایەتانەی داگیرکردووە، کە لەسەردەمی (نەرسی) (٢٩٣ - ٣٠٢)ی زایینی لەدەستیدا بوون، ئەوە بووە بەڵگەی دەستی ڕۆم و شەڕی دەستپێکردەوە، ئالێرەوە ململانێی زەردەشتی و مەسیحی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە دیار و لە بەرچاوە، بەمەش هەڵوێستی ئێرانییەکان بەرامبەر عیساییەکان گۆڕاوە و ئەوانەی ناوەوەی بەدۆستی ڕۆم داناوە و سەرانەی قورسی لێوەرگرتوون و لەخزمەتی سەربازیش دووری خستوونەتەوە و داوایان لێکردوون واز لەئایینەکەیان بهێنن، بەڵام مەسیحییەکان ڕازی نەبوون و بەرهەڵستییان کردووە، بۆیە دەوڵەت بەهەموو هێزی لێیداون و فەرمانیداوە بەڕووخاندنی کڵێساکانیان. لەسەردەمی (بەهرام گوور) (٤٢٠ - ٤٣٨)ی زایینی و (یەزدە گوورد)ی دووهەم (٤٣٨ - ٤٥٧) ی زایینی، هەمان نارەحەتی بۆ عیساییەکان گەڕاوەتەوە، هەروەها لەفەرمانڕەوایەتی (ئەنەوشیروان)دا بەردەوامی بووە، ئەمەش دوای شەڕکردنی لەگەڵ ڕۆمەکاندا. سوپای ئێران لەشام دەستیکردووە بەخراپەکاری و چەوساندنەوەی عیساییەکان، قەشەی گەورەشیان دوور خراوەتەوە. کاتێکیش ئەنەوشیروان لەگەڵ ڕۆمدا پەیمانی ئاشتی پەنجا ساڵەی بەستووە، یەکێک لەخاڵەکانی لەسەر ئەوەبووە، عیساییەکان لەئایینی خۆیاندا ئازادبن، بەمەرجێک لەناو خەڵکدا بڵاوی نەکەنەوە. بەدوایدا خەسرەوی پەروێز (٥٩٠ - ٦٢٨) ی زایینی، دوای سەرکەوتنی بەسەر ڕۆمەکاندا، بەرامبەر عیساییەکانی ناو وڵاتەکەی توووندوتیژی گرتووەتەبەر، بەمەبەستی ڕزگاربوون لێیان. لەڕۆژگاری گەڕان بەدوای عیساییەکاندا، هەندێکجار، گەورەکانیان تاوانبار کراون و سزاشیان بەردباران کردنیان بووە، تا مردن. لەفەرمانڕەوایەتی (یەزدەگورد) دا دوو ڕاهیبەی عیسایی هەڵواسراون و بەردباران کراون، هەروەها چەند کەسێکی دیش لەوان بەزیندوویێتی خراونەتە ناوچینی دیوار، یان ڕێگە دراوە لاشەی تاوانباران بخەنە ژێر پێی فیل، ئەمانە مشتێکن لەنموونەی خەروارێک و بەڵگەی سەلمێنەرن لەمێژوودا، کە عیساییەکان لەبارودۆخێکی خراپدا ژیانیان بەسەر بردووە، هەتاکوو ئەوانەی سووریاشی گرتووەتەوە، کە لەژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوون.

“ کاتێکیش ئەنەوشیروان لەگەڵ ڕۆمدا پەیمانی ئاشتی پەنجا ساڵەی بەستووە، یەکێک لەخاڵەکانی لەسەر ئەوەبووە، عیساییەکان لەئایینی خۆیاندا ئازادبن، بەمەرجێک لەناو خەڵکدا بڵاوی نەکەنەوە ”

مەسیحییەکانی کوردستانیش کە لەو ڕۆژگارەدا کەوتبوونە بەر هەڕەشەو کووشتن و برین و ڕاونان، لەشاخەکاندا کوردی خەڵکی ناوچەکە پەنایان داون و بەزەییان بەحاڵیاندا هاتۆتەوە، چونکە دەربەدەر و ماڵوێران بوون، پاشماوەی دێرەکانیشان، تاکوو ئەمڕۆ لەناوچە شاخاوییەکانی دهۆک و هەولێردا ماون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئازادبوون و لەلایەن کوردەکانەوە خزمەتکراون.

بۆیە نووسینەکەی (د.فرسەت) ئەوەی پێوە دیارە، کە زانیارییەکانی لەهەمان سەرچاوە بەناوی (التبشیر المسیحی) وەرگرتووە، کە شوێنی باوەڕنین.

٤. لەلاپەڕە (٤٩)ی باسەکەی دکتۆردا لەگۆڤاری دیوان، لەچەند شوێنێکدا پلەیەکی تایبەت بەعیساییەکان هاتووە، بەناوی (جاپلیق) کە پلەیەکی ئایینی بەرزە، بەڵام ناگاتە ئاستی (پاپا) ئەو ناوهێنانە بەو شێوەیە هەڵەیە و ڕاستییەکەی (جاثلیق)ە کە لەبنەچەدا وشەیەکی یۆنانییە و لە (جاثلیکوس)ەوە هاتووە، کە سەر بەکەنیسەی (ئەرثەدۆکس)ەو لە کاسولیکی ڕۆم جیابووەتەوە.

٥. نووسەر لەلاپەڕە (٥١) ی باسەکەیدا زەردەشتییەکان تاوانبار دەکات بەوەی لەسەردەمی (شاپووری دووهەمدا) هەوڵیانداوە ڕەگی مەسیحییەت کە مەترسییەکی گەورە بوو بەسەر ئاگرپەرستی زەردەشتییەوە) هتد. ئەم بۆچوونەی مامۆستایێکی زانکۆ و پسپۆڕ لەزانستی مێژووی دێرین و ئاینەکاندا لەکۆن و نوێوە، تێنەگەیشتنە لەبەهای ئاینی زەردەشتی و ئەو ڕۆڵەی زەردەشت لەژیانی ڕۆژانەیدا گێڕاویێتی. ئەگەر سەیری پاشماوەکانی پەرستگای زەردەشتی لەهەرێمەکەماندا بکەین بۆ نموونە، لەوانە پەرستگای زەردەشتی چوارستوون لەدهۆک، کە بۆ هەردوو سەردەمی ئەشکانی و ساسانی دەگەڕێتەوە، هەروەها پەرستگای دەربەندیخان و پەرستگای قەڵای شیلە نزیک کۆیسنجەق، لەگەڵ پەرستگاکانی دی میترایی لەگوندی نەوێی شارەزوور و دەرەکۆڕەی شاخی سوورێن، لەنزیک گوندی میری سوور و گەلێکی دی لە هەولێر و شوێنی دی. پەرستگاکان وادروستکراون، کە شوێنی ئاگرەکانیان ڕوو لەخۆر بن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایە دەبێت ئەو دیاردەیە، پەیوەندی بەفەلسەفەیێکی دیارکراوەوە

هەبێت؟

لەوەڵامدا دەڵێم: بەڵێ لای زەردەشتییەکان و میترانییەکانیش کە خۆر پەرستبوون، ڕووناکی ئاگرەکەیان بەچاوی خۆر چوواندووە، بۆیە ڕووکردنە ئاگریان، بۆ ئەوە بووە لە ڕووناکی مەشخەڵی ئاگرەکەوە، خۆریان دیوەتەوە و پەرستنی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە، ئەوەش دیارە کە ئاگری ئەو پەرستگایانە بەردەوام، شەووڕۆژ سووتاون. لەدوا تەمەنی پەرستگای ئاگری قەڵای شیلەدا، کە بەرهێرشی ئیسلامەکان کەوتووە، لەسەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا، لەڕووخاندنیدا چەند بەردێکی مەنجەنیقمان لەکاتی کنەوپشکنیندا ساڵی (١٩٩٧) تێدا لەشوێنی ئاگرەکەیدا دۆزییەوە. ئەم زانیاریانە ئەو ڕاستییانەن، کە لای شوێنەوارناسی کورد پێچەوانە ناکرێتەوە، بۆچوونی ئەو مێژوونووسە عەرەبانەش وەرناگرین، کە زەردەشتییەت بەزەندەقە ناو دەبەن، جەنابی (د.فرسەت)یش بەپێی نووسینەکەی لەنەزانینەوە پشتگیریان لێدەکات.

٦. نووسەری باس، جارێکیتر لەڕاستییەکان لایداوە و دوای زانستی خۆی کەوتووە، هەروەکوو لەلاپەڕە (٥١)ی باسەکەیدا دەڵێت: (ئەوانەی لەگەڵ جاپلیق مابوون ڕەوانەی لای پادشا شاپووری دووەمی کردن. شاپوور بەنەرمی قسەی لەگەڵ کردن، تا بیانکا بەزەردەشتی) لێرەدا جارێکی دی دەڵێم: ئەو قسانە، یان سەرچاوەکەی لەکەنیسەوە وەرگیراوە، یان وەکوو ئەوانەی لەغەیری زەردەشتی دۆستی ئاینەکە نەبوون، بۆیان دروستکردووە. پادشایەک کە



ئاتەشگەی زەردەشتییەکان لە ئێران - یەزد

ڕەعیەتەکەی ئاینەکە شوێنی شانازی و خۆشەویستییان بێ، چونکە ئاینەکە کلتووری سەردەمەکەیانە، بەڵگەش بۆ ئەوە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئاینەکە، کە لەناوچەکەدا هەن و ماونەتەوە، کە بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێنەوە، ئەوە دەگەیەنێت، پێویستییان بەوە نەبووە، ئەوانە بخەنە سەر ئاینی زەردەشتی، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی ئەوانە، نەیاری ئاینەکە بوون و هەستاون بەڕووخاندنی پەرستگاکان، بۆیە وەکوو دوژمن سەیر کراون، ئەگەر پادشاش فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبن، داوای موغەکانی بەجێگەیاندووە. من لەفیکری نووسەر تێناگەم، کە خۆی تاکێکە و لەکوردستان ژیانی دەگوزەرێنێت، بۆ هێندە دژی ئەو (تراث)ەیە کە کەلەپووری باوک و باپیرانمانە. وادیارە ئەو ڕەنگدانەوەیە تێیدا، بەشێک بێت لەو باوەڕەی کە لەسەری دەڕوات. ئێمەی کوردیش

ئەو ئاینانە و پاشماوەی ئاتەشگاکانیان بە بەشێک لەناسنامەی نەتەوەکەمان دادەنێین.

٧. نووسەر لەلاپەڕە (٥١ ـ ٥٢)ی باسەکەیدا، ڕایەکی سەرپێیانە دەردەبڕێ و دەڵێت: هەر (٣) ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی و پارتی (ڕاستییەکی پارتی)یە بەمانا (ئەشکانی) و (ساسانی) لەگەڵیدا، لەزەردەشتی ئایینی فەرمی بووە.. لەڕاستیدا بۆ ئەوەی لەزانیاری ناو بابەتەکانی مێژووی کۆن دەرنەچین، بەفەرمی ئاینی زەردەشتی لەدەسەڵاتی ئەخمینییەکاندا، تەنیا بۆ دەسەڵاتی داریۆشی گەورە دەگەڕێتەوە، بەردە نووسراوەکەی بێستوونیش بەڵگەیەکی گەورەیە لەو ڕووەوە، بەڵام لەڕۆژگاری پارتی (پارتی) (ئەشکانی)دا بەڵگەیەکی زیندوو بەدەستەوە نییە، کە ئەشکانییەکان ئایینی زەردەشتییان، بەفەرمی بەخەڵکی وڵاتەکەیان ناساندبێت،

**“ نووسینەکەی (د.فرسەت) ئەوەی پێوە دیارە، کە زانیارییەکانی لەهەمان سەرچاوە بەناوی (التبشیر المسیحی) وەرگرتووە، کە شوێنی باوەڕنین ”**

من وەکوو شوێنەوارناسێک، بەپێی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی لەو دەسەڵاتەوە ماوەتەوە، ئەوە دەگەیەنێت، خەڵکی لەپەرستنی هەموو ئەو ئاینانەی لەوڵاتەکەدا هەبوون ئازادبوون لەپەیڕەوی کردنیاندا. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش بڵێین: کە ئەشکانییەکان دوای نەمانی سلووکییەکان لەئێران دەسەڵاتیان گرتە دەست، کە دەتوانم بڵێم زیاتر پابەندبوون بەئایینی میتزاییەوە (خۆرپەرستی) کە ناساندنی ئەو ئایینە و بڵاوبوونەوەی بۆ ڕۆژگاری هێرشەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆسەر ئێران دەگەڕێتەوە، لەشەڕی گۆگامیلای نێوان هەولێر و موسڵ ساڵی (٣٢٧)ی پ.ز، ئەوەش دیارە ئاینی زەردەشتی بەفەرمی لەسەردەمی ساسانیدا ئەردەشێری بابەکان دامەزرێنەری بنەماڵەکە بەفەرمی سەپاندی. هەر لەم باسەدا دەبێت ئاماژە بەناوی (حەسەنی پیرنیا) بدەم کە لەنووسینی ناوبراودا بەهەڵە بەناوی (حەسەنی بیرینا) هاتووە، هەروەها دەبێت د.فرسەت ئەوە بزانێت کە نووسەری کتێبی ساسانییەکان (کریستنن)ە نووسەری ناوبراو ئەوە بزانێت، کە ئەڵمانی نییە، بەڵکوو دانیمارکییە.

٨. نووسەری بابەتەکە لەلاپەڕە (٥٣)ی دا دەڵێت: (لەکۆتایی ڕۆژانی دەوڵەتی ساسانی بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت بوو لە ئێران و بووژاندنەوەی کەنیسەکانی و ئەسقووفەکانی).. هەروەها دەڵێت: (یەکێک لەمێژوو نووسەکان دەگاتە ئەوەی بڵێت: ئەگەر ئیسلام نەگەیشتبایە ئێران، ئەوا مەسیحییەت هەموو لایەکی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە) وادیارە نووسەری ناوبراو باوەڕی بەمێژووی ئێرانی کۆن و شارستانیەتی ئارياييەکان نییە، کە سەرچاوەیە بۆ دەرکەوتنی هەموو ئەو ئاینانەی کە زۆرن و لەمێژووەکەیدا ڕۆڵیان بینیوە بۆ خزمەتی مرۆڤ و خاکەکەی. ئێران کە خاوەنی هەموو ئەو ئاینە کۆنانە بێت، و نەوە دوای نەوە بۆیان مابێتەوەو بوویێتە ڕێباز و کلتووری کۆنینەیان، کە مێژووش دەڵێت شانازییان بە کۆنینەی خۆیانەوە کردووە چۆن دەبنە کۆیلەی ئاینێکی نوێ، کە لەگەڵ کلتووری خۆیاندا ناگونجێ و نامۆیە، بۆیە دەبێت بڵێین، کە ئێرانییەکان بۆ زەردەشتییەت، کە زۆر دەمارگیر بوون چۆن عیسایيەت بەوتەی نووسەرێکی سریانی کە باوەڕدار بووە بەکەنیسەیان، ئەگەر ئیسلام نەگەیشتبایە ئێران، ئەوا مەسیحییەت شوێنی دەگرتەوە. ئای نەزانین لە بەرامبەر ڕووداوەکانی مێژوودا بەچ پلەیێک گەیشتووە، هەتاکوو مامۆستایەکی زانکۆش لەبەردەم وتەی نووسەرێکی وادا قەڵەمەکەی بووەستێت و نەزانانە وەڵام بداتەوە، تۆ بڵێی ئەو مامۆستایە نۆ موسڵمان نەبێ و چەشنی ئەحمەد سووسە بیرنەکاتەوە، بەهیوای ئەوەی خزمەت بەسەرچاوەکانی کەنیسە بکات، بەمانای کلتووری سریانی، سەرچاوەی مێژووش زۆرە، کە بەپێتێک پشتگیری لەو ڕایە ناکات. ئێران کە پێکهاتەکەی فرە نەتەوەیە و خاوەنی ئایین و مەزهەبی جیاجیان و لەکۆنەوە بوونەتە سەرچاوەی باوەڕیان، ئایە بەو ئاسانییەی دکتۆر دەگۆڕێت، کە بەزوویی بەرگی مەسیحییەت لەبەربکەن و پاشگەز ببنەوە، لەهەموو ئەو پاشماوە ئاینییانەیان، کە لەئێراندا هەن و بیخەنە لاوە. ئەمە کارێکی هەروا ئاسان نییەو گۆڕینیشی جلووبەرگ نییە فڕێی بدەیت و جلکێکی دی بپۆشیت.

ئەوەش دیارە ئاینی مانیزم و مەزدەکیش، کە لەرۆژگاری ساسانیدا لەگەرمەی دەسەڵاتدا سەریان هەڵداوە، بۆ ئەوە درووست نەبوون کە ببنە دوژمنی ئایینی زەردەشتی، بەڵکوو داوای گۆڕانکارییان کردووە لە گەوهەری ئاینەکەدا، بۆ خزمەتی زیاتری باوەڕدارانی، نەک تێکشکاندنی. ئەوەی شوێنی دڵخۆشیمانە، لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا پێکهاتەیێک لەکۆمەڵگەی ئێرانی لەشاری (یەزد) و شوێنەکانی دی ماون، ئازادن لەبەڕێوەبردنی ئاینەکەیاندا و ژمارەشیان کەم نییە. لەهیندستانیش بڕوادارییان ماون و بنکەی زانستیی و ئاکادیمی زۆریان لەشاری دەلهی هەیە و سەرقاڵی کاری زانستین، کە تایبەتن بەکلتووریان.

لەکۆتاییدا گەرانێک بەگشت ئەو سەرچاوانەی نووسەر، کە گۆڤاری دیوان باسەکەی لێ هەڵهێنجاوە، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، نووسینەکەی لەخزمەتی پاشماوەی شوێنەوارەکان و مێژووی دێرینی نەتەوەکەماندا نییە و خزمەتە بە (التبشير المسيحى).

“لەکۆتاییدا گەرانێک بەگشت ئەو سەرچاوانەی نووسەر، کە گۆڤاری دیوان باسەکەی لێ هەڵهێنجاوە، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، نووسینەکەی لەخزمەتی پاشماوەی شوێنەوارەکان و مێژووی دێرینی نەتەوەکەماندا نییە”

***سەرچاوەکان:**

١. د.فرست مرعى، تأريخ التبشير المسيحى فى كردستان، أكاديميه التوعيه وتأهيل الكوادر، سليمانيه، ٢٠١١، ص١٣،٣٧.

٢.کەمال نوری مەعروف، شوێنەوارەکانی کوردستان زمانی مێژوون، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی یەکەم ٢٠١٥، ل١٣٧ - ١٣٨.

٣.ويل وايريل ديورانت، موسوعه قصه الحضارة - المجلد الاول، الجزء الاول والثانى، دار الجيل، بيروت ١٩٨٨، لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

٤.عباس قدياني / تأريخ أديان ومذاهب در ايران / تهران ١٣٧٣، ص٢٤٦ - ٢٤٨.

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ***زمانی دەق، زمانی ئایدیۆلۆژیا***

نەجات ئەسپیندارەیی

- ***خوێندنەوەییێکی شرۆڤانە بۆ ڕۆمانی (ئەتیلا... دواهەمین عاشق)ی سەردار عەبدوڵڵا***

ن/ سەباح هورمز

و/ لە عەرەبییەوە/ ئیسماعیل بەرزنجی

- ***ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) د چەند دەستنڤیسێن هەڤالێن وی دا ل بامەڕنێ (ڤەکۆلینەکا بەڵگەنامەیی)***

هێرش کەمال ڕێکانی

- ***پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ژیان لەڕوانگەی (ئۆرهان پاموک)ەوە***

د. نەجم ئەڵوەنی

- ***ناونیشانێک بۆ وتارێکی بێ ناوونیشان!***

سەدیق سەعید ڕواندزی

# زمانی دەق، زمانی ئایدیۆلۆژیا

نەجات ئەسپیندارەیی



شیعری ئایدیۆلۆژی وەکوو شیعری دەق ئامێز توانای گەیاندنی ئەو دەلالەتانەی نییە، یاخود توانای گەیاندنی ئەو تێگەیشتنە قووڵەی نییە کە خوێنەر لێیدەخوازێت، نەبوونی ڕوئیا لەشیعری ئایدیۆلۆژیدا وای کردووە نەتوانێت ئەو تێگەیشتنانە بگەیەنێت کە خوێنەر دەیەوێت.

شاعیری ئایدۆلۆژی لەبەرهەمەکەیدا دەیەوێ وێنەیەکمان بۆ بکێشێ لەگەڵ هەلومەرج و واقیعی ئێمەدا نەگونجێ، وێنەیەکی شێوێندراو، وێنەیەک ئامانجی ڕازی کردنی سەرەوەبێ.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری کورد پەیدابوون کە بەمەمکی ئایدۆلۆژیا فرچکیان گرت و لەباوەشیدا گەورە بوون و بوونە سوارچاکی مەیدان.

من لێرەدا هەندێک ناوم هەڵبژاردووە وەکوو: گۆران، شێرکۆبێکەس، هێمن، هەژار، بۆ ئەوەی بەراوردێک بکەم لەنێوان ئەو شیعرانەیان، کە بەڕاستی دەقن و لەگەڵ ئەو شیعرانەیان کە زیاتر لەدروشمی حزبی دەچن و لە سۆز و عاتیفە بەولاوە هیچی دیکە نین، من لێرەدا کە ئەم ناوانەم هەڵبژاردووە بەلامەوە گرنگ نییە کە پێگەی کۆمەڵایەتییان و ئاستی ڕۆشنبیرییان چەندە، چونکە من هاتووم کار لەسەر جیاوازی بابەتەکانیان بکەم واتە: بابەتی ئەدەبی و بابەتی ئایدیۆلۆژی.

سەرەتا بە ( گۆران )ی شاعیرەوە دەست پێ دەکەین، گۆران پێش ئەوەی بکەوێتە نێو گەمەی ئایدۆلۆژیاوە، یاخود بەر لەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا، بەرلەوەی بە فیکری مارکس ئاشنا بێت شاعیرێکی زۆر چاک و چالاکە و شیعرەکانی زۆر تەڕ و ناسک و بەتام و چێژن، وزە و توانایەکی بێ سنووری هەیە، شیعرەکانی لەگەڵ سروشتی هەموو کەسێک دەگونجێن و کاریگەریان لەسەر هەموو چین و توێژێک هەیە، بەڵام پاش ئەوەی پێدەنێتە ناو قۆناغی ئایدۆلۆژیا و دەکەوێتە ناو گەمەی سیاسی، ئەوکاتە سادە و ساکاری دەکەوێتە نێو شیعرەکانی، سەنگ و مەحەکی جارانیان نامێنێ،

بۆنموونە سەیری ئەم شیعرەی بکەن کە دوور لەکەشوهەوای ئایدۆلۆژیا گوتوویەتی، بزانن چ دەست ڕەنگینییەکی پێوەدیارە، سەیرکەن چۆن وەکوو هەنگ شانەی هونەری ڕێکخستووە:

**جادە چۆل و سێبەر بوو کاتی بەیانی**

**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی**

**بۆسەوزایی دەور و پشتم بۆ ئاسمان**

**بۆشاخی بەرز خانووی تازە دنیای جوان**

**ئەرۆیشتم بەئەسپایی کش و مات**

**لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات**

**لەپڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی**

**بەرانبەرم بەژنێک دەرکەوت وەک پەری**

**لەگەڵ ئەوەی لەعەباوە ئاڵابوو**

**لەدیمەنی شیرینی ئاشکرابوو**

ئەم داهێنانە جوانە هاندانێکە بۆهەموو ئەدیب و نووسەر و شاعیران کە خۆیان لەتەواوی گەمارۆکانی ئایدیۆلۆژیا بەدوور بگرن و خۆیان لەو کلتورە بپارێزن کە بیروهۆشیان کۆتوبەند

دەکـات، شیعر چـەنـدی لەململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دووربێ زیاتر دەقبوونی خۆی بەرجەستە دەکات و دووردەبـێ لەهەموو قالب و چوارچێوەیـەکی بـەرتـەسـک، لـێرەدا گـۆران زمان دەباتەوە ناو سروشتی جوان و لەهەموو دەمامکێکی ئایدیۆلۆژی ڕزگاری دەکات :

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش**
**سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی**
**بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی**
**جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو**
**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو**


لێرەدا گۆران بە وشەی ناسک و جوان تەسویرێکی هونەری، یان تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگی جوانمان بۆ دەنەخشێنێ، بە وشەی جوان وێنەیەکمان بۆ دروست دەکات کە هەر حەز دەکەی تەماشای بکەیت، بێگومان لەسەر لوتکەی شاخەکان و دارستانی چڕوپڕی ناو دۆڵەکان کە شنەی با هەڵدەکات و دار و دەوەن ڕادەژەنـێ هەرچی گەڵای درەختە هەمووی دەکەونە جووڵە. گۆران هاتووە بەشێوەیەکی هونەری و زۆر بە دیقەت وێنەی گرتووە، لەنێو ئەو سروشتە جوانەدا مرۆڤ هەست بەتام و چێژێکی بێ وێنە دەکات، کاتێ دەبینێ درەختەکان هێدی هێدی بە شنەی با سەما دەکەن، هەنگ بە لەنجەولار لەسەر گوڵای گوڵە هێرۆ دەنیشێ و شیلەکەی دەمژێ گمەی کۆتر و جریوەی باڵندان سەمفۆنیایەکی حەزین پێک دێنن، کانیاوی پێدەشت و بنارەکان لەبەر تریفەی مانگە شەو دەبریسکێنەوە و ئەستێرە لەئاوێنەی بێگەردیانەوە دەردەکەوێ، ئەم وێنە جوانانە ڕەگەزی سەرەکی شیعرن، هەر شیعرێک ئـەم وێـنـانـەی تـێدا نـەبـێ وەکـوو درەختێکی سەروپەرچەم ڕنراو دێتە بەرچاو.

دیاردەکانی ژیان لای هەمووکەس وەکوو یەک هەستی پێناکرێ، ئەوکـەسـەی پێی دەگوترێ شاعیر زۆر بـەوردی لەشتەکان دەڕوانێت و لێکیان دەداتەوە:

**هەر چەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستم**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**
**لێکدانەوەی دەروون قسەی زبانم**
**بۆچی وەها دوورن لەیەک نازانم**

**ئەمویست دەرون بکرایەوە وەک تۆمار**
**دەرکەوتایە جوانتر لەبەهار**
**دەرکەوتایە: ئاوات هیوا خەو بینین**
**پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین**
**دەرکەوتایە مانگ مەنگی دەریایی**
**کە نەرمە با لەڕووی ئەدا ئەسپایی**

خاڵی بەهێزی شیعر لەوەدایە کە لەڕێگای وێنەوە، ئیجا بەهزر و بیر بدات، نەک لەڕێگای خستنەڕووی بیرێکی ڕووت و چەند ڕستەیەکی سادە و ساکار،



وێنە تاقە هۆیەکە بۆئەوەی ئەو زمانە جیاوازە بۆ شیعر دەستەبەر بکات، مرۆڤیش هەمیشە حەزی بە وێنە و مانادارکردنیەتی، ساکارترین مانا و پێناسی وێنەش ئەوەیە کە بریتییە لەنیگارێک کە بەکۆمەڵێک وشـە کێشرابێت و هـەسـت و سۆزیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبێ، شاعیریش بە وێنەکێشانەکەی تەسەورێکی دیاریکراوی زادەی هەست و بیروهۆشی خۆی دێنێتە بوون، مانای

**گۆران لەفەزای خەیاڵی هەموو کەسدا جێگای خۆی دەکاتەوە، چونکە خوێنەر کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە ڕووداوی ناو شیعرەکە و خەیاڵی ناسکی شیعرەکە بە خەیاڵی خۆی دەزانێ**

وایە ئەو وێنەکێشانە ماناکانی زمان لەبازنەیەکی تەسکەوە بۆ جیهانێکی فراوان دەگوازێتەوە، وێنەی شیعری تەنها شتی دەرەوە نیشان نادات، شتە نادیار و پەنهان و شاراوەکانیش فەرامۆش بکات و نەپڕژێتە سەریان، بەڵکوو وێنەی هەڵبەز و دابەز و هەڵچوون و نیشتنەوەکانی ناوەوەی شاعیر دەکێشێت.

گۆرانی شاعیر لەخەیاڵێکی قووڵدا دەژی و هەر خەیاڵیش مەودای بیرکردنەوەی وەها قووڵ و فراوان کردووە، ئەو خەیاڵەی گۆران پێی مەستە وەکوو ئەسپێکی سەرکەشە و زۆر بە زەحمەت دەستەمۆ دەبێ، بەڵام گۆران پاش ماندووبوونێکی زۆر هەر دەستەمۆی دەکات.

شیعری گۆران لەفەزای خەیاڵی هەموو کەسدا جێگای خۆی دەکاتەوە، چونکە خوێنەر کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە ڕووداوی ناو شیعرەکە و خەیاڵی ناسکی شیعرەکە بە خەیاڵی خۆی دەزانێ، بەڵام هەموو خوێنەرێکیش ناتوانێ بچێتە ناو زەینی گۆرانەوە و لەگوتنەکانی تێبگات.

چوونە نێو دونیای شیعر، واتە چوونە نێو دونیای شتە جوانەکان، چونکە شیعر فڕینێکی بەردەوامە بەنێو سروشتی جوانیدا. شیعرەکانی گۆران واتلێدەکات لەم دونیایە دابېڕێیت و لەدونیای ئامێر و ئاسن و تەکنۆلۆژیا و دوکەڵی گاز و بەنزین و کارگە و... هتد بچیتە دەرەوە و بچی بۆنێو سروشتی جوان و بەکەنارە ئاویەکاندا گوزەر بکەیت و بەنێو سێبەری چنار و دارگوێز و سپینداردا وردە وردە بۆ سەروچاوەی کانی بکشێی، گۆران شیعرەکانی بەفۆرمێکی زۆر جوان و ناوەڕۆکێکی زۆر قووڵ داڕشتووە.

لای گۆران شیعر بریتییە لەکۆمەڵە وشەیەکی مۆسیقادار کە لەکاتی خوێندنەوەدا مرۆڤ دەخاتە سەماوە، شیعر ئەگەر مۆسیقای ناوەوەی نەبوو، تام و چێژێکی ئەوتۆ بەخوێنەر نابەخشێ و لەدەنگێکی سادە بەولاوە هیچی دی نییە، هەروەها بەلای ئەوەوە شیعر هەڵگری مەبەستێکی قووڵە و لەپشت وشەکانییەوە چەند واتایەکی فەلسەفی خۆیان حەشارداوە، گۆران پێیوایە شیعر وزەیەکی تایبەتی فراوانی هەیە و لەمەودای کارە هونەرییەکانی دیکەی ڕەت دەکات و دەچێتە مەملەکەتی شتە شاراوەکان و لەوێ پەی بەنهێنییەکان دەبات:

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو**

**لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو**

**جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپ هوور**

هیچ ژانرێکی ئەدەبی بەقەد ئەم جۆرە شیعرە لەڕۆحی مرۆڤەوە نزیک نییە، چونکە ئەم جۆرە شیعرانە دەبنە سەرچاوە بۆ هونەری گۆرانی و مۆسیقاش کە مرۆڤ بە بیستنی تۆزێک هێور دەبێتەوە و خەم و پەژارەی دەڕەوێتەوە، لێرەدا زیرەکی و ژیری گۆرانمان بۆ دەردەکەوێ لەکلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە توانا و بەهرە و لێهاتوویی دەبینرێ، شاعیر لێرەدا چۆتە نێو سروشتی جوان و ژیرانەو بەدەست و خامەیەکی ڕەنگین تابلۆیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشمان بۆ دەنەخشێنێ. کە بەوردی لەشیعرەکانی گۆران دەڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە خاوەنی ناسکترین هەستی سەردەمی خۆی و سەردەمی ئێستەمانە.

تا ئێرە دەتوانین بڵێین گۆران شاعیرێکی بە توانایە، بە سەلیقەیە سوارچاکی مەیدانە، شیعرەکانی بریتییە لەوردەکاری و جوانی پشکنین، دەرخستنی شتی شاراوە و جوانی سروشت، ئەو جۆرە شیعرانە لەهەموو کات و سەردەمێکدا بەناخی مرۆڤدا ڕۆدەچن هەڵوەستەی پێدەکا، لەگەڵ هەستوسۆز و تێڕوانینەکان یەکانگیر دەبێ، کە شیعرەکانی گۆران دەخوێنینەوە واهەست دەکەین بەرانبەر چەند تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ وەستاوین، یاخود ڕووبەڕووی چەند ڕەمزێک بووینەتەوە کە بەخەیاڵی ناسکی شاعیردا هاتوون. هەروەها هەست بە دەوروبەر و شتەکان دەکەین، هەست بە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە دەکەین.

گۆران لەسەر ئەم ڕەوتەی خۆی بەردەوام دەبێ، تا دەگاتە لووتکە، بەڵام سەرەنجام بار و زروفی ڕۆژگار بە لاڕێیدا دەبات و پەلکێشی ناو گێژاوی ئایدۆلۆژیای دەکات، گۆرانیش وەکوو زۆربەی شاعیرانی دیکە دەکەوێتە ناو گەمەی ئایدۆلۆژیا و لەشیعرە ئایدیۆلۆژیەکانیدا ئەو بەهرە و سەلیقەی جارانی نامێنێ لار و لاوازی

**گۆران لەسەر ئەم ڕەوتەی خۆی بەردەوام دەبێ، تادەگاتە لووتکە، بەڵام سەرەنجام بار و زروفی ڕۆژگار بە لاڕێیدا دەبات و پەلکێشی ناو گێژاوی ئایدۆلۆژیای دەکات**

دەکەوێتە ناو داهێنانەکانیەوە، زمانی شیعری دەگۆڕدرێ بۆ زمانێکی زۆر سادە و ساکار بە واتایەکی دیکە بەهرەی هونەری دەگۆڕێ.

ئەو شیعرەی کە بۆ یادی (لینین)ی نووسیوە، هەموو کەس هەست بەوە دەکات کە زمانی دەق گۆڕاوە بۆ زمانی ئایدۆلۆژیا، واتە: گۆران بەر لەوەی پێبنێتە ناو سنووری ئایدۆلۆژیا شاعیرێکی خاوەن بەهرە بووە، بەڵام پاش بە ئایدۆلۆژی بوونی دەبێتە سیاسییەکی کەم ئەزموون، لێرەدا من بەراوردێک دەکەم لەنێوان ئەو شیعرانەی باسم کردن و ئەو شیعرانەی باسیان دەکەم. جیاوازیەکەش زۆر بە زەقی دیارە، چونکە لەو شیعرانەی لەسەرەوە باسم کردون، گۆران توانیویەتی وێنەی جوان و خەیاڵی جوان و زمانێکی شیعریی جوانی تێدا بەکاربێنێ، بەڵام کە باز دەدا بۆ ئایدۆلۆژیا و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێچکەیەکی سیاسی، ئەوکاتە شیعرەکەی زۆر مەرجی هونەری لەدەست دەداو دوور دەکەوێتەوە لە وێنەی جوان و خەیاڵی ناسک و تەڕ:

**بەسەر کردەیی بەرزی هاوڕێ لینین**

**کشا لەشکری شۆڕشی سوری چین**

**بە زانست و بیر و بە خوێن و عەرەق**

**شەوی ئادەمیزادی خستە شەبەق**

**برادەر لینین**

**بە عەزم و ئاسنین**

**کە پێی نایە ژین**

**سەری بەرزە چین**

**بژی یادی پیرۆز و بەرزی لینین**

**بژی داس و چەکوش بژی حزبی چین**

کەرستەی زمانی شاعیری ئایدۆلۆژی کەرستەیەکی کۆن و تەقلیدە و پێکهاتووە لەکۆمەڵە وشەیەکی سواو کەچەندین جار تێژکراونەتەوە، وەکوو وشەی: چەکوش، داس، لینین، چین، بژی، لەشکر و شۆڕش...هتد. دەبینین زۆربەی وشە و زاراوە سیاسییەکان لەشیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە، یان لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە وەکوو پارە دەستاو دەستی پێ دەکرێ:

**فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا**

**بەسەر هەزار دیمەنی جوانا**

**تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرەملین**



**ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لینین**

**ڕووی سەرنجم کردە هەرکوێ لینین بوو**

**هەرخۆی باوک سەرۆک مامۆستای چین**

**دیم نە بە ڕەنگ دیم نە بە دەنگ نە بە بیر**

**لەکیس چووە بۆ ئینسان لینینی ژیر**

**ئێستاش دەستی درێژ ئەکا بە ئەمووست**


**شەقامی ژین پیشان ئەدا بست بە بست**

شیعری نایاب و جوان لەناخ و زەینی مرۆڤدا چەکەرە و گەشە دەکات، بەڵام کاریگەرییە دەرەکییەکان لە وەزیفەی خۆی لای دەدەن.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ (گۆران) پاش ئەوەی دەکەوێتە نێو گێژاوی ئایدۆلۆژیا، زمانی شیعریی لەدەست دەدا، قووڵ بوونەوەیەکی فیکری و مەعریفی لەشیعرەکانیدا بەدی ناکرێ، چونکە ئەو دوو پارچە شیعرەی کە بۆ لینین گوتوویەتی زۆر سادە و ساکارن، بەهرەی هونەری و خەیاڵی ناسکیان تێدا نییە، بیرۆکەیەکی قوڵیان بەخۆوە هەڵنەگرتووە بەڵکوو چەند ڕستەیەکن لەدەمەتەقێی ناو بازاڕ دەچن. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەقی ئایدۆلۆژی هەمیشە یەک جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێ، بەڵام دەقی زیندوو چەند جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێ و لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە مانایەکی دیکە دەبەخشێ.

بۆیە چوونە ناو بازنەی ئایدۆلۆژیا بۆ ئەدیب و

**“ قانیع زیرەکانە بۆی چووە، هەستی بەوە کردووە کە مرۆڤ لەژێر خاکا بێت و کرم بیخوات باشترە، نەک لەقەفەسی دیلی دابێت ”**



> ❝ * هەژار موکریانی هەم شاعیر بوو، هەم نووسەر، بەڵام شاعیرییەکەی بەو شێوەیە نەبوو وەکوو ئەوەی ئایدۆلۆژیا بەرزی کردەوە. ❞

ڕۆشنبیران کارێکی شیاو نییە، چونکە هەندێک جار هەژموونی ئایدۆلۆژیا هەستی ناسکی ئەو ئەدیب و هونەرمەندانە بە خەفەکراوی دەهێڵێتەوە و وادەکات نەتوانن هەستی خۆیان بەجوانی دەرببڕن، ئایدۆلۆژیا ناوەندێکی پڕ لە دژایەتییە و هەمیشە هەوڵ دەدات ئیحتیوای کێشەو ڕووداوەکان بکات ئەگەر بەرەواژیش بێت، بۆیە من پێم وایە ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی کەوتوونەتە نێو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاوە، بابەتەکانیان درێژخایەن نابن و تەمەنیان لەگەڵ تەمەنی ئایدۆلۆژیاکە دایە، کە ئایدۆلۆژیاکە بەسەرچوو بابەتە ئەدەبییەکەش، یان هونەرییەکەش بەسەردەچێ، بەڵام ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی نەکەوتوونەتە بەرکاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایەک بابەتەکانیان و دەقەکانیان قووڵ بوونەوە و ڕووچونێکی ئیستاتیکانەیان پێوە دیارە و دۆست و دوژمنان لەهەموو کات و سەردەمێکدا شانازی پێوە دەکەن، نموونەشمان لەم بارەیەوە زۆرە وەکوو مەحوی و مەولەوی و نالی و سالم و پیرەمێرد و خانی و جەزیری و بابە تاهیر و حاجی قادر و ....هتد. ئەو شاعیرە گەورانە خاوەن ئیرادە بوون لەناخی خۆیانەوە شتیان بۆ دروست دەبوو، بەرهەمەکانیان زادەی بیر و بۆچونی خۆیان بوو. ئێمەش هەر بەهۆی ئەوانەوە شانازی بە ئەدەب و هونەر و کلتوری گەلەکەمانەوە دەکەین، هەروەها بەهۆی ئەوانەوە خۆمان بەخاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەند دەزانین.

ئەو شاعیرە پایەبەرزانەی باسم کردن هیچ ئایدۆلۆژیاییەک یارمەتی ناو دەرکردن و شان و شەوکەت بەرز کردنەوەی نەدان، بەڵکوو بە وزە و توانای خۆیانەوە ناویان دەرکردوو وەکوو مانگی چواردە بە ئاسمانی ئەدەبەوە دیارن.

هەروەها لە وەچەی پاش (گۆران) ئەگەر باسی هەندێ شاعیری دیکە بکەین دەبێ لە (شێرکۆ بێکەس)ەوە دەست پێ بکەین، لەهەشتاکان بەدواوە ناوی شێرکۆ بێکەس وەکوو ناوێکی دیار و بەرچاو لەنێو جیهانی ئەدەبدا دەنگی دایەوە، گومان لەوەدا نییە کە شێرکۆ شاعیرێکی بەتوانایە، چونکە لەشیعرەکانیدا وەستایانە تەونەکەی چنیوە و دەست ڕەنگینی پێوە دیارە و فیکرێکی قووڵ و هەستێکی ناسک لەشیعرەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە:

**ئەگەر لەناو شیعرەکانما گوڵ دەراوێژنە دەرەوە**

**لە چوار وەرز. وەرزێکم دەمرێ**

**گەر یار بێننە دەرەوە دوانم دەمرن**

**گەر نان بێننە دەرەوە سیانم دەمرن**

**گەر ئازادی بێننە دەرێ**

**سالم دەمرێ خۆشم دەمرم**

ئەم شیعرە خاوەنی هەموو ئەو ڕەهەندانەیە کە لەدەقێکی گەورەدا هەیە و تابلۆیەکی جوانی نەخشاندوە.

گوڵ ڕەمزی ئەوینداری و خۆشەویستی و جوانییە، یار کانگای سۆز و بەزەیی و سێبوری دڵانە، نان نیشانەی بژێوی و قوتی ژیانە، ئازادی نیشانەی سەرفرازی و سەربەرزی مرۆڤە، مرۆڤ گەر ئازاد نەبێ نان، گوڵ، یاری بۆچییە؟

هەروەها (قانیع)ی شاعیریش لەم بارەیەوە دەڵێ (گەر بەئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم) قانیع زیرەکانە بۆی چووە، هەستی بەوە کردووە کە مرۆڤ لەژێر خاکا بێت و کرم بیخوات باشترە، نەک لەقەفەسی دیلی دابێت و ژیانێکی کۆڵەمەرگی بباتەسەر. بۆ کەڵە مێردان ژیان ئەوکاتە خۆشە کە وەکوو مەلێکی ئازاد لەشەققەی باڵ بدەن و پێدەشت و لووتکە و کلاوی کەژان تەی بکەن و بەئاسمانی سەربەرزیا بسوورێنەوە، بەڵام گەر بوونە دیلی ناو قەفەس، ئەوکاتە شانازی بە مردنەوە دەکەن.

شیعرەکەی شیرکۆ بێکەس کە تابلۆیەکی جوان و قەشەنگە و هەموو کەس بەخوێندنەوە و بیستنی هەڵوەستە دەکات و لێی ورد دەبێتەوە، تابلۆیەک جۆرەها مانا و مەبەست و سیحری جوانی لەهەناویدا حەشار داوە، چوار وێنەی جوانی لەناو یەک تابلۆدا کۆکردۆتەوە، ئەوەش بیر و ئەندێشەیەکی قووڵ و هەست ناسکی شاعیر نیشان دەدات، ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس لەهەموو سەردمێک و لەهەموو قۆناغێکدا دەخوێندرێتەوە:

**چواردەی مانگ بوو**

**لەسەر گوێژە با قەڵەمەکەی فراندم**

**کە دۆزیمەوە پێم نووسی**

**پۆل پۆل فرین وشەکانم**

**پانزەی مانگ بوو**

**سیروان قەڵەمەکەی بردم**

**وەختێ گرتمەوە پێم نووسی**

**بوون بە ماسی شیعرەکانم**

**شانزەی مانگ بوو**

**ئاخ شانزەی مانگ**

**کە شارەزو قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم**

**وەختێ دایمەوە بنووسم**

**وەک هەڵەبجە**

**وشک ببون پەنجەکانم**

هەموو شاعیرانی دونیا بنەمایەکی فیکری و مەعریفی پێکەوە دەیانبەستێتەوە، هەروەها هەموویان لەسەر یەک خاڵی هاوبەش دەوەستن ئەویش بریتییە لەهەستکردن بە ئێش و ئازاری چەوساوەکان و زۆر لێکراوان، ئەو وێنە تراژیدیایەی شاعیر نیشانمانی دەدات بریتییە لەتێڕوانینێکی قووڵ بۆ شتەکان و جووڵاندنی ئیحساسی ناوەوە.

وێنەکە سەردەمی دێوەزمە و چڕنووک تیژ و مرۆڤخۆر و خوێن مژان دەخاتە ڕوو، لێرەدا شاعیر بە چاوێکی هونەری سروشتی مرۆڤ دەبینێ شۆڕدەبێتەوە ناخی، چەشنی نیگارێکی قەشەنگ دەینەخشێنێ. لێرەدا ئەوشیعرە، چونکە مۆرکی حزبایەتی پێوە نییە و شاعیر نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا، شیعرەکەی جوان بۆهاتووە و بەهرەی هونەری پێوەدیارە، شتەکانی لەناخەوە بۆ دروست بووە و زیرەکانە وێنە شیعرییەکانی پێکەوەناوە، لەچەشنی تابلۆیەکی جوان بەدیواری هەستوسۆزی خوێنەردا هەڵیواسیوە.


لێرەدا شتێکی دیکە هەیە کە پێویستە بەچەند وشەیەک باسی بکەین ئەویش ئەوەیە کە شیعری نوێ هیچ مۆرکێکی فەلسەفی پێوە دیار نییە و لەنێوان شیعری نوێ و فەلسەفەدا مەرز و تخوبی گەورە هەن، بەڵام لەشیعری ڕەسەندا سنوورەکانی شیعر و فەلسەفە تێکەڵی یەکدی بوونەتەوە و ڕەگ و ڕیشەیان لەناو یەکدیدایە، وەکو کۆمەڵە درەختێک کە لەشوێنێک ڕوابن و ڕەگ و ڕیشەیان چووبێتە ناو یەکدی، هەر شیعرێک قووڵبوونەوەی زۆری تێدابێ و لەمەودای بیرکردنەوەی خوێنەر ڕەتبدات، ئەوە دەچێتە دونیای فەلسەفە و لەپێگەیەکی بەرزی فەلسەفییەوە حیسابی بۆ دەکرێ، هەر شیعرێکیش لەکاتی تێپەڕبوونی بە فلتەری مێشکی خوێنەردا، ئەگەر زوو درک بەمانا و ڕەمز و هێماکانی کرا ئەوە وەکوو شیعرێکی ئاسایی حیسابی بۆ دەکرێ:

**لەئازادی**

**دوو پیکابی زەرد وەکوو عار**

**زەرد وەک سیمای هیتلەرەکەی شاری بەغدا**

**قین بارکردوو**



> **“ئەوەتا (هێمن موکریانی)ش شیعرێک بۆ شای ئێران دەڵێ، کە خوا کوڕێکیان پێ دەبەخشێ و دەبێتە شازادەی جێنشین”**

**چەند تەنێک تاوان هەڵگرتوو**

**دوو یەکانەی زامدار بوو**

**لەناکاو لەپێچێکدا**

**هەڵۆی سووریان بۆ دەرپەڕی**

**بە لوولەی سەرشانی گڕ هاوێژ**

**دۆزەخێکیان بۆ داخستن**

**تێدا توانەوە و فریای دابەزین نەکەوتن**

چوونە ناو دونیای سیاسەت و تێکەڵبوون لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی حزب وای لەشیعرەکانی شێرکۆ کرد بونیادی دەق لەدەست بدەن و ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژی وەربگرن، لەم جۆرە شیعرانەی شێرکۆدا بیر ناتوانێ خۆی لەزمانی ئایدیۆلۆژی ڕزگار بکات، بەڵکوو لەپەنای هەر ڕستەیەکدا مەبەستێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بوونی هەیە، چونکە لەم شیعرانەدا زمان خاوەنی ئەو سیحرە نییە کە بتوانێ دەقەکە بەرەو شیعرییەت ببا، لێرەدا کە ئەوشیعرە دەخوێنینەوە هەست بەوە دەکەین کە شاعیر تەکلیفیان لێکردووە و ڕایانسپاردووە شیعرێکی لەم چەشنە بنووسێ، ئەویش لەکۆڵ خۆی کردۆتەوە، بێگومان بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد هەموو بیرکردنەوەیەکی مەعریفی لەعەقڵی ڕۆشنبیریی کوردیدا کوشت، ئەویش بەهۆی زاڵبوونی پەیامی حزب بەسەر هەموو ڕەهەندەکانی دیکەدا، ئەوەی پێویستە هەموو خەڵک بیزانێ ئەوەیە کە تێکەڵبوونی مەعریفە و پەیامی حزب ئاڵۆزییەکی گەورەی دروست کردووە:

**“شیعری ڕاست و ڕەوان دەبێ لەسەر ئەو تێڕوانینە بونیاد بنرێ کە باس لەعیشق و مەحەببەت بکات و ئیحساسی تێدابێت”**

**لەدارۆغا**

**پێشمەرگەکان وەک ڕەوەیەک**

**بەوری چاو تیژ**

**شارەزای کۆڵان گەڕەک بست بە بست**

**دابەش بوون**


**ئەوسا هەر بۆ پەند و عیبرەت**

**کلکی چەند جاشێکیان بڕی**

لێرەدا شاعیر نەیتوانیوە بەزمانی شیعر قسەی ناودڵی خۆی بکات بەڵکوو ئەم زمانە زمانی ئاخاوتنە ئاخاوتنێکی ئاسایی.

ئەگەر شیعر هەڵگری مەبەستێکی قووڵ نەبێت، لەناوەڕۆکەکەیدا هەڵگری چەند واتایەکی فەلسەفی نەبێ، جوانی هونەرەکەی لەچی دایە؟ لەڕاستیدا داهێنانی مەزن یاخود دەقی زیندوو ئەوەیەکە لەخزمەتی هیچ ئایدۆلۆژیایەکدا نەبێت، بەچاوێکی تیژ دیدێکی ڕوون بڕوانێتە دیاردەکان، شاعیری زیندوو شاعیری ئازاد و چاونەترس دەبێ بەهرەیەکی هونەری و چاوێکی دووربینی هەبێت و کرۆک و جەوهەری ڕووداوەکان وەرگرێت و بەخێرایی لێیان تێبگات، بەرهەمی پوخت، نایاب دەبێ دوور بێ لەژەهری ئایدۆلۆژیا چونکە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی شێواوە و بریتییە لەڕاهێنانی خەڵک لەسەر ململانێ دووبەرەکی بەگژیەکدا چوونەوە، هەروەها حەقیقەتیش بەرەواژی نیشانی خەڵک دەدات.

هەروەها لەکوردستانی ئێرانیش هەندێ شاعیر و نووسەر هەبوون بەهۆی خەباتی چەکداری و بیری حزبایەتی و کارکردنیان لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکدا، توانیان ناوێکی گەورە بۆخۆیان پەیدا بکەن، ئەو شاعیرانە شیعرەکانیان لەتخوبی



ئەو ئایدۆلۆژیایەدا ڕەواجێکی باشی هەبوو، بەڵام ئەگەر بخرابانە بەرتیشکی ڕەخنەیەکی زانستی ڕەواج و ڕەونەقی جارانیان نەدەما و وەکوو بابەتێکی لاواز دەهاتنە بەرچاو، ئەگەر بمانەوێ نموونەیەکیش لەکوردستانی ئێران وەربگرین دەتوانین (هەژار موکریانی) بە نموونە بهێنینەوە.

لەڕاستیدا هەژار موکریانی هەم شاعیر بوو، هەم نووسەر، بەڵام شاعیرییێکەی بەو شێوەیە نەبوو وەکوو ئەوەی ئایدۆلۆژیا بەرزی کردەوە، دەتوانم بڵێم مام هەژار لەبواری نووسیندا سەرکەوتووتر بووە و دەست ڕەنگینی زیاتر پێوە دیارە، بەتایبەتی لەنووسینی هەمبانە بۆرینە و شەڕەفنامە و چێشتی مجێور و قورئانی پیرۆز بە کوردی و مەلای جەزیری بۆ سۆرانی و خەیام و هیدیکەش، لێرەدا ئێمە بەر لەوەی باسی شیعرە ئایدۆلۆژیاکانی مام هەژار بکەین چەند کۆپلە شیعرێکی بەنمونە دەهێنینەوە:

**چەپکەردی گەردوون گەڕان کوشتمی**

**نەزان پەرستی بۆ نان کوشتمی**

**هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە**

**ئەی مردن لەکوێی ژیان کوشتمی**

مام هەژار پێمان دەڵێ لەنێو دارستانی ژیندا گەلە گورگ دێن و دەچن، بە لورەلور و خشپەی پێیان نائارامی و دڵەڕاوکێ دروست دەکەن، ئەو باڵندانە وێڵ تەڕا دەکەن کە بە جریوەی ناسکیان سرودی خۆشەویستی بۆ ژیان دەچڕن، مام هەژار پێمان دەڵێ: ئەی مرۆڤی ئازا و دلێر تیر و کەوانەکەت باش ئاراستە بکە و ڕەحم بە گورگ مەکە، هەروەها بەسەر کوێرە ماردا پازمەدە بەڵکوو سەری پان بکەوە، چونکە کوێرە مار دوژمنێکی لەژێرەوەیە و لەغافڵ بوونا پێت وەدەدا.

هەروەها مام هەژار لەو ژیانە پڕ ئێش و ئازارەدا تووشی چەندین ئێش و ئازار و دەربەدەری و نەبوونی بووە، لەچەندین دەرگای داوە و هەروەها چەندین ڕۆژگاری تاڵ و تفتی دیوە، بۆیە دەبینین لەدەستی ئەم چەرخە سپڵە هاوار و ڕۆڕۆیەتی و برینی گەیشتۆتە سەر ئێسقان، بۆیە پەنا بۆ مردن دەبات، چونکە گەیشتۆتە ئەوقەناعەتەی کە کۆمەڵگەی حزبی ناعەدالەتی و نایەکسانی و گروپچێتی بەرهەم دێنێت و هەستی ئەوەت تێدادروست دەکات کەتۆ دورە پەرێزیت و ئەو دەسکەوت و خۆشگوزەرانییەی کە هەیە بۆ چەند گروپ و تاقمێک دەبێ.

**کەمرد لەیلا خەبەریان دا بە مەجنون**

**ئیتر دنیا لەبەرچاوی نەما ڕوون**

**یەخەی دڕی بە ڕۆ ڕۆو دادو هاوار**

**بەشیوەن ڕۆیی بۆلای مەرقەدی یار**

**لەگۆرستان منالێکی بەدی کرد**

**بەچاوی ئەشکەوە پرسی بەوی کرد**

**گوتی لەیلا لەناو کام گۆڕە مەدفون**

**گوتی هێشتا لەعەشقا کاڵی مەجنون**

**لەسەر هەر گۆڕێ تۆزێ گڵ جیاکە**

**بەیادی عەشقەوە بۆنی پیاکە**

**لەهەر گڵێ کە بۆنی لەیلی لێهات**

**وەسەرکە خاک و خۆڵ ئەوجێیە جێگات**

بێگومان هەتا ئێرە مام هەژار شاعیرێکی بە توانا و لێهاتووە، شیعرەکانی بەجۆرەها وێنەی

**شاعیری ئایدۆلۆژی شیعر دەکاتە وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی**

جوان و ناسک و هەروەها وێنەی تراژیدی ڕازاندۆتەوە، سەلیقە و بەهرەیەکی جوانیان پێوە دیارە، بەڵام کە دێتە سەر شیعری ئایدۆلۆژی ئەو بەهرەیەی لەدەست دەدات و شیعرەکانی دوورن لەوێنەی جوان و تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ، کە دەکەوێتە ناو گێژاوی ئایدۆلۆژیا بەهرەی جارانی نامینێ و شیعرەکانی لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە زۆر لاوازن و دوورن لەڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەب، ئێستاش چەند نمونەیەک لەشیعرە ئایدۆلۆژیەکانی دێنینەوە، باخوێنەریش لەگەڵ شیعرە نایابەکانی بەراوردیان بکات و بزانێ کە لە شیعری ئایدۆلۆژیدا کەم و زۆر بیرو ئەندێشە و خەیاڵ و وێنەی جوان نابینرێن، بەڵکوو شیعرەکانی وەکوو چەند ڕستەیەکی سادە و قسەی بازاڕیی دێنە بەرچاو، مام هەژار دەڵێ :

**کوڕگەل کوڕی کوردی نەبەز**

**مەوەستن کۆوەبن بلەز**

**دەس بگرن گووەندی گەلە**

**هەڵخەنە هەڵپەرکێ هەلە**

**بیلمەزی پیسی گوێ نەبیس**

**لێی ئاڵۆزا ڕیس و گوریس**

**بەئارەقی ڕووی ئازادان**

**فرمێسکی شادی دڵشادان**

**نەخوازە هی کۆنە دیلان**

**برژێنە ناو کۆنە دیلان**

ئایدۆلۆژیا بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕەگی لەنێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا داکوتاوە، وەکوو هێزێکی باڵادەست بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریدا زاڵبووە، جالێرەدا پرسیار ئەوەیە چ کاریگەریەک بۆ فیکر دەمێنێتەوە گەر ئایدۆلۆژیا خۆی بەسەردا سەپاند؟ بێگومان هەموو شاعیرێک لەسەرەتادا خاوەن بیرکردنەوەیەکی قووڵە بەڵام ئایدۆلۆژیا ناهێڵێت پەرەی پێ بدات.

**"بابەتەکانیان درێژخایەن نابن و تەمەنیان لەگەڵ تەمەنی ئایدۆلۆژیاکە دایە"**

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

**ئەی سەرمایەدار پیسی پارە زۆر**

**سپی لەش دڵڕەش زگزلی خوێن خۆر**

**تەنبەڵ تەوەزەل دیکەسەنۆک خوێڕی**

**بان بانکی نوستووی سەرکۆمای زێڕی**

**تاکەی تا کەنگێ دەکوژی دەبڕی**

**ئێمە بەوپارەت دەکوژی دەکڕی**

**دەدەی بەئارەق خۆت سەرخۆش دەکەی**

**من نەخۆش دەکەی خۆت بێهۆش دەکەی**

دەبینی هەر دەقێک ئەگەر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای بەسەرەوەبێ بەها ئیستاتیکی و تیۆریەکەی خۆی لەدەست دەدا و وەکوو ڕستەو دەمەتەقەیەکی ڕووت دێتە بەرچاو، شاعیری ئایدۆلۆژی شیعر دەکاتە وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی. لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە ئەو جۆرە شیعرانە هەر لەکات و سەردەمی خۆیدا ڕەواجیان هەیە، لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژگاردا ئەویش بەرەو نەمان دەچن.

هەروەها مام هەژار لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

**شەوی ڕەش وەک دڵی زۆردار**

**مات و بێ هەست وەک بەختی هەژار**

**سەرخۆش و بێ هۆش پیاوکوژ**

**لەخەودان زگزل و خوێنمژ**

**لەنێوان خانەقین فاو**

**سور و تەڕن ملیۆنەها چاو**

ئەمە لەقسەی ناو بازار بەولاوە لەهیچی دیکە ناچێت، شیعر نووسین وەکوو ڕاوەماسی لێهاتووە هەر کەسێ دێت و تۆڕی خۆی هەڵدەدات جا ئەگەر وردە ماسیش بگرێ هەر بە ڕاوچی حیسابە، شیعری ڕاست و ڕەوان دەبێ لەسەر ئەو تێڕوانینە بونیاد بنرێ کە باس لەعەشق و مەحەببەت بکات و ئیحساسی تێدابێت. ئەگەر ڕاستیت دەوێ شاعیر لەهەر کات و شوێنێکدا بژی نابێ بەو وەزیفەیە ڕازی بێت کە ئایدۆلۆژیا بۆی دیاری دەکات، بەڵام لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیری ئایدۆلۆژی ئەو مەعریفە و هۆشیاریەی کە هەیەتی لەفەرهەنگ و میتۆدی حزبەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕەگ و ڕیشەی لەنێو کلتوری حزبدایە، گومانیشی تێدا نییە زۆربەی ئەدیب و ڕۆشنبیرانمان بەشێوەیەک لەشێوەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیریی حزبییەوە.

بێگومان ئایدۆلۆژیا نووسەر وا ڕادەهێنێ و وای پەروەردە دەکات کە لەسەر ڕێچکەیەکی دیاری کراودا بڕوات و ڕێڕەوێکی تایبەتی هەبێت و تێکەڵی هەموو بیرو بۆچونێک نەبێت، بەمەش سنوورەکانی بیرکردنەوە و ڕادەربڕینی لێتەسک دەبنەوە، بۆیە پێویستە نووسەری لێهاتوو شاعیری سەرکەوتوو خۆی نەخاتە ناو گێژەلووکەی هیچ ئایدۆلۆژیایەک.

لێرەدا دێینە سەر باسی شاعیرێکی دیکە کە لەناو ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە و خزمەتێکی باشی بەزمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کردووە، ئەویش (هێمن موکوریانی)یە ئەوانەی لەگەڵ (هێمن)دا ژیاون و شارەزای ئەو شاعیرەن باس لەوە دەکەن، هێمن وەکوو زۆربەی شاعیرانی دیکە کابرایەکی زمانپیس، جنێوفرۆش، گاڵتەجاڕ نەبووە، هەروەها ئینسانێکی پوولەکیش نەبووە، بەڵکوو هونەر لای ئەو لەهەموو شتێک بەنرختر بووە.

**گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**

**قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**

**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم**

**ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

**گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**

**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**

**من لە زنجیر و تەناف و بەند باکم نییە**

**لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

**ژیانم پڕ لەڕەنجەو نامرادی**

**بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی**

**دڵم هێندە تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ بەس**

**ئەتۆش مەحکومی حەپسی ئینفیرادی**

**قەرار بوو بێیت و لەگەڵ خۆت شادی بێنی**

**نەهاتی گەرچی پێت دابووم بەڵێنی**

**لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن**

**لەکوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی**

باش و خەراپی شیعر بەکۆن و نوێ، یاخود بە ڕەسەنی و هاوچەرخی دەرناکەوێ، بەڵکوو شیعری باش و سەرکەوتوو ئەوەیە کە زوو لەگەڵ دەروونی مرۆڤ ئاوێتە بێ و تێکەڵ بە هزر و خەیاڵی مرۆڤ بێت، هەموو ئەزموونێکی شیعری نوێی کوردی لەبن هزری کلاسیکەوە سەری دەرهێناوە و گەشەی کردووە. مام هێمن وەکوو شاعیرێکی بەتوانا و لێهاتوو شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی گەلەکەی و هەروەها خزمەتکردنی کلتوری کوردی، بەڵام کە دێینە سەر دەقی ئایدۆلۆژی دەبینین (هێمن)یش وەکوو شاعیرانی دیکە لەپیاهەڵدان و مەدحکردنی پاشاو سوڵتانەکان بێبەش نەبووە.

ئەوەتا (هێمن موکریانی)ش شیعرێک بۆ شای ئێران دەڵێ، کە خوا کوڕێکیان پێ دەبەخشێ و دەبێتە شازادەی جێنشین، بەم بۆنەوە لەسەرتاسەری ئێران دەبێتە جەژن و ئاهەنگ گێڕان و بەزم و شایی.

**پایزی بێخەزان**

**لە سایەی لوتفی بێ حەددی خوداوەند**

**لەهەر لایێکی پەیدا بوو زەماوەند**

**لەهەر لایەکی جێژ و هەڵپەڕینە**

**هەرایە، بەزمە، کەیفە، پێکەنینە**

**شوکور ئەمساڵ خەزانی مە، بەهارە**

**گەلی ئێران بە کەیف و بەختیارە**

**گەلی ئێمە گەیشت ئەمڕۆ بە ئاوات**

**گوڵی پشکوت بەو یەک گوڵ بەهار هات**

**بەڵێ ئەو کۆرپە تاقانە عەزیزە**

**دەدا موژدەی بەهارێ، وەک گەزیزە**

**بەهاری پڕ لەخۆشی شادمانی**

**بەهاری بەختیاری کامەرانی**

**بەهاری مەجد پێشکەوت و سەعادەت**

**بەهاری بێ خەزانی موڵک و میللەت**

**«بحمد الله» بە کوێری چاوی دوژمن**

**وەلیعەهدی لەباوەش گرت، شاژن**

**«فەرەح» هێنای «فەرەح» بۆ گەل بە سەد قات**

**داهێنانی مەزن یاخود دەقی زیندوو ئەوەیە کە لەخزمەتی هیچ ئایدۆلۆژیایەکدا نەبێت**

**فریشتێک بوو، کە بۆ شادی دڵان هات**

**خودا ڕۆڵەی بە شاهەنشا ڕەوا دی**

**خەڵک وێکڕا هەموو بوون غەرقی شادی**

**لەئافاتی خەزان دوور بێ ئیلاهی**

**گوڵی گوڵزار باغی پادشاهی**

**ئیلاهی سەڵتەنەت هەر بەردەوام بێ**

**شاهەنشاهی مەزن، هەر شاد کام بێ**

ئەوانەی پیرۆزیەکی ئایدۆلۆژی و سیاسی بە ئەدەب دەبەخشن و کاری ڕۆشنبیریی لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژیا چڕدەکەنەوە ئەوانە ناتوانن لەپانتایی ئەدەبی ڕاستەقینەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و خزمەتی کلتووری خۆیان بکەن، چونکە ئەدەبیاتی ڕاستەقینە و زیندوو سنوورەکانی ئایدۆلۆژیا دەبەزێنێ و وەکوو تەیرێکی بەرزەفڕ ناتوانێ لەنێو بازنەیەکی تەسکدا بخولێتەوە.

## خوێندنەوەییەکی شرۆڤانە بۆ ڕۆمانی

# (ئاتیلا... دواهەمین عاشق)

ن/ سەباح هورمز
و/ لە عەرەبییەوە/ ئیسماعیل بەرزنجی

ئەگەر عەرەبی زانێک، کورد بێ و ڕۆمانێک بە زمانی عەرەبی بنووسێت، ئاساییە، بەڵام ئەگەر عەرەبێک ڕۆمانێک بە زمانی کوردی بنووسێت، ئەوە مەحاڵە، ئەگەر کوردێکیش ڕۆمانێک بە زمانی عەرەبی بنووسێت و لەئاستی زمان و بونیادی گێڕانەوەدا هیچی لەڕۆمانە عەرەبییەکان کەمتر نەبێت، ئەوە پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جددی هەیە و توێژینەوەی گەرەکە، زۆر لەو ڕۆمانە عەرەبییانەی کە نووسەرەکانیان کوردن، بەردەستم نەکەوتوون، بەڵام ئەم ڕۆمانەم بەردەست کەوت و زۆریش سەرنجی ڕاکێشام.

بەر لەچەند ساڵێک ناوی (سەردار عەبدوڵڵا)م بەرگوێ کەوتبوو، بەڵام نەک وەکوو ئەدیب، بەڵکوو وەکوو سیاسەتمەدارێک، خۆشی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق پاڵاوتبوو.

که ڕۆمانەکەم خوێندەوە، دۆش دامام، ماقووڵە ئەوە ئەو کەسە بێت کە خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید کردبوو؟ ئەو چۆن ئەو توانا گەورەیەی دەخستە خزمەت تۆماری تەشریفات، جگە لەدەسکەوتی ماددی و مەعنەوی!

بەڵێ، ئەمە ڕای منە، پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم کە ئەدیبی ڕاستەقینە لەپۆستی سەرۆکی دەوڵەت زۆر گەورەترە و ئەوەی لەسیاسییەکی جیا دەکاتەوە، خۆشەویستی جەماوەرە بۆ گەلەکەی، نەک هەر لەئاستی خۆجێیەتی، بەڵکوو لەئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش، سەرۆک دەوڵەتی واهەن، کە وڵاتی خۆیان و دەرو دراوسێشیان تووشی شەڕی بێ ئامان کردووە.

(ئاتێلا، دوا عاشق) نەک هەر ڕۆمانە، بەڵکوو داستانیشە، نەک لەبەرئەوەی سەربردەی چیڕۆکی پاڵەوانێتی گەلی کوردە و لەساڵی (١٩٧٠)ەوە تا ئێستا دەگێڕێتەوە، بەڵکوو لەبەرئەوەش کە بە زمانێکی پەخشانی و شیعریی نووسراوە، ناوەڕۆک و تەکنیکی لەیەک ئاست دان و تەواوکەری یەکدین.

ئەگەر ڕۆمان بریتی بێت لەگێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێک بەشێوەی پەخشانی درێژ و وەسفکردنی کەسانی خەیاڵی واقیعی، بەڵام داستان چیڕۆکە شیعری درێژی تژی لەڕووداوە.

ئەم ڕۆمانە، ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن دەزگای نوفل لەبەیروت بڵاوکراوەتەوە، ٤٨٦ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە، بە پیتی ورد چاپکراوە و دابەشی سەر ٥٤ بەش کراوە، هەربەشێک بە دەستەواژەی (فەریدەدین عەتار) دەست پێدەکات کە لەکتێبی (منطق الطير) وەرگیراوە، دوو کەسی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە (ئاتێلا و شاسوار) بەنۆرە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، لەبەشی یەکەمدا ئاتێلا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و لەدوابەشیشدا شاسوار.

ڕۆمانەکە لەبونیادی هونەریدا تەنیا بەدەوری فرە ڕەنگدا ناسووڕێتەوە، بەڵکوو گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی نارێک، وەکوو چۆن لەژیان و لەواقیعدا ڕوودەدەن.

سەرەڕای ئەوەی کە نووسەر پشتی بەو دوو تەکنیکە بەستووە، هەروەها تەکنیکی دووبارەکردنەوە و گێڕانەوەی خودی، بە ڕێگای ڕاناوی (من)ەوە بەکاردێنێت، هەروەها گێڕانەوەی بابەتیانەش بە ڕێگای ڕاناوی (ئەو)ە بەڵام یەکەم بەسەر دووەمدا زاڵە، ئەم زاڵبوونەش

لەدابەشكردنی هەردوو تەوەردا كە ڕۆمانەكە بە دەوریاندا خوڵ دەخوات، لەنێوان ئاتێلا و شاسواردا، ڕووخساری دیارە، ئەمیش تەوەری عیشق و سیاسەتە، یەكەمیان: بەشی گەورەی عیشق لەتەورەكەدا دەبات. دووەمیشیان: بەشی گەورەی سیاسەت دەبات، ئاتێلا زیاتر لەسەر گۆڕەپانی ڕووداوەكاندا دیارە، بە پێچەوانەی شاسوار.

بەمەبەستی پێناسەكردنی (فەریدەدین عەتار) بە خوێنەر، لەلاپەڕەی یەكەمی ڕۆمانەكەدا، نووسەر پەنا دەباتە بەر ئەوانەی كە كتێبی (منطق الطیر)یان خوێندۆتەوە، یان شارەزای ژیانی عەتارن، وەكوو جەلالەدینی ڕۆمی، دەوڵەت شا، محەمەد ئەمین ڕازی، نەیساپووری، مەجدی كوردستانی. جگە لەبایەخی ڕاوبۆچوونی ئەم پێنج كەسە، ئەوەی جێگەی بایەخ پێدانمانە ئەو بۆچوونانەن كە لەگەڵ ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەدا دەگونجێن. عەتار گەورە سۆفی سەردەمەكەی و لەعیلمدا هاوتای نەبووە و لەغەیبەوە شیعری بۆ دەهات، وەكوو (دەوڵەت شا) باسی دەكات (محەمەدئەمین ڕازی) بەراوردی نێوان (ڕۆمی و عەتار) دەكات و دەڵێت: (ڕۆمی وەكوو بازێك بە لاچاوێكەوە گەیشتە پلەی كەمال، بەڵام عەتار وەكوو مێروولەیەك دوای ڕۆیشتنێكی درێژ گەیشتە ئەو پلەیە) بۆ گونجاندنی كەسایەتی ئاتێلا لەگەڵ عەتار و پێچەوانەی نفورا لەكەسایەتی ڕۆمی، یان وەكوو ڕۆمی دەربارەی عەتار گوتوویەتی: (عەتار بەهەرحەوت شارەكەی عیشق-دا دەسووڕایەوە، بەڵام ئێمە هەروا لەجادەی یەكەمین) وەكوو چۆن ئاتێلا بە دەوری حەوت شارەكەی (عیشق)دا سووڕایەوە.

بەهۆی لێكچوونی ئەو ڕووداوانەی تووشی ئاتێلا دێن، یان ئاتێلا خۆی تیایاندا دەدۆزێتەوە، یان ئەو دەستەواژە و چیرۆكانەی لەكتێبی (منطق الطیر)دا وەرگیراون، دەردەكەوێت كە بەزۆرەملی، ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەكە، پشتی بەو كتێبە بەستووە، یاخود ئیلهامیان لێ وەرگرتووە، كە گوتەیەكی ئاتێلا ئەوە دەسەلمێنێت، كاتێ عەتار كتێبی (منطق الطیر)ی نووسیوە، بەڕاستی باسی من دەكات، هەندێك جاری دیكەش واهەست دەكەم كە بەڕاستی من ئەو كتێبەم نووسیوە.

ئەگەر هەردوو گوتەی ڕۆمی و ڕازی، هەمان مانا بەدەستەوە بدەن بەوەی كە ئاتێلا تووشی چ كارەسات و دەردەسەرییەك دەبێت، چونكە ئەو ڕێگایەی كە هەڵیبژاردووە بەدرك چێندراوە، ڕێگاكەش عیشقی (فاتیمەی كچی شێخ كاكە حەمە سەید)ە تا بیكات بە هاوژینی خۆی، فاتیمە لەڕووی چینایەتی و ئاینییەوە لە ئاتێلا دوورە كە بەردەوام مەست و سەرخۆشە.

ئاتێلا كتێبێك دەخوێنێتەوە، لەو كتێبەدا پۆپیتە سلێمانە پێی دەڵێت: (ئەو ڕێگایەی كە هەڵتبژاردووە، حەوت دۆڵی تێدایە، دۆڵی داخوازی، دۆڵی عیشق، دۆڵی مەعریفە، دۆڵی دەستبەرداربوون لەسیفەت، دۆڵی یەكتایی پاكژ، دۆڵی سەرسوڕمانی قورس، دوا دۆڵیش، دۆڵی هەژاری و لەناوچوونە و پیایدا دەڕوات و دڵۆپە ئاوێكی لێ دەبێت بە دەریایەك، واتە عاشق بە مرازی خۆی ناگات، ئەوەتا ئەو دەروێشەی كە لای دوامەنزڵگایەتی، واتە گۆڕەكەی ئاتێلا، هەست بەوە






دەکات کە قورسایی لەهەموو شاخەکان زیاترە.

لەبەرامبەردا، دەوڵەت شا ئاماژە بەوەدەکات سۆفیبوونی ئاتێلا لەوەوە هاتووە کە لەمەیخۆرەوە بووە بەخواناس و بەردەوام بەرماڵی نوێژی بە شان داداوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی خانەوادەی شێخ کاکەحەمە، کوڕ و ژنەکەی ڕازیبوون کە فاتیمەی بدەنێ، بۆیە ناواخنی سەربردەی ڕۆمانەکە، پشتی بەم گۆڕانکارییە بەستووە، ئەمە تەواو لەگەڵ بەشی یەکەمی قسەکەی پۆپیتە سلێمانە یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت: (ئەو پیاوەی زۆر گوناهی کرد و پاشان بە شەرمەوە تۆبەی کرد) بە پێچەوانەی نیوەی دووەمی قسەکەی کە دەڵێت: (کاتێک هەستی بە بەهێزبوون کرد، تۆبەی شکاند و گەڕایەوە سەر چێژ و ئارەزوو)

ئەگەر پۆپیتە سلێمانە، کە لەکتێبی (منطق الطير) دا باس لەپیاوێکی دیکە دەکات، بێگومان ئاتێلا نییە، چونکە ئاتێلا دووبارە دەست بەمەی خواردنەوە دەکاتەوە، ئەمەش نەک لەبەر وازهێنان لەباوەڕەکەی و هەست کردن بە بەهێزی، بەڵکوو لەبەرئەوەی خوا شەرمەزاری کرد، ئەو دەڵێت: (خوا ئەوەی بۆ شاردووینەتەوە کە توندتر و کاریگەرترە لەڕۆژی هەرەسی گەورە) ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال.

ڕۆمانەکە بەوە دەست پێدەکات کە ئاتێلا لەوپەڕی بێزاری و تووڕەیی دایە و خوا دەدوێنێت، چونکە هەموو ئەرک و بەڵێنەکانی بەجێهێنا، بەڵام خودا شەرمەزاری کرد و فاتیمەی بە نسیب نەکرد، بۆیە بەرماڵی نوێژی فڕێدا و لەجیاتی مزگەوت ڕووی لەمەیخانە کرد.

ئەم ئارەزووە تێکەڵەی نێوان تووڕەیی و بێزاری، بە درێژایی ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش نەک لەبەر بەنسیب نەبوونی فاتیمە، بەڵکوو لەبەر کۆمەڵێک بەزین و تێکشکانی کە بەسەر گەلی کوردستان و شۆڕشەکانی داهێنا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە شۆڕشەکە خەریک بوو بەسەر ملهوڕترین دیکتاتۆری جیهاندا سەرکەوێت (لەچرکەساتی تێکەڵبوونێکی سەیردا، خودا ئەو شەڕە بێ ئامانەی هەڵگیرساند کە هەشت ساڵی خایاند، تا خەڵکی شار ڕابکەن) ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە شەڕی عێراق و ئێران.

ئاتێلا، لەنزیکەوە هەست بەوە دەکات کە خودا لەکوردستان شەڕێکی تێکەڵ لەتووڕەیی و بێزاری دروست کردووە خواستەکەی نەهاتەدی، هەردوو عیشق، عیشقی فاتیمە و عیشقی کوردستان لەیەک بۆتەدا دەتوێنەوە، تا عیشقی نیشتمانی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش گوڕوتین بە ئاتێلا دەبەخشێت و تادوا چرکەی ژیانی دەسبەرداری عیشقی فاتیمە نەبێت و لەهەمان کاتدا بەرگری لەمافە زەوتکراوەکانی گەلەکەی بکات و لەو پێناوەدا گیانی ببەخشێت.

گێڕەرەوە، لەناواخنی ڕۆمانەکەدا، تەنیا سەدام و دارودەستەکەی بە قڕکردنی گەلی کورد لەئەنفال و کپکردنی شۆڕشەکەی و پێشمەرگەکانی تاوانبار ناکات، بەڵکوو دەرەبەگ و شێخە کۆنەپەرستەکان، هەمان ڕۆڵیان لەو پرۆسەیەدا هەبووە، هەندێک وڵاتی سەرەکیش بەتایبەتی جەزائیر لەسەردەمی بۆمدیەن و پاشان سۆڤیەت و ئەمریکاش ڕۆڵیان بینیوە.

لەبەر ئەوەی ئاتێلا، تەواو گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو شتێکی بزرکردووە و بەچاوپۆشین لەوەی هاوخوێنەکانی خۆی بە هاوکاری ئاغاکان و سوپای عێراق، کەوتنە قڕکردنیان، بۆیە بڕیار دەدات ئاغا بکوژێت، کە بۆی هەیە لەسەر ئەوە بێت، کە تاوانی ئاغا وەکوو خائینێک، برینێکە لەهی ئەوانی دی بەسوێترە.

دارودەستەی ئاغا لەبەر دەرگا، دەمانچەکەیان لەدەست ئاتێلا دەرهێنا، ئاتێلا دەپرسێ: (ئەدی ئاغا و هاوشێوەکانی لەو کارەساتانە بەرپرسیار نین، کە بەسەرماندا هاتن و تەنانەت فاتیمەشیان لێساندم؟)

حیکایەتخوان هەربەوە ناوەستێ، کە باس لەخیانەتی ئاغا و هاوکاریکردنی سوپای عێراق بکات، بەڵکو دەگاتە ئەوەی کە سەرکردایەتی کوردیش بەوە تاوانبار بکات کە هاوکاری ئاغاکانیان کردووە و خستوویانەتە بن باڵی خۆیان، ئەمەش لەپرسیاری ئاتێلادا دەردەکەوێت (ئەم دوو بوونەوەرە، چۆن توانیویانە

❝ ڕۆمانەکە لەبونیادی هونەریدا، تەنیا بەدەوری فرە ڕەنگدا ناسووڕێتەوە، بەڵکوو گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی نارێک، وەکوو چۆن لەژیان و لەواقیعدا ڕوودەدەن ❞

لەیەک گەڕەک بن، لەکاتێکدا هەموو جیهان ناتوانێت جێگەیان بکاتەوە؟)

چەند حیکاتخوان، هۆکارەکانی شکستی شۆڕش بۆ ئەو هەڵانە دەگەڕێنێتەوە کە سەرکردایەتی کورد تێیکەوت، ئەوەندەش زیاتر تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی جەماوەر، چونکە شۆڕش وەکوو لەکتێبی (منطق الطیر)دا هاتووە (وەکوو ڕێکردن بە حەوت دۆڵان) دا، یان وەکوو چۆن شاسوار بە ئاتێلا دەڵێت: (ئەی قسەکەی عەتارت بەردەوام دووبارە نەدەکردەوە؟ عاشق تەنیا لەناو کفنەکەیدا دەنوێت، ئێمە عاشق نەبووین، بەڵکوو دوو شەتەکدار بووین، وەکوو پۆپیتە سلێمانە دەڵێت، دەنا ئەرکی پاسەوانی، سادەترین ئەرکی پێشمەرگایەتییە، کەچی زۆر خەوەکوتکە دەیبردینەوە، دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو کەمتەرخەمییە نەبووایە، شۆڕش بەو چارەنووسە نەدەگەیشت).

ڕۆمانەکە، بەودان پیانانە کۆتایی دێت کە لەناخی پێشمەرگەیەکی سادەدا هەڵقولاوە و چەندجارێک دووبارە دەبێتەوە، کەچی سەکردایەتی کورد تائێستا دەترسن دانی پێدابنێن.

ئاتێلا بە تەنیا لەسەرکردایەتی کورد و هاریکردنی ئاغاکانی بێزار نییە، بەڵکو شاسوار لەو بێزارترە، بۆیە داوا لە ئاتێلا دەکات کە چیتر ئەوەندە باسی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی نەکات، چونکە تاقەتی نەماوە گوێ لەو قسانە بگرێت و دەڵێت: (بەتەواوی دەرگا لەسەر ئەو




برینە دابخەم، بۆ مکوڕی کە جارێکی دیکە بیکەیتەوە؟) شاسوار پێشتریش ئاتێلای ئاگادار کردبۆوە، کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بۆ شیو خواردن نەچێتە ماڵی ئاغا، چونکە لەوە دڵنیابوو کە کەشوهەوای ماڵی ئاغا بریندارکەرە.

هەرچەندە شاسوار لەهەڵسوکەوت لەگەڵ شۆڕش و ئاغاکان بێزار بوو، بەڵام سڵ لەو فرمانە ناکاتەوە کە حزبەکەی بۆی داناوە، ئەویش کوشتنی (ابو سعد)ە ئەو پیاوەی کە لەباشووری عێراقەوە بۆ پاڵپشتی کردنی شۆڕشی کورد هاتووە، پاساوی شاسوار، یان ڕاستتر بڵێین حزبەکەی ئەو، ئەوەیە کە (أبو سعد) خائینە، ئەم هەڵوێستەش لەوەوە هاتووە کە شەڕێکی بێ ئامان لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا، هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی لەپشتئاشان.

ئاتێلا ئەوەندە بێزار دەبێت کە متمانەی بە نزیکترین هاوڕێی نامێنێت و لەگەڵ خۆیدا شاسوار دەدوێنێت، وەکوو چۆن یۆلیۆس قەیسەر پرۆتۆسی هاوڕێی لەشانۆگەریەکی شکسپیردا دەدوێنێت و دەڵێت: (گوتی: تەنانەت تۆش ئەی پترۆس؟)

وەکوو ئاماژەیەک بۆ خیانەتەکەی شاسوار، ئاتێلا پێیدەڵێت: (تۆ کە لای من، جێگەی تەواوی متمانە بووی، دەتەوێ هەڵم خەڵەتێنیت؟) تۆ باش دەزانیت ئەو دەیان هەزار کەسەی کە فاتیمەشیان لەگەڵدا بوو، هیچیان زیندوونین، بۆ بەم

**“ هەردوو کاراکتەر (ئۆتێللۆ لای شکسپیر و ئاتێلا لای سەردار عەبدوڵلا، عەقڵێکی ڕۆژهەڵاتیانەیان هەیە و شەرەف لای ئەوان هێڵی سوورە ”**

ڕاستییە تاڵە ڕووبەڕووم نابێتەوە، بۆ دەتەوێ هەڵمبخەڵەتێنیت؟

گێڕەرەوە، زانیارییەکان بەشێوەیەکی ئامادەکراو، یان ڕاستەوخۆ ناگەیەنێتە خوێنەر، هەندێ جار هەوڵدەدات بیانشارێتەوە، تا خوێنەر خۆی بەدوایاندا بگەڕێت، بۆ نموونە لەشەڕەکەی نێوان یەکێتی و شیوعی-دا، نە ناوی دوو حزبەکە دەهێنێت و نە شوێنی کوشتارگەکە، یان لەو پێنج ڕستەیەی کە لەسەر زمانی ئاتێلاوە دەگوترێ، لەڕستەی یەکەمدا دەڵێت: (ئەو لەوسەرەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک لەئەندامانی خێزانەکەی ڕاوەستابوو «مەبەستی لەخۆشەویستەکەیەتی» لەڕستەی دووەمدا دەڵێت: (دەزانم ئەویش بزربوو) لەڕستەی سێیەمدا دەڵێت: (کەواتە ئەو دیار نەما) لەڕستەی چوارەمدا دەڵێت: (هەستێکی نامۆ دایگرتم و زانیم شتێکم بزرکردووە) لەڕستەی پێنجەمدا دەڵێت: (ئایا سواری ترۆمبێل بوو و بە یەکجاری ڕۆیشت، یان لەگەڵ هاوەڵەکانی چۆوە ماڵ؟)

خوێنەر، لەچوار ڕستەی یەکەمدا، لەوە دەگات کە فاتیمە بەرەو شوێنێکی نادیار براوە لەگەڵ کۆمەڵێک لەخەڵکی گوندەکە، یان جینۆساید بکرێن لەپرۆسەی ئەنفالدا، وەکوو گوندنشینەکان دووچاری بوونەوە، ڕستەی (دیارنەما) چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، دوا ڕستە پێچەوانەی ئەوانی پێشوو لای خوێنەر دەکەوێتەوە، ئەمیش بە نەڕۆیشتنی فاتیمە و چوونەوە ماڵ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا و جەخت لەسەر وشەی (ئەبەدی) لەمانادا هاوتەریبە لەگەڵ وشەی (دیارنەمان)

> **هەندێک ڕستە و بڕگە لەکتێبی (منطق الطیر)ی فەریدەدین عەتار وەرگێراون، وەکوو نزاکردن و پاڕانەوە لەخودا و یاخیبوون لێی**

ئەگەری گەورە ئەوەیە فاتیمە سواری ترۆمبێل بووبێت و نەچووبێتە ماڵەوە، وەکوو ئەوەی ئاتێلا بەچاوی بەستراوەوە وڕێنە بکات بەشتێک کە جێگەی خواست و ئاواتیەتی، گێڕەرەوە یارییە ڕووپۆشەکەی خۆی دەکات، خوێنەر دەخاتە بەردەم چەند گریمانەیەک، نەک یەک گریمانە.

جۆرێک لەوێکچوون، لەنێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (أولاد حارتنا)ی نەجیب مەحفووزدا هەیە، ئەمیش پاڕانەوە و نزاکردن لەخوا لەلایەن کاراکتەرە سەرەکییەکان، بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانیان، بە پێچەوانەوەش ئەگەر مەرامیان نەهاتەدی، ئەوا لەخوا یاخی دەبن.

لەڕۆمانی (أولاد حارتنا) ڕستەی (یا جبلاوی) لەیەک کاتدا دوو ڕەهەندی هەیە، یەکێکیان نزا و پاڕانەوەیە لەخوا و ئەویدیش یاخیبوونە. لەم ڕۆمانەشدا ڕستەی (یا ئیلاهی) زۆر دووبارە دەبێتەوە، لەڕۆمانی (أولاد حارتنا) چاومان بەو ڕستانە دەکەوێت (جەبەلاوی بۆچی ئێمەت لەیاد کردووە؟ جەبەلاوی بۆچی خۆت بەدیار ناخەیت، جەبەلاوی بەم زوڵم و زۆردارییە ڕازیت؟ ئەم ڕستانە ئاماژەن بۆ یاخی بوون لەخودا.

لەڕۆمانی (ئاتێلا، دواهەمین عاشق)دا چەندین ڕستە هەن ئاماژەی پاڕانەوەن لەخودا، لەبەرامبەریشدا ڕستەی واهەن ئاماژەن بە یاخی بوون، بۆ نموونە:

پاڕانەوە لەخودا ((بە کڕنووشەوە لەخودا دەپاڕایەوە کە بەزەیی پێمدا بێتەوە، لە گوناهەکانم خۆش بێت و بمبەخشێت و لەگەڵ فاتیمە لەیەک ماڵدا کۆمان بکاتەوە، نەک ئەوها بە توندی لێم دووربخاتەوە)

یاخیبوون لەخودا (ئەی موتەکبیری موهەببەت، ئەمجارە داوای لێخۆشبوونت لێناکەم و بەزەییت پێمدا نەیتەوە و لەگوناهەکانم خۆش مەبە، تۆ منت گەیاندە ئەم نائومێدییە کوشندەیە، تۆ هیچ کاتێک منت نەبووریوە و لەگوناهەکانم خۆش نەبوویت، بەردەوام (جەبار و موهەیمەن و قاسی و موتەکەبیر) بوویت، بەڵێنە پڕ پەخششەکانیشت بەجێ نەهێنا، کەچی من بە کڕنۆشەوە، لەحزوری تۆدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بەڵێنەکانم بەجێ هێنا)

خوێنەر، لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، لەوە دڵنیا دەبێت، باوکی (شاسوار) بۆ ئەم ناوەی لەکوڕەکەی ناوە، حیکایەتخوان لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا، لەو بەشەی بۆ شاسوار تەرخان کراوە، ئاماژە بە هۆکارەکە دەکات، کە بەناوی وەلییەک کراوە گلکۆکەی لەسەر ئەو بەرزاییەیە کە بەسەر گۆڕستانەکەدا دەڕوانێت وەکوو بڵێی زێوانی گۆڕستانەکە بێت، ئەو وەلییەی ناوی شاسوار و زەردەشت بووە، لەکاتی شەڕدا لەوێ کوژراوە و

لەسەر ئەو لووتکەیەش نێژراوە کە ناوی ئەوی هەڵگرتووە.

هەروەها بۆچی ناوێکی غەیری کوردی بۆ قارەمانی ڕۆمانەکە واتە ئاتێلا هەڵبژاردووە؟ ئەمەیان حیکایەتخوان باسی ناکات، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە خوێنەرانی پێشتر ئاشنای ناوی (ئۆتێللۆ) لەگەڵ دەیزدەموونە بووبن، لە شانۆگەریەکی شکسپیر بەناوی (ئۆتێللۆ) ئاخۆ چ پەیوەندییەک لەنێوان (ئۆتێللۆ)ی شکسپیر و (ئاتێلا)ی ئەم ڕۆمانەدا هەیە، ئەویش پرسیارێکی جدییە و دەبێت وەرام بدرێتەوە.

کاراکتەری (یاگۆ) لە شانۆگەری (ئۆتێللۆ)ی شکسپیردا، کەسایەتیەکی پیلانگێڕ و تەلەکەبازە، بە فێڵ وا لە ئۆتێللۆ دەکات کە وابیربکاتەوە دەیزدەموونە خیانەتی لێ دەکات، ئەمیش بە شاردنەوەی دەستەسڕی کاسیۆ لەناو پێخەفی دەیزدەموونە، ئەمە دەبێتە هۆکاری تووڕەیی و هەڵچوونی ئۆتێللۆ و کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لە خنکاندنی دەیزدەموونە سڵ نەکاتەوە، هەرچەندە تا ڕادەی پەرستن عاشقی بووە، وەکوو عیشقی ئاتێلا بۆ فاتیمە.

ئەگەر لە ڕۆمانەکە ووردبینەوە، چارەنووسی فاتیمەش هەر خنکان بووە، چونکە لە پرۆسەی ئەنفالدا، قوربانییەکان فڕێدەدرانە ناو چاڵی گەورە، پاشان خۆڵیان بەسەردا دەکردن و زیندەبەچاڵ دەکران، هەردوو قوربانییەکان (فاتیمە و دەیزدەموونە) بەم شێوەیە مردوون، واتە بە خنکان.

لەلایەکی دیکەوە هەردوو کاراکتەر (ئۆتێللۆ لای شکسپیر و ئاتێلا لای سەردار عەبدوڵڵا، عەقڵێکی ڕۆژهەڵاتیانەیان هەیە و شەرەف لای ئەوان هێڵی سوورە و نابێت ببەزێندرێت، ئۆتێللۆ بۆ نەمانی هیچ دوودڵییەک لە خیانەتی دەیزدەموونە و ئاتێلاش بۆ پارێزگاری کردن لە خانەوادەی فاتیمە، هەوڵی ڕفاندنی فاتیمەی نەدا، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە لە مەیخۆرییەوە تۆبەی کرد، بەو هیوایەی خوا فریای بکەوێت، هەروەها هەوڵەکانی خەڵکی گوند لای شێخ کاکەحەمە بۆ ڕەزامەندی شووکردنی فاتیمە بە ئەتێلا، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت چاوەڕوانی هیوایەک بووە و لە ڕفاندنی فاتیمە پرکێشی نەکردووە، بەشێوەیەک لە شێوەکان هۆکار بوو لە کوشتن و مردنی فاتیمە.

حیکاتخوان، بە ئانقەست پەنای بۆ تەکنیکی (دووبارەکردنەوە) بردووە، زۆربەی تەکنیکەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە بۆ نموونە تەکنیکی (مۆنۆلۆژی ناوەکی) ناوی ئاتێلا لەتەک ناوی گۆڕستان، لە سەرجەم ئەو بەشانەی کە بۆ شاسوار تەرخانکراون، کە ٢٧بەشە دووبارە دەبێتەوە، لەبەشی دووەمدا دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات کە ئاتێلا وەکوو شەهیدێک گیانی سپاردووە و ئێستا لەو گۆڕستانەدا بەخاک دەسپێردرێت، شاسوار بە کرنووشەوە ڕادەوەستێت لەکاتی ناشتنی ئاتێلا و پۆلێک لەو هاوەڵانەی کە لە گەورەترین شەڕی ناوچەکەدا شەهید کران، ئەوەی بە خەیاڵدا دێت کە ڕۆژێک دێت لەتەک ئاتێلا لەو گۆڕستانەدا دەنێژرێت، بەردەوام خەیاڵ بە مێشکیدا دێت، لەگەڵ ناوهێنانی ئاتێلا لەلایەن شاسوارەوە، ناوی گۆڕستانەکەش دێت، ئەمەش ئاماژەیەکە بە شۆڕشی کورد، سەرباری نارازایبوون‌و بێ بڕوایی شاسوار لەئاست ئەو مەسەلەیە کە لە پێناویدا دەجەنگا.

دووبارەبوونەوەی وشەی (سێو) یان (بۆنی سێو) ئاماژەدانە بە کۆکوژی کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیای لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالدا، هەروەها هەندێک ڕستە و بڕگە لەکتێبی (منطق الطیر)ی فەریدەدین عەتار وەرگیراون، وەکوو نزاکردن و پاڕانەوە لە خودا و یاخیبوون لێی، یان وازهێنان لە مەیخواردنەوە و ڕووکردنە نوێژ و خواپەرستی، دواتریش گەڕانەوە بۆ مەیخواردنەوە و گوناهکردن.

ڕۆمانەکە، بازنەییانە کۆتایی دێت، شاسوار لەبەرخۆیەوە، لەگەڵ دەنگی بەرزی ئەو سروودانەی کە تێکەڵن، بە ئاتێلا دەڵێت (خۆزگە وەک ئێمە نەچێژی و چارەنووسیشت وەک چارەنووسی شۆڕشی کورد نەبێت)

بەدەم ژەنینی ژێیەکانی ئاتێلاوە، خوێن لە پەنجەکانی دەچۆڕێت.

**“ جۆرێک لەوێکچوون، لەنێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی (أولاد حارتنا)ی نەجیب مەحفووزدا هەیە ”**

# ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) د چەند دەستنڤیسێن هەڤالێن وی دا ل بامەڕنێ

## (ڤەکۆلینەکا بەڵگەنامەیی)



هێرش کەمال ڕێکانی

**پوختە :**

هۆزانڤانێ مەزنێ بەهدینان مەلا ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) ئەوێ کو ل پرانیا گوندێن دەڤەرا بەهدینان گەڕیای و ب بەرهەمێ خۆ یێ هۆزانی بوویە مێهڤانێ گەلەک گوند و مالان، بامەڕنێ ژی وەک ئێک ژ گوندێن کو مەلا ئەحمەدی چەندین سالێن ژیانا خۆ لێ بوراندی و هەڤالبەندی و تێکەلی و نیاسین دگەل هژمارەکا زانا و هۆزانڤان و کەسایەتیێن ڤی گوندی هەی، چەندین بیرهاتن دگەل وان هەبووینە و هۆزانێن وی ل دیوانا ب رەوش بوینە، ئەڤ ڤەکۆلینە بزاڤەکە بۆ دیارکرنا وان دەستنڤیسێن هەڤالێن وی یێن ل بامەڕنێ ئەڤجا چ وان هۆزانێن وی پاراست بن ب دەستنڤیسیا وی یان هاتبنە نڤیسین ب دەستنڤیسیا وان یان ڤەهاندن دگەل هەی، ڤەکۆلین دێ گرنگیێ دەتە هژمارەکا دەستنڤیسێن نەبەلاڤکری دگەل دانانا هژمارەکا نموونەیێن وان دەستنڤیسان.

**پەیڤێن سەرەکی:** بامەڕنێ، ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) هەڤال و هۆزانڤان، دەستنڤیس.

**بامەڕنێ :**

بامەڕنێ ئەو گوندێ بچووک، بەلێ هژمارەکا زانا و هۆزانڤان و رۆشەنبیر و کەسایەتیێن ئایینی و سیاسی یێن ناڤدار و مەزن پێگەهاندین، نەخاسمە پشتی کەفتنا میرگەها بەهدینان ل سالا (١٨٤٢ز) ئاڤاکرنا تەکیا نەقشەبەندی ل بامەڕنێ ژلایێ شێخ محەممەد شێخ تاهرێ نەقشەبەندی ل سالا (١٨٤٦ز) بامەڕنێ بوویە ناڤەندەکا گرنگ یا زانین و رۆشەنبیریێ و ل گەلەک دەڤەرا قەستکریێ وەک: دەڤەرا نێروە و رێکان و بەرواری بالا، مزووری ژێری، جولەمێرگێ (هەکاری) گەلەک زانا و هۆزانڤانێن مەزن ل ڤی گوندێ پەیدابوینە و ژیاینە یان قوناغەکا ژیێ خۆ لێ بوراندی یە ژ وان ژی: شێخ محەممەد نەقشەبەندی(١٨١٢_١٨٩١ز) شێخ بهائەددین نەقشەبەندی (١٨٥٥_١٩٥٢ز) مەلا نەجمەددین ١٨٥٨_١٩٤٩ حوسنی بامەڕنی (١٨٦٨_١٩٤٠) ز شێخ غیاسەددین نەقشەبەندی (١٨٩٠_١٩٤٤)ز مەلا ئەحمەدێ موخلص (نالبەند) سەیدا صالح یووسفی(١٩١٨_١٩٨١ز).... هتد، نەخاسمە مەلا ئەحمەد موخلص کو تەوەرێ سەرەکیێ مژارا ڤەکۆلینێ یە ل ڤی گوندی بوویە و چەندین هەڤالینی هەبوویە و کومەکا هۆزانێن وی ل وێرێ هاتینە پاراستن کو هندەک ژ هەڤالێن وی هۆزانێن وی نڤیسینە و پاراستینە و بوینە ڤەرێژەکا باش بۆ مە کو دێ دتەوەرێن بهێت دا بەحس کەین.

### کورتیەک ژ ژینەنیگارا ئەحمەدێ موخلص (نالبەند)

ناڤێ وی (ئەحمەد کوڕێ ئەمین)ە ل سالا (١٣٠٨مش/ ١٨٩٠_ ١٨٩١ز) ل بامەڕنێ هاتیە سەر دۆنیایێ، ناڤێ دایکا وی (فاتما) بوو، دماڵباتا خۆ دا خێزانەکا (٩) کەسی بوو، دایک (فاتما) و باب (صوفی ئەمینێ نالبەند) و چار برا (محەممەد، سەلیم، حەسەن، حسێن) و دوو خویشک بناڤێن (عەدلا، مێمێ) د ژیێ زارۆکینیێ دا هەر ل بامەڕنێ ل نک دایکا سەیدا (صالح یووسفی ١٩١٨_١٩٨١) کو ناڤێ وێ (سەید فاتما ١٨٨٠_١٩٦٣ز)٢ بوو دەست ب خواندنا قۆرئانا پیرۆز کربوو هەتا کو ب دووماهیک

ئینای، دوو سالان هەر ل بامەڕنێ خواند، سالەکێ ل خواندنگەها ناڤدار و دیرۆکی (قوبەهان/ ئامێدیێ) خواند، پاشی چوو زاخۆ و سالەکێ ل وێرێ ژی خواند، پشتی هنگی قەستا دهوکێ کر و بۆ ماوێ سێ سالان خواند، پاشی ل سالا (١٣٣٣مش/١٩١٢ز) ێ دچیتە ل گوندێ (بێدوهێ/ بەرواری بالا) و ل دەف شێخ (محەممەد پارسای کوڕێ شێخ تەهایێ مایی ١٨٤٠_١٩١٩) بۆ ماوێ دوو سالان خواند و وی ناسناڤێ وی کریە (ئەحمەدێ موخلص) دەمێ ل سالا (١٣٣٥مش _١٩١٤ز) سەیدایێ وی شێخ (محەممەد پارسای) چوویە بەردلۆڤانیا خودێ، ئینا ئەو دبیتە مەلایێ گوندێ (بێدوهێ)دا کو خزمەتا زانین و فێرکرن و نیشادانا فەقەیێن سەیدایێ خۆ بکەتن هەتا سالا(١٣٤٤مش/١٩٢٤ز) دمینتە وێرێ کو ل ڤێ سالێ هێرشا ئینگلیز و فەلێن تیارێ (فەلە رەشک) ئینایە ل سەر گوندێن (بێدوهێ، بناڤێ، دێریشکێ، مایێ، هدێنە) کو هاتنە سوتن وتالانکرن، لەوما نەچاربوو قەستا دەڤەرا قەزا (چەلێ/ کوردستانا باکور) بکەتن و بۆ ماوێ سالەکێ دمینیت و ژبەر ئێش و نەخۆشیێ نەشێت خۆ ل بەر تەعلاتیا مشەختیێ بگریت و قەستا ناڤ عەشیرەتا (گوللی)یا دکەتن و ل گوندێ (رویسێ) دبیتە مەلا، دژیانا خۆ دا سێ هەڤژین ئینابوون، کو ئەو ژی دساخیا وی دا چووبوونە بەر دلۆڤانیا خودێ، ئەو ژی ئەڤە بوون: مریەم کچا پیرموس صادق بێدوهی، سەید فەهیما کچا سەید ئوسمان خشخاشی- بەرواری، صافیا یووسف رویسی- گوللی، پشتی ژیانەکا سادە و ڤەدەربوون و تەعلاتی، ئاستەنگ و گرێک و ئالوزیێن ژیەکێ تژی نەخۆشی، جەگەرکوزری و مال ڤالاتیێ! گەهاندنا راستیێ و ڤەهاندنا هەستێن تژی ڕامان و سەربور و پەند و شیرەت، و ڤەهاندنا هژمارەکا زۆرا هۆزانان دهەمی بیاڤ و بابەتێن ژیانێ، ل رۆژا ٩/ ٩/ ١٩٦٣ێ ل گوندێ (خشخاشا) ل دەڤەرا بەرواری بالا دچیتە بەردلۆڤانیا خودێ و هەر ل وێرێ دهێتە ڤەشارتن.

## مەلا ئەحمەد موخلص ل بامەڕنێ:


ئەحمەدێ نالبەند ژبلی کو ل بامەڕنێ هاتیە سەر دونیایێ، دگەلەک هۆزانان دا ژی پەسنا شێخێن تەکیا بامەڕنێ کریە و خۆ ب بامەڕنی ژی دایە دیارکرن بۆ نموونە دەما دبێژیت:

جەوهەرێ من نەڤەشێرن حەیفە
دا سەقا دەم جهێ کوردستانێ
ئەحمەدم نەجلێ ئەمینێ بامەڕنی
ئەز بشعرێ ڤە کەتم وەستانێ

و ل سەر گەلەک دەستنڤیسێن هۆزانێن وی ئیمزایا خۆ ب (ئەحمەد موخلص بامەڕنی) دیارکریە.

بەرامبەری ڤێ چەندێ ژی هندەک هەڤالێن وی یێن بامەڕنێ هەر د ساخیا وی دا گرنگی ب هۆزانێن وی داینە و هژمارەکا باش ژ هۆزانێن وی نڤیسینە و ل دەف خۆ پاراستینە، کو ل ڤێرێ دێ ئاماژەیێ دەینێ:

١- دەستنڤیسێن



ژ دەستنڤیسێن عەبدوللاه مەلا حەسەن نەقشەبەندی

> **بامەڕنێ ئەو گوندێ بچووک، بەلێ هژمارەکا زانا و هۆزانڤان و رۆشەنبیر و کەسایەتیێن ئایینی و سیاسی یێن ناڤدار و مەزن پێگەهاندین**

> مەلا ئەحمەد موخلص و بەرهەمێن وی بوینە جهێ پویتەدانا کەسایەتیێن بامەرنێ و گرنگی پێهاتیەدان



جوانـنـڤـيـس و هـەڤـالـێ هۆزانڤانی (محەممەدحەسەن مەلا نەجمەددین نەقشەبەندی) دەستنڤیسەکا وی کو ل سالا (١٣٩٢مـش _ ١٩٧٢ز) ێ ل باژێرێ مووسل نڤیسی یە، و دەستنڤیسەک ژی ل سالێن هەشتێیان ژ سەدسالیا بیستێ نڤیسی بوون، کو چەند هۆزانەک ژ وی دەستنڤیسی هەر ئەو هۆزان بووینە یێن کو ددەستنڤیسێ سالا (١٩٧٢) دا بەلێ ب نڤیسینەکا جوانتر و سەرۆبەرتر، ل رۆژا ١٥/ ٨/ ٢٠١٥ ژلایێ کورێ وی (نەجمەددین) ڤە گەهشتینە مە.

دەستنڤیسێن هەڤالێ هۆزانڤانی (مەلا عەبدوللا مەلا حەسەن نەقشەبەندی) کو ل سالا ١٩٧٢ێ هاتینە نڤیسین :

دەفتەرەکا بەرکەفتی یە و ب سەرۆبەر و لێکدای هاتیە نڤیسین، هژمارەکا هۆزانێن ئەحمەدێ موخلص (کوردی، عەرەبی)بخوڤە دگریت، کو ل سالێن حەفتێیان ژ سەدێ بیستێ هاتینە نڤیسین (ئانکۆ مێژوویا نڤیسینا دەستنڤیسێ دەفتەرێ) کو دناڤ دا دەستنڤیسەکا هۆزانڤانی بخو ژی (ئەحمەد موخلص) ژی دگەل دا بوویە، ل ١٠/ ٢/ ٢٠٠٥ ێ دەمێ سەرەدانا مە بۆ مالا (مەلا عەبدوللاه نەقشەبەندی١٩٢٧_٢٠٠٨) ل کومەلگەها قەدشێ کو ل وی دەمی یێ نەخوش بوو ژ ئەگەرێ جەلتەیەکێ، ئەڤ دەفتەرە رادەستی مەکربوو، پشتی کو مە ڤەگەراندی، جارەکا دیتر ژلایێ کورێ وی مامۆستا یاسر نەقشەبەندی ل رەمەزانا (١٤٣٧مش_٢٠١٦) گەهاندە دەستێ مەڤە.

ل ڤێرێ فەرە چەندەکێ خودانێن ڤان دەستنڤیسان ژی بدەینە نیاسین و ژینناما وان ژی ب کورتی بەر رووی بکەین :

**محەممەدحەسەن نەقشەبەندی:**


ناڤێ وی (محەممەدحەسەن مەلا نەجمەددین مەلا ئەحمەد بابک)ە برازایێ هۆزانڤانێ مللی یێ ناڤدار (حوسنی بامەرنی ١٨٦٧_١٩٤٠)بوو، ب بنیات خەلکێ گوندێ (مامیسا) سەر ب دەڤـەرا (رێـکـان)ە ل سالا (١٩٢٤)ێ هاتبوو سەر دونیایێ، ول بامەرنێ و مووسل ژیابوو، خواندنا خۆ بتنێ هەتا قوناغا ناڤنجی خواندبوو، بەلێ خودان نڤیسینەکا جوان وهەژی و بەرکەفتی بوو، دەستوورناما (ئیجازا) باشنڤیسیێ ل مووسل ژ باشنڤیسێ ناڤدارێ عێراقی یێ مووسلی (یووسف زەنون) وەرگرتیە، ببوو نڤیسەر(کاتب) ێ موتەصەرفیا ئانکۆ پارێزگەها مووسل، ل سالا ١٩٥٩ێ ببوو مەئموورێ گومرکا (تەلەعفەر) ناڤهاتی گەلەک هەڤالینی دگەل هۆزانڤانێ مەزن ئەحمەدێ نالبەند و نڤیسەر (عەلی شێخ غیاسەددین نەقشەبەندی ١٩٢٤_٢٠٠٠) هەبوو، لەوما ژێ گەلەک هوزانێن نالبەندی ل سالا(١٣٩٢مشەختی _١٩٧٢زایینی) و هندەک ژێ ل سالا(١٩٨٣) ل باژێرێ مووسل نڤیسی بوون ول دەف خۆ پاراست بوون، باشنڤیس و جوانڤیسەکێ گەلەک زیرەک و ژێهاتی بوو، کو نڤیسینێن وی بەلگەیێ ڤێ چەندێ نە، هەژی یە بێژین بابێ وی ژی (مەلانەجمەددین ١٨٥٨_١٩٤٩ز) زانا و هۆزانڤان و باشنڤیسەکێ بەرنیاس بوو، محەممەدحەسەن ل رۆژا (٥/٧/ ١٩٩٨)ێ ل مووسل چوویە بەردلۆڤانیا خودێ و هەر ل وێرێ هاتیە ڤەشارتن

**مەلا عەبدوللاهێ نەقشەبەندی:**

ئەڤە ئێک ژ هەڤالبەندێن نالبەندی بوویە، گەلەک ژ هۆزانێن وی و چەندین هوزانڤانێن دیتر ژی ل دەف خۆ نڤیسی بوون و پاراست بوون، ناڤێ وی (مەلا عەبدوللا کورێ مەلا حەسەن کورێ مەلا تاهر)ە ژ مالباتا شێخێن نەقشەبەندی یێن بامەرنێ یە و بنیاتێ وی خەلکێ گوندێ (بەنستان/رێکان)ە ل سالا ١٩٢٧ێ ل بامەرنێ هاتیە



محەممەدحەسەن نەقشەبەندی



دەستنڤیسەکا نالبەندی ب دەستنڤیسیا وی (١٩٣٧ز) و ئیمزا وی ب (**احمد مخلص البامرني**)



مەلا عەبدوللاە نەقشەبەندی

سەر دونیایێ، ل سالا ١٩٦٧ێ خواندنا خۆ یا بەرهەڤی ب دووماهیک ئینایە، سێ سالان کاربدەستێ ریڤەبەریا ئەوقافێ بوویە، هەژی یە بێژین کو ناڤهاتی بخو ژی دەستێ هۆزان ڤەهاندنێ هەبوویە و هژمارەکا هۆزانان هەنە و ناسناڤێ خۆ یێ شعری هەر ناڤێ خۆ ب زمانێ کوردی (عەبدێ خودێ) بکارئینایە، ل سالا ١٩٦٠ گوتار د رۆژنامەیا (الثوره) و ل سالا ١٩٦١ د رۆژنامەیا (راستی ـ الحقیقه) دا بەلاڤکرینەو، هەڤالینیەکا باش دگەل نالبەندی هەبوویە و هۆزانەک ب مرنا کورێ نالبەندی ڤەهاندی یە و چەندین هۆزانێن نالبەندی نڤیسینە و پاراستینە، ل رۆژا ٢٠/١٠/٢٠٠٨ێ ل قەدشێ چوویە بەردلۆڤانیا خودێ و ل گورستانا (مەزاری) ل بامەڕنێ هاتیە ڤەشارتن.

**چەند پارچە هۆزانێن حوسنی بامەڕنی ل سەر هۆزانێن موخلصی :**

هۆزانڤان حوسنی بامەڕنی ١٠ (١٨٦٨_١٩٤٠ز) هەر چەندە ب هۆزانڤانەکێ مللی بەرنیاس بوویە، کو ئێک ژ هۆزانڤانێن هەڤسەردەمێ مەلا ئەحمەد موخلص (نالبەند)ی بوویە و ژ وان هۆزانڤانان بوویە دناڤ روونشتنێن ئەدەبی یێن باغچێ بن گویزان ل بامەڕنێ پشکدار دبوو، پشتی مە دەستنڤیسێن نالبەندی ژ دەستنڤیسیا برازایێ حوسنی باشنڤیس (محەممەدحەسەن نەقشەبەندی / مامیسیێ ریکانی) بدەستکەفتین دناڤ دا مە چەند پارچە هۆزانێن حوسنی بامەڕنی دیتن کو ل سەر چەند ریزە شعرێن نالبەندی ڤەهاندین کو ئەڤە بۆ ئێکەم جارە ئەڤ ئاگەهی و ڤەهاندنێن حوسنی ل سەر هۆزانێن نالبەندی بەرچاڤ دبن، ل ڤێرێ دێ وان پارچە هۆزانان بەرچاڤ کەین :

حوسنی ل سەر هۆزانا نالبەندی یا بناڤێ (ئاخ ژبەر ڤێ دلبەرێ) کو نالبەند ل دووماهیا هوزانێ دبێژیت:

پاشی جملە قیل و قالا گوت
جنی ئاڤا تەزی
من جەواب دا ئەو خرر نینە
عیلاجا ل درگنی
حاصلی قەول و کەلاما گوت
موتیع بوم ئەحمەدا
خۆشترە ژ قەهرا دلی تە بۆ
مە مێلاک صمتنی

حوسنی بامەڕنی دبێژیت :

تۆ چو نینی بەس درێژکە
گوتن و مەدح ب درەو
ئەو هەمی دویرن ژ تە
غەیری تۆ چاکی ژ بنی
دل رەقی بویە نەرم پاشکو مە
تەحقیق کر کو تۆ
عاشقی و شاعری و
لائیقی ژ بۆ دوو ژنی
عەقلێ تە نێ نە یێ تەمامە
کو بێژی کانێ دەلیل
صاحبێ خانیێ رەشویی و ل
بێدوهێ تویێ ساکنی

نالبەند ل بەری دووماهیا هوزانا (ئیلاهی تۆ حوکمداری) دبێژیت:

ئەگەر رەحما تەیا کێمە
ئەزێ بێ مال و بێ رێمە
فەقیرێ بەر دەرێ کێمە
چو کەس وەک من نەبرسینە

**مەلا عەبدوللاهێ نەقشەبەندی ئێک ژ هەڤالبەندێن نالبەندی بوویە، گەلەک ژ هۆزانێن وی و چەندین هوزانڤانێن دیتر ژی ل دەف خۆ نڤیسی بوون و پاراست بوون**

ئەگەر بێژی رەحیم نینم
بڤی ناڤی تە ناخوینم
رەحەت دێ ل جەهنەمێ روینم
مە پاکی ب جەننەتێ نینە


حوسنی بامەڕنی ل سەر ڤێ هۆزانێ دبێژیت :


نە تۆ ئیمامێ رەببانی
نە تۆ غەوسی یێ گەیلانی
ئەڤێ شولێ چ ژێت زانی
ئەڤە شولا فەقی نینە
نەخوینە ڤێ بۆ جاهێلا
نە بۆ بێ عەقل و بێ فێلا
ئەوێد گەڕیاین دگەل چێلا
ژی بابا عەقل نینە

**ئەنجام :**



**«ئەحمەدێ نالبەند ژبلی کو ل بامەڕنێ هاتیە سەر دونیایێ، دگەلەک هۆزانان دا ژی پەسنا شێخێن تەکیا بامەڕنێ کریە و خۆ ب بامەڕنی ژی دایە دیارکرن»**






پشتی ڤێ ڤەکۆلینێ چەند خالێن گرنگ بۆ مە دیار دبن ژ وان ژی وەکی ئەڤێن ل ژێری:

١ . مەلا ئەحمەد موخلص و بەرهەمێن وی بوینە جهێ پویتەدانا کەسایەتیێن بامەڕنێ و گرنگی پێهاتیەدان، ژ وێ گرنگیپێدانێ بەرکار و هۆزانێن وی هاتینە نڤیسین و پاراستن، سەرەرای یێن کو خەلکی ژ بەرکرین و ل سەر زارێ وان دهاتنە جاریکرن.

٢. بۆ ئێکەم جارە دهێتە زانین و دیارکرن کو هۆزانڤانێ مللی حوسنی بامەڕنی پارچە شعر ل سەر هندەک هۆزانێن نالبەندی هەی و ئەڤە ژی خالەکا بهێزا هەڤالبەندیا وانە، کو ئومێدەوارین د پاشەرۆژێ دا هێشتا و پتر ئەڤ جورە دیاربن.

٣. نالبەندی گەلەک شانازی ب بامەڕنێ بریە و شەیدایێ رێبازا نەقشەبەندی بوویە و گەلەک هۆزان ب شێخێن ڤێ رێبازا صوفیگەری ڤەهاندین وەک : شێخ بهائەددین، شێخ غیاسەددین، شێخ مەسعوود ...، و دگەلەک دەستنڤیسێن وی دا ئیمزایا خۆ ب (ئەحمەد موخلص بامەڕنی _ احمد مخلص بامرنی) دەستنیشانکریە.

٤. شێخێ وی محەممەد پارسای مایی ناسناڤێ وی کریە (موخلص) و وی ژی دهۆزانێن خۆ دا خۆ ب (موخلص) ناڤکریە و ئیمزایا وی ژی بەهرا پتر یا جاران پەیڤا (موخلص) دگەل دا دانایە، لەوما دڤێت هەر ب ڤی ناسناڤی بهێتە ناڤکرن و (نالبەند) نە ناسناڤێ وی یە، هەر ل ساخیا وی دا ل سالا ١٩٥٥ مێژوونڤیس ئەنوەر مایی گوتارەک بناڤێ (مخلص) دگوڤارا (هەتاو)دا بەلاڤکریە.

**ژێدەر**

١. دەستنڤیس (نەبەلاڤکری) :
– دەستنڤیسەکا ئەحمەدێ موخلص (نالبەندی) (سال : ١٩٣٧).
– محەممەدحەسەن نەقشەبەندی، دیوان احمد البامرنی، (دەستنڤیسا نەبەلاڤکری: ١٩٧٢).
– مەلا عەبدوللاە نەقشەبەندی (دەستنڤیس : ١٩٧٢).

**٢. پەرتووک :**

**پەرتووک ب کوردی :**
**تەها مایی :**
– باغێ کوردا، بەرهەڤکرن : رەشید فندی، ئیسماعیل بادی، محەممەد عبداللە، ب١، چ ١ (دهۆک : ١٩٩٧).
– بەرپەرەکێ ڤەشارتی ژ ژینا نالبەندی، چ ١،(دهۆک : ١٩٩٤).
**سەعید دێرەشی :**
کەلهێن ئاڤا، دەزگەها سپیرێز بۆ چاپ و وەشانێ _ دهۆک (دهۆک : ٢٠٠٥).
**صادق بهاوالدین ئامێدی :**
هۆزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، (بەغدا : ١٩٨٠).
**ماهر عبدالرحمن صدیق بەرواری :**
ئەحمەدێ موخلص، (دهۆک : ٢٠١٣).

**پەرتووک ب عەرەبی :**
**أنور إبراهیم عبدالرزاق النقشبندی :**
**إطلاله علی تأریخ بامرنی فی عهد شیوخ الطریقه النقشبندیه (دهوک : ٢٠١٧).**

**٣. رۆژنامە و گۆڤار :**
**مەلا ئەنوەرێ مایی :**
باخچەی بویژان: مخلص، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٤١، سالی: ٢، ٢٠ ئەیلول ١٩٥٥.
**هێرش کەمال رێکانی :**
– رۆلێ زانایێت دەڤەرا (رێکان) دژیانا زانستی و چاندی دا ل هەکاری و بەهدینان ل چەرخێ (١٠_١٥مش/ ١٦_٢٠ز) گۆڤارا دیرۆک، ژمارە (٢٠)، پاییزا ٢٠١٨.
– هێرش کەمال رێکانی، باشنڤیس محەممەدحەسەن نەقشەبەندی

١٩٢٤_١٩٩٨، رۆژنامەیا ئەڤرۆ، ژمارە (١٧١٢) ٢٧ /٨ / ٢٠١٥.
بابێ شادی هێرش کەمال رێکانی، هۆزانەکا نەبەلاڤکریا مەلا ئەحمەدێ موخلص_ نالبەندی، گۆڤارا نیژەن، ژمارە (٥)، زڤستانا ٢٠١٥.

١. ناڤێ وی ( شێخ محەممەد کورێ شێخ تاهر کورێ مەلا حاجی)یە، ل سالا (١٢٢٧مش/١٨١٢ز) ل مووسل هاتیە سەر دونیایێ، دبنیات دا خەلکێ گوندێ (بەنستان) دەڤەرا (رێکان)ە، زانستێن ئایینی ل سەر دەستێ بابێ خۆ و زانایێن مووسل خواندبوون، ناسناڤێ وێ دگوتنێ (نور الدین)، پشتی مرنا بابێ خۆ ل سالا (١٨٤٢ز) ڤەدگەریتە بامەرنێ و ل سالا (١٨٤٦ز) تەکیا نەقشەبەندی لێ دادمەزرینیت، ل سالا (١٨٥٣_١٨٥٦ز) دشەرێ (قەرم) و هەر وەسا شەرێ دناڤبەرا دەولەتا عوسمانی _ رۆسیا (١٨٧٧_١٨٧٨ز) پشکداری کربوو کو سەرکردایەتیا خەلکێ مووسل کربوو کو خەلکی ب سروود ڤە دگوت: یا ربنا صل علی المختار.. وأجعل لنا نصرا علی الکفار،، ل سالا (١٣٠٨مش/١٨٩٠ز) ل بامەرنێ چووبوو بەر دلۆڤانیا خودێ و ل ناڤ قوببەیێ دا ل گورستانا مەزاری هاتیە ڤەشارتن. بنێرە : هێرش کەمال رێکانی، رۆلێ زانایێت دەڤەرا (رێکان) دژیانا زانستی و چاندی دا ل هەکاری و بەهدینان ل چەرخێ (١٠_١٥مش/ ١٦_٢٠ز)، گۆڤارا دیرۆک، ژمارە (٢٠) پاییزا ٢٠١٨، ل، أنور إبراهیم عبدالرزاق النقشبندی، إطلالە علی تأریخ بامرنی فی عهد شیوخ الطریقە النقشبندیە،(دهوک : ٢٠١٧) ص٥٧.

٢. سالا ژ دایکبوون و مرنا سەید فاتماتیێ دهەڤپەیڤینا دگەل مامۆستا (زۆزان صالح یووسفی) ل رۆژا شەمبی ٢ /٨/ ٢٠١٥.

٣. دیدار دگەل سەیدا محەممەد مەلا فوئاد نەقشەبەندی، ل ٣/٣٠/ ٢٠١٥ ل مالا وی ل دهۆکێ.

٤. تەها مایی، باغێ کوردا، بەرهەڤکرن : رەشید فندی، ئیسماعیل بادی، محەممەد عبدالله، ب١، چ ١،(دهۆک : ١٩٩٧)، ل ١١_١٢.

٥. تەها مایی، بەرپەرەکێ ڤەشارتی ژ ژینا نالبەندی، چ ١،(دهۆک : ١٩٩٤)، ل ١١_١٢.

٦. تەها مایی، بەرپەرەکێ ڤەشارتی ژ ژینا نالبەندی، ل ٥٧.

٧. هێرش کەمال رێکانی، باشنڤیس محەممەدحەسەن نەقشەبەندی ١٩٢٤_١٩٩٨، رۆژنامەیا ئەڤرۆ، ژمارە (١٧١٢)، ٢٧ /٨ / ٢٠١٥، (بابێ شادی) هێرش کەمال رێکانی، هۆزانەکا نەبەلاڤکریا مەلا ئەحمەدێ موخلص_ نالبەندی، گۆڤارا نیژەن، ژمارە (٥)، زڤستانا ٢٠١٥، ل ٥٢_٥٣.

٨. سەعید دێرەشی، کەلهێن ئاڤا، دەزگەها سپیریز بۆ چاپ و وەشانێ _ دهۆک،(دهۆک : ٢٠٠٥)، ل ١٦٣.

٩. ژ بیرهاتنێن ڤەکۆلەرێ ڤێ گوتارێ (ه.ک.ر).


١٠. ناڤێ وی (حوسنی کورێ مەلا ئەحمەد (بابک) کورێ مەلا عوسمان)ە، سەیدا صادق بهائەددین ئامێدی ب شاشی ڤە کریە (مەلا ئەحمەدێ بانکی)، ل سالا (١٢٨٤مش/١٨٦٨ز) ل بامەرنێ هاتیە دونیایێ، ب بنیات خەلکێ گوندێ (مامیسا) دەڤەرا (رێکان)ە، ل سالا ١٩٤٠ چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ. بنێرە : صادق بهاوالدین ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، (بەغدا : ١٩٨٠)، ل ٤٦٣، .

١١. تەها مایی، باغێ کوردا، بەرهەڤکرن: رەشید فندی، ئیسماعیل بادی، محەممەد عبدالله، ب ١، چ ١،(دهۆک : ١٩٩٧)

١٢. محەممەدحەسەن نەقشەبەندی، دیوان احمد البامرنی، (دەستنڤیسا نەبەلاڤکری : ١٩٧٢)، ل ٧٤.

١٣. ناڤێ هۆزانێ (یامعین) محەممەدحەسەن نەقشەبەندی، دیوان احمد البامرنی، (دەستنڤیسا نەبەلاڤکری : ١٩٧٢)، ل ١١٢، د (باغێ کوردا) دا ناڤێ هۆزانێ (ئیلاهی تۆ حوکمداری) یە و رێزە دێر ( نەکو رەحماتە یا کێمە).بنێرە: تەها مایی، باغێ کوردا، ب ١، ل ٣٩٨.

١٤. محەممەدحەسەن نەقشەبەندی، دیوان احمد البامرنی، (دەستنڤیسا نەبەلاڤکری: ١٩٧٢)، ل ١١٢.





# پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ژیان لەڕوانگەی (ئۆرهان پاموک)ەوە



د. نەجم ئەلوەنی

ئۆرهان پاموک لە تەمەنی بیست ساڵیدا بڕیار دەدات دەس لە هونەری وێنەکێشان هەڵگرێ و ڕوو لە ڕۆمان نووسین بکات، بۆ ئەمەش دەیان ساڵ خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمان دەبێ، هەندێ جار ئەوەندە تێکەڵی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان و ئاوێتەی کارەکتەرەکان دەبێ وادەزانێ بەرانبەر کۆمەڵە کەسانێکی ڕاستەقینەی نێو ژیان وەستاوە و گوێی لە گفتوگۆی ئەوانە کە قسە لەگەڵ یەک دەکەن. هەرئەمەش پاڵی پێوەناوە بچێتە شوێنی ڕووداوەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ڕاستی لە خەیاڵ.

گەلێ جار دەقی ڕۆمان بووەتە هۆی دروست بوونی دەمەتەقێ و پرسیارکردن سەبارەت بەوەی: ڕۆمان تاچەند لە ڕاستییەوە نزیکە و چەندی خەیاڵە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە لەلای خودی ئەم نووسەرەش دروست بووە، پاش خوێندنەوەی دەیان سەرچاوەی تیۆری و چەندان ساڵی ئەزموونی ڕۆماننووسین، وشەی خودی ڕۆمان دەکات بە سەنگی مەحەک و دەڵێ: ئەگەر گریمان نووسەرێک بڕیاریدا پەرتووکێ لەسەر ژیانی خۆی بنووسێ، بەمەرجێ تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانی تێدا بەکاربهێنێ، ئەوا ناچارە تەنیا ڕاستییەکانی ژیانی خۆی بۆ خوێنەران بگێڕێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئەو نووسەرە پاپەند دەبێ بە باسکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانی خۆی، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو نووسەرە دەقی ژیاننامەکەی دایە دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە و خاوەنی ئەو دەزگایە بە ئەنقەست وشەی (ڕۆمان)ی لەسەر هەمان ئەو پەرتووکە دانا و بڵاوی کردەوە (کە ئەمەش زۆرجار ڕوویداوە) لەم دۆخەدا دەبێ بەشێوەیەکی جیاواز خوێندنەوە بۆ ئەو دەقە بکرێ. وشەی ڕۆمانی سەر بەرگی پەڕتووکەکە وامان لێ دەکات پرسیار بکەین: کام بەشی ئەو پەڕتووکە ڕووداوەکانی ڕاستەقینەیە و کام بەشیشی خەیاڵییە. ئێمەی خوێنەر وادەکەین هەست بە چێژی گەڕان بکەین بەدوای مەغزای ئەو ڕۆمانەدا، هەروەها بتوانین لەناواخنی ژیان بگەین، کە ئەو ڕووداوانە بەگریمانە دەبێ لەوێوە هەڵقوڵابن (بڕوانە:ل٥٠) کەواتە دانانی وشەی ڕۆمان لەسەر بەرگی پەرتووک بەخۆی پێوەر و وەڵام دەبێ بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە کەلای خوێنەری ڕۆمان دروست دەبن.

ئەم نووسەرە لەماوەی (٣٥) ساڵی تەمەنیدا چەندین ڕۆمانی نووسیوە. بە ڕۆمانی (جەودەت بەگ و کوڕەکانی) دەستی پێکردووە. لەم ڕۆمانەدا وەک خۆی لە پەرتووکی (ڕۆماننووسی ساویلکەو هەستیار)دا ئاماژەی پێکردووە و ئێمە لە نووسینی ئەم وتارەدا پشتمان پێی بەستووە دەڵێ: بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە پەیڕەوی هەمان شێوازی ڕۆمانی ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەهەمم کردووە وەک ڕۆمانی (خێڵی بۆدنبروک) و ڕۆمانی (ئاناکارنینا)

پاشان درێژەی بە نووسینی ڕۆمان داوە و بەسوودوەرگرتن و لەژێر کاریگەریی فۆکنەر و ڤێرجینا وەڵف و تێپەڕین بەڕۆمانی فەرەنسی تادەگاتە ڕۆمانی ئەمریکای لاتینی، ڕۆمانی (ماڵێکی هێمن) ی نووسیوە.

دواتر ڕۆمانی (قەلایەکی سپی) و (پەڕتووکی ڕەش) کە ژیاننامەیە و ڕۆمانی (ناوم سووورە) و ڕۆمانی (بەفر) ی نووسیوە کەباسی خەڵکی شاری (قارس) دەکا و کۆمەڵێ کێشەی بۆ ڕۆماننووس لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تووركیادا ناوەتەوە. پاشان دەساڵ ڕێککاری بۆ ڕۆمانی (مووزەخانەی بەرائەت)کردووە و تەلارێکی کۆنی بە پارەیەکی زۆر کڕیوە و بە یارمەتی هەندێ هاوڕێی تەلارساز گۆڕانی بەسەردا هێناوە و کردوویەتییە مووزەخانەیەکی نوێ و سەدان کەرەستە و ئامراز و جۆرەها جلوبەرگی خستووەتە ناوی بۆ ئەوەی دواتر سوودیان

لێ وەربگرێ لە نووسینی ئەو ڕۆمانەدا کە بە چوارساڵ نووسینەکەی تەواوی کردووە. لەم وتارەمدا سێ تەوەری گرنگم دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی لە ڕووانگەی پامۆکەوە باسی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ژیان بکەم:

**١ـ جیاوازی نێوان ڕۆماننووسی ساویلکەو هەستیار :**

ئۆرهان پاموک بۆ ئەم جیاکارییە سوودی لە وتارێکی فردریک شیلەر وەرگرتووە کە بە ناوی (شاعیری ساویلکەو هەستیار) ە هەر ئەم دەستەواژەیەشی کردووەتە بناغەی چەند وانەیەک دەربارەی ڕۆمان بۆ ئەوەی لە زانکۆی هارفەرد پێشکەشی بکات و دواتر بە هەمان ناوونیشان (ڕۆماننووسی ساویلکەو هەستیار) کراوەتە پەڕتووک و لە ساڵی (٢٠١٥) لەلایەن (میادە خەلیل)ەوە کراوەتە عەرەبی و خانەی (الجمل) چاپی یەکەمی لە بەغدا و بەیرووت بڵاوکردووەتەوە.

لەبارەی ڕۆماننووسی ساویلکەوە ئاماژەی بەوەکردووە کە کەسێکە، بەرهەمێک دەنووسێ و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی ئاشنای بنەما هونەرییەکانی ڕۆماننووسین بێ، کەچی ڕۆماننووسی هەستیار زۆر بە وردی و بەپلانەوە کار بۆ نووسین دەکات و بایەخێکی زۆریش بە بنیاتی هونەریی ڕۆمان دەدات، هەروەها هەوڵێکی زۆریش دەدات بۆ ئەوەی لە ساویلکەیی عەقڵ دوور بکەوێتەوە و لە ڕوانگەی خۆێنەرەوە تەماشای ڕۆمانەکەی دەکات و دەیخوێنێتەوە.

بەبڕوای ئۆرهان پاموک، ڕۆمان لەبەر لایەنە مەعریفییەکەیی و تاقیکردنەوەی توانا عەقڵییەکانی خوێنەر لە کەشف کردنی مەبەستی شاراوەی ناو دەقی ڕۆمان کە خۆی زاراوەی (تەوەر)ی بۆ بەکارهێناوە، چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشێ و وای لێ دەکات هەست بە بەختەوەری بکات، بەڵام دووجۆر خوێنەر دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەدیهێنانی ئەو چێژەدا، ئەو دوو جۆرە خوێنەرەش بەگوێرەی ساویلکەیی و هەستیاری، دابەشی سەر دووجۆر دەکات:

- خوێنەری ساویلکە، ئەو کەسەیە هەمیشە دەقی ڕۆمان بە ژیاننامە دەزانێ، یان وادەزانێ کۆمەڵێ ڕووداوی ڕاستەقینەیە.

- خوێنەری هەستیار، یان خاوەنی تێڕامان، ئەو خوێنەرەیە وادەزانێ هەموو دەقی ڕۆمانێک خەیاڵییە، با زۆربەی ئەوەشی دەیخوێنێتەوە بریتی بێ لە ژیاننامەیەکی ڕاستەقینەی ڕاشکاو.

لەلای ئۆرهان پاموک، ڕۆمان پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. لەبەر ئەوە خۆێندنەوەی ڕۆمان بە بۆچوونی ئەو هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی واتاکانی ژیان. ئۆرهان لەو بڕوایەدایە کە خوێنەر، بۆیە ڕۆمان دەخوێنێتەوە، چونکە عەودالی دیتنەوەی مەبەست و واتا قووڵەکانی ژیانە، بەڵکو بگرە دەقاودەق ئاماژە بەوە دەکات کە تاکی زانستخوازی هاوچەرخ، ڕۆمان بەتاکە ڕێگە دەزانێ بۆ دیتنەوەی مانا هەرە قووڵەکانی ژیان، کاتێ ڕۆمانە ئەدەبییە مەزنەکان ( بۆ جیاکردنەوەی لەڕۆمانی بازاڕی) دەخوێنینەوە تێ دەگەین نەک هەرجیهان، بەڵکو عەقڵیشمان خاوەنی یەک تەوەر نییە.

توێژینەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ڕۆمان ئەوە پیشان دەدات کە ڕۆمان پەیوەندییەکی دیاری بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش تەنیا لایەنی ناوەڕۆک و مانا لەخۆی ناگرێت، بەڵکو هەروەها لایەنی شێوازیش دەگرێتەوە. ئەم بۆچوونەش کورتبینیی ئەوانە دەردەخات کە وادەزانن لایەنی شێواز، واتە بنیاتی هونەریی ڕۆمان پەیوەندی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە نییە. لەم پەرتووکەی ئۆرهان پاموکدا هەمان ئەم بۆچوونەی ئێمە ساغ دەبێتەوە و لە لاپەڕە (١٣٣) دا بە ڕوونی دەڵێت: (مەبەست لە هەر شێوازێکی نوێی گێڕانەوەی چیرۆک، یان بنیاتی ڕۆمان تەماشاکردنی ژیانە لە پەنجەرەیەکی نوێوە).

٢ـ پەیوەندی نێوان ڕۆماننووس و کارەکتەر:

ڕۆمان پەیوەندی بە هەست و سۆز و ئەزموونەکانی نووسەرەوە هەیە. زۆرجار ڕۆماننووس بە سوود وەرگرتن لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە، بیرۆکەی ڕۆمانێکی لا سەرهەڵدەدات. هەوڵ نادات ئەو ڕووداوە وەک خۆی بگێڕێتەوە، چونکە ئەمە کاری ئەو نییە، بۆیە تێکەڵی خەیاڵی خۆی دەکات و هەندێ دەخاتە سەری و هەندێکی لا دەبا و هەندێکی دەگۆڕێ و هەندێکی دی بۆ وێنا دەکات، لەبەر ئەوە مەحاڵە هەمان وێنەی یەکەمی ئەو ڕووداوە وەکو خۆی لە ڕۆمانەکەدا بدۆزرێتەوە.

بۆ ڕۆمان بەو شێوەیە دەنووسرێ ؟ دیارە مەبەستی ڕۆماننووس لاسایی کردنەوەی وێنەکانی واقیع نییە، بەڵکو




> “ خوێنەری ساویلکە، ئەو کەسەیە هەمیشە دەقی ڕۆمان بە ژیاننامە دەزانێ، یان وادەزانێ کۆمەڵێ ڕووداوی ڕاستەقینەیە ”

ئامانجی ئەوەیە لە دید و ڕووانگەی خۆیە وێنەیەک بۆ واقیع دروست بکات کە لەوەوپێش نەخراوەتە بەرچاو، هەروەها مەبەستی ئەوەیە لە ڕوانگەی خۆیەوە گوزارشت لەجیهان بکات.
ڕۆماننووسی سەرکەوتوو وەک ئۆرهان پاموک باسی دەکات، هەوڵ دەدات وێنەی شت و دیاردەکان لەڕێی وشەوە بکێشێ، بەمەش دەیەوێ دەنگ و ڕەنگ و نەریت و بوون و چێژ و هەستی هاوبەش و گفتوگۆ و بەسەرهاتەکانی سەردمێک تۆمار بکات. بۆ پیشاندانی ئەمانەش سوود لە کارەکتەرەکان وەدەگرێ و لە چاوی ئەوانەوە جیهان و دیاردەکان دەخاتەڕوو. ئەمەش شێوازی جیاو ناسراوی ڕۆمانە کە ڕۆماننووس لەڕێی ئەم شێوازەوە دەخوازێ گوزارشت لە گۆشەنیگای

**ئۆرهان لەو بڕوایەدایە کە خوێنەر، بۆیە ڕۆمان دەخوێنێتەوە، چونکە عەوداڵی دیتنەوەی مەبەست و واتا قووڵەکانی ژیانە**

تایبەتی خۆی بکات. ئەم کردارە ڕۆماننووس دەخاتە بەردەم دوو ئیلتزامی هاوکات: لە لایەک ناچارە لە چاوی کارەکتەرەکانییەوە جیهان ببینێ، لە لایەکی دیکەوە دەبێ بە وشە وەسفی شتەکان بکات... وەسفکردنی شتەکانیش لە ڕۆماندا وەک ئەو دەڵێ ئەنجام و گوزارشتکردنە لەهەستی هاوسۆزی لەگەڵ ئەو کارەکتەرانەدا(ل٩٦).
نووسەری ڕۆمان بۆ وێنەکێشانی کارەکتەرەکانی پەنا دەباتە بەر وەسفی ڕووخسار و باسکردنی ژیان و بە سەرهاتەکانی ئەوان، وشەکانیان تۆمار دەکات و گفتوگۆیەکانیان دەکاتە بەڵگە بۆ جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانیان، هەموو ئەمانەش وەک ئەو دەڵێ: دەبێ وەک بەشێکی جیانەکراوە و درێژە پێدەری هەست و سۆزەکانی کارەکتەر وێنە بکێشرێن(ل٨٨).
وەسفی هەر شتێکی ماتریاڵ لە ڕۆماندا دەبێ پەیوەندی بە ژیانی کارەکتەرەکانەوە هەبێ. لەڕێی ئەو وەسفانەوە گەلێ ڕەهەندی گرنگی ژیانی ئەوان دەردەکەوێ. پاموک دەڵێ: بەلزاک بۆ کەشفکردنی دۆخی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکانی ئەم کارەی کردووە. فلۆپێر بۆ دەرخستنی هەندێ سیفەتی شاراوەی ئەوان وەک چێژی تایبەتی ئەم جۆرە وەسفانەی بەکارهێناوە. ئەمیل زۆلا لەڕێی وەسفی شتەکانەوە ڕوانگەی بابەتیی خۆی پیشانداوە، مارسیل پرۆست کردوونی بە پاڵنەرێ بۆ بیرهێنانەوەی ڕابردووی کارەکتەرەکان، سارتەر شتەکانی کردووەتە بەڵگەی بێز لێبوونەوە لە وجود، کەچی ئالان ڕۆب گرییە وەک هەندێ درکەی ئالۆز و شەیتانیی سەربەخۆ لە وجودی مرۆیی، تەماشای شتەکانی کردووە(ل٩٢).
کەواتە هەر ڕۆماننووسێک بە گوێرەی تێڕوانینی خۆی تەماشای شتەکانی ناو ڕۆمانی کردووەو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو سوودی لەوەسفی ئەوشتانەی نێو ژیان و ژینگەی کارەکتەرەکان وەرگرتووە.
٣- زمان و دیالێکتی ناو ڕۆمان:
لە بەشێکی دیکەی پەرتووکی ( ڕۆماننووسی ساویلکە و هەستیار) دا ئۆرهان پاموک ئاوڕی لە بابەتێکی دیکە و گرنگی نێو ڕۆمان داوەتەوە، کە ئەویش بابەتی زمانە. هەمووومان دەزانین زمان بناخەی نووسینی دەقە، ناسنامەکەی دیاری دەکا و لە دەقی دیکەی جیا دەکاتەوە.
لە ڕۆماندا، پێویستە پەیڕەوی دیاردەی فرە زمانی بکرێت، ئەمەش یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە باختین لەباسی ڕۆمانەکانی دۆستۆیفیسکیدا وروژاندوویەتی. دەبێ نووسەری ڕۆمان درک بەوە بکات کە کارەکتەرەکانی لەڕووی توانای دەربڕینەوە ئاستیان جیاوازە و نابێ هەموویان هەمان ئاستی دەربڕینیان هەبێ. لێرەوە لە پاڵ زمانی نووسەردا کە ئاستی ڕۆشنبیریی نووسەر دەردەخات، دیالێکتی ناوچەیی و زار و بن زاری جیاواز دێنە ناو بەرهەمەکەوە. هەبوونی ئەم دیاردەیە هێزی پەسندکردنی خوێنەر پتەو دەکات، زیاتر وەهمی واقیعییەتی دەقەکەی لا دەچەسپێنێ. لەم بارەیەوە ئۆرهان پاموک باسی گرنگیی زمانی ڕۆژانەی لە ڕۆماندا کردووە و گوتوویەتی دژوارە وێنای ڕۆمانێک بکەی بەبێ هێز و پەسندکردنی زمانی ڕۆژانە، چونکە زمانی ڕۆژانە کەناڵی سروشتیی ئەو ساتە ئاسایی و سۆزە کۆنترۆڵ نەکروانەیە کە جیهانی ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێ، بەڵام نابێ لە ڕۆماندا باڵا دەست بێ و کۆی مەشهەدەکانی ڕۆمانەکە بگرێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین ئەو وانانەی کە دەبێ لە مارسیل پرۆستەوە فێری ببین(ل١٠٧).
لە هەمان لاپەڕەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ ڕۆمان وەک مووزەخانە شتەکان بپارێزێ، ڕۆمانیش دەبێ جیاوازیی وردی نێوان تۆن و ڕەنگەکانی زمان و دەربڕینی هزری خەڵکی ئاسایی و شێوازی بازدانی لە ناکاوی عەقڵ لە بابەتێکەوە بۆ ئەوی دی بپارێزێ. ڕۆمان تەنیا ئەو دەربڕینە واژەیی و زمانییانە ناپارێزێ، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی لە مامەڵەی ڕۆژانەشدا دەپارێزێ.
ئەمە پوختەیەکی ئەو پەرتووکە بوو کە بە زمانی عەرەبیم خوێندەوە، لەهەمان کاتدا لە ڕوانگەی خۆمەوە ڕووناکیم خستووەتە سەر کۆمەڵێ لایەنی هونەری و پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و واقیع و داهێنانی وێنەکانی ژیان لە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆماندا. هێشتا ئەو کتێبە چەندین بابەتی دیکەی پڕ سوودی تێدایە، بۆ ئەوانەی ڕۆمان نووسن، یان دەیانەوێ لەم بوارەدا بەختی خۆیان تاقیبکەنەوە، یاخود خوێنەری ڕۆمانن و خوازیارن زانیاریی پتریان سەبارەت بە چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان دەست بکەوێ.

# ناونیشانێک ...
# بۆ وتارێکی بێ ناوونیشان!



سەدیق سەعید ڕواندزی

> **«نووسەری وتارەکە، گەرچی ڕەخنە لە زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن لە ڕۆمانەکە دەگرێت، بەڵام ئەو خۆشی لە وتارەکەیدا ئەو هەڵانەی کردووە»**

لە لاپەڕە ١١٤-١٢٠ی ژمارە هەفتی گۆڤاری سەنگینی (دیوان) دا ( سەعید عەبدوڵڵا) وتارێکی لەبارەی ڕۆمانی کچانی دووکەڵ و ئاگر، بەناوی (وتارێکی بێ ناوونیشان) نووسیوە.

خوێنەر کە وتارەکە دەبینێت، بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنەیە لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە، کەچی کاتێ وتارەکە دەخوێنێتەوە، بەرشتێکی پێچەوانە دەکەوێت و دەبینێت کە سێ بەشی وتارەکەی هیچ پەیوەندی بەو ڕۆمانەوە نییە و بەشێکی پەسندانی خۆیەتی و بەشەکەی دیکەیشی، باسکردنە لەچەند نووسەرێک، کە دوورونزیک پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نییە. هەڵبەتە، من ئەو ڕۆمانەم نەخوێندۆتەوە، چونکە هێشتا لەگەڵ دەیان کتێبی دیکەدا نۆرەی خوێنەوەی نەهاتووە، بۆیە لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە هیچ ناڵێم، تەنیا لەبارەی ئەو چەند سەرنجە کورت و ڕاگوزەرانەی نووسەری وتارەکە ئێستێک دەکەین، بە تێگەیشتنی ئەو گوایە چەند هەڵەیەک لە ڕۆمانەکەدا هەن و بەسەر وەرگێڕی ڕۆمانەکەدا تێپەڕیون. بەرلەوەی باس لەو سەرنجانە بکەم، دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە وەرگێڕی ئەو ڕۆمانە، یەکێکە لە وەرگێڕە کارامە و جواننووسەکانی ئێمە و منیش پێشتر لەبارەی وەرگێڕانەکانییەوە، سەرنج و دیدگای خۆم خستۆتە ڕوو، بەڵام نایشارمەوە زۆربەی ئەو بەناو ڕەخنانەی لە کارەکانی ئەو وەرگێڕە دەگیرێن (کە من پێشتریش وەڵامی هەندێکییانم داوەتەوە) لە ڕاستیدا ڕەخنە نین، بەڵکوو تێنەگەیشتە لە زمانی وەرگێڕان و ڕەهەندی واتاییانەی وشە و زمان لە کاری وەرگێڕاندا. زمانی کوردی، لەجۆری ئەو زمانانەیە، کە ناتوانرێت فۆڕمێکی جێگیریی واتاییانەی پێ بدەیت و دەشێ وشەیەک زۆرتر لە ڕەهەند و مانایەکی هەبێت، یان میتافۆر بێت بۆ شتێک، بۆیە دەبێ هەمیشە دیوێکی دیکەی واتاییانەی ئەو زمانە ببینین، کە دیوێکی ناڕاستەوخۆیی واتاییانە و ئاماژەییانەی زمانە، لە گوزارشتکردن و دەربڕیندا، ئێستاش دێینە سەر سەرنجەکانی ئەوبەڕێزە، لەبارەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەوە.

نووسەر نووسیویەتی: (نازانم بۆچی وەرگێڕ وشەی باڵیۆزی بەکارهێناوە، چونکە باڵیۆز تەنها بۆ دەوڵەتان و بۆ بوارێکی دیاریکراوە، وەک باڵیۆزی ئاشتی، باڵیۆزی پەنابەران) پرسیار ئەوەیە، تۆ بڵێی وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە، نەزانێت باڵیۆز وشەیەکی سیاسییە؟ لە ڕاستیدا، باڵیۆز لێرەدا ئاماژەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو نرخاندن و پێزانین و پایەدارکردنی کارێکە کە نموونەییە. ئەمە پەیوەندی بە دیوێکی دیکەی واتاییانەی زمانەوە هەیە. لە زمانی کوردیدا، دەیان نموونەی لەو شێوەیە هەن، دەتوانم بڵێم ناڕاستەوخۆ، ئاماژەیەکی دیکەی واتاییانە بەدەر لە واتا بنەڕەتییەکانییان دەگەیەنن. بۆ نموونە دەگوترێت: (لە چاوێ شێری ناگەڕێتەوە) بەڵام ئایا کەس هەیە لە شێر نەترسێت؟ ئایا شێر لێرەدا هەمان ئەو شێرەی نێو جەنگەڵەکانە؟ یاخود دەگوترێت (دەڵێی بەهەشتە) کەس بەهەشتی بینیوە، تا وەسفی شوێنێک بە بەهەشت بکات؟ یان دەگوترێت (لەسەر سەرمت دادەنێم) ئایا دەتوانین مرۆڤ لەسەر سەرمان دابنێین؟ بۆیە وشەی باڵیۆز هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە و پتر نرخاندنی کارێکە، نەک ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت. دواتر دەنووسێت (نوێنەرمان هەیە و کەسیش دانی پێدا نانێت) ئەگەر ئەم بۆچوونەی نووسەر ڕاست بێت، من نازانم ئەو هەموو نوێنەرایەتییەی حکومەت، لە دەیان وڵاتی دونیادا چی دەکەن؟ ئەی بۆچی فەرمانگەیەک هەیە بەناوی پەیوەندییەکانی دەرەوە؟

نووسەر نووسیویەتی: (وشەی دێمنیشای لە جیاتی خەڵەفان بەکار هێناوە، دەبووایا بنووسێت ئاستی ئاگایی دابەزیوە) ئەگەر کەسێک خەڵەفا و واتا تووشی (زەهایمەر) بووبێت، ئاگایی دەمێنێت؟ ئەگەر ئەو کەسانە، ئاگاییان بەپێی ئاست هەڵبکشێ و دابکشێ، ئەوا دواتر کە ئاگاییان بەرزبووەوە دەگەڕێنەوە باری ئاساییانەی ژیانی خۆیان و کار و ڕەفتارییان زۆر هزرییانە دەبێت. بۆ زانیاریی نووسەر، ئەوانەی تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە دەبن، ئاگاییان وردە وردە و بە خێرایی نامێنێت، چونکە خانەکانی

**سێ بەشی وتارەکەی هیچ پەیوەندی بەو ڕۆمانەوە نییە و بەشێکی پەسندانی خۆیەتی و بەشەکەی دیکەیشی، باسکردنە لەچەند نووسەرێک**

مێشکیان دەمرن، بۆیە دابەزین و هەستانەوە لە ئاگایی و مێشکی مرۆڤێک کە تووشی نەخۆشی (خەڵەفاوی _ زەهایمەر) بووبێت نییە، مێشک فشاری خوێن نییە، تا بەرزبێتەوە و نزم بێتەوە. تاکوو ئێستاش چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو نەخۆشییە نەدۆزراوەتەوە. بۆیە کەسانی خەڵەفاو، ئاگاییان نامێنێت و بە نەمانیشی، جارێکی دی نایەنەوە دۆخی ئاساییان، چونکە خانەکانی مێشک، تاکە خانەن لە لەشی مرۆڤدا کە مردن، وەکوو خانەکانی دیکەی لەش جارێکی دی دروست نابنەوە. بۆیە ئەو سەرنجەی پتر ڕەشکردنەوەی لاپەڕەکەیە، نەک ڕەخنەگرتن.

نووسەر نووسیویەتی: (وەرگێر وشەی یەخچاڵی بۆ بەفرگر بەکار هێناوە کە تورکییە و ئێمە وشەی بەفرگرمان هەیە)




بێگومان، وەکوو نووسەر دەڵێت وشەی (یەخچاڵ) تورکییە، بەڵام بەفرگر، هاوواتای یەخچاڵ و (سەلاجە) نییە، بەڵکوو لە زمانی کوردیدا، بەفرگر لە بەرامبەر وشەی (موجەمیدە) بەکاردێت، چونکە دیارە ئەمەیان، لە یەخچاڵ یەکجار ساردترە و بەفری زۆرتر دەگرێت. بە پێچەوانەوە یەخچاڵ، بەشێکی کەمی کە (فریزەرەکەیتی) بەفر دەگرێت. بۆیە بەفرگر، هاوواتای یەخچاڵ نییە، گەلێک جار ساردکەرەوە بەکاردێت، کە ئەمەیان بە بڕوای من گونجاوترە.

نووسەر نووسیویەتی: ڕستەی (چونکە گوتی ئەو ناتوانێ متمانە بەو قەحپەیە بکات) دەبوو بەو جۆرە بێت (چونکە ئەو ناتوانێ متمانە بەو قەحپەیە بکات) بێگومان ئەم دوو ڕستەیە، لەڕووی ئاماژە و لایەنی واتاییەوە لە یەکتری جیان، چونکە لە ڕستەی یەکەم جەختکردنەوە لە گوتنێک هەیە، بە پێچەوانەی ڕستەی دووەم. لە ڕستەی یەکەمدا، بەهۆی (گوتنەکەوە) جەخت لە نەبوونی ئەو متمانەیە کراوەتەوە و بڕاوەتەوە لەلای کەسی سێیەمی تاک کە (ئەوە) بەپێچەوانەی ڕستەی دووەم، کە مەرج نییە، ئەو متمانە نەبوونە بڕابێتەوە. وێڕای ئەمانەش، نووسەری وتارەکە، گەرچی ڕەخنە لە زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن لە ڕۆمانەکە دەگرێت، بەڵام ئەو خۆشی لە وتارەکەیدا ئەو هەڵانەی کردووە. بۆ نموونە نووسیویەتی: (ئەوان لە بەرو پشتدا ئازاریان هەیە و نۆ مانگ کۆرپەیەکییان هەڵگرت و دوای چەندان ساڵ لەبەردەم پەتی سێدارەی ئێراندا خۆیان بینییەوە) مەبەستی نووسەری وتارەکە لە کۆرپە، ئەو منداڵەیە کە لە نێو ڕەحم و سکی ژن دایە، بەڵام دەربڕینەکەی هەڵەیە، ئەگەر بەپێی دەربڕینەکەی بێت، کۆرپەکە لە ئامێز هەڵگیراوە، جگە لەمەش (کۆرپەکان) دروستترە، چونکە ژنەکان کۆنە! لە شوێنێکی دیکەشدا نووسیویەتی: (سەربار لە ژێر بار گرانترە) ئەم ئیدیۆمە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بەکاردێت بەو شێوەیەیە (سەربار لەبن بارگرانترە) واتا سەربار و بن بارەکە، لەسەر پشتی وڵاغەکەیە (بارەبەرەکان) ئەگەر بەپێی دەربڕینەکەی نووسەربێت، لێرەدا (سەربار و بن بار) هەیە، ژێرەوە واتە ژێرەوەی بارەکە هەمووی. زمانزان و کەسانی پێشوو لەخۆوە نەیانگوتووە (بن بار) ئەم وردەکارییانە، زۆرجار دەبنە هۆکاری گۆڕینی ماناکانی زمان و دەربڕین، کە دەشێ واتایەکی دی و ئاماژەیەکی دیکە بگەیەنن. دواجار دەڵێم خۆزگە نووسەری وتارەکە، هەر سەد و شەست و سێ هەڵەکەی بڵاودەکردەوە، بۆ ئەوەی خوێنەران بەرچاو ڕوونییان زیاتر بێت و بزانن ڕەخنەکان و ئەو هەڵانەشی کە دیاریکردوون چین!

# ئەوق


- **شەوی قەدر**

ن/ نەعیم شەریف
و/ لەعەرەبییەوە: حەسەن یاسین

- **مەزاد.. مەزاد.. هەراج.. هەراج..**

د. جەمشید حەیدەری

- **ئاکام**

شەماڵ عەبدوڵڵا

- **ئەلها**

یوسفی حەمەڕەشید

- **ئەوە چ خەنێک بوو**

هەڵۆ خانەقینی



# شەوی قەدر

ن/ نەعیم شەریف
و/ لەعەرەبییەوە: حەسەن یاسین

ئێستا، پاڵم بە تاوێرەکەوە داوە، تاوێرێکی سپیی داتاشراو لەسەر شێوەی هەرمێیەکی زۆر زلی وەکوو ژن لووس و دەڵێم: کێ دایتاشیوە؟

لەسەر پشتم هەست بە گەرمییەک دەکەم. لەم چرکەی ئێوارەیەدا لە رادیۆکەی جابرەوە، رادیۆیەکی رەنگ رەش، مارکەکەی قیسارەیە، گوێم لەخوێندنێکی خۆشی ئایەتێکی قورئانە، بەدەنگی عەبدولباسیت عەبدولسەمەد، کە دەنگێکی سازگاری هەیە و دوور دەڕوا. لەم چرکەیەدا شتێکی لێڵ دەخاتە دڵمەوە، بەهەمان هێزی ئەو بۆن سووتاوەی لەخوارەوە، رێک، لەگوندەکەی کوردەکان، لە قەڵاچواڵانەوە دێ و بە چرپەوە دەڵێم ئەمە شتێکی مرۆڤانەی تێدایە.

سالم، لەبەردەم رەبایەکەدا بەتانییەکی رەنگ قاوەیی داخست و لاپەڕەکانی چەند رۆژنامەیەکی کۆنی کرد بە سفرە و قاپی خواردنەکەی خستەسەر. چێشتی شێوانی شەوی قەدری بۆ لێنابووین.

هەردوو قاچم راکێشابوو. پاش ئەوەی گۆرەوییەکانم داکەند، بەهۆی تریفەی مانگەشەو، پەنجەکانی پێم، کە ئاوسابوون و پێستەکەیان سوورهەڵگەڕابوو، لێدیاربوون. جابرم دیت بۆ دەستنوێژهەڵگرتن مەسینەیەکی (مسین)ی بەدەستەوەبوو، کە پێدەچوو نوێبێت (بارەگای دەستەکەمان، دوێنێ، یەک مەسینەی لێبوو، ئەمڕۆ چوار مەسینەمان هەیە)

گوێم لە سالم بوو هاواری دەکرد، وەلید وەرە دەستنوێژهەڵبگرە، کەمێکی دی بانگدەدا.

هەڵسام، هەستمکرد ئازار هەردوو قاچمی سڕکردووە، بەڵام بەردەوام بووم لە رۆیشتن، مەسینەیەکم برد و لەنزیک جابر دانیشتم. ئاوم دەکردە هەردوو لەپمەوە، دیتم جابر بەنیگایەکی قوڵەوە تەماشای ئاسمان دەکات، دەستنوێژەکەی تەواونەکرد.

لێیمپرسی: جابر هیچ بووە؟

کە گوێم لەدەنگیبوو هەستم کرد دەخنکێ و تەماشای دەموچاومی نەکرد و لەنزیکییەوە هەڵسام، بۆنێکی ناخۆشم کرد کە لەوەوە دەهات.

پێمگوت: بۆچی جلەکانت دانەکەند تا بیانشۆیت؟

پێیگوتم: ئەرێ بۆنم وا ناخۆشە؟

گوتم: مەبەستم خراپەنەبوو، بەڵام لەبەر تۆم بوو.

گوتی: ئەم جلانە پاکن، سەعاتێک پێش ئێستا لەبەرمکردن، پاش ئەوەی زۆر بەباشی لەئاوی کانی خۆم شۆرد. ئەو بۆن خوێنەی کە تۆ بۆنت کرد هەر لەگەڵمدا دەمێنێتەوە و خەڵکیش بۆنی دەکەن و دەزانن ئەو بۆنە لەمن دێت.! سەرەڕای ئەوەی کە من.

هەڵسا و منیش لەگەڵیدا هەڵسام، بەرەو دارخۆخەکەی نزیک چوو. قۆڵی بەدارەکەوەدا و هەستم کرد دیسان هەردوو قاچم دێشن. دانیشتم و لێژاییەکەی بەردەمم پڕیبوو لەداری خۆخ و گوێز و هەنجیر، سەرلەئێواران، سەوزیی گەڵاکانی دەردەکەوتن، کە هەتاو ئاوابووبوو، بگرە زەردەپەڕ، لووتکەی چیاکان، کە لەشوێنی خۆمەوە لێم دیاربوون و بەپێوەوەستابوون، لەچوارچێوەیەکی سووری گرتبوون.

گوتی: دەزانی بۆچی دەستنوێژەکەم تەواونەکرد؟

گوتم: راستییەکەی نازانم.

گوتی: چونکە لەشم پیسە.

گوتم: بەچی پیسبووە؟

گوتی: بەخوێنی ئەوان پیسبووە.

گوتم: کێن ئەوانەی لەشت بە خوێنیان پیسبووە؟

گوتی: هەموویان، سێ منداڵەکە و دایکیان، منداڵانی قەڵاچوالان.

بیرمکەوتەوە کە من لەپشتی ئۆتۆمبێلە ئیڤاکەوە دانیشتبووم، ئۆتۆمبێلی هێنانی ئەرزاقی یەکەکەمان، پاش گەڕانەوەم لە نەخۆشخانەی سەربازی گەیاندمیەوە و دیتم ستوونی دووکەڵ لەگوندەکە هەڵدەستا.

گوتم: ئایا تۆ هۆکاری راستەوخۆی مردنەکەیان بوویت، یان شایەتی مردنەکەیانیت؟

نیگایەکی سەیری لێکردم، کە پێشتر نیگای وام لێنەدیبوو.

گوتی: جا جیاوازییان چییە؟

گوتم: جیاوازییەکە لەجۆری بەرپرسیارێتییەکەدایە، رەنگە.....

گوتی: خەملاندنی ئەمە بۆ تۆ بەجێدێڵم.

گوتم: جابر من حەزم لەرۆڵی قازی نییە. من هاورێی تۆم و رەنگە ئەوەی تۆ پێیدا تێپەڕیت من پێیدا تێپەڕییام.

رەنگی زەردهەڵگەڕا، وەک ئەوەی خوێنی تێدانەمابێ. کەفم لەهەردوو گۆشەی دەمیەوە دیت، هەردوو چاوی، کە رەشی قوڵبوون، بە نیگەرانییەوە دەسووڕان و ئۆقرەیان نەدەگرت.

گوتی: کە لەگەڵ نەقیب عەبدولقادر، فەرماندەی سریەکە چووم، ئامێری (بی ئار سی)م پێبوو، ئەویش رەشاشێکی پێبوو و پێیگوتم: ئەگەر دیتت نارنجۆکێکم هەڵدا، خێرا لەسەر زەوی راکشێ! ئەوکات پرسیم: گوندەکە بەرگرییان نەکرد، پێشمەرگەش هەڵکشان بۆ سەر چیاکە و جگە لە ژن و مناڵ و پیران کەسی لێنەماوە، ئەمانەش بێچەکن، لەترسان بەتەواویش ئیفلیج بوون، کەواتە نارنجۆکی دەستی بۆچی؟

پێیگوتم: بچۆ ئەم کۆڵانەوە، وامکرد. ریزەکە چوار ماڵی لەبەرد دروستکراوبوو. نەقیبەکە کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا کە نەخشەی لەسەر دروستکرابوو. بەخێرایی چاوێکم دایێ زانیم ماڵەکانی گوندەکەن. نەقیبەکە ماڵەکانی ژمارد و گوتی: ئەم ماڵە سێیەمە.. پاشان گوتی: عەریف جابر. گوتم: بەڵێ گەورەم. گوتی: پێلەقەیەک لەدەرگاکە بدە، کەمێک دوودڵبووم، پاشان پێلەقەم لێدا، دەرگاکە کرایەوە، مریشکەکانی ماڵەکە هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵاتن، منداڵێک لەبەردەممدا قوتبووەوە، کە رەنگە بەپێی خەملاندنی من پێنج یان شەش ساڵان دەبوو، قژی قاوەیی خاوبوو، دەموچاوی خڕ و جوانبوو، خەریکبوو دەنگی لەگەرووی گیردەبووم دەنگی وشکبوو، سالم و عەبد و سامی بەغار هاتن و گوتیان چیبووە؟.... ئاماژەم بۆکردن، بێدەنگبوون.....

کە منداڵەکە منی دیت لەرزی و چووە نێو ژوورێکی بچووکەوە و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست. نەقیبەکە دوای من هاتەژوورەوە و منداڵەکەی بینی کە چووە ژوورەوە و گوتی: عەریف جابر دەرگاکە بدە بەر لەقە، بە پاڕانەوەوە تاماشایەکیم کرد و گوتم: گەورەم ئەمە هەر منداڵە. گوتی: عەریف جابر فەرمانی سەربازی جێبەجێبکە. بەهێواشی بەدەست پاڵێکم بە دەرگاکەوەنا تا منداڵەکە نەترسێنم، لەپڕ چاوم کەوتە سەر ژنێکی سی ساڵان کە پشتیدابوو بە دیوارەکەوە و هەرسێ منداڵەکەی گرتبووە باوەش، کە منیان دیت لە بۆشایی دەرگاکەوە وەستاوم هەموویان تەماشایان کردم، ترس چووبووە چاویانەوە. هەمان نیگای ترساویان هەبوو، وەکوو بڵێی یەک کەس بن، بینیم منداڵەکان سەرە بچووکەکەیان خستبووە باوەشی دایکیانەوە، جوجەڵەبوون و پەنایان بردبووە بن باڵی دایکیان و ئەویش لەخۆیگرتبوون، نیگای ترسەکە لەهەردوو چاوی ئەویشدا بەدیدەکرا، بەڵام نیگایەکی نائومێدانە و کوشندەبوو. نەقیبەکە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و پێیگوت: محەمەدە سوری مێردت لەکوێیە؟ تەماشایەکی من و پاشان نەقیبەکەی کرد و بەزمانی کوردی و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: عەرەبی نازانم، نەقیبەکە پێیگوتم: ئەو ژنە چییگوت؟ گوتم گەورەم گوتی: ئەو عەرەبی نازانێ، نەقیبەکە گوتی: درۆدەکات.

لێیپرسی محەمەدە سوری مێردت لەکوێیە؟ نارنجۆکێکی دەستیی دەرهێناو بزماری ئەمانەکەی لێدەرکرد و حازربوو بۆ هەڵدان. ترس بە تەواوی ئیفلیجیکردم و گوێملێیبوو ژنەکە دەیگوت بەخودا نازانم، بەخودا نازانم.

نەقیبەکەم دیت تفێکی هەڵدا و گوتی: قەحبە... گوێشملێبوو گوتی: خودایە پشت بەتۆ.. جابر راکشێ.

گوێم لەدەنگی تەقینەوەکەبوو، تەقینەوەیەکی زۆر بەهێزبوو، لەسەر زەوی راکشابووم و هەستمکرد شتێکی قورس بەر مەچەکم کەوت و شلەیەکی لینج تەواوی قۆڵمی تەڕکردبوو، ترسام بەرکەوتبم. کە تۆز و دووکەڵ رەوینەوە، نەقیبەکەم بینی جلە پەڵەدارەکەی خۆی دەتەکاند، تاماشایەکی لای راستی خۆممکرد، ببووە شوێنی ئازار و خوێنی گەرمی لینج بەسەر هەردوو قۆڵمەوەبوو، سەری بڕاوی منداڵێکم دیت کە شادەمارە بڕاوەکەی خوێنی لێدەچۆڕا، بەتەواوی ترسام، سەری ئەو منداڵەی دیتبووم، دەموچاوە خڕ و قژە خاوەکەی. تا ئێستا نازانم چۆن توانیم سەرە بچکۆلەکەی هەڵبگرم و بیخەمە نزیک دیوارەکە، لەوێ پاشماوەی لاشەکانیان وەکوو یەک بارستایی

گۆشت، پارچەکانیان تێکەڵ بووبوون و بەهێڵێکی فیچقەکردوو و خوار ، لەشوێنەکەی ئێمەوە، من و ئەفسەرەکە، کەمێک بەرزتربوو، خوێن چۆڕەی دەکرد.

ئەفسەرەکەم دیت کە تێیان ڕامابوو، هێشتا نازانم لەو چرکەیەدا چی لەمێشکی دابوو، هەردوو پوتە قاوەییە سەربازییەکەی تا پاژنەیان لەخوێن نقوم ببوون، هەستمکرد هەموو هەناوم دێنمەوە. بەقایمی هاوارم کرد، هاوارێکی پەنهان، ئاگام لێبوو دەمانچەکەی دەرهێنا و رووی تێکردم و کەمێک کشایە دواوە، جێپێی هەنگاوەکانیم بینی کە لەسەر حەسیرە خورییە سپییەکە نەخشابوو، سورێکی تۆخبوون، گوێم لێبوو گوتی: دەتدەمە ئەنجومەنی سەربازی. جابر دەستی بەلەرزینێکی زۆرکرد. سامی گرتی و بردیە سەر خوانەکە و ئێمەش دوایکەوتین، هەستم کرد ئازاری هەردوو پێم پتربوو، گوێم لەژنە پێشکەشکارەکەبوو دەیگوت:

گوێگرانی خۆشەویست، ئێستا کاتی بانگە، بانگی ئێوارە بەپێی کاتی شاری بەغدا، خوا ڕۆژووەکان و کارەکانتان قبوڵ بکات...

سامی گوتی: جیاوازیی کاتی نێوان بەغدا و سلێمانی چەندە؟

سالم گوتی: جیاوازییان نییە، پەرداخێک ئاوی تێکرد و دایە جابر. جابر خواردیەوە و دەمی خۆی سڕی و سەری داخست و بێ ئەوەی قسەیەک بکات.

عەبدیش گوتی: گەلۆ فەرموون بەربانگ بکەن.

دەستیان بەخواردن کرد، من دەستم بۆ خواردنەکە نەبرد، جابرم دیت لەسەر خوانەکە هەڵسا. بینیم رووی لە رەبایەکە کرد و پەردەکەی لابرد و چووە ژوورەوە، پاشان لەتاریکیدا ونبوو. سامی ویستی بەدوایدابچێت، کەچی سالم داوای لێکرد لێیگەڕێ بحەسێتەوە.

عەبد گوتی: وەلید ئایا رەزامەندبوون بتنێرن بۆ نەخۆشخانەی سەربازیی رەشید؟

گوتم: نا، نووسیان بگەڕێتەوە بۆ یەکەکەی و کاری سووکی پێبسپێردرێ.

سامی گوتی: بەڵام تۆ بەحاڵ رێدەکەی...

سالم گوتی: ناینێرن تەنانەت ئەگەر هەردوو پێشی ببڕدرێتەوە.

وا بیرم کردەوە ئەوەی سالم گوتی راستە، ئەوان ناهێڵن بە ساغی ئەم شوێنە جێبهێڵم، رەنگە رۆماتیزم کاری خۆیکردبێ، هەستم بەسەرەگێژەکرد، پەرداخێک ئاوم هێنا و کەمێک خوێم تێکرد و خواردمەوە، هەستم بە کەمێک ئاسوودەیی کرد، سەرم سوڕما کە جابرم دیت بە تەواو ڕووتی، لە رەبایەکە دێتەدەرەوە و جلە سەربازییەکانی لەسەر عەردەکە داناوە و تەنەکەی نەوتەکەی لە رەبایەکەوە هێناوە. پاشان نەوتی کرد بەسەر قۆمەتە جلەکەدا و گڕێکی بەهێزی لێهەڵسا و هەموو ئەو ناوەی رووناک کردەوە. ئەوکات جابرم واهاتە بەرچاو، مرۆڤێکە لەبەرەبەیانی بەرایی مێژووەوە هاتووە. رووتە و گەرمیی ئاگرەکەی بۆ دەچێ. تەماشای لەشە لەڕەکەیم کرد بریقەیەکی سووری دەدایەوە سەر رەنگی گەنمیی ئەسمەری دەموچاوی. ئەندامانی جەستەی، لەبن بەرە توکنەکەی بەڕوونی دیاربوون. بەبێ چاونوقان تەماشای گڕی ئاگرەکەی بەردەمی خۆی دەکرد. بینیم بەتەواوی بێدەنگبوون و وازیان لە نانخواردن هێنابوو.

وەکوو یەکێک کە بەهێمنی و رەزای خۆیەوە خۆی بشوات، تەنەکە نەوتەکەی لەسەر سەر و لەشی خۆی خاڵیکرد، هەمووما هاوارمان کرد جابر نەکەی، نەکەی، ئاگرەکە هەڵلیلوشی و بە چنگە زۆر و زەوەندەکانی لێمانی برد. سالم رایکرد تا بەتانییە قاوەییەکەی لەئاو هەڵکێشێ و بە تۆپەڵە ئاگرە گڕدارەکە رابگات. تۆپەڵە ئاگرەکە دەسوڕایەوە و بینیمان کەوتە لێژاییەکە و غلۆربووەوە. سالم ویستی بیگاتێ و عەبد هاواریکرد: سالم بوەستە، ناوچەی مینڕێژە. هەر چوارمان وەستابووین و تەماشای تۆپەڵە ئاگرەکەی دۆڵەکەمان دەکرد، بۆنی گۆشتی سووتاو بەرزدەبووەوە و ئەو ناوەی پڕکردبوو.

ئێستا پشتمداوەتە تاوێرەکە، تاوێرە سپییەکە، کە لە سەر شێوەی هەرمێیەکی زۆر زلی وەک ژن لووس داتاشراوە و دەڵێم: کێ دایتاشیوە؟

هەست بە ساردییەک لەسەر پشتم دەکەم، لەم چرکەی ئێوارەدا گوێم لەخوێندنێکی خۆشی ئایەتێکی قورئانە بەدەنگی عەبدولباسیت عەبدولسەمەد، کە دەنگێکی سازگاری هەیە و دوور دەڕوا. لە رادیۆکەی جابرەوە، رادیۆیەکی رەنگ رەش، مارکەکەی قیسارەیە، لەم چرکەیەدا شتێکی لێڵ دەخاتە دڵمەوە، بەهەمان هێزی ئەو بۆن سووتاوەی لەخوارەوە دێ، دەشزانم شتێکی مرۆیی تێدایە، هەستیش دەکەم شتێک لە رۆحمەوە هەڵدەکشێ، شتێک هەردوو چاوم پڕ دەکا لە فرمێسک و واملێدەکات بە تاوێرە سپییەکە بڵێم: خوشکێ لە باوەشم بگرە، دڵم پڕیەتی لە تاسە.

ئیری، پنسلڤانیا

١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ز

سەرچاوە: نعیم شریف، کلاب الآلهة، قصص، دار نینوی للدراسات و النشر و التوزیع، ٢٠١٨، طبعة ثانیة، لیلة القدر، ص ص ٧٥- ٨٤.

# مەزاد.. مەزاد.. هەراج.. هەراج..



د. جەمشید حەیدەری

خەلکەکی زۆر کۆبووینەوە، ئەفەندی، جامانە بەسەر، کەشیدە لەسەر، سەر ڕووت... هەموو جۆرێکن.. چەکدار، بێ چەک..!

ـ ئەرێ ئەو حەشامەتە بۆ کۆبووینەوە؟! چ قەوماوە..

یەکێک لەسەر مێزێک ڕاوەستاوە و پر بەدەنگی هاوار دەکا و دەقیرینێ:

مەزاد.. مەزاد.. هەراج.. هەراج..!

کابرا لە خەلکەکە نزیک دەبێتەوە و دەچێتەپێش و دەپرسێ: ئەرێ ئەمە چ مەزاد دەکەن؟!

ـ یەکێک وەرامی دایەوە.. چت دەوێ هەیە!

ـ کوو.. هەموو شت لێرەدا دەفرۆشرێ!؟

ـ هەرهەموو شت.. هەراج دەکرێ..

ئەرێ کابرا جاری یەکەمە هاتییە هەراج خانە.. ئەتوو غەریبی!

ـ نا.. نا غەریب نیم.. بەڵام لەمێژە ئەو وڵاتەم جێهێشتوە.. تەنیا لە tv دەنگ و باسی دەزانم..

ـ باشە لەtv چۆن باسی ئەو وڵاتە دەکرێ..

ـ برا بەهەشتە.. گورگ و مەر پێکەوە دەلەوەڕێن.. حکومەت پێ ڕاناگا پرۆژەی نوێ بکاتەوە.. هەموو شتێک هەیە.. واخەریکە کوردستان دەبێتە دوبەی..!

ـ کابرای شاری لە قاقای پێکەنینی دا.. بەخوا برا لەگوێ گادا نووستووی؟!

ـ لۆ کاکە.. ئەدی وا نییە...!

ـ کورە بابە وایە.. وا

ـ باشە ئەورۆ چ مەزاد دەکەن؟ هەفتەی جارێک هەراج هەیە!

ـ نا.. نا هەموو ڕۆژێ.. هەندێ جاران بەشەویش.. هەیە چما نازانی؟

ـ ناوەڵڵا نەمزانییە لە وڵاتەکەم شتی واهەیە.. ئەدێ تەلەفزیۆنەکان ئەوە پیشان نادەن! ڕاگەیاندن بۆی نییە لێرەدا ئامادەبیت..

ـ بۆ؟ مالی دزییە..!

ـ نا.. نا.. هی میللەتە.. هی میرییە!

باشە چ شت هەراج، مەزاد دەکرێ!

ـ زەوی و زار.. باخچە.. باغ.. کارگە.. ئوتێل.. یارگا..

ـ زەوی شار یا کشتوکاڵ؟

ـ زەوی شار..

ـ برا چما زەوی لەشار مایە! دەڵێن هەمووی بەسەر هەژاران دابەش کرایە..

ـ هەژاران! .. نا.. نا.. برا زەوی باش دەستی بەسەر داگیرایە..

ـ کێ دەستی بەسەر داگرتییە!!

ـ نە بەعس مایە و نە داگیرکەر..

ـ ئەدی کێ ئەو کارە دەکا..

ـ هەرمەپرسە!

ـ کوو.. نەپرسم.....

ـ کورە دیوار بەگوێیە..

ـ برۆ با لێرە برۆین، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.. پێکەوە ڕۆیشتن..

# ئاکام

کازیووە بوو کە عیشقت بەبارین کرد،
هێشتا تنۆکەکانی سەر گەڵای دارەکان،
وەک بووکی یەک شەوە ئاوێزانی شەرم بوون،
ڕازی جێژوانی شەوی یەڵدای لەباڵای خۆی نەتەکاندبوو.
هێشتا شەونمەکانی سەرڕووی گوڵەکان.
بەم چێشتەنگاوە لەخەوی باوەشی ئارامی هەڵنەستابوون،
تا تیشکی خۆر لەباوەشیدا گەرمیان بکاتەوە،
بەکزە بایێ بیانگەیەنێتە باڵای هەورەکان.
کەچی لەمێژ بوو من سەوداسەر و سەرگەردان،
لەحەسرەتی ڕامووسانی کوڵمەکانت داگیرسابووم.
کچێ ئەی شیرنتر لەهەنگوینی شاخ و کێو،
ڕازاوەتر لەپەپولەی سەرگوڵ و گەڵا
دڵگیرتر لەفەرشی سەوزی بەهار و
بەرزتر لە باڵای چیا،
گەشاوەتر لە مۆم و
خۆری داگیرساو لە شەوی سیا،
ئارامگەی هەست و سۆزی دڵ
دونیای پڕ خۆشەویستی دوور لە سەودا
من تێناگەم بۆچی هەموو جارێ بازگەی زەمەن،
دەمخاتە نێو ڕۆژگارێکی هێندە سەخت و تەنیا.
بێبەزەییانە دەمهاڕێ، دڵڕەقانە دۆزەخێکم بۆ ساز دەکا.
تەماشاکە چۆن شمشێری تیژی لەسەر ئەوکم داناوە.
چش لەو دەست و پەنجە تەزیوانەم.
کە لەداخی نەگەیشتن بەباخی سینەی تۆدا هەڵوەرا.
نامراد و بێبەش لەخەندەیەکی سەر لێوو قیبلەی نیگا.
خودایە نازانم بەئاکامی عیشق دەگەم،
یا بێ ناونیشان فڕێ دەدرێم، لەخەرەندێکی دوورە ڕێگا،
ئەوسا هەموو دیارییەکەم لە هەوراز و نشێوی ژین
دەبێتە دونیایەکی پڕ لە ئەشک پڕ لەکۆڤان و برین.
منیش دەیبەخشمە لوتکەی شاخێک.
بۆ نووسینەوەی داستانێکی تری ئەوین
وەک قەدەری ڕەنجی فەرهادێکی عاشق،
لەڕازاندنەوەی بێستوونێک بۆ شیرین.



شەماڵ عەبدوللا

**یوسفی حەمەڕەشید**

# ئەلها

خۆ دەزانم
لەڕەگەزی تراویلکە و تارمایی بوو
بەڵام چیبکەم
بۆ سوکنایی دڵەی پڕئێش
وەکوو حەزی
بوونەوە پشکۆی خۆڵەمێش
ئەلهای بینینەوەی دەکەم
هێشوەچنی نیگاکانییم
حەز لەچنینەوەی دەکەم.
٢٠١٧/١٢/٢


# کوا دڵپیسم؟

دڵپیسیی من هەرئەوەیە
پێم خۆش نییە بۆ یەک چرکەش
خۆر لەژێر هەورا بێتەدەر
تا سێبەرمان بۆ چێ نەبێ
من دەمەوێ لەخۆم زیاتر
هیچ کەسی دیت هاوڕێ نەبێ.
٢٠١٥/١٢/١٤

# پەپوولەی دڵ

وامدەزانی دڵم چەشنی پەپوولەیە
لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵە و
لەو گوڵەوەش بۆ گوڵی دی هەڵدەفڕێ.
من چوزانم لەگەڵ بۆنی یەکەم گوڵا
هەردوو باڵی هەڵدەوەرێ.
٢٠٠٣/٩/١٠

# ئەوە چ خەنێک بوو



هەڵۆ خانەقینی

بەچی چارەی بکەم!
گوڵم ...
ئەوە خەونێکە کە نازانم
کتێبەکە لێوەکانت دەخوێنێتەوە.
یان لێوت کتێبەکان
ئەڵێتەوە ....
ئەوە حەرفی نامەکانە بە
حینجە ... تاقیم ... دەکەنەوە
ئەو بەنازەوە پێدەکەنێت
و هەوری
هەڵمژینەکەی بارانی زستانی لێ دەبارێت.
وەک مێزێک لە بەر پێمدا
هەڵدەگەڕێیتەوە.
بێدەنگی دەنگەکان بە ژماردن دەشکێنرێت
لەگەڵ بۆنی عەترەکەی هەنیەی
تێکەڵاوی عارەقەی
لامل و بەرۆکی دەبێ
دێتە خوارێ
دەم لە سەر سنگی ئەو و
جوت سێوەلاسورەی
دەس بە سەماکردن ئەکا
لەبەردەمم
بە گەرمی پەلە بکا
لە ژێر کراسەکەمدا لەدەمارەکانی
ڕوحما مێرووله دەکا
پارچەی ڕێنوسی شعرێکما
شۆڕ دەبێتەوەو
لە بیرم ئەکات و
لەبیری ئەکەم
ئەوە چ خەونێک بوو
نازانم ...
ئەو ڕوحەی من وا لەناو لەپی
دەستی ئەودایە
من بەدوای خەیاڵەکانی ئەودا
کەوتم ... ئەو
پیاسە دەکات
یان خۆی دەشارێتەوە
لە ژێر پێتەکانی
بزر بوومە.
تەنانەت ئەو بوونەی کە من تێیدا
دەستی منیان لێدا
بوومەلەرزە و
ڕەنگەکان و
بیرۆکە گەمژەییەکان
خولیای پیاوێکی ڕەش ئەسمەری
بەدەست و مەرەکەبەوە لە ناو چرپەیەکدا
دوادڵۆپی شعرێک ئەنوسێتەوە
و نامەکانی بەدیکتاتوریش ڕادەکەن
یەکەم وشەی شاجوان
دووبارە بکەوە
تەنانەت ناوەکانیشم لە بیر چوو.
تۆش پارچەیەک لە ڕێنووسەکە
دەسنووسەکەم بۆ
بگەڕێنەرەوە.

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **پیرۆزکردنی شێخانی سۆفی**

سەعید مەولوود نادر

- **سەرچاوەکانی پەند و ئیدیۆم**

عەبدولوەهاب شێخانی



# پیرۆزکردنی شێخانی سۆفی



سەعید مەولود نادر

بەشی یەکەم

### چەمک و مێژووی پیرۆزکردن

بەگشتی ئایینەکان وەک دیاردەیێکی کلتووری، بوونیادێکی هاوبەش و یەکگرتوویان هەیە، هەریەک لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی (باوەڕ، سروت، ئەفسانە) ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەپێکهاتنیدا، لەناو بوونیادەکانیشدا باوەڕ کۆڵەکەی سەرەکی فۆرمەلەبوونی ئایینە، کە بریتییە لە یەکەم شێوەکانی گوزارشتکردنی کۆمەڵ، لە ئەزموونی ئایینی تاکەکەسییەوە، لەهەڵچوونی سۆزییەوە دەردەچێت بەرەو تێرامانی زەینی، لێرەوە ئەزموونی ئایینی باوەڕ پێکدەهێنێت (مبروک، ٢٠١١: ٤٧) چونکە باوەڕ ئەزموونە ئایینییەکە ماقول دەکات و ئەرکی ڕێکخستن و بەیاساییکردنی ئەزموونە ئاینییەکە لەئەستۆ دەگرێت، بەمەش عەقڵی مرۆڤ بەشداری دەکات لە دارشتنی چەمکگەلێک لەسەپاندنی ئەزموونە ناوەکییەکە بەسەر جیهانی دەرەکیدا، لەئەنجامدا کەسایەتی و هێزی مەعنەوی بەرهەمدێت، کە هەستکردن بەپیرۆزی کەڵەکە دەکات و بەرەو دەرەوەی دەروون دەچێت و شێوازە سەرەتاییەکانی باوەڕ پێکدێت (السواح، ٢٠٠٢: ٤٧-٤٨) چونکە ئەزموونی ئایینی لەبنچینەدا، ئەزموونێکی عەقڵی نییە، ئەوەندەی هەستەکییە، سروشتی ئەو پرۆسەیە ناخوازێت بەڵگەیێکی دەستکەوێت بۆ سەلماندن، بەڵکو دەیەوێت چێوەیێکی بابەتییانەی بۆ بدۆزێتەوە، تا ڕەوایەتی ماقولیەتی پێبدات (مبروک، ٢٠١١: ٤٧).

دەتوانین بڵێین ئایین باوەڕێک نییە لەڕێگەی زانینەوە دەستەبەر بکرێت، لەسەرووی ئەمەوەیە، بەڵکوو پەیوەستەگییێکی ڕۆحی ئاڵوگۆڕکراوە، پەیوەندی بە گوێڕایەڵی و ملکەچی هەیە لەنێوان باوەڕدار و هێزی باڵا، ئەمەش بەرهەمی ئەزموونی ئاینییە و پەیوەندی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە (جادالله، ١٩٩٠: ٨٦) دۆرکهایمی کۆمەڵناسی ناسراو(١٨٥٨-١٩١٧ز) جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو باوەڕە ئاینییەکان، بە سادە و ئاڵۆزەکانییەوە، لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتییێکی گشتی هاوبەش دەرکەوتوون، دوو جیهانبینی دەسەپێنێت بەسەر هەموو شتەکاندا، کە پیرۆزکراوەکان و دونیاییەکانە، پێناسەی ئایین دەکات بەوەی سیستەمێکی بەیەکەوە گرێدراوی نێوان بیروباوەڕ و کرداری پەیوەست بەشتە پیرۆزەکانە، واتە ئەو شتانەی جیاوازن لە ئاساییەکان و قەدەغەکراون، ئەو باوەڕ و کردەوانەش باوەڕدارە ئاینییەکان لەکۆمەڵەیێکی مەعنەوی کۆدەکاتەوە (السواح، ٢٠٠٢: ٢٦-٢٧) لەمەوە پەیوەندییێکی ڕاستەوخۆ (ئایین و پیرۆز)ی کۆدەکاتەوە.

مەبەست لەو گوزارشتە، ئاسانتر تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان ئایین و پیرۆزییە، چونکە دەرکەوتنی ئایینە سەرەتاییەکان دەرئەنجامی سەرهەڵدانی پیرۆزییەکانە، دوای ئەوەی مرۆڤ نەیتوانیوە مەودای هێزی کەرەستە پیرۆزکراوەکە دیاریبکات.

بۆیە دەتوانین بڵێین پیرۆزکردن بەمانا گشتگیرییەکەی، مێژووەکەی پەیوەستە بە سەرهەڵدانی ئایینە سەرەتاییەکان، چونکە دەستەوەستان بوونی مرۆڤ بەرامبەر هێزە باڵاکان و نەتوانینی لێکدانەوەی واقعییانە بۆ ئەو هێزانە، مایەی ملکەچبوونی مرۆڤە، لەکاتێکدا نەیتوانیوە

پەی بەسەرچاوەکانی ئەو هێزانە ببات، کاریگەریشیان بەسەر ژیانەوە هەبووە، بۆیە مرۆڤیان ناچارکردووە بەرامبەریان دەستەوەستان بن و وێنایێکی پیرۆزیان پێ ببەخشن، هەروەها ئەو هێزانە، بەبێ جیاوازی، مایەی ترس و سەرسامیش بوون، جا چ سروشتی بن، وەک: لافاو، باران، هەورەتریشقە، بوومەلەرزە... هتد، یانیش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو سیستەم و ڕێسایانەی فۆڕمی پێکەوەژیانی کۆمەڵگایان ڕێکخستوە (قەرەداغی، ٢٠١٢: ١٥-١٦) بۆیە گەلێکجار سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و داب ونەریت وەکوو بنەمایێکی ئایینی ڕەچاوکراوە و تاکی پەیوەستکردووە بەخۆیەوە.

ئایینیش پڕۆسەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و پێویستی داواکردنی یارمەتی لەهێزێک، کە تواناکەی لەسەرووی هێزی مرۆڤەوەیە، ئەو کردارەش باوەڕبوونە بەو هێزە باڵایە و ملکەچبوونە بۆی (السواح، ٢٠٠٢: ١٦) یان لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بریتییە لەکۆمەڵێک بیروباوەڕ و دروشم و ئەزموون، کە بیرۆکەی پیرۆزی بەرهەم دەهێنن، کۆمەڵێک بڕوادار لەسەر ئەم بیروباوەڕانە یەکدەگرن و گروپێکی ئایینی پێکدێنن (الخشت، ٢٠٠١: ١٥) لێرەوە ڕێزنەگرتنی پیرۆزییەکان دەبێتە پێشێلکردنی حەرامکراوەکان و دوورکەوتنەوە لە بنەما باوەکانی کۆمەڵگە، جا پیرۆزییە ئایینییەکان، یان دابونەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکان بن.

لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، ئەگەر هێزە سروشتییەکان وەکوو توانایێکی باڵاتر لە توانای مرۆڤ کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەبێت، دەستگرتن و پەیوەستبوون بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەرییەکەی کەمتر نییە، چونکە ئەمیش مایەی سود و زیان بووە و ئاستی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دیاریکردووە، ئەمەش وایکردووە یاسا کۆمەڵایەتییەکان جێگەی ڕێز بن و بەپیرۆز وێنایان بکرێت (السواح)ی نووسەری بواری ئایینی، جیهانبینی پەیوەندی نێوان تاکی کۆمەڵگە بە ژیانی ئایینییەوە ڕوون دەکاتەوە، پێیوایە تاک هەست ناکات ئەوەندە پەیوەستە بەئایینی کۆمەڵگەکەی، ئەوەندەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرستراوە دیاریکراوەکانی چوارچێوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی(٢٠٠٢: ٨٩) ئەمەش گوزارشتە لەپیرۆزکردنی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هاوشانی بیروباوەڕە ئایینییەکان، لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە بەرهەمهێنانی پیرۆزکردندا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو مانایانەی کە باوەڕدارەکانی ئەو بوارە، بە فاکتە پیرۆزکراوەکەیان بەخشیوە، نەک خودی بوارەکە فاکتێکی پیرۆز بێت.

پیرۆزی بەشێکە لەکایەی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا ئایین و بیروباوەڕ ڕەنگڕێژ دەکەن، دانەبڕاوە لەبواری بیروباوەڕی ئایینی و پەیوەندییێکی دوورمەودایان بەیەکەوە هەیە، بۆیە کلتووری ئایینی پڕاوپڕە لەپیرۆزی و کایەی پیرۆزکراو، تەنانەت خودی چەمکەکەش پیرۆزکراوە. لەهەمانکاتدا سۆفیگەریش ئەزموونکردنێکە، خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و خاوەنی کلتوورێکی فرە ڕەهەندی ئایینییە، لەمەوە کلتووری پیرۆزی دەبێتە بەشێک لە دونیابینی ئەو ئەزموونە و پانتاییێکی فراوانی بیروباوەڕی دەگرێتەوە، چونکە دواجار کلتوور سەرجەم بەرهەمە مادی و ڕۆحییەکان دەگرێتەوە، کە گروپێکی مرۆیی لەمێژووی خۆیاندا بەرهەمیان هێناوە، بەشێوەییێک پێناسەکراوە: بریتییە لەسیستەم و بەها و بیروڕباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فیکری و شێوازی ڕەفتار و ....هتد، کە لەنەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دی (سەعید، ٢٠٠٠: ٥). ئەمەش بەو مانایەی ئایین بەشێکە لەکلتوور، کە پەیوەندی بەخەیاڵدانی مرۆڤەوە هەیە. سەبارەت بە پیرۆزکردنی کەسایەتی، بەرزکردنەوەی پێگەکەیەتی زیاتر لە ئاستی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکە، خاوەنی پیرۆزییەکی وەرگیراوە، بۆیە گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەرکی شوێنکەوتووەکانییەتی و دەبێت بەردەوام پەنای بۆ ببەن بەمردوویەتی، یان زیندوویێتی (لوح، ٢٠٠٢: ٤٥/١).

ئەگەر سەرنج بدەینە نووسراوی سۆفییەکان، بەتایبەت مەناقبی شێخەکان، دەبینین جەخت لە کەرامات و بەسەرهاتی ئەوتۆ دەکەنەوە، کە وێنایێکی ئەفساناوییان بۆ کەسایەتییەکە دروستکردووە، بەبێ پەیوەستبوون بەهیچ کۆتووبەند و دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی، چونکە سۆفیگەری هەمیشە لە ڕێگەی بایەخدان بەو میراتە، پێناسەی خۆی دەکات و وەکوو حەقیقەتێکی ڕەها دەیناسێنێت، بەدوای دەستنیشانکردنی بنەماکانی خۆیدا دەگەڕێت، هەمیشە پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت لەسەر ئاستی بڕوادارییەوە بوونەوەرێکی

> **“تاک هەست ناکات ئەوەندە پەیوەستە بەئایینی کۆمەڵگەکەی، ئەوەندەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرستراوە دیاریکراوەکانی چوارچێوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی”**

پابەندە و بایەخی ئایینی فەرامۆش نەکردووە، لەم بۆچوونەوە توێژەرێک پێیوایە هەندێک لەسۆفییەکان بۆ خۆدەربازکردن لەتۆمەتی بیدعەکاری، هەروەها لەپێناو دۆزینەوەی ڕەسەنێکی شەرعیش بۆ ڕەفتار و بۆچوونەکانیان، دەگەڕێنەوە بۆ دەقە بنەڕەتییە ئاینییەکان (قورئان و فەرمودە) تا بتوانێت جیهانبینییەکەی تۆکمەتر بکات و لەلایەن ئەوانی دیکەشەوە کەمترین دژایەتی بکرێت (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٧) تەنانەت سۆفی هەیە لەلایەن شوێنکەوتووانییەوە وێناییکی ئەوتۆی بۆ کراوە، کە توانای قورئان خوێندنی لەکەسانی ئاسایی زۆر زیاتربووە، لەنێوان نوێژی مەغریب و شێواندا پێنج خەتمی قورئانی کردووە، لەمەش زیاتر شێخی دیکە لە شەوڕۆژێکدا سێ سەد و شەست هەزار خەتمی قورئانی کردوە (الشعراني: ٢٠٠٥: ٤٨٤) ئەوە گوزارشتکردنە لە وزەیێکی نەبینراوی نابەرجەستە لەکەسایەتی سۆفی، چونکە لەتوانای کەسایەتییێکی ئاسایی نییە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

> **رابیعەی عەدەوی دەڵێت: من نە لەترسی دۆزەخ تۆ دەپەرستم، نە بۆ پاداشتی بەهەشت، بەڵکوو بۆ خۆشەویستی تۆیە کڕنوشی بەندایەتیت بۆ دەبەم**

ئەگەرچی فەقیە و شەرعزان هەن، کە ئەو تێڕوانینە ڕەت دەکەنەوە و لەگەڵ گروپە ئایینییەکانی دیکە هاوتایان دەکەن (ابن تيمية،٢٠٠٤ : ٤٣١/١١؛ ٣٦٤/١٤) ئەمەش وای لەنووسەرانێک کردوە پێیانوابێت جیهانبینی سۆفیگەری پیرۆزکردنی وەلی و پیاوچاکانە، تا ئەو ئاستەی لەسەرووی پێگەی پێغەمبەرانیش وێنا کراون، دەسەڵاتیان لەهەندێک بواری وەکوو زیندووکردنەوە، مراندن، دابینکردنی ڕزق و بژێوی، هاوتای تواناکانی خودان (عبدالخالق، د.ت: ٣٨).

ئێمە نامانەوێت ئەو کارە بچێتە چوارچێوەی گێڕانەوەی سەرو سەربردە و گوتەی گەورە سۆفییان و ببێتە چیڕۆکێکی مێژوویی، یان لێرەدا پێناسەی کایەی سۆفیگەری بکەین، بەڵکوو مەبەستمانە سەرچاوەی پیرۆزکردنی کەسایەتی لەجیهانبینی سۆفییاندا دەستەبەر بکەین، بۆیە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو بوونیادانە بکەین، کە ئەو کلتوورەیان بەرهەمهێناوە.

## ناساندنی سۆفیگەری وەکوو چەمکێکی پیرۆز

سۆفیگەری ڕەوتێکی ئاینییە، دید و تێڕوانینی سەربەخۆی هەیە بۆ شرۆڤەکردنی بنەما ئاینییەکان، وەکوو بەشێک لە بیروباوەڕی زۆربەی ئایینە جیاوازەکان، پێناسەی خۆی داڕشتوە و مەودایێکی لەپانتایی بنەمای ئەو ئایینانە گرتووەتەوە، شێوازێکی بیرکردنەوەیە لەخودا و گوزارشتە لەئەزموونێکی ڕۆحی تاکەکەسییانە، لەڕێگەی ئەو ئەزمونەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودا ڕێکخستوە، کەسی سۆفی ویستوویەتی لەنێو هەمان سیستەمی کلتووری – ئاینییدا، تێڕوانینێکی تایبەتمەند بەرهەمبهێنێت (لەشکری، ٢٠١٣: ٩).

دەکرێ بڵێین ئەم گوزارشتە بۆ سۆفیگەری ئیسلامیش هەمان فۆڕم لەخۆ دەگرێت، چونکە لێرەشدا دەچێتە چوارچێوەی ئەو پێناسەیە و هەمان ئەزموونە ڕۆحییەکەیە، کە لەڕێگەی چەشتن و ئیشراقەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودا دەبەستێتەوە، بەو مانایەی هەوڵ و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بە پلەی خوداناسین لەڕێگەی هەستی دەروونەوە، ئەو هەستەش، چەشتنە لەڕێگەی دەروونەوە، نەک زمان، هەمیش چاوپێکەوتنە (موشاهەدە) بەڵام بەچاوی دەروون، نەک بەچاوی سەر، کە پێی دەگوترێت بەصیرەت (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٦١-٦٣).

ئەگەر بۆ دەستپێکی ئەو ڕەوتە ئاینییە بگەڕێینەوە لە ناساندن و پێناسەکەیدا، بەشێک لەگەورە سۆفییان هەوڵیانداوە بەجۆرێک بیناسێنن، وەکوو ئەوەی ئەزموونێکی بڵندپایە و پیرۆزی ئاینییە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایێکی سەربەخۆ، تا ئامانجە بنەڕەتییە ئاینییەکانی تێدا بەدەستبهێنێت، بەو مانایەی لەناساندنیدا دەیانەوێت لەڕێگەی سیمبول و مەجازاتەوە شێوازێک بۆ ئەرکەکانیان دیاری بکەن، تا گوزارشت لە بێخەوشی و پایە بەرزی و پیرۆزییەکەی بکەن. وەکوو ئەوەی ڕەوتەکە بەڕەوشتی خودایی ناسێنراوە (عطار، د.ت: ٤٧٣) ئەو ناوبردنە شێوازێکە لە پیرۆزکردنی ڕەوتەکە، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەڕوالەتدا جەخت لە پەیوەستبوونی شەریعەت دەکاتەوە، لەکرۆکدا گەڕانە بەدوای مانا ڕاستەقینەکانی ئایین و لەڕووی ویجدانی و دەروونییەوە گەیشتنە بە (عين اليقين) بەمانایێکی دیکە سۆفییەکان دەیانەوێت لەڕێگەی ناساندنی ڕێبازە ئاینییەکەیان وانیشان بدەن، کە بەباوەڕێکی یەقین و کاملترەوە پەیوەستن بە بنەما ئاینییەکان (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٦١).

لەمەوە ئەو ڕێبازە بووەتە جیهانبینییێکی ئایینی ئەوتۆ لەکایەیێکی داخراوەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی فراوانی تێگەیشتنی ئاینییانە، یان تەنانەت ناسینی خوداش، نموونەی ئەمە (الشبلي)



گەورە سۆفی، سۆفیگەری ناساندوە بەوەی دانیشتنە لەگەڵ خوداوەند، بەبێ هیچ شتێکی دیکە (القشيري، ٢٠٠١: ٣١٤) هەروەها توێژەرێک لە دەستنیشانکردنی پەیوەندییە ڕۆحانی و ئیلهامییەکانی سۆفی لەگەڵ خودا، لە کتێبەکەی (قشەیری)دا پێناسەیێکی ڕەوانی سۆفیگەری هەڵێنجاوە، کە دەڵێت: «سۆفیگەری خۆڕادەستکردنی خودایە و هەوڵی نەهێشتنی هەر نێوەندێکی نێوان سۆفی و زاتی ئیلاهیە» (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٦) بەپێی ئەو گوزارشتە، ئەوانەی ئەزموونی ئەو کایە ڕۆحییە دەکەن، بەربەستێک نەماوە بۆ گەیشتنیان بەو زاتە، ئەمەش جگە لە فراوانبوونی مەودای ئەزموونەکە لەڕووی چەندێتییەوە، دەیەوێت لەڕێگەی زمانەوە پێگە و پیرۆزی ڕێبازەکە بسەلمێنێ و دەرچەیێک ناهێڵێتەوە بۆ گومان و پەیوەست نەبوون پێیەوە.

سۆفییێکی دیکە ناساندوویەتی بەوەی کە: ڕەوشتێکی بەرزە، لەمرۆڤێکی چاکدا، لەکات و سەردەمێکی باشدا، بەرانبەر بە کەسانی باش دەکرێت (القشيري، ٢٠٠١: ٣١٣) واتە جەخت لەمە دەکاتەوە ئەم پاداشتە بۆ کۆی گشتی مەردووم نییە، بەڵکوو لەلایەن خوداوە ئەم ڕەوشتە بە گەلی سۆفییان بەخشراوە، لەلاییێکی دیکەوە لەپاڵ بڕواداری ئایینی، دەیانەوێت بیبەستنەوە بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم جۆرە دەربڕینانە لەلایەن خودی گەورە سۆفییەکان، کە پانتاییێکی فراوانی لەنێو سەرچاوە سۆفیگەرییەکان گرتوەتەوە، بونیادێکە بۆ پاکێتی و ڕەسەن بوونی ڕێبازەکە و وەرگرتنی مەشروعیەتێکی بالای ئایینی، بەجۆرێک دەیەوێت گوتاری گرێدانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕەوتەکە بەخوداوە بسەلمێنێ، تێگەیشتنێک بەرهەمبهێنێت، کە بگات بە حەقیقەتی خودا، تەنانەت خودی سۆفییەکانیش دەبەستێتەوە بەو حەقیقەتە، بەو مەبەستەی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی کۆی کۆمەڵگەی موسوڵمانان دروست بکات.

بەپێی بۆچوونی توێژەرێک ئەگەر ئەم گوتارە بۆ پەراوێز نەخستنی ڕێبازەکە بێت لەنێو کۆمەڵگەی موسوڵمانان (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٧) دواجار لەلایەن مورید و شوێنکەوتوانیان دەبێتە کەرەسەی بەرهەمهێنانی کلتوورێکی پیرۆز، چونکە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ڕزگاربوون لەقەیرانی بێ متمانەیی و دەبێتە ئومێدێکیش بۆیان، لەم ڕێگەیەوە ڕێبازەکە خۆی جیادەکاتەوە لەوانی دیکە و بانگەشەی پیرۆزبوونی خۆی دەکات، پرسی گەیشتن بە حەقیقەتی ڕاستەقینە لای بڕواداراني بەرجەستە دەکات.

کاتێک خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەتوانین بڵێین بواری سۆفیگەری لەلایەن سۆفی و بڕوادارانیان، لە بوارەکانی دیکەی دەرەوەی ئەو پانتاییە پیرۆزتر دەکرێت، کاتێکیش هەموو ئەو خەسڵەتانە دەبەستنەوە بەکەسایەتی سۆفییەوە، لە تێڕوانینی مورید و بڕوادارانی دەبێتە بەشێک لەپیرۆزییەکانی ناو ڕێبازەکە و توانای دەچێتە سەرووی توانای مرۆڤی ئاسایی، تەنانەت لەکەرامات و کارە نائاساییەکانیشی، بۆیە سەرەڕای پیرۆزکردنی ڕێباز و ڕابەرەکانیان، هەموو ئەو زانیارییانەش پیرۆزدەکرێن، کە دەربارەی ئەو ڕێبازە تۆمار دەکرێن، وەکوو دەگوترێت: «زانیاری سۆفیگەری لەهەرچی زانینە پیرۆزتر و بەڕێزترە، چونکە زانیاری ناسینی خودای گەورەیە، بێگومان زانینێک خوداناسی بێت، لەهەرچی زانیارییە گرنگتر

و پیرۆزترە، بەرهەمیشی لەهەموو بەرهەمێک بەکەلکترە، خاوەنی زانیارییەکی ئاواش لەهەموو زانایەکیتر بەڕێزترە« (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٠).

ئەو ڕێز و خۆشەویستییە بۆ سۆفیگەری و زانیارییەکانی تایبەت بەو بوارە، هەروەها کەسایەتییەکانی سەر بەو پانتاییە، لەلایەن بڕوادارانیان بەرگی پیرۆزی بەبەردا دەکرێت و باڵاتر لە مەردومانی دیکە و زانیاری کایەکانی دیکە وێنا دەکرێ، پێمانوایە ئەو پیرۆزکردنە پەیوەندی بە جیاوازی نێوان شەریعەت و حەقیقەت هەبێ، چونکە تێڕوانینی سۆفی بۆ ئەو دوو بوارە تەواو جیاوازە، سۆفیگەری کۆشش و

**پیرۆزی بەشێکە لەکایەی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا ئایین و بیروباوەڕ ڕەنگڕێژ دەکەن**

تێکۆشانی بۆ بەهەشت نییە، ئەوەندەی دەکۆشێت لەخاوەنی بەهەشت نزیک بێتەوە (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٤)

گوتەی گەورە سۆفییێک ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کاتێک لە وەڵامی موریدێکدا گوتویەتی: «ئەگەر بەهەشتت دەوێت بڕۆ بۆ لای زانای ئایینی، ئەگەر خاوەنی بەهەشتت دەوێت وەرە بۆ لای من» (وەرگیراوە لە نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٧٤) واتە شەریعەت ڕێگەیێکە بۆ گەیشتن بە بەهەشت، بەڵام سۆفیگەری ڕێگەیێکە بۆ گەیشتن بەخودا (حەقیقەت)، لەم ڕوانگەشەوە ڕابیعەی عەدەوی دەڵێت: «من نە لەترسی دۆزەخ تۆ دەپەرستم، نە بۆ پاداشتی بەهەشت، بەڵکوو بۆ خۆشەویستی تۆیە کڕنوشی بەندایەتیت بۆ دەبەم» (العطار، د.ت: ١٠٨)

## ناساندنی سۆفی وەکوو کەسایەتییەکی پیرۆز

لەپێشتردا ئاماژەمان بەچەند پێناسەیەکی سۆفیگەری کرد لەلایەن چەند گەورە سۆفییێک، چەندین پێناسەی دیکەی هاوشێوە لەسەرچاوەکان بەرچاو دەکەون، کە دەبنە بنەماییێک بۆ زیادەڕەوی لە ڕێزگرتن و خۆشەویستی بۆ ئەزموونە ئاینییەکە، بەهەمان شێوە ناساندنی سۆفییش وەکو پاڵەوانێکی کارای نێو کایە ئاینییەکە، بواری ڕەخساندووە لە بەرتەسک کردنەوەی مەودای پرسیارکردن و هەڵوەستە لەسەرکردنی، ئەمەش شێوازێکی بەرهەمهێنانی ئەو کلتوورە پیرۆزەیە، کە ئێمە دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەینەوە، کە بووەتە هەڵگری ناسنامەیێکی ئەوتۆی جیاواز لە مەردومانی دیکە، بەمەش هەموو کردار و ئاکارەکانی جێگەی باوەڕی لایەنگرانی دەبێت بەبێ پرسیارکردنی چۆن؟ بۆچی؟ کەی؟ لەکوێ؟ ...هتد.

دەتوانین بڵێین ناساندنی کەسایەتی سۆفی لە بەرهەمهێنانی کلتووری پیرۆزکردن، کەمتر نییە لە ڕۆڵی پێناسەی سۆفیگەری، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، چونکە ئەگەر سۆفیگەری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان سۆفی و خودا بێت، ئەوا سۆفی دەبێتە ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و پەیوەندیێکی ڕاستەوخۆی بەو زاتەوە هەیە، ئەمەش لەناوەڕۆکدا بەخشینی شکۆمەندییە بەو کارەکتەرە و تۆخکردنەوەی پیرۆزییە بۆ ئەو کەسایەتییە، چونکە سۆفی بوونەوەرێکی ئەوتۆیە، لەسەرووی توانستی عەقڵی و پرسیارەوە گوزارشت لەخۆی دەکات.

هجویری لەناساندنی سۆفیدا، دەڵێت: «فالصوفي: هو الفاني عن نفسه، والباقي بالحق، قد تحرر من قبضة الطبائع، واتصل بحقيقة الحقائق» (١٩٧٤: ٢٣١)، ئەو دەقە گوزارشتە لە ڕووتبونەوەی سۆفی لە هەموو سیفەتە مرۆییەکان و پچڕانی پەیوەندییەکانی بەتەواوی لەگەڵ دونیادا، لەم حاڵەدا دەگاتە حەقیقەتی خودایی، ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە بۆ کەسایەتی سۆفی، بنەمای دارشتنی پیرۆزی و دیاریکردنی ئاستی پێگەی ئاینی ئەو کەسایەتییەیە، بۆیە کار لەسەر بەرتەسک کردنەوەی مەودای گومان دەکات و سیستەمێکی سۆفییانە بەرهەمدەهێنێت، کە پابەند نەبوون پێیەوە مەترسی لەسەر بیروباوەڕی ئایینی دروست دەکات، چەندین دەقی دیکە لەسەرچاوە سۆفیگەرییەکان، جەخت لەم دۆخە پاکیزەییەی سۆفی دەکەنەوە.

(بایەزیدی بوستامی) سۆفی دەخاتە ڕیزی منداڵێک، کە خودا خۆی پەروەردە کردنیان بگرێتە ئەستۆ (العطار، د.ت: ١١٤)، هەروەها پێناسەیێکی دیکەی هەیە، کە دەڵێت: «سۆفی کەسێکە لە ئاگاییدا تەنیا خوا دەبینێ، لە بێئاگاییشدا لەگەڵ ئەوە، جگە لە خودا سەر و سەودای لەگەڵ شتێکی دیکە نییە« (ابن خميس، ٢٠٠٦: ٢٠١/١). یان سۆفی داشۆراوە لەهەموو سیفاتە مرۆییەکان، لەڕووی ڕوخسار و کرۆکەوە ئاوێزانی ئەخلاقی خودایی بووە (برادة، ١٩٩٧: ٢٧٩/٢).

هەروەها جونەید سۆفی دەکاتە زەوییێک، هەرچەندە تۆوی ناپاکی لێ بچێنی،

ئەو جگە لە شتی پاک هیچی لێناروێت (الذهبي، ١٩٩٦: ٦٧)، لێرەدا مەبەست لە پاکی بیرکردنەوەیە لەخودا و پەیوەستبوونە بە فرمانەکانی، چونکە لەگوتەیەکی دیکەدا دەڵێت: «هەموو ئومەتێک چینێکی هەڵبژێردراوی تێدایە، هەڵبژێردراوی ئەو ئومەتەش سۆفییەکانن» (ابن الملقن، ٢٠٠٦: ١١١).

سۆفییێکی دیکە گوزارشت لەهەمان حاڵەت دەکات، گەلی سۆفییان دەخاتە ڕیزی ئەو کەسانەی خودا هەڵیبژاردوون، دەڵێت: «خودا لە ناو هەموو ئومەتێکدا برێک ڕوخۆش و نەرموونیان لەناو دروستکراوەکانیدا هەڵدەبژێرێت، هەڵبژێردراوانی ناو ئومەتی محمد(د.خ) سۆفییەکانن» (الشعراني، ٢٠٠٥: ١٣٧؛ الكلاباذي، ١٩٩٣: ٢٠).

بێگومان هەڵبژاردنی چینی سۆفییان لەلایەن خوداوە، بەرجەستەکردنی بەرهەمهێنانی تایبەتمەندێتییە بۆ ئەو چینە لە زۆر ڕووەوە، لێرەوە سۆفی لەپەیوەندییە دنیاییەکان دەردەچێت و دەگاتە ئاستێک، کە بتوانێت ڕووداوەکانی داهاتوو بخوێنێتەوە، زیاتر لەمەش ئاگاداربوونی لەکار و جووڵەی فریشتەکان، وەک دەڵێن: حەقیقەتی سۆفی ئاگایی بوونە لەهەموو فریشتەکان و ئەوشتانەی لە عەرشدا هەن، لە زاتی خۆیدا یەک یەکیان دەبینێت، تەنانەت دەتوانێت هەموو ئەو نهێنییانە ببینێت، کە لە (لوح المحفوظ) نوسراون (برادة، ١٩٩٧: ٢٧٣/٢). ئەوەی جێگەی سەرنجە، سۆفییەکان ویستوویانە لەڕێگەی ئەو وەسفانە، ناسنامەیێک بۆ خۆیان دروست بکەن، کە گەیشتونەتە بەرزترین پلەی نزیکبوونەوە لەخودا، مەرج نییە ئەو گوزارشتانەی سۆفی بەمانای پیرۆزکردن بێت، بەڵکوو ئەوەی پیرۆزیی بەو تایبەتمەندییە دەبەخشێ، ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی- ئایینیەیە، کە سۆفییەکە لەخۆ دەگرێ.

ئەوەی زیاتر پرۆسەکەی ئاسانتر کردووە بۆ قبوڵکردن سۆفییەکان خۆیانن، چونکە لەناو خۆشیاندا جەختیان لە جێگیربوونی کلتووری پیرۆزی کردووەتەوە، هەوڵیانداوە لەوەسفی یەکتردا ئەو بڕوایە دروست بکەن، کە نائاساییین، جونەید لەوەسفی بایەزیدی بوستامیدا دەڵێت: «ئەو پیاوە خوراسانییە لەناو ئێمەدا، وەکوو جبریلە لەناو فریشتەکاندا» (العطار، د.ت: ١٨٣)، هەروەها موجاهەدە و تێکۆشان لەپێناوی خودا، پێگەیێکی بەهێز بۆ شێخ دروست دەکات و پیرۆزی پێدەبەخشێت، وەکوو شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەبارەی شێخ عەدی دەڵێت: «ئەگەر پێغەمبەرایەتی بە هەوڵوتێکۆشان بووایە، دەبووایە بدرێت بە شێخ عەدی» (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٢٨؛ الشعراني، ٢٠٠٥: ٢٠٣).

دواتر ئەو گوتارەشە تایبەتمەندییێکی بۆ ئەو کلتوورە دروستکردووە، چونکە بۆ ڕابەرانی سۆفیگەری پاڵپشتییێکی بەهێزە تا ڕێز و خۆشەویستی بێسنووری مورێدەکانیان بەدەستبێنن، دواجار ئەو کلتووری موجاهەدەیە لە خواپەرستیدا ڕەنگرێژی ناسنامەی پیرۆزی کەسایەتی سۆفی دەکات، لەلایەن موریدانیشەوە دەچێتە ئاستی پەرستن، بەتایبەتی لەبواری ئیلهام بەخشین، چونکە بەشی زۆری گەورە سۆفییان، لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیاندا جەختیان لەمە دەکردەوە، هەموو ئەو زانست و شارەزاییانەی لەبواری ئایینی هەیانە، لەلایەن خوداوە پێیاندراوە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕستم، ٢٠٠٤: ١٨٤-١٨٥)، جەلالەدینی ڕۆمیش کامل بوون و ڕاستێتی سۆفی یەکلا دەکاتەوە بۆ موریدانی و دەیبەستێتەوە بە بنەمای بیروباوەڕی ئایینی و دەڵێت: هەر کەسێک شێخەکەی بەکەسێکی کامڵ نەزانێت، ئەوا کافرە (شیمل، ٢٠٠٦: ٢٣٠).

توێژەرێک بەڕوونی ئەو دیاردەیەی هەڵسەنگاندووە و پێیوایە ئەو پیرۆزکردنە بەتەنیا لەکاتی ژیانی سۆفی نامێنێتەوە، بەڵکوو شوێنی ناشتنی ئەو کەسایەتییەش لەهی خەڵکی دیکە جیاواز دەبێت، خەڵکی دێنە سەر گۆڕەکەی و ئەو سەردانەش تێکەڵاوی سرووتی کۆمەڵایەتی دەبێت؛ وەک ئەوەی باوەڕ بەمەرگی واقیعییانەی سۆفی نەکەن و هەوڵبدەن ناواقیعییانە بە زیندوویی بیهێڵنەوە، بۆیە دەبینین گۆڕی زۆربەی گەورە سۆفییەکان، دەبنە مەزارگەی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان (لەشکری، ٢٠١٣: ٣٠٤)

## پیرۆزکردنی کەسایەتی، بەرزکردنەوەی پێگەکەیەتی زیاتر لە ئاستی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکە

ئەگەر سەرنجی مەزارگەی شێخ عەدی بدەین، ئەو دۆخەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕەکەی بووەتە شوێنێکی پیرۆز و لەمردنیشیدا پیرۆزییەکەی لەدەست نەداوە، لەلایەن شوێنکەوتووەکانی بووەتە شوێنی ڕووگە و جێبەجێکردنی فەریزەی حەج (ابن المستوفي،

٢٠١١: ١٠٥/١). دەتوانین بڵێین ئەو دیاردەیە، دەرەنجامی گوتاری ئەو سۆفییانەیە، کە لەمردنیشیاندا دەستیان لێهەڵناگرن و پشتیوانیان دەکەن، ئەوەتا سۆفییەک دەڵێت: «ئەولیا لەدوای مردنیان، سوودیان زیاترە بۆ مورید، ئەوەندەی لەژیانیان سوودیان پێگەیاندوون» (الشعراني، ٢٠٠٥: ٤٠٦).

سۆفی وامان هەیە ڕاگەیاندووە بەرهەمەکانی لەژێر کاریگەری ئیلهامەوە نووسیوە، شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی ئاماژەی بەوە کردووە کتێبی (حکمة الاشراق)ی لەڕێگەی ئەو

**هەرچەندە دەکرێت ئەو سۆفییانە لەکرۆکدا وەک ئاماژەیەک مەبەستێکی مەجازیان هەبێت و دوربێت لە تێگەیشتنی شوێنکەوتووەکانیان، یان یاریکردنێکی زمانەوانی بێت تا کەسی بەرامبەر سەرسام بکەن**

ئیلهامانە نووسیوە، کە لەلایەن خودا بۆی هاتوە (المحمدي، ٢٠٠١: ١٤٠) هەروەها ئیبن عەرەبی سەرەڕای ئەوەی نکولی لەمە دەکات نێردراوی خودا بێت، بەڵکوو تەنیا وەک میراتگرێک پارێزگاری دواڕۆژی خۆی دەکات، بەڵام جەخت لەمە دەکاتەوە هیچ یەکێک لە بەرهەمەکانی زادەی خەیاڵی خۆی نین، بەڵکوو لەلایەن خوداوە بۆی هاتووە (المحمدي، ٢٠٠١: ١٥٩)، نووسینەکانی خۆی تا ئاستێک بەرز نرخاندووە گەورەتر لەئیلهام، کە هەموو زانستەکانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا وەرگرتووە (أبوزید، ٢٠٠٢: ١٣١) ئاماژە بەوەش دەکات پێغەمبەری لە خەوندا بینیوە، کتێبی (فصوص الحكم)ی لەدەستدا بووە، پێغەمبەر(د.خ) پێیڕاگەیاندووە ئەو کتێبە بگرە، خەڵک لێی سودمەند دەبن، ئەویش گوتوویەتی: گوێڕایەڵی فرمانەکانی خودا و پێغەمبەرەکەیم (بدران، ٢٠١٣: ١٢٠) کاریگەری ئەم گوتارە تەنیا لەسەر ئاستە میللییەکە تەسک نەبووەتەوە، بەڵکوو ئەم سنوورەی تێکشکاندووە و چینی دەستەبژێرانی سۆفییانیشی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆی، ئەو شێوازی گوتارە پرسیاری لای جەلالەدینی ڕۆمی وروژاندوە و دەڵێت: «دەکرێ پێغەمبەر نوح ٩٠٠ ساڵ سەرقاڵی خودناسی بووبێ و کتێبی (الرسالة) و (قوت القلوب)ی نەخوێندبێتەوە« (شیمل، ٢٠٠٦: ٢٥).

ڕاستی و دروستی ئەو ڕاگەیاندنە گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی جێگەی بایەخە، کاریگەری ڕەهەندەکانی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لەسەر خەڵکانێک دەبێتە حەقیقەت و باوەڕی پێدەهێنن، دوای پەسەندکردنی ئەو بیرۆکانەش لای ئەو خەڵکانە، خاوەنی جاڕدانەکە بەچاوێکی ئاسایی سەیر ناکرێن و وشەکانی پیرۆزدەکرێن. ئەو پیرۆزکردنە تەنیا واتا و مەدلولەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەگەری ئەوە هەیە دالەکان پیرۆز بکرێن، تا ئاستێک بەسەر مەدلولەکانیشدا زاڵ ببن (مشەختی، ٢٠١١: ١٠٥) نموونەیێکی ڕوونمان هەیە لەئاییینی ئیسلامدا، بەسوود وەرگرتن لە پەیوەندی زمانی عەرەبی بە سروش و ئایینی ئیسلام جاڕی ئەوە لێدرا زمانی عەرەبی بەشێکە لەئایین و دەبێت بەهەمان پیرۆزی دەقە ئاسمانییەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەلایەن خوداوە هاتووە و بەکاملترین شێوە خولقێنراوە، تا ئەو ئاستەی زمانی بەهەشتە، بۆیە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بەشێکی زۆری موسوڵمانە ناعەرەبەکان هەوڵی فێربوون و شارەزابوونی ئەو زمانەیان داوە (وردی، ١٩٩٤: ٦٦).

ئەو شێوازی گوتارە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مورید و شوێنکەوتووان هەبووە، نووسەری بەرهەمەکە، هێندەی بەرهەمەکە پیرۆز دەبێت و کاریگەرییەکەی پەڕیوەتەوە بۆ شێخ و تەریقەتەکانی دیکە، چونکە لەو گوتارانەدا شێخی سۆفی، بەهۆی پیرۆزی بەرهەمەکانی وەکوو مەرجەعێک پێناسەی خۆی کردووە، مەرجەعیش لەکۆی کایەکانی ژیاندا دەبێتە پیرۆزییێکی دەست بۆ نەبراو و پیرۆزکراو، چونکە دواجار هەموو مەرجەعێک بەشێوەیێک لەشێوەکان پیرۆز دەکرێن.

هەرچەندە دەکرێت ئەو سۆفییانە لەکرۆکدا وەک ئاماژەیەک مەبەستێکی مەجازیان هەبێت و دوربێت لە تێگەیشتنی شوێنکەوتووەکانیان، یان یاریکردنێکی زمانەوانی بێت تا کەسی بەرامبەر سەرسام بکەن، بەمەش لەزهنی گوێگر تێڕوانینێکی نامەنتقی دروست دەبێت ، کە دوورە لەو مانا حەقیقییە دیاریکراوەی کە سۆفی مەبەستییەتی (شیمل، ٢٠٠٦: ١٨).

تێگەیشتنی ڕوکەشیانەی ئەو دەقانە، وێناییێکی خەیاڵکردی ئەوتۆ لەئاستە میللییەکەدا دروست دەکات، دوورە

لەکەموکورتی و هاوتا کردنیانە لەگەڵ دەقە ئاینییەکان، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئەو جۆرە نووسینانە، دەبێتە سەرمایەیێکی ڕەمزی و کەسایەتییێکی ڕۆحانی و پیرۆز، کە متمانەیێکی ڕەها لەکۆمەڵدا دروست دەکات، بەتایبەت لەلای پەیڕەوکارانی تەریقەتەکان، چونکە بەشی زۆری کۆمەڵگە لەئاستی ڕوخساری دەرەوەی دیاردەکە دەمێنێتەوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرکەوتەکانی، چ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی سۆفی بێت، یانیش جۆری بەرهەمهێنانی بۆ پیرۆزیی و وێناکردنی پەیوەندییان بەبواری خودایەتی و نواندنی کردەکییانەی ئەو پەیوەندییە (لەشکری، ٢٠١٢: ٣٠٢).

هەندێکجار سۆفی پەیوەندییەکانی لە مەودا ئاساییەکان فراوانتر نیشانداوە، سنووری مرۆڤی تێپەڕاندووە و فریشتەکان سەردانیان کردووە، وەک لە کتێبی (تذکرة الاولياء) هاتووە، گوایا کەسێک لە بایەزیدی بوستامی پرسیوە خەڵکانێکی نەناسراو سەردانت دەکەن لەسەر شێوەی مرۆڤ، لە وەڵامدا گوتوویەتی: ئەوانە لە فریشتەکانن دیدارم لەگەڵ دەکەن، پرسیاری ئەوەم لێدەکەن چ پێویستییەکم هەیە لە زانستدا؟ منیش وەڵامیان دەدەمەوە (العطار، د.ت: ١٩٥).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم گوتارە، نەک تەنیا بۆ نەهێشتنی گومانە دەرەبارەی بەرهەمەکانی ئەو ئەزموونە ئایینییە، بەڵکوو سروشتێکی ئیلاهییانە دەداتە پاڵ کەسایەتی سۆفی و پیرۆز دەبێت و دەبێتە جێکەوتەی بەرهەمهێنانی کلتوورێکی ڕێزلێگیراو، جگە لەمەش کۆی ئەزموونەکە دەچێتە ئاستێکی بەرزتر لەوانی دیکە، ڕەهەندەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوە، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی کۆمەڵگە دەبێت و خۆی لە ڕیزبەندییێکی ئایینی تۆکمە و پیرۆزکراو دەبینێتەوە، دواجار بەرهەمەکانی سەر بەو کایەش لەلایەن بڕوادارانیان دەبێتە گەنجینەییێکی پیرۆز.

لێرەوە سۆفی، دەبێتە کەسایەتییێکی پیرۆز و خاوەن پێگەییێکی بەرزی ڕێزدار، ئەو ڕێزدارییەی بەتەنیا لەئاستی میللیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو چینی دەسەڵاتداران و دەستەبژێرانیش جیاوازتر لەکەسانی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، نموونەییێکی زۆر ڕوونی ئەو حاڵەتە، کاتێک شێخ عەدی سەردانی شاری موسڵ دەکات، فەرمانڕەوای شاری موسڵ، پێش خەڵکی شارەکە دەکەوێت بۆ پێشوازی کردن و دەست ماچکردنی ئەو کەسایەتییە (القادري، ٢٠٠٨: ١٢٣)

دیارتر لەمەش، خەلیفە (المستنجد بالله)ی عەباسی (٥٥٥-٥٦٦ز/ ١١٦٠-١١٧١ز)، کە بالاترین دەسەلاتی دەوڵەتی ئیسلامییە لەبەغدا، داوەتێک ڕێکدەخات و زانا و شێخەکانی عێراق بانگ دەکات، کە شێخ عەدی یەکێکە لەوانە (العسقلاني، ٢٠٠٨: ٢٣٢؛ اليافعي، ٢٠٠٦: ٩٣)

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر ئەو ڕێزگرتنەی خەلیفە بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتییەکەشیان بووبێت، لەکاتێکدا خاوەن پێگەی جەماوەری و کاریگەرن لەنێو کۆمەڵی موسوڵمانان‌دا، بەشێکیشی پەیوەستە بە ڕێز و خۆشەویستی خەلیفە بۆ ئەو کەسایەتییانە.

بۆیە دەبینین لەلایەن موریدەکان، یان خودی سۆفییەکان خۆیشیان، ئەوەندەی بۆیان بکرابوایە ناوی سۆفییەکانیان دەخزاندە ناو زنجیرەی بنەماڵە بڕواداره ناودارەکان، یان ڕەچەڵەکیان دەگەڕاندەوە بۆ یەکێک لە خزمە نزیکەکانی پێغەمبەر، بۆ ئەوەی لەڕێگەی دروستکردنی ئەو شەجەرەیە، پیرۆزی کەسایەتی سۆفی تۆختر بکەنەوە، بۆ زیاتر تۆخکردنەوەی پیرۆزی و (برۆنسن، ٢٠١١: ١٢٦/٢) ئەمەش لەپێناوی ڕەوینەوەی گومان و سەلماندنی پاکیزەیی کەسایەتی سۆفی.

لێرەوە پانتایی سۆفیگەری سنوورێک ناهێڵێتەوە بۆ گومان و دوودڵی موریدەکان، باوەڕی میللیانەی کەرامەتنوێنی شێخ و سۆفییەکان دەبێتە کارێکی ئاسایی، لەسەر دەستی گەورە سۆفییەکان چەندین کەسایەتی هەن، کە بەتەنیا ئاماژەییێکی شێخ هیدایەتییان وەرگرتووە، بەپێی گوتەی سۆفییەکان ژیانیان لەتاریکی و نەزانییەوە گۆڕاوە بۆ ژیانی ڕووناکی و بوون بە پیاوچاک (بڕوانە: بدران، ٢٠١٣: ٩١).

* پووختەی توێژینەوەییێکی ئەکادیمی زانستییە، لە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ی گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوبۆتەوە، لەسەرخواستی نووسەر و لەبەر گرنگی بابەتەکە ئێمەش بە دوو بەش بڵاوی دەکەینەوە، هەموو ئەو سەرچاوانەش کە سوودیان لێوەرگیراوە، لەگەڵ بەشی دووەمی بابەتەکە بڵاودەکەینەوە

“
شەریعەت ڕێگەیێکە بۆ گەیشتن بە بەهەشت، بەڵام سۆفیگەری ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەخودا
”

# سەرچاوەکانی پەند و ئیدیۆم



عەبدولوەهاب شێخانی

پەندو ئیدیۆم :دوو بابەتی گرنگ و پڕ مانان، ڕستەی کورت و دەستەواژەی فەلسەفین، لەگفتوگۆ و وەرگێڕان و شیعر و چیرۆکدا زۆر بەکاردێن، مانا و مەبەستی خۆش و گەورەت پێ دەبەخشن. لەدایکبوون و دروستبوونی پەند و ئیدیۆم لەخۆڕا نەبووە، چیرۆک و بەسەرهات و سەرگوزەشتەیەکیان لەپشتە، تەمەنێکی دوور و درێژیان هەیە، دوای ئەوەی بەسەرهاتەکە ڕوودەدات، ئینجا پەندەکە، یان ئیدیۆمەکە لەدایک دەبێت، کەسانی زرنگ و زیرەک پوختەی بەسەرهاتەکەیان وەرگرتووە و کەم و زیادیان کردووە و بووە بە پەند.

ئیدیۆمیش سینگ بەسینگ هاتووە، پەند و ئیدیۆم بەشێکە لەئەدەب و زمانی کوردی، (پەند و ئیدیۆم) ەکان زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکەن، زیرەکی نەتەوەی کورد دەردەخەن، کە چۆن ئەوەی بەسەریهاتووە کردۆێتیە پەند، یان ئیدیۆم.

دەکرێ کەسانی زمانزان و ئەدەب دۆست لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکەن، بۆ ئەوەی مانا و مەبەستی پەند و ئیدیۆم زیاتر ڕوون بێتەوە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی زیاتر پێش بکەوێت.

خەرمانێک لەپەند و ئیدیۆممان هەیە. ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لە (پەند و ئیدیۆم) و پاشخانەکەیان:

– فیتەی بەبرای بێ لێو لێدەدەن:

کار بەکەسێکی نەزان و نەقوستان دەکەن برای بێ لێویان کردە شوان و ئێوارە مەڕی هێناوە بۆ ئەوەی ئاویان بدات (مەڕ) دەبێ فیتەی بۆ لێدەی هەتا ئاوی بخواتەوە، مەڕی بردە سەر ئاوێ، هەرچەند کردی فیتەی پێ لێنەدرا، لێوی دەمی نەبوو، مەڕ بەتێنێتی ماوە، ئێستا بووە بەئیدیۆم بەکەسێک دەڵێن: نەزان بێ، یان نەقوستان بێ و کارەکیشی بدەییو تێدا سەرکەوتوو نەبێ.

**١- کوتک دەزانێ قۆناغ لەکێیە:**

پەندێکی ڕاستەقینەیە لەئەنجامی بەسەرهاتێک دروست بووە، مانای ئەوەیە ئازاردان و فشار و ملهوڕ و جینگزت بۆ دێنێتە ژێربارو ڕامکردن.

**چیرۆکەکە:**

خارحەمەد لەو خۆشناوەتیەی، تاریک و ڕوونی بەیانی باری لەکەرەدێزەی بارکرد و بەرەو شار کەوتەرێ، کەری دێزە لەڕێگادا دایە مانگرتن و لاملی، خارحەمەد کە تەماشای کەرەدێزی کرد، بەم شێوەیە بێ ناگاتە قۆناغی ئیسراحەتکردن، واتە شوێنی پشوودان و ڕاوەستانی کاروان، لوێ خارحەمەد دارەکی لەدەستی بوو سەرەکەی لەشێوەی کوتک بوو، دوو کوتکی خێواندە لاقونی کەری دێزە، دێزە لەبەر ئازار و فشاری کوتکەکەی وەکوو مەلحەمی نەرم بوو، دایەوە ڕێیێ زۆرباش دەرۆیشت خارحەمەد وەکەیف هاتەوە گۆتی: ئەدی کوو بابم، کوتک دەزانێ قۆناغ لەکوێیە.

ئێستا بووە بەپەند واتە: (فشار و ئازاردان ملهوڕت بۆ نەرم دەکات).

**٢- کەری دێزە:**

کەرێکی مانگرو نەکارە هەر هەندە دایە لاملی ناڕوا و نایکات، خۆی بەکوشتن دایە بۆ ئەوەی زەرەر لەساحێبی بکەوێت، دەڵێن کەری دێزە لەرکی ساحێبی خۆی لەشاخی هەڵدێرا بویتە پەند بەکەسانی ملهوڕ و زەرەر لەخۆدەر دەڵێن لەرکی بەرانبەرەکەی.

بووە بەئیدیۆمیش کورت کراوەتەوە و دەڵێن کەری دێزەیە/ مانگر و زەرەر لەخۆدەرە، یان خۆ کەری دێزە نیم زەرەر لەخۆم بدەم.

**٣- لۆ باسی کەرێ شین ناکەن:**

ئیدیۆمە، واتە لۆ چی باسی مەوزوعەکە ناکەن:

**چیرۆکەکەی:**

دایک مردوو دوو کوڕ و باب مانەوە، دوو کوڕەکە گۆتیانە

بابی، ئۆباو خەمی مەخۆ کەرێ شینت لۆ دەفرۆشین ژنت لۆ پێدەینین، ماوەیەکی بەسەرچوو چ بەحس و خواسی فرۆشتنی کەرێ شین نەبوو، هێوارەکی بابیان گۆتی: ئەرێ کورم لۆ بەحسی کەرێ شین ناکەن! واتە: مەسەلەی ژن هێنانەکەی.

ئێستە بووە بەئیدیۆم و بابەتێک کە پشتگوێ بخرێ ناراستەوخۆ بەکابرای دەڵێن ئەرێ لۆ بەحسی کەرێ شین ناکەن، یان باسی کەرێ شینە.

**٤- هەموو ڕۆژێ گورگ بەسەر (سەددە)ی مەحمود بایزی دانایێ:**

واتە: هەل (فورسەت)ێک دوو جار لۆت هەڵدەکەوێ.

چیرۆکەکەی ئەم پەندەی پێ لەدایک بووە بەم شێوەیەیە:

مەحموود بایز خەرکی یەکێک لەگوندەکانی کەندێناوەی بوو، ڕۆژەکی لەزەویەکەی جۆتی دەکرد، دیتی گورگەک بەسەر سەددەی (خاڵی کۆتایی جۆتکردن) داهات هیچ حیسابی لۆ خارە مەحموودی نەکرد و ڕەت بوو، سبەینێش گورگ بەهەمان شێوە بەسەر سەددەی خارە مەحموودی داهات و ڕۆیشت، خار مەحموودی گۆتی: شەرت بی سبەی دەبی تفەنگە حوسکەی بینم بتتۆپێنم، سبەینێ بەخۆ و بەتفەگەوە هاتە سەر زەوی ئەوەندەی چاودێری سەر سەددەی کرد گورگ چیدی بەسەر سەددەی دانەهات، بووە بەپەند و دەڵێن: هەموو ڕۆژێ گورگ بەسەر سەددەی مەحموود بایزی دانایێ، واتە: هەل و فورسەت یەک دوو جار لۆت هەڵدەکەوێ.

**- گیسکی هەیاسی:**

لەترسی گەشە نەکردن و هەر وەکوو خۆ مانەوە:

هەیاس لەسوڵتان مەحموودی تورە بوو، خۆی بزرکرد، بووە ئاشەوان لەشوێنێک، سوڵتان ئیشی ڕاوەستا، چونکە هەیاس زۆر زیرەک بوو، دورناس بوو، هەر چەندە لەدوای گەڕان نەیان دیتەوە.

وەزیر و گزیر بەسوڵتانیان گۆت: کاکە گیسکەکی زۆر بەسەر خەڵکی ناوچەکەی دابەش بکە، پێیان بڵێ: هەتا ماوەیێک ئەم گیسکە بەخێو بکەن نابێ نە زیاد بکاو نە کەم، گیسکەکیشیان دایە ئاشەوانی، واتە هەیاس، ئەویش تێگەیشت مەسەلە چییە، بۆیە هەموو ڕۆژ گیسکی تێر ئالیک دەکرد و فەرخە گورگەکی نیشان دەدا، گیسک لەترسی فەرخە گورگی وەکی خۆی لێ دەهاتەوە، دوای ماوەیەک کە گیسکەکانیان کۆکردەوە دیتیان تەنها گیسکی ئاشەوانی کەم و زیادی نەکردوە، ئێستە بووە بە ئیدیۆم، دەڵێن: بووینە گیسکی هەیاسی، گورگمان نیشان دەدات، یان گیسکی هەیاسیە.

**٥- هەر بە ڕبەی تەقتەقیە:**

واتە: هیچ نەگۆڕاوە هەر وەکوو جارانە.

مەلاحەسەن مەلا بوو لە (تەق تەقی) ڕەمەزان هات زەکاتی گەنمیان دایێ، مەلا ڕبەکەی پێ گچکە بوو، گۆتی: ڕبەتان گچکەیە و چیدی مەلایەتیتان لۆ ناکەم، ڕۆیشت چووە ناوچەیەکی دی، ڕەمەزان هات زەکاتی گەنمیان دایێ، دیتی هەمان ڕبەی تەق تەقیە، مەلا گۆتی لێرەش هەر بە ڕبەی تەق تەقیە، هیچ نەگۆڕاوە، بوو بە ئیدیۆم دەڵێن: لەبۆمە هەر بە ڕبەی تەق تەقیە، یان لێرەش هەر بە ڕبەی تەق تەقیە.

**٦- عاسمان عاسمانی خوایە بانەکەو دوو هەوایە:**

بۆ کەسەکی باش و لۆ کەسەکی دی خراپ.

هاوین بوو زاوا و کچی پورئایشێ لەلایەکی سەربانی نوستبوون کوڕ و بووکەکەشی لەلایەکی دی سەربانەکەی نوستبوون، چووە کن زاوا و کچەکەی گۆتی: هەڕونە پاڵ یەک سەرمایە و بەخۆ دادەن، چووە گژ کوڕ و بووکیشی گۆتی: گەرمایە لێک دوورکەونەوە، کورەکەشی بەداکی گۆت: دایە (عاسمان، عاسمانی خوایە بانەکە و دوو هەوایە) واتە: بۆ ئەوان خەراپە و بۆ ئێمە باشە لێک دوورکەوینەوە، بووە بە ئیدیۆم و دەڵێن بانەکە و دوو هەوایە: یان بۆ کەسێک دەبێ بۆ ئەویدی نابێ، یان بۆ کەسێک باشە و بۆ ئەویدی خراپە.

**٧- پیرەژنی فەرهاد کوژە:**

فەرهادی دڵداری شیرین لەکێوی بێستون خەریکی کێو هەڵکەندن بوو، ڕۆژێک ناحەز و نەیارانی فەرهاد پیرێژنەکی ناحەز و پیس و جادووگەریان دیتەوە، گووتیان: برۆ بەفەرهاد بڵێ بێ ئاگا لەخۆت شیرین خۆی کوشت، پیرێژن بەداد و فیغانەوە چوو گۆتیە فەرهادی، ڕەنجەدەری بێ هودە شیرین خۆی کوشت، وەش نەبوو، بووە بەئیدیۆم.

پیرەژنێک تێکدەر و ئاژاوەچی بێ دەڵێن دەڵێی پیرەژنی فەرهاد کوژە.

**٨- مەلای خەتێ:**

لەسەردەمی میری سۆران بووە، مەلای خەتێ بووە بەپیاوی (ئەستانە)و عوسمانیان، فتوای داوە هەر کەسێک دژی سوڵتان چەک هەڵگرێ، تەلاقی دەکەوێ و کافرە.

> **"ڕەمەزان هات زەکاتی گەنمیان دایێ، دیتی هەمان ڕبەی تەق تەقیە، مەلا گۆتی لێرەش هەر بە ڕبەی تەق تەقیە"**

هەموو (مفردی: چەکداری میری سۆران) چەکیان داناوە و میر بەدیل گیراوە، ئێستا بووە بەئیدیۆم هەر کەسێکی خوێندەوار وەگەڵ دوژمنی میللەت بکەوێت دەڵێن (مەلای خەتێیە).

> **ئەوجا وەرە ژنێ خەمی مەخۆ، باشە ئەو جاشکە ئەگەر چووە بن باری و کەت، یان لەقوڕی چەقی کوو ڕاستی دەکەنەوە**

**٩- بشفری هەر بزنە:**

کەسێک هەر عینادی بکات لەسەر غەڵەت.

دوو کەس بەرەو گوندی دەچوونەوە، لەدوورڕا چەند ڕەشایەکیان دیت، یەکیان گۆتی: قەلەڕەشەن ئەویدی گۆتی: نەخێر بزنە، کە لێیان نزیک بوونەوە قەلەکان فرین.

کەسە جینگز و عینادەکە گۆتی: دەوەڵلا بشفری هەر بزنە، ئەوە بەکەسێکی عیناد و سووڕ لەسەر قسەی خۆ دەڵێن: لەکنەتوو بشفری هەر بزنە.

**١٠-** دوو کەس بەڕێگادا دەڕۆیشتن، پارچە تەنەکەکیان دۆزیەوە، بووە مشتومڕیان یەکیان گۆتی: ئەوە تەنەکەیە، ئەویدی گۆتی نەخێر مقەسە، چوونە لای ئاغای، ئاغا گۆتیە کابرای منجر و جینگز، کوڕم ئەوە چییە گۆتی: ئاغام ئەوە مەقەسە کوڕە تەنەکەیە، یان مقەسە گۆتی: مقەسە، ئاغا گۆتی: بڕۆن لەڕووباری لەبن ئاوێی نێن، واتە ژێر ئاوی کەن.

کابرایان برد ژێر ئاویان کرد و دەستی لەسەر ئاوی دەرهێنابوو هەردوو پەنجەی دەستی وەکی مقەسی لێکردبوو واتە: هەر مقەسە، ئێستا بووە بەئیدیۆم، دەڵێن: کابرا مقەسە، یان مقەس مەبە واتە عیناد مەبە.

**- مام خەمک:**

مامە خەمە هەندەجار هالە خەمەشی پێ دەڵێن.

مام خەمک: زۆر لەخەمی خەڵکی دابوو حەزی دەکرد کاری خەڵک جێبەجێ بکات، هەموو کات لەکاردابوو، نیوەڕۆیەکی گۆتیە ژنەکەی ژنێ ئەورۆ کەس ئیشی پێم نەکەوتووە، با بەئیسراحەت نانەکەم بخۆم، ژنەکەی نانی لۆ هینا لەدەرکەیاندا، گۆتیان: وەڵڵا (مامە خەمک) ماڵی مام عەولای کەرەکەیان زایە جاشکەکی بووە کلکی پێوە نیە (مام خەمک) گۆتی: ئەوجا وەرە ژنێ خەمی مەخۆ، باشە ئەو جاشکە ئەگەر چووە بن باری و کەت، یان لەقوڕی چەقی کوو ڕاستی دەکەنەوە، وەرە نانەکەی هەگرە، ئێستا بووە بەئیدیۆم، کەسێک کە زۆر خەمی ئەم و ئەو بخوات و دڵسۆزبی بۆ جێبەجێکردنی کارەکەیان دەڵێن فلان (مامە خەمەیە، یا مامە خەمکە).

**گێرەی ئۆمەرە کۆری:**

گێرەی ئۆمەرە خێلی: ئیدیۆمە واتە کارەکە تێک دەچێ، یان تێکچوو لەبەر نارێک و خەراپی.

چیرۆکەکە: ئۆمەرە کۆر، یان ئۆمەرە خێل فەرقی نییە، گێرەکەی بەم جۆرە بوو:

١- گێرەی لەسەر لێواری کەندێک دانابوو.

٢- بزن و کەر و چێڵی دابەستابوو، گێرەی پێ دەکرد.

٣- گێرە بەلای ڕاست دەسووڕێ ئەو بەلای چەپی دەسووڕایەوە دووجار سوڕاوە و سێیەمجار هەموو لەکەندی کرد و تێکچوو.

ئێستا بووە بەئیدیۆم بەکاری کەسێک دەڵێن کە خەراپ و ناتەواو بێ، یان لەبەر خەراپی تێکبچێ و سەر نەگرێ.

- قول: قاپ: قولە قاپ: باریکی بەڵەکی قاچ.

**- قولی ڕەش و سپی:**

١- پۆشاک هەڵکردن تا قول وەدیارکەوتن.

٢- ئازاو ترسنۆک.

٣- بەهێزو بێ هێز.

قولی ڕەش و سپی لە (بوار: تەنکاو)ی ڕووباری دەردەکەوێت لەوەختی ناخۆش و سارد و سەرما ئەوەی ئازا و بەهێز بێ شەروالی هەڵدەکات و قولی بەدیار دەکەوێت، هەتا لەئاوەکە بپەڕێتەوە، زۆر کەس لەسەر ڕووبارەکە ڕاوەستاون ناوێرن لەئاوێ بدەن.

بۆیە گوتویانە: قولی ڕەش و سپی لە (بوار: تەنکاو) دەردەکەوێت واتە ئازا و ترسنۆک بەهێز و بێهێز لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا بەدیار دەکەوێت.

هەڵەیە کە دەڵێن قونی ڕەش و سپی بەدیار دەکەوێت

ڕاستیەکەی قولی ڕەش و سپی لەبواردا بەدیار دەکەوێت.

> **“ هەڵەیە کە دەڵێن قونی ڕەش و سپی بەدیار دەکەوێت، ڕاستییەکەی قولی ڕەش و سپی لەبواردا بەدیار دەکەوێت ”**



# دیدار

# تەڵعەت تاهیر

## شیعری باش پێش شۆڕش، یان دوای شۆڕش دەنووسرێت



## تەڵعەت تاهیر:

# کە هاشم سەرڕاج هەڵدەستا، ئەو برە چایەی لەپیاڵەکەیدا دەمایەوە، دەمخواردەوە، بۆ ئەوەی ئەو هێزە شیعرییەی ئەو بێتە منیشەوە

تەڵعەت تاهیر شاعیرێک لە نەوەی دوای ڕاپەڕین. لە نووسینی شیعردا خاوەنی ستایلێکی تایبەت بەخۆیتی، دندووکی لە زۆر دەنکە گەنم داوە، دواتر ئەو دەنکە گەنمەی هەڵگرتەوە کە لە قالبی کەوت، لە هەولێر گەرای دانا و لە سلێمانی هەڵیهێنا.

لە ژیان دەترسێ و ئارەزووی زوو مردن دەکات، دەڵێ: زۆرم نەماوە هیشک بکەم و وازبێنم، پێشنیازی ئەوەش بۆ ئەدیب و نووسەرانی کورد دەکات، کە فێربن ئەگەر هەستیان کرد هیچیان پێنەماوە بە ئارەزووی خۆیان وازبێنن.

پێم وابوو دەمێکە لە بەرچاوان بزرە، بۆیە بەباشم زانی کاتی ئەنجامدانی ئەو دیدارە هاتووە، کە دەمێک بوو خستبوومە بەرنامەوە، وامدانابوو هەرکاتێک برەک لەبەرچاوان ون بێت بیکەمە میوانی گۆڤاری دیوان، کەچی ئەوڕۆژەی پەیوەندیم پێوەکرد و کاتی ئەو چاوپێکەوتنەمان دیاری کرد، گوتی: سەرەتای هەفتەی داهاتوو لە هەولێر دەبم بۆ تۆمارکردنی بەرنامەیێکی دیکۆمێنتاری لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

سەعات ١٠ی بەیانی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٠٢٢/١/٥ لە جادەی ئەلبانی هەولێر نزیک کۆنەماڵەکەیان لە گەڕەکی کوران بە ئۆتۆمبێلەکەم هەڵمگرت و لە لاپەڕگەییەکی کافییەکی تابلۆ مۆڵ ئەو دیدارەمان ئەنجامدا، کە چاوپێکەوتنەکە سەعاتێک و پەنجاو شەش دەقەی خایاند.

دیدارەکە ئەگەرچی تۆزیک درێژ دەرچوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆی گشتی پرسیار و وەڵامەکان شیاوی بڵاوکردنەوە بوون و چاوپێکەوتنەکەش لە ئاستی پێویستدا بوو، بە باشمان زانی وەکوو خۆی و بێ کورتکردنەوە و لێقرتاندن، بڵاوی بکەینەوە.

**دیداری/ سمکۆ عەبدولکەریم**

**– کە پەیوەندیم پێتەوە کرد گوتم: پێت باشە ئەو دیدارە چۆن بێت، ئایا دیدارێکی ڕووبەڕوو بێت، یان پرسیارت بدەمێ، من پێم باش بوو ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو بێت، تۆش هەروات پێ باش بوو، بۆچی؟**

+ مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە، بەپێی میزاج و ئەو تێگەیشتنەی هەیەتی، یان بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدایە ئاراستە وەردەگرێ، وەکوو چۆن ئاو ئاراستە وەردەگرێ، پێشم وایە باشترین دیالۆگ، یان باشترین پرسیار و وەڵام، ئەو پرسیارانەن، خۆیان ئاراستە وەردەگرن، سەیرکە ئێستەش هەر کانییەک جوانترە، لە ئاوی نێو بوتڵێک، هەر جۆگەلەیێک، کە دەڕژێ و ئاراستەی خۆی وەردەگرێ جوانترە. بۆ ئەو چاوپێکەوتنەش، من و تۆ، هەم هاوڕێین، هەم مێژوویییەکی جوانمان بەیەکەوە هەیە، هەم زادەی یەک سەردەم و کلتورین. چاوەڕوانیش دەکەم چاوپێکەوتنێکی هەمەلایەن بێت، چونکە شیعر خۆی بەشێکە لە ژیان و جیاناکرێتەوە، یەکێ لە کەمتەرخەمییە ئەدەبییەکانمان، بەتایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هێنانی زمانی ئاڵۆز و هێما بوو بۆنێو ئەدەبیاتی کوردی، ئەوانە وایان کرد شیعر بەشێک نەبێ لە ژیان، شیعر بکەوێتە دەرەوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ئەمە هەڵەیێکی کوشندە بوو، پردی پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەری ڕووخاند.

هەروەها چاوپێککەوتنی ڕاستەوخۆیی هەم زیندوویێتی تێدایە، هەم ڕاستگۆیی، ئەدەبیات لای من شتێکی پیرۆز نییە وەکوو ئایین. ئەدەبیات هەوڵی مرۆڤە وەکوو چۆن دارتاشێک بێشکە دروست دەکات، لەهەمانکاتدا خاکەنازیش دروست دەکات، جیاوازی نێوان خاکەناز و بێشکە ئێجگار زۆرە، مرۆڤیش کە قسە دەکات زۆرتر بەزیندوویێتی قسە دەکات، بۆیە باشتروایە ئەو زەیفەی تێیدا نەبێت، بێشکە بێت و بەخاکەنازی بیفرۆشێتەوە، ئەوەی خاوەنی بێشکەیە باس لەمیکانیزمی

دروستکردنی بێشکە بکات، ئەگەر ئاراستەشی بەرەو ئەوە چوو کابرا خاکەناز دروست دەکات ئەوە دەچێ خاکەناز دروست دەکات، پێویست بەو زەیف و فەیکە ناکات.

**– یانی چی ئەدەبیات لای تۆ پیرۆز نییە؟**

+ وەکوو چۆن ژیان، کەسی باش و خراپی تێدایە، نووسینیش تێکستی باش و خراپی تێدایە، نووسەریش قسەی باش و خراپ دەکات، قسەی لاواز و قسەی بەهێزیش دەکات، لە دیداری ڕووبەڕوودا هەردوولایەن دەردەکەوێت. مرۆڤ کە لاواز بوو، با لاوازییەکانی دەرکەوێت، بەهێزیش بوو، با بەهێزییەکانی دەرکەوێت، من لەوە ناترسم کە مرۆڤم، لەوەش ناترسم کە هەڵە بکەم و بەلاوازی قسە بکەم. منیش کەسێکم وەکوو کەسەکانی دی. حەزناکەم بۆینباخێک ببەستم و بەشێوەیەکی فۆرمەڵی لەچاوپێکەوتندا دەرکەوم.

**– دەزانم تۆ لەمەخمور سەرت هەڵێنا، بەڵام دەکرێ بزانین، ئەو زمانە عەرەبییە لەکوێ فێربوویت؟**

+ زمانی عەرەبی پەیوەندی بەمنداڵیمەوە هەیە، من باپیرم هەم دەرویش بوو، هەم مەلا بوو، عەرەبی دەزانی و قورئانی دەخوێند، ئەو هەمیشە پرسیاری لێ دەکردم و مەولودنامەی پێدەخوێندمەوە، ئەمە جگە لە دەوروبەرەکەم و خوێندنمان و ناو بازاڕ، بۆیە هەر لە منداڵیمەوە عەرەبی بۆمن شتێکی نامۆ نەبوو. خاڵەکانی دایکم لەگەڵ ئێمە دەژیان، لەماڵەکەماندا پێنج خاڵی دایکم هەبوو، بەیانیان من بە فەیروز و محەمەد عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و ئەوانە، چاوم کردۆتەوە، خوێندنی فەقێیاتی ڕۆڵی هەبوو لەچاوکرانەوەم بەسەر زمانی عەرەبیدا، مەخموریش خۆی عەرەبی زۆربوو، زمانی ڕەسمی عەرەبی بوو، من تا یانزە ساڵی لەمەخمور بووم، دواتر هاتینە هەولێر.

**– ئەو سەرەتای منداڵییەت لەمەخمور، بەر لەهاتننتان بۆ هەولێر زیاتر لەگەڵ کێ ژیاویت؟**

+ لەگەڵ داپیرەم و باپیرەم، زیاتر لەگەڵ ئەوان بووم، من ئەو کوڕە بووم کە دایک و باوکم دابوویانە داپیرە و باپیرەم، من چاوم هەڵدێنم لەگەڵ ئەواندابوومە.

**– چی لەداپیرە و باپیرەت فێربوویت؟**

+ هەندێک حاڵەتی مرۆییم تێدا بینیوون، خۆشەویستیم تێدا بینیوون، ئەوکات خۆشەویستی ڕاستەقینە بوو، وەکوو ئێستا نەبوو. داپیرەم بەباپیرەمی دەگوت: بڕوات بێ من چل ڕۆژ دوای تۆ ناژیم، بەڕاستیش وابوو، کە باپیرەم مرد، چل ڕۆژی پێنەچوو، داپیرەشم مرد. ئەوان بەڕاستی یەکدیان خۆشدەویست. شتێکت بۆ بگێڕمەوە، گۆرانییەکی محەمەد عەبدولوەهاب هەبوو بەناوی (انت قمری) تۆ مانگی منیت، بیرمە داپیرەم بەباپیرەمی دەگوت: دەزانی تۆ لەژیانتدا، بەمنت نەگوتووە تۆ مانگی منی، ئەویش گوتی: گرنگ ئەوەیە شەوە تاریکەکانم لەگەڵدا بەش کردووی، واتە ئەو شەوانەی بێ مانگ بوون، ئەو شەوانەی تاریک بوون، من لەگەڵتدا بووم، ئەگەر نەشم گوتبێت تۆ مانگی منی، ئەوا شەوە تاریکەکانم لەگەڵتدا بەش کردووە، میهرەبانانە ئەو جۆرە دیالۆگانەیان لەنێواندا هەبوو. بیرمە کە باپیرەم داپیرەمی تووڕە دەکرد، بۆ ئەوەی ئاشتی بکاتەوە پێش داپیرەم نوێژی دەکرد و دەچووە سەر بەرماڵەکە، دوای نوێژ تەزبیحەکەی لەشێوەی دڵ لەسەر بەرماڵەکە بەجێدەهێشت، تەنیا بۆ ئەوەی ئاشتی بکاتەوە.

**– هەست ناکەی ئەو گفتوگۆیە لەئاستێکی زۆر باڵادا بووە لەنێوان داپیرە و باپیرەتدا؟**

+ بەڵێ، بەڵێ داپیرەشم تەنانەت لەزەتی لەوە دەبینی کە قسە بەقافیە بکات، وەکوو دەڕۆمەوە، ڕێکی بکات لەگەڵ دەخۆمەوە، حەزی لەدروستکردنی قافیە بوو لەبەرئەوە بیرت نەچێ باپیرەم لەکاتی گەنجێتیدا حەیرانبێژێکی بەناوبانگ بووە. ئەگەرچی تۆمار نەکراوە، تەوبەی کردیە و گەڕاوەتەوە، بەڵام مەسەلەی ئەدەبیات شتێکی غەریب نەبووە لەلای، لەبەرئەوەی دەزانی مەسەلەی حەیران ڕێکخستنی قسە و تەقریبەن پەخشانە شیعرێکە، بەڵام سەرواشی هەیە. داپیرەشم زۆر بۆ مردەووەکانی لەتەعزیەکاندا نوزاوەتەوە و دەلاوایەوە، بیرمە وێنە و شیعری وای دروست دەکرد کە لەکۆتاییدا سەروای هەبوو، ڕاستە ئەوان دوو کەس بووینە خوێندەوارییان تەواو نەبووە، بەڵام لەناو دونیای ئەدەبیاتی حەیران و لاوک و ئەو شتانە زۆر ژیاون.

**– تۆ منداڵیت چۆن بوو، کەسێکی شەرمن بوویت؟**

+ بەڵێ شەرمن و زۆر دینداریش بووم، ئەگەر پارچە نانێکم لەسەر زەوی بدیبایە فڕێدراوە هەڵمدەگرتەوە، بیرمە ڕۆژێک قورئانم لەدەست کەوت، تووشی لەرزین بووم لەترسان و لەشەرمان.

**– ئەو شەرمە لەگەڵت گەورە بوو، یان توانیت بیشکێنی؟**

+ کە دێمە هەولێر شەرمەکەم دەشکێ، بەتایبەتی کاتێ هێشتا

**“ئێمە هەموومان خۆمان پێ گوڵەگەنم بوو، دەمانویست ببینە نانی باش، کولێرە و کولیچەی جوان، کەچی هەست دەکەم، وردەوردە ئەو گوڵە گەنمانە بوونە (گێسک) گوڵیان پێوە نەما”**

منداڵم ئەدەبیاتی جیهانی دەخوێنمەوە، وەکوو ڕامبۆ و بۆدلێر و کامۆ، خۆت دەزانی لەساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ دوازدە سێزدە ساڵان بووم، بیرمە ڕامبۆم لە سیانزە ساڵی خوێندەوە، عەرەبییەکەم یارمەتیدەرم بوو ئەمانە بخوێنمەوە. ئیدی یاخیبوون لەدەسەڵاتی باوکایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵگە و شار، ئەمە جگە لەوەی کە لە مەخمور دێمە هەولێر تووشی شۆک دەبم، ون دەبم. چونکە کەسێک کە لەشوێنی بچووکەوە دێتە شوێنی گەورە هەست بە ونبوون دەکات. مەخمور بۆمن هەمووی خزم و کەس بوون، کە دێمە هەولێر ئیدی دەبێت ئاگام لەخۆم بێت، لە شار پارەت لێدەدزن تەعەدات لێدەکەن، دەبێ ئاگات لەخۆت بێ لێت نەدەن. ئیدی تووشی ونبوونێک دەبیت، ئەم ونبوونە وردەوردە شەرمت دەشکێنێ، لەبەرئەوەی ئەگەر شەرم بکەیت، یان بێدەسەڵات بیت دەکەوییە بن دەست و پێیان، بەتایبەتی لەگەڕەکێکی وەکوو کوران.



**– هەولێرت چۆن هاتە بەرچاو، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەک تۆ کە خولیای خوێندنەوە بوویت؟**

+ هەشتاکان، هەولێر ناوکێکی فەرهەنگی کلتوریی زیاتری هەبوو بەراوورد بە ئێستە، خەڵک کتێبیشی نەخوێندبایەوە، لەژێر قەڵا دەمبینی چوار کتێبی لەژێر باڵ دایە و پیاسە دەکات، کتێبەکانیش ناخوێنێتەوە، بەومانایەی دەمەوێت بڵێم، ئەوکاتە کتێب خوێندنەوە و وشیاری و تێگەیشتن بەشێک بوو لەنرخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، نرخی کۆمەڵایەتی بە وشیاری وەردەگرت وەکوو ئێستە نا، هەولێری ئێستە زیاتر شێوە بازرگانییەکەی پێوە دیارە، نەک ناووکە کلتوریی و فەرهەنگییەکە، ئێستە سلێمانی بەوهەموو ئاژاوەیەی تێیدایە، بەوهەموو بێسەروبەرییەی کە هەیە، هێشتا توانیوویەتی ناووکە کلتوریی و فەرهەنگییەکەی خۆی بپارێزی، ئێستەش ئەوەندەی ناوی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد دێت ناوی پارێزگاری سلێمانی نایەت، ئێستەش لە هەڵەبجە ئەوەندەی ناوی ئەحمەد موختار بەگی جاف و گۆران و شێرکۆ بێکەس دێت ناوی قایمقامەکەی نایەت.

**– چایخانەی مەچکۆ لای تۆ چی دەگەیێنێ، بیرتە یەکەم جار کەی بوو، چوویتە مەچکۆ، بینینی ئەدیب و نووسەران لەو سەردەمە چ هەستێکی لادروست کردی؟**

+ زۆر زوو بوو هەر سێزدە چواردە ساڵ دەبووم. ئەوانە خەڵکی پیرۆز بوون، من ئەوەم لەدەستدابوو، مەلا بەپیرۆز بزانم، لەدوای مەخمورەوە ئیدی کۆمەڵێکی دی هاتبوونە شوێنی مەلاکان، هاشم سەڕاج، ئەنوەر مەسیفی، سەعدوڵڵا پەرۆش، هەموو ئەمانەم لەمەچکۆ دەبینین.

بیرمە کە هاشم سەڕاج هەڵدەستا، ئەو برە چایەی لەپیاڵەکەیدا دەمایەوە، دەچووم دەمخواردەوە، بۆ ئەوەی ئەو هێزە شعیرییەی ئەو بێتە منیشەوە.

**– ئەوقسەیەت بەڕاستیە، یان بەخۆت دروستت کردیە، چونکە زۆر برادەر هەن دەڵێن: تەڵعەت تاهیر شت دەهۆنێتەوە؟**

+ نانا، ڕێک وایە چەندجار من پاشماوەی چایی (هاشم سەڕاج)م خواردیتەوە، هی (ئەنوەر مەسیفی)شم خواردۆتەوە.

**– ئەو کاریگەری گواستنەوەیە ڕوویدا، کە تۆ خەیاڵت دەکرد شاعیریەتی ئەوان بێتە تۆ؟**

+ شیعر لەلای من ئیلهام نییە، خۆت دەزانی شیعر لەلای من بەهرە و کارکردنە، ئەوە نییە دانیشی و بەزەمبیل بێتە خوارەوە، تێڕوانینی من بۆ ئەدەب وانییە، چونکە ئەگەر وابێت ناکرێ نالی هەر دێرەکی سێ مانای هەبێت.

**– پێتوایە ئەگەر ئیلهام بێت، ناتوانێت ئەو هەموو مانایە ببەخشێت، ئەگەر ئیشکردنی تێدا نەبێت؟**

+ ئێستە کە (نالی) دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت وەکوو زەڕەنگر ملوانکەی هۆنیوەتەوە، وەکوو زەڕەنگر نەخشی کردووە، چونکە ئەگەر تەنیا جارێک دوو مانا و سێ مانای هەبووایە دەمانگوت سوودفەیە.

**– باشە ئەگەر ئیلهام بێت و دواتر تۆ ئیشی تێدا بکەیت؟**

+ نا، ئەدۆنیس زۆر جوان باسی ئیلهام دەکات دەڵێت: چرکە هەیە هەست دەکەیت ئیلهامە، لەبەر ئەوەی لەمپەر، یان دیواری نێوان زات و بابەت، دیواری نێوان نووسەر و تێکست لەزماندا دەڕوخێت. چرکە هەیە من لەسەر ئەنفال دەنووسم، بۆنموونە چرکە هەیە ئەنفال ئەوەندە کاریگەری هەیە، دیواری زمان لەنێوان من و بابەتەکە دەڕوخێنێ، تۆ لەو چرکەیەدا هەست دەکەی ئیلهامت بۆ هاتووە، بەڵام ئەوەی ئەدۆنیس باسی دەکات ئەوەیە کە نەمانی بەربەستی زمانەوانییە لەنێوان نووسەر و بابەتەکە خۆی، بەڵام ئیلهام نییە.

**– تۆ شانازی بە (کوران و هەولێر و مەچکۆ)وە دەکەیت؟**

+ بێگومان!

**– ئەی بیرمە زۆرجار دەتگوت گوناهی من چییە لە کوردستان**

**لە دایکبوومە، لە گەڕەکێک پێی دەڵێن (کوران) لە کوێش لە هەولێر ئەو قسەیەی خۆت بیرە؟**

+ بەڵێ بیرمە، سەیرکە مارکیز دەڵێ نووسەری باش لە تەمەنی پەنجاوە، یان لەدوای چل و پێنج ساڵییەوە دەبێتە نووسەر، ئەوکات نەمزانی مەبەستی چییە، کە بەخۆم بوومە چل و پێنج و بوومە پەنجا، زانیم مەبەستی ئەوەیە، کە هەڵکشان نامێنێ شۆڕدەبییەوە، واتە تا چل و پێنج ساڵی و پەنجا ساڵی ئاگات لەخواردن و جلوبەرگ- تە، خەفەت لەنەبوونی خانوو و جلوبەرگ و گەشتکردن دەخۆی، کە دەگەیتە چل و پێنج و پەنجا ساڵی ئەو شتانە هەمووی دێن، جلوبەرگ و ماڵ و گەشت دەکەی، ئەم گرێ مێژووییە نامێنێ، ڕەنگە من ئەوکات ئەو قسەیەم کردبێت وەکوو گەنجێ سەدان خەونم هەبووبێت، هیچی ئاسۆی جێبەجێبوونیشیان دیار نەبووبێت، ڕەنگە ئەوە تووڕەییێک بووبێت، بەڵام ئێستە مەسەلەی هەولێر و کوران بۆمن وەکوو هێلانە وایە، ئێستە ئەو قسانەی جاران، نەک هەرناکەمەوە، بەڵکوو ئەو قۆناغە تێپەڕی بە پێچەوانەوە، ئێستە ئیسپانیا لەدیبەگە خۆشترە، بەڵام بۆچی پەڕەسێلکەیێک لەباشووری ئیسپانیاوە دێتە دیبەگە لەبەر هێلانەکەیتی، دێتەوە ناو هێلانەکەی، مرۆڤ هەرچەند گەورەتر بێت، نرخی هێلانەکەی لازیاتر دەبێت، ئێستە وادەزانم، من گەیشتوومەتە ئەو قۆناغەی گرنگ نییە چی دەخۆم، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کێی دەخۆم، گرنگ نییە لەکوێم، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کێم، واتە من لەگەڵ کەسێک کە خۆشم دەوێ، بۆ نموونە لەگەڵ تۆ کە خۆشم دەوێی زۆرم پێخۆشترە وەک لەپاریس بم، من مەلاکاغام پێ خۆشترە، لەوەی لەگەڵ کەسێک بم خۆشم نەوێت.

**- گەڕانەوەی ئەو ئێوارانەی کە بەپێ لەمەچکۆ دەگەڕایەوە ماڵەوەت لە کوران چیت بیردێنێتەوە؟**

+ ڕاستی من هەمیشە هەستێکم هەبوو، ئەم هەستە ئێستە بۆتە ناوونیشانی دوایین کتێبم، کە هێشتا چاپ نەبووە، من و تۆ، هەموو ئەو نەوەیەی کە بووینە قوربانی ئایدۆلۆژیا و کوردایەتی. هەستێکم هەبوو کە ئێمە هەموومان گوڵەگەنم بووین، یان خۆمان پێ گوڵەگەنم بوو، دەمانویست ببینە نانی باش، کولێرە و کولیچەی جوان، کەچی هەست دەکەم، وردەوردە ئەو گوڵە گەنمانە بوونە (گێسک) گوڵیان پێوە نەما، گەنمیان پێوە نەما، بوونە گێسک و مەراق و وەرین، نەبوونی و نەهامەتی و هەموو ئەوانە کۆدەکەمەوە، هەمیشە خەفەتم لەوە خواردووە کە ئێمە گوڵە گەنم بووین و بووینە (گێسک) ئێستا زۆر خەفەت لەچ دەخۆم، باوەڕ دەکەی کاکە سمکۆ جار هەبووە زۆربەی ژیانم بۆ ئەدەبیات بووە، هەموو ئەو برادەرانەی دەمناسن دەزانن هیچی دیکەم نەکرد، دەشمتوانی بیکەم و زۆر ئاسانیش بوو، بەڵام هەمووم قوربانی ئەدەبیات کرد، نەوەی ئێمە هێندە نەگبەت بوو، باوکی نەخۆش دەبوو خەفەتی بۆ نەدەخوارد، لێپرسراوێک نەخۆش دەبوو، شەو خەوی لێنەدەکەوت، یەکێک لەو مەراقانەی کە دەیخۆم دونیا بگەڕێتەوە، هەمیشە بەبرادەرەکانم دەڵێم، کە مرۆڤ دووجار بژییێت، جارێک فێر بێت، جاری دووەمیش پڕاکتیکی بکات، ئەو ئێوارانە لەمێشکی من هەمووی (سکێچ) اتە، بەتایبەتی ئەوکاتەی زۆر خەریکی شیعری گۆرانی بووم، زۆرجاران هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) ئاوازێکی دەدامێ و دەیگوت شیعرێک بۆ ئەو ئاوازە دابنێ، یان کاتی خۆی، لەچاوپێکەوتنێکیدا یەشار کەمال گوتی: من دەخوێنمەوە دواتر بەپێیان پیاسە دەکەم، بۆ ئەوەی، ئەوەی خوێندوومەتەوە، هەمووی لەمێشکی خۆم وەک فلاش باک لێدەمەوە، منیش زۆربەی شەوان کە دەمخوێندەوە بەپیاسە و بەپێ دەچوومە بازاڕ و دەهاتمەوە، زۆربەی ئەو ڕۆمانانەم لەمێشکی خۆم ئاڵوگۆڕ دەکرد و بیرم لێدەکردنەوە و تامم دەکردن.

**- ئێستە هەستت چییە، بەرانبەر بەو ڕۆژگارەی کە زۆرجار لەچایخانەی مەچکۆی دادەنیشتی و ڕەنگە پارەی چایەکت نەبووبێ بیدەی؟**

+ زۆرزۆر بەبەخت بووم، ئەو



> **“ هەولێری ئێستە زیاتر شێوە بازرگانییەکەی پێوە دیارە، نەک ناووکە کلتوریی و فەرهەنگییەکە ”**



**عەبدولڕەحمان فەرهادی- فەرهاد پیربال- تەڵعەت تاهیر- هاشم سەڕاج**

ڕۆژەی بمتوانیبایە سێ چوار خورما لەگەڵ نانێکی گەرم بخۆم، ئەوکاتیش دونیابینی ئێمە وابوو، پێمان وابوو ئازارکێشان ئەدەب دروست دەکات، دواتر دەرچوو وانییە، واتە ئازارکێشان ئەدەب دروست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەدەب مادام سەنعەتکارییە، دەکرێ لەسەرئازاری کەسانی دیکە بێت، چونکە هونەرەکە گرنگترە، ئەی تۆ چۆن ئازار دەکەیت بەهونەر؟ واتە یەکێک لە هەڵەکانی ئەدەبیاتی ئێمە ئەوەیە، پێیوایە ئەگەر لەپشت ئازارێکەوە خۆی حەشاردات، ئەوە ئەدەبێکی باش بەرهەم دێنێت.

**– ئەی بۆ زۆربەی زۆری ئەو نووسەرانەی، یان ئەو شاعیرانەی بەکارەساتی زۆر و گەورەدا تێپەڕیوون، زیندانیان بینیووە و دەربەدەربوونە، لەناو قەیران و کێشە و گرفت و بێنەوبەردە و ڕاکە ڕاکە و هاتنوچوونی بەردەوامدا بوونە، دەقی باڵایان نووسیوە، جیاواز لەکەسانی دیکە کە لەژیانیاندا هیچ کارەساتێکیان بەسەردا نەهاتووە؟**

**"هەمیشە بە برادەرەکانم دەڵێم، کە مرۆڤ دووجار بژییێت، جارێک فێر بێت، جاری دووەمیش پڕاکتیکی بکات"**

+ وایە، بێگومان ئەو قسەیەی تۆ ڕاستە لەبەر زانین و هەستکردن، ئێستە من و تۆش دەزانین سواڵکردن ناخۆشە، بەڵام هەستی پێناکەین، لەبەرئەوەی سواڵ ناکەین، ئێستا من و تۆ هەردوکمان دەزانین دەستت بسووتێ ناخۆشە، بەئازارە، بەڵام هەستی پێناکەین، ئێستە دەوڵەمەندەکانی ئەم وڵاتەش دەزانن برسییەتی ناخۆشە، بەڵام هەستی پێناکەن. ئەم هەست پێکردنە گرنگە، بەڵام دەگەیتە قۆناغێک ئازارکێشانی کەسانی دیکەش دەبێتە بەشێک لە ئازارەکانی تۆ، دڵنیام کە دەیبینی منداڵێک لەبەر دەرگایێک فڕێدەدرێت، یان پیرەمێردێک کوڕەکانی دەریان کردووە، ئازارت دەدات، ڕاستە سەدلەسەد وەکوو ئەوە نییە مامی خۆت دەرکرابێت بەڵام سەدا چل وایە، وەکوو ئەوەی مامی خۆت بێت، یان برایێکت باوکتی دەرکردبێت.

**– بەڵام، ئەو دەقە باڵاتر و پڕ خوێنەرترە، کە تەعبیر لە ئازارەکانی خۆت دەکات، یان لە ئازارەکانی کەسانی دیکە؟**

+ لیرەدا دێینە سەر کێشەیێکی گەورە لەئەدەبی کوردی، ئەدەبیاتی کوردی یەکێک لەکێشەکانی ئەوەبووە ئازارەکانی کەسیی نووسیتەوە، نەک ئازارەکانی ناخ، ناخی من، ناخی تۆشە، ئێمە زادەی یەک ئاینین، زادەی یەک کۆمەڵگەین، یەک وڵاتین، مێژوومان یەکە، من باسی ناخی خۆم دەکەم، ناخی تۆش، وەکوو خوێنەر ئەگەر باسی ئازاری کەسیی بکەم، ئەوا ئازاری کەسیی تۆ نییە، من شاعیری کورد دەبینم سێ قەسیدەی نووسیوە لەبەر ئەوەی ژنی تەڵاقداوە، ئێ، ئێمە ژنمان تەڵاق نەداوە چی بکەین؟ ئەو قەسیدەیەی نەخوێنینەوە، ئەمە بابەتی کەسیی تۆیە، بەڵام ئەگەر تۆ باسی جیابوونەوە بکەیت، منیش لەگەڵ خەڵکی ئازیزی خۆم جیابوومەتەوە، بۆیە کە باس لە ناخی خۆت بکەیت، ئەوە ناخی منیشە.

**– یەکەم تێکستی شیعر کە نووسیت چی بوو؟**

+ یەکەمجار تێکستێکم لەسەر باینجان نووسی.

**– ئەو لەسەر نووسینە، دوای چیرۆکەکەی دوکانی باوکتە؟**

+ دوای چیرۆکەکەیە، من خۆم وەکوو باینجان دەهاتە پێش چاو، باینجان لەوێ لەدوکانی ئێمە پەراوێز خرابوو گونیەیێکی تەڕی بەسەر دادرابوو، کەس نەیدەسڕیەوە سێو و پورتەقاڵ و مۆزەکان لەبەشی پێشەوەی دوکانەکە بوون دەسڕدرانەوە، خەڵک دەیبردنە میوانداری و دەیبردنە نەخۆشخانە.

**– باینجان بۆ تۆ بوو بە ئیلهام و هەوێنی شیعر؟**

+ بۆتە هاوواتایێک بۆ خۆم، هەستم دەکرد وەکوو باینجان پەراوێز خراوم.

**– تۆ قەت سەرسام نەبوویت بە سێو؟**

+ من سەرسام نەبوویمە بە تێگەیشتن لە سێو، من ئێستەش پێم گرنگ نییە ناوداربم، ئەوەندەی پێم گرنگە باوکێکی باش بم، تەنانەت پێم گرنگ نییە نووسەریشم، کورد پەکی ناکەوێت لەسەر ئەوەی من نووسەربم، یان نا، بەڵام دوو کچەکەم پەکیان دەکەوێ، ئەگەر من باوکێکی خراپ بم، چونکە ئەو دوو کچە تەنیا منیان هەیە، بەڵام ئەدەبی کوردی سەدان و هەزاران ئەدیبی دیکەی هەیە.

**– کەواتە شیعر لای تۆ چی دەگەیەنێت و شیعر چییە؟**

+ کە دەڵێی شیعر چییە، وەکوو

ئەوە وایە، بڵێی ژیان چییە، ژیانی ئاسنگەرێک، لە ژیانی خەباتگێڕێک، لە ژیانی کەسێک، کە قاچێکی نەماوە زۆر جیاوازە، ژیان ژوورێکە پەنجا پەنجەرەی هەیە لەهەر پەنجەرەییەکەوە لێی دەڕوانی چل و نۆی دیکەت پێش ئەو کردۆتەوە، وێڕای دەرگاکەی، ئیدی وەکوو چۆن هەر کەسە و تێگەیشتنێکی بۆ ژیان هەیە، بۆیە دەبینی هەر نووسەرە و تێگەیشتنێکی بۆ شیعر هەیە، کە لەتێگەیشتنی خۆیەوە دێت.

**– پێتوایە ئەرکەکانی شیعر، گوتنی شتە نەگوتراوەکانە؟**

+ نەخێر، نەخێر، ئەمە ئیرەیی شاعیرەکانە بە پێغەمبەرەکان، حەسوودی شاعیرەکانە بەشێخەکان، ئەوەی کە لە زوهد دایە و ئیلهامی بۆ دێت، ئەوەی ئەو دەیزانێ دەروێشەکان نایزانن.

فێڵێکی گەورە لەخوێنەری کورد کراوە، ئەو فێڵە بەڕاستی هی کورد نییە و داهێنانی کوردیش نییە، داهێنانی عەرەبەکانە، یان بابلییەکان، شارستانییەتی ئیسلامی، چونکە ئەوانەی شیعری عەرەبییان نووسیوە تەنیا عەرەب نین، ئەوانەن کە لەژێر سایەی شارستانیەتی ئیسلامیدا بوونە، بردنە دەرەوەی شیعر لەدیالۆگ، لە قسەی ئاسایی، لەوەی دەبێ ئەو شتە بڵێی کە نەگوتراوە، ئەمە هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی شاعیر و لاوازکردنی خوێنەرە، بەو مانایەی کە شاعیرەکە شتێک دەڵێت کە نەگوتراوە، بەومانایەی خوێنەرەکە نەیبیستووە، ئەمە دەسەڵات و هێزێک بەنوسەر، یان شاعیر دەدات، بۆ ئەوەی بەسەر خوێنەردا زاڵ بێت، خوێنەریش بۆی نەبێت گفتوگۆی ئەم نەگوتراوانە بکات، لەبەرئەوەی پێش ئەو نەگوتراون، ئیدی گفتوگۆی چی دەکەیت ئیرەیی شاعیرەکان بەپێغەمبەرەکان، بەو دەسەڵاتەی کە لەوەحییەوە دێت، وایلێهاتووە دەسەڵاتی نووسەر کە ڕۆلان پارت باسی دەکات، ئەوەندە باڵا بێت خوێنەر ببێتە پەراوێز، بۆیە دەبینی لەڕەخنەی کۆن و کلاسیکدا نووسەر گرنگ بوو، خوێنەر هیچ نەبوو. واتە ڤۆلتێر و بۆدلێر گرنگ بوون خوێنەر هیچ نەبوو.

**– بەڵام کێ ئەو گرنگییە بەنووسەر دەدا؟**

+ دەسەڵاتی نووسەر، دەسەڵاتی ئەوەی کە شتێک نەگوتراوە، وەکوو چۆن پێغەمبەرەکە دەیگوت: شتێکم هێناوە ئێوەش فەرمون، ئەگەر ئازان بیهێنن، هەموو پێغەمبەرەکان وایان گوتووە ئێمە تێکستێکمان هێناوە، ئەگەر ئازان بیهێنن، وەکوو ئێمە بنووسن، شاعیرێک دێت دەڵێت: من شتێک دەنووسم ئەگەر تۆش ئازای بینووسە، لە کاتێکدا ئەوە سی ساڵە کاری تۆیە، فێری سەنعەتەکە بوویت، من سی ساڵ خەریکی نەبووم، خوێنەر سی ساڵ خەریکی خوێندنەوە نابێت بۆ ئەوەی تێکستێک بنووسێت، بەڵام نووسەرەکە سی ساڵ، چل ساڵ خەریکی ئەوەبووە، بۆ ئەوەی بنووسێت، تۆ تەکنیکەکە فێربوویت، تۆ ئیشکە دەزانیت، وەکوو چۆن ئاسنگەرێک دەتوانێت موحەجەرەییێک دروست بکات، تۆش سی ساڵە خەریکی، بەڵام دەسەڵاتی نووسەر وایکردووە شیعر لەقسەی ئاسایی و ناو بازاڕ دوورخاتەوە و بیخاتە ناو چوارچێوەی زمانێک، پێی بڵێن زمانی باڵا، ئەمە ئەوپەڕی فاشستی و فاشیەتە بەرامبەر بەخوێنەر، بڵێی من زمانێک دەنووسم نە تێیدەگەیت، نە بەتەمابە تێیبگەیت.

**– هەست دەکەم زۆر کێشەت هەیە لەگەڵ ئەو دەقانەی کە خوێنەر دەڵێ تێیان ناگەین، تۆ دەڵێ من لە بۆدلێر دەگەم، لەڕامبۆ دەگەم، بۆ لە شاعیرێکی کورد ناگەم؟**

+ لەسەر ئەو قسەی تۆ، من کە شیعرم نووسی بەحوکمی ئەوەی عەرەبی دەزانم شیعری عەرەبیم دەخوێندەوە، (مەحمود دەروێش، نزار قەبانی، ئەدۆنیس، سەمیح قاسم) ئەوانەم دەخوێندەوە، شیعری کوردیم دەبینی دەمگوت باشە، ئەو زمانە لەکوێ هەیە، کە دەچوومەوە ماڵێ دایکم نەیدەگوت (ئەی تریفەی شەوگاری عومرم لەکوێ بووی) دەیگۆت: (کورە هەتیم لۆ نایەوە) لەنێوان من و دایکمدا ئەو قسەیە نییە، لەنێوان من و هاوڕێکانمدا. دەچووینە قوتابخانە و بازاڕ، نەبوو بڵێ (بە ڕوحێکی جەلاتینییەوە کە هانگاوت دەنا بەرەو دونیای خەیاڵی) شتی وانەبوو، دەڕۆیشتم و بیرم لەکچێکی دراوسێمان دەکردەوە، ئەوها بیرم لێنەدەکردەوە، دەمگوت کەی بیبینم چۆن بیبینم، کە چووە بازاڕ لەگەڵ دایکی چۆن سلاوێکی لێبکەم قسەی ئاساییم دەکرد، شیعری کوردی پەیوەندی بەهیچەوە نەبوو، نە لەقسەی دایک و کوڕ دەچوو، نە لەقسەی مامۆستا و قوتابی، نە لەقسەی دوو برادەر، نە لەقسەی دوو عاشق، شیعری کوردی زمانەکەی چووبووە شوێنێک پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە نەمابوو.

**– دەمێکە ئەو بۆچوونەت هەیە و وابیردەکەیتەوە، هەربۆیە بەو ستایلەش دەنوسیت؟**

+ بەڵی، سەیرکە لە هەولێرێ خەڵک لە ئەدەب دوورە، ئەدەب مێژوویێک ڕەگێکی قووڵی لە هەولێرێ نییە، ئەو ڕەگەی کە

> **“ شیعری کوردی پەیوەندی بەهیچەوە نەبوو، نە لەقسەی دایک و کوڕ دەچوو، نە لەقسەی مامۆستا و قوتابی، نە لەقسەی دوو برادەر، نە لەقسەی دوو عاشق، شیعری کوردی زمانەکەی چووبووە شوێنێک پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوە نەمابوو ”**

> **"یەکەم کتێب لە هەولێر لە پەنجاکان بوو، ئەویش هی پیربالٌ مەحموودە، کەچی نیوەی تورکییە و نیوەی کوردییە، بۆیە پەیوەندی خەڵکی هەولێر لەگەڵ شیعر تەنیا ئەوکاتە نەشونوما دەکات کە (عەبدوڵڵا پەشێو) پەیدا دەبێت"**

لە سنە هەیە، یان لە سلێمانی هەیە، لە هەولێر نییە، ئێمە کلاسیکمان نییە، یەکەم کتێب لە هەولێر لە پەنجاکان بوو، ئەویش هی پیربالٌ مەحموودە، کەچی نیوەی تورکییە و نیوەی کوردییە، بۆیە پەیوەندی خەڵکی هەولێر لەگەڵ شیعر تەنیا ئەوکاتە نەشونوما دەکات کە (عەبدوڵڵا پەشێو) پەیدا دەبێت، پەشێو شۆڕشێکی بەرپاکرد، کە شۆڕشی ئاشتکردنەوەی خوێنەر بوو بە شیعر، لەحەفتاکان بەدەگمەن نامەیێکی دڵداری هەبوو، دێڕێکی شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)ی تێدا نەبێت، پەشێو کە ئەو ئاشتکردنەوەیەی کرد، لە هەشتاکان ئەم پردە لەنێوان خوێنەری شیعر و نووسەری شیعر دەڕوخێنێت، بەشێوەیێک باشترین تێکست ئەو تێکستەیە کە تۆ هەست بەبوونی نووسەر نەکەیت هەر ڕێک وابزانیت ئەوە هی خۆتە، ئەوەی ڕۆڵان پارت باسی دەکات پلەی سفری نووسین، باشترین نووسین ئەوەیە، بوونی نووسەر لەتێکستدا سفر بێت، بۆ ئەوەی لەسفرەکەوە خوێنەرەکە خۆی لەسەر ئەم تێکستە بونیاد بنێ و بەموڵکی خۆی بزانێت. جاری واهەبووە گەرمیانییەک شیعرێکی منی دزیوە و بەناوی خۆی بڵاویکردۆتەوە، ئەوەندەم پێخۆش بووە باوەڕناکەی، کچێک لەڕانیە شیعرێکی منی دزیوە و بەناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، زۆر گرنگە، کە چۆن ئەم کچە هەستی نەکردووە ئەمە نێرینەیێک نووسیویەتی، بۆیە گرنگە شیعرێک بنووسرێت نووسەرەکەی دیار نەبێت، بەڵام دیارنەبێ و لەناو خوێنەرەکانیدا ون بێت، واتە ببێتە خۆراکی خوێنەرەکانی، نووسەر قوربانی بدات بۆ خوێنەرەکانی، نووسەری کورد ئامادە نییە قوربانی بدات، دەیەوێت خۆی خۆرەکە بێت و هەموو خوێنەرەکانیشی هەسارەکان بن و لەدەوریدا بخوولێنەوە.

**– لای تۆ، شیعر زمانە، یان زمان شیعرە؟**

+ شیعر بوونەرێکی زمانەوانییە، ئێمە لە دەرەوەی زمان شیعرمان نییە، تایبەتمەندکردنی جۆرێک لەزمان، یان فریکوێنسیەکی زمان لەشیعردا، وەک ئەوەی بڵێین ئەوەی لەسەر ئەو فریکوێنسیە نەبێت شیعر نییە، ئەمە فاشیەتەکەیە، من باس لەوە دەکەم شیعری کوردی چۆتە فریکوێنسیەک، کە ئەوان ناویان ناوە زمانی باڵا، یان زمانی ئاڵۆز، یان گوتنی نەگوتراوەکان، کە چوونە فریکوێنسیەک هەرخوێنەرێک نەیەتە ئەم فریکوێنسیە نەخوێندەوارە، کەواتە دەبوایە خوێنەرەکان بەرز ببنەوە بۆ لای نووسەرەکانیان، باشە من پرسیارێک لەتۆ دەکەم (عەبدوڵڵا گۆران) کوێی ئاڵۆزە کە دەڵێ: (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە) یان (جادە چۆڵ و سێبەر بوو کاتی بەیانی) ئەمە ئاڵۆزییەکەی لەکوێی دایە.

**– پێتوانییە نووسینی دەقێکی سادەی بێ گرێ و گۆڵ و سانا، زۆر قورسترە لەنووسینی دەقێکی ئاڵۆز، ئەوەی بەشێک لەبرادەران لەڕابردوودا پێیان دەگوت فۆڕمی گران؟**

+ بێگومان، من نموونەیێکت بدەمێ، ئاسانترە من قسەیێک بکەم تۆ تێینەگەیت، کە تێشنەگەیشتی ناتوانی سوپاسم بکەیت، ناتوانی لۆمەشم بکەیت، لەبەرئەوەی تێنەگەیشتی من ئێستە بەفەڕەنسی دوو قسە بەتۆ بڵێم، تۆ ناتوانی بڵێی سوپاس و ناشتوانی سەرکۆنەم بکەیت، قسەی دایک بۆ جوانە، ئێمە بۆ دایکمان خۆشدەوێ، چونکە ڕوون و سادەیە و لە دڵت دەدات، شیعری باش وەکوو قسەی دایک وایە، کەس لە دایک سادەتر قسە ناکات، هەموومان دایکمان بەچوار قسە قەناعەتمان پێدێنێ، بەقسەی ڕوون و سادە و قووڵ، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی تۆ هەست بەڕاستگۆییەکەی دەکەیت، گوتنی شتی شاراوە و گران لێی ئاسانتر نییە، گرانی و قورسییەکە ئەوەیە من بەڕوونی و ئاسانی قەناعەتت پێبێنم کە من هونەرێکم لایە.

**– لای تۆ مەرجە، خۆت، لەدەقەکەی خۆت ڕازی بێت، یان خوێنەر؟**

+ خوێنەر ڕازی بێت، لەبەرئەوەی نووسەری باش قەت لەدەقی خۆی ڕازی نییە، هەر نووسەرێک لەدەقی خۆی ڕازی بوو، ئەوە شەهادەی وەفاتەکەێتی، هەر نووسەرێک هەست بکات تەواوبووە، یان خوێنەرەکانی نەزانن، ئەوە شەهادەی وەفاتێتی.

**– خۆت لەدەقی خۆت ڕازی نەبیت و خوێنەر ڕازی بێت، ئەوە چی پێدەگوترێت و چۆن لێکی دەدەیتەوە و تێگەیشتنت بۆ ئەوە چییە؟**

+ سەدان جار وابووە، تێگەیشتنم بۆ ئەو حاڵەتە ئەوەیە، خوێنەر شتێکی لەو تێکستەدا دۆزیوەتەوە کە تۆ مەبەستت نەبووە، بەڵام ئەو بەتێگەیشتنی خۆی ئاستێکی دیکەی داوەتێ، یان شتێکی تێدا دۆزیوەتەوە کە تۆ مەبەستت ئەوە نەبووە ئاگات لێبێ، زمان وەکوو ژیژک وایە پەنجا هەزار دڕکی هەیە، کە هەریەکەو بەرەو ئاڕاستەیەکە، ڕەنگە تۆ مەبەستت ژیژکەکە بێت، بەڵام ئەو مەبەستی تیشکەکانە، یان دڕکەکانە بەرەو برینێکی، یان بەرەو ئازارێکی چووە، زۆرجار من تێکستێکم نووسیوە، خۆم لێی ڕازی

نەبوومە، هەر پێویست نەبووە، کەچی بینیوومە لەسۆشیال میدیا ڕەنگدانەوە و دەنگداوەی زۆری هەبووە، لێشیان پرسیووم مەبەستت ئەوە نییە، کەچی من بەهیچ شێوەیێک ئەو مەبەستەم نەبووە.

**– هەستت چی بووە کاتێک کەسێکی ناسراو، یان نەناسراو تەلەفۆنی بۆ کردووی و ستایشی دەقێکی تۆی کردووە؟**

+ ڕاستییەکەی پێم گرنگ نەبووە، پێم گرنگ بووە دڵخۆشم کردووە، پێم گرنگ بووە خۆی تێدا دۆزیوەتەوە، چونکە لای من بەرهەمی ئەدەبی بە تەنیا بەرهەمی نووسەر نییە.

**– تۆ خۆت، خۆت پێگەیاند، یان کەسێکی دیاریکراو هەیە ڕۆڵی هەبووە لەپێگەیاندنی تۆ؟**

+ زۆر کەس ڕۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنی من، بۆ نموونە دڵشاد عەبدوڵڵا کە هەمیشە پشت و پەنام بووە، هاشم سەراج، تەمەنم ١٩ ساڵ بوو، کە هاشم سەراج وتاری لەسەر شیعری من نووسیوە، کە ئەمە بۆ نەوەی ئێمە شتێکی تازە بوو، کەسێک بێت لەو تەمەنەوە لەو ئەزمونەوە ئاوڕ لە بەهرەی گەنجێک بداتەوە. بیرمە یەکەم تێکستم لە پانزە ساڵی و لە ڕۆژنامەی هاوکاری مەحموود زامدار بۆی بڵاوکردمەوە، شێرزاد حەسەن، بەحوکمی ئەوەی دراوسێمان بووە و خەڵکی گەڕەکەکەمان بوو، ڕۆڵی هەبووە لەوەی کە کتێبی داومەتێ، زۆرجار پارەی داوینەتێ، پێڵاوی بۆ کڕیووین، دکتۆر مارف خەزنەدار، من کوڕی ماڵیان بووم، بەتایبەتی لەڕووی کتێب خوێندنەوە، زۆرجار جلوبەرگی بۆ دەکڕیم، گۆشتیان هەبوایە دەیگوت گرانییە تەڵعەت دەبێت گۆشت بخوات، بەدوایدا دەناردم، شەو و ڕۆژ من لەکتێبخانەکەی بووم بەدوو شەو نەدەهاتمە دەرەوە.

**– دەکرێ بڵێین تۆ بەر لەوەی بچیە سلێمانی لەهەولێر هەڵکەوتووی و دەرکەوتووی و پێگەیشتووی؟**

+ ئەوکات دەرکەوتن زەحمەت بوو، لەبەرئەوەی سەردەمی ڕاگەیاندنی ناوەندی بوو، ئەو ڕاگەیاندنانە ڕۆڵی زۆر خراپیان هەبوو لەگەماڕۆدانمان و قۆرخکردنی ئەدەبیات و هونەر. ئەودەم دوو ڕۆژنامە هەبوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی برایەتی، دوو لاپەڕە بۆ ئەدەب هەبوو، لەو دوو لاپەڕەیەدا دەبوایە سێ وتار لە پێداهەڵدانی دوو شاعیردا بنووسیت بۆ ئەوەی دواتر تێکستێکت بۆ بڵاوبکەنەوە.

کە سۆشیال میدیا دێت، ئیدی خەڵک منەتی بە ڕۆژنامەی ڕەسمی و حزبی نامێنێت، ئەوکاتە ئاسۆکان دەبنەوە.

**– مەبەستت ئەوەیە تا لە هەولێر بووی هەڵنەکەوتووی و دەرنەکەوتی؟**

+ بەو پلەیە نەخێر، بەڵام هەلێکی باش بوو بۆ خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن، من قەت پەلەم نەکردووە، یەکەم کتێبم لەتەمەنی ٤٣ ساڵی نووسی، من تائێستە سێ کتێبم هەیە، پێشموایە ئەزمونی مرۆڤی خۆرهەڵاتی، مرۆڤی کورد بەتایبەتی، ئەزمونێکی ئەوەندە هەژارانەیە، هەر بەشی چوار پێنج کتێب دەکات.

**– پێتوایە بەش ناکات، یان تۆ کەسێکی بەشتی دیکەوە سەرقاڵیت، یان زۆر خووت نەداوەتە بەرهەمەکانت، یان باوەڕێکی دیکەت هەیە، کە پێتوایە، بۆنموونە ئەو شتەی کە چاپی دەکەیت دەبێ شوێنی خۆی بگرێت، لەئاستێک دابێت ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەبێت؟**




تەڵعەت تاهیر و هاشم سەراج

+ دەبێ وابێت، لەبەر ئەوەی متمانەی نێوان خوێنەر و نووسەر متمانەی نێوان دوو عاشقە، دەبێت هەمیشە شتی تازەی بدەیتێ، ئەگەر بووە ڕۆتین و شتێکی هاکەزایی، ئەوە عیشقەکە نامێنێ، ئێستە نەخۆشی ژمارە پەیدا بووە، ژمارەی کتێب، من حەفتام هەیە، تۆ شەستت هەیە، من هەشتاو پێنج کتێبم هەیە بۆیە قسە نەکەیت.

**– تۆ ئەو متمانەیەت بەدەستهێناوە، هەر لەسەرەتای چاپکردنی یەکەم بەرهەمت، یان دواتر توانیت ئەو متمانەیە لەگەڵ خوێنەرەکانت دروست بکەی؟**

+یەکەم بەرهەمم (لەبەر ئاوازێک نابێتە گۆرانی) بەهەفتەیەک لە کتێبخانەکان نەما، چاپیشم نەکردەوە لەبەر ئەوەی باوەڕم بەزۆری و بۆری نییە، برادەر هەیە دەیناسم، بیست کتێبی هەیە باوەڕ دەکەی، ئەگەر لەو بیست

“ زۆرجاران هونەرمەند (زیاد ئەسعەد) ئاوازێکی دەدامێ و دەیگوت شیعرێک بۆ ئەو ئاوازە دابنێ ”



**سمکۆ عەبدولکەریم و تەڵعەت تاهیر – سلێمانی– سەرچنار ٢٣-٤-١٩٩٨**

کتێبەدا بیست شیعر هەڵبژێریت دەبێتە باشترین شاعیر، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەندە زۆر و بۆری نووسیوە ئەو بیست شیعرەی وەکوو ئاردی ناو دڕکی لێهاتووە، کەس گرنگی بە تێکستە باشەکانیشی نادات.

**– باسی ئەوە دەکرێت، لەسەرەتادا تۆ سەرسام بوویت بەسوریالیزم ئەگەر وایە، بۆ کەوتیە ژێر کاریگەری سوریالیزم؟**

+ دونیای ئەوکات دونیای سوریالیزم بوو، دونیایێک، باوک متمانەی بەکوڕی نەمێنێ، برا متمانەی بەبرای خۆی نەمێنێ بەعس لێرە بوو، متمانەت بەمامۆستا نەبوو هەموو دونیا سوریالی بوو، وەک نەبوونی و زوڵمی بەعس و جۆری ژیان و جۆری جلوبەرگ، خەڵک وەکوو مەست وابوو لە مەجلیسەکاندا کەس نەیدەوێرا قسە بکات، لە قوتابخانە مامۆستا نەیدەوێرا قسەیێک بکات ژیان نەمابوو، پەیوەندییەکان پچڕابوون، ئەندازیار بوو، چاڵێکی لەماڵەکەی لێدابوو بەرمیلێکی لەسەر دانابوو فیرار بوو، بۆ خۆشاردنەوە دەچووە ناو چاڵەکە، ئیدی ژیان بۆخۆی ژیانێکی سوریالی و شێتێتی بوو.

**– یانی نووستنت لەنێو کتێبەکەی دەستی ئیبن مستەوفی، پەیوەندی بەو دونیابینیەتەوە هەبوو، ئەو یاخیبوونەی ئەو سەردەمە چی بوو؟**

+ وای لەوسەردەمە، ماوەی یاخیبوون بوو، ئەوکاتە بوو کۆڵن وێڵسن-م ناسی کتێبێکی زۆر نازداری هەبوو بەناوی (بێ ئینتیما) باس لەوە دەکات زۆربەی هەرە زۆری ئەگەر هەمووشی نەبێ، نوسەرە باش و داهێنەرەکان، ئەو کەسانەن کە ئینتیمایان نەبووە، یان بەرزتربوونە لەو ئینتیمایانەی کە ئێمە دەیزانین، پێیوابوو (ئەرنست هەمەنگوای) بەرزتر بووە لەئایدۆلۆژیا (مارکیز) لەشوعییەت و (کامۆ) بەرزتر بووە لەئەدەبیاتی بەرگری فەرەنسییەکان، لەبەرانبەر نازییەکاندا، ئەو ئەدیبانەی گەورەتر بوونە، ئینتیمایان بۆ شارچێتی و نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیا نەبووە، ئەمانە بوونەتە ئەدیبی باش، لەوێوە ئەو یاخیبوونە دەستپێدەکات و باوەڕی بەهیچ نامێنێ، دەمەوێ بەرزتر ببمەوە، لەهەولێر بەرزتر ببمەوە، لە کوردستان بەرزتر ببمەوە لەکورد و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و نێرومێی. من ئێستەش باوەڕم وایە ئەدەبی باش دەبێ لەسەرووی شارەوە بێت، لەسەرووی جێندەرەوە بێت، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەدەبی گەردوونی بنووسین و باسی شار و (کوران) و ئەوانەی تێدانەبێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین کردی، لەخورافات و کۆڵانەکانی خۆیانەوە دێت.

مارکیز هەموو ڕۆمانەکانی لەسەر داپیرە و باپیرە و خوڕافات و سایەق تەکسی و بنەماڵەکانە واتە لە لۆکاڵی بوونەوە جیهانی بوون دروست دەکات.

**– بەڵام تۆ باسی نووستنی ناو کتێبەکەت نەکرد ؟**

+ ئیبن مستەوفی بۆ ئێمە، بۆ هەولێریان گەورەیە، بیرت نەچێ ئیبن مستەوفی یەکەم کەسە باسی گەڕەکی (کوران) دەکات لە (تاریخ ئەربل) کوران گەڕەکێکە پێیان گوتووە (کوران) لەبەر ئەوەی کورەی خشتی لێبووە، مستەوفی واباسی دەکات کە گوندێکە لەنزیک قەڵا، نزیکترین گوندی هەولێر بووە، من (ئیبن مستەوفی)م زوو خوێندەوە، ئیدی شەو بوو زۆر درەنگ بوو کتێبێکم پێبوو (الصوفیة والسوریالیة)ی ئەدۆنیس، بەڵام کۆپی بوو، بیرمە دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا وێیدابووم، ئیدی لەباوەشی ئیبن مستەوفی خەوتم تا بەیانی.

**– شیعری گۆرانیشت نووسیوە، چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە شیعر بۆ گۆرانی بنووسیت؟**

+ شیعری گۆرانی یەک سوودی تێدایە، چرکەکەت بۆ ڕادەگرێت، یان کاتت بۆ ڕادەگرێت، خۆت دەزانی شیعری گۆرانی لێرە پلان و پڕۆژە نییە، زیاتر وەکوو (فاست فوود) وایە هەر دەخۆی و دەڕۆی. هونەرمەند و موزیک ژەنەکان، جا بارودۆخ وای کردبێ، یان خۆیان، سەقامگیر نەبووبن، یان

ولآتەکە وابوو، پلان و پرۆژە نەبوو گۆرانیبێژەکانیش ئاگایی ئەدەبییان کەمە.

**– خۆت شیعرت بۆ گۆرانی دەنووسی و هەڵتدەبژارد، یان پێیان دەنووسیت؟**

+ نا، من زیاد ئەسعەد هاوڕێم بوو، ئیدی بەحوکمی ئەوەی نزار قەبانیم دەخوێندەوە، نزار قەبانی شتێکی دەکرد، سیاسەت و خۆشەویستی تێکەڵاو دەکرد، مافی ژنی لەگەڵ جوانی ژنی تێکەڵاو دەکرد، زوڵمی کۆمەڵگەی لەگەڵ زوڵم لە ژنان تێکەڵاو دەکرد، یان زوڵم لەمنداڵ من ئەوەم دەکرد.

**– یەکەم شیعر کە بۆ گۆرانیت نوسی، چ شیعرێک بوو و کێ گوتی؟**

+ یەکەم شیعر (بەیادی شەوانی ڕابردووی عیشق و سووتان) کە لەساڵی ١٩٨٩ زیاد ئەسعەد تۆماری کرد، پێشتریش لەئاهەنگەکان گوتبووی.

**– شیعرەکەت نووسیبوو، یان داوات لێکرا؟**

+ ئاوازەکەی دامێ من تێکستەکەم لەسەری نووسی.

**– تۆ بۆخۆت لەگەڵ کامەیانی شیعر بکرێتە گۆرانی یان شیعر بۆ گۆرانی بنوسرێت؟**

+ پێموایە شیعر بنووسرێت دواتر بکرێتە گۆرانی ئەگەر ئاوازدانەرێکی باش هەبێت، چونکە ئەوکات شاعیرەکە ناچار نابێت بچێتە ناو ئەو قالبی خشتەوە.

**– بۆ وازت لەشیعری گۆرانی هێنا؟**

+ لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی جدی نەبوو ئێستەش گۆرانی مەسەلەیەکی جددی نییە، زیاتر کەمالیاتە، پرۆژە نییە، ئەوەیە کە تۆ بێتاقەتی و گوێی لێ دەگری، بەڵام ئەو گۆرانیانەمان نییە کە بێتاقەت نەبیت و گوێی لێ بگریت، کێشەکە لەوەدایە گۆرانی کوردی نەبۆتە بەشێک لەوشیاری مرۆڤی کوردی، بەشێک نییە لەبەرەوپێشبردنی تێگەیشتن، یان بەرزکردنەوەی زەوق و سەلیقەی مرۆڤی کوردی، وام لێبکات کە چوومە ماڵەوە ژنەکەم ماچ بکەم، گۆرانییەک وام لێبکات کە تەلەفۆنێک بۆ سمکۆ بکەم بڵێم غەریبیت دەکەم.

**– تۆ ڕات وایە هەموو شیعرێک نابێ بەگۆرانی؟**

+ با چۆن نابێ، هەموو شیعرێک دەبێتە گۆرانی.

**– کە هەموو شیعرێک دەبێتە گۆرانی ئەی بۆ جیاکاری کراوە دەڵێن ئەوە شیعری گۆرانییە؟**

+ زیاتر گۆرانی خۆرهەڵاتی وایە، لەبەر ئەوەی قالبکاری و میلۆدییە، بۆیە پێشەکی و ناوەڕۆک و پاشەکی هەیە، ئیدی دەیانەوێت ئەم شیعرە سەروای هەبێت، یان ڕیتمی هەبێت ڕیتمەکە یەک ڕیتم بێت بۆ دوبارە بوونەوە، بەڵام لەدونیای ئێستە وانەمایە لەدونیای خۆراواییدا شیعری ئازاد دەکرێ بەگۆرانی.

**– تۆ باسی سیاسەتت کرد، پەیوەندی شیعر بەسیاسەتەوە، یان سیاسەت بە شیعرەوە چییە و تۆ چۆنی تێدەگەیت؟**

+ پەیوەندییەکی زۆر ئۆرگانی و زۆر قووڵە، سیاسەتی شیعریی هەیە و شیعری سیاسیش هەیە، ئەوە هیچ، شیعری سیاسی بابچێتەوە ماڵ بۆ زبڵخانەی مێژوو باشە، ئەزموونی حەفتا ساڵەی شیوعی و ١٤٠٠ ساڵەی ئەدەبی ئاینیمان هەیە، ئەمانە هیچیان نەمان هیچ ڕۆڵێکیشیان نەبوو، شیعری سیاسی هیچ ئاسۆییێکی نییە. من هەتا ئێستا شیعرێکم نەدیووە لەسەر شۆڕش نوسرابێت و داهێنەرانە بووبێت. شیعری باش، پێش شۆڕش، یان دوای شۆڕش. دەنووسرێت.

**– ئەی مەحموود دەروێش بۆ هەڵکەوت؟**

+ مەحموود دەروێش کێشەی فەلەستینی لەگەڵ بوو، ئێستە خۆشاردنەوەی مەحموود دەروێش لەپشت کێشەی فەلەستینی زیانی زۆری لەخۆشی داوە، خۆشی وادەڵێت، ئەو دەڵێت: (لەکۆتاییدا، من ئەوکاتە بوومە شاعیر کە وازم لە کێشەی فەلەستین هێنا و هاتمە سەر کێشەی مرۆڤایەتی) خۆشاردنەوە و ئەو وەهمەی کە ئەدیب و نووسەر هەیەتی، گرەوکردن لەسەر وەهمی بەرهەمهێنانی تێکستی مەزن، ئەمە شاعیرانی خۆشمان کردوویانە، شاعیرمان هەیە خۆی لەپشت ئەنفال شاردۆتەوە، پێیوابووە بەس باسی ئەنفال بکات، تۆ ناتوانی قسە بکەیت، ئەگەر قسە بکەیت و قسە بەتێکستەکەی بڵێی،

***من هەتا ئێستا شیعرێکم نەدیووە لەسەر شۆڕش نوسرابێت و داهێنەرانە بووبێت. شیعری باش، پێش شۆڕش، یان دوای شۆڕش. دەنوسرێت***

***“ میرەکان دەچنە تاران لەوێ کۆشک و ئۆتۆمبێل و ژیانی باشیان پێدەدەن، سالمی ساحێبقران و مستەفا بەگی کوردیش، تەنانەت مستەفا بەگ، ناچارە ناوی خۆشی بگۆڕێت بیکاتە هیجری، تەنیا بۆ ئەوەی لەو مێژووە ڕزگاری ببێت ”***

**شاعیرمان هەیە خۆی لەپشت ئەنفال شاردۆتەوە، پێوابووە بەس باسی ئەنفال بکات، تۆ ناتوانی قسە بکەیت، ئەگەر قسە بکەیت و قسە بەتێکستەکەی بڵێی، وەکوو ئەوەیە قسەت بەئەنفال گوتبێت**

وەکوو ئەوەیە قسەت بەئەنفال گوتبێت.

**– تۆ پێتوایە شاعیر لەژیان و گوزەرانێکی خۆشدابێت، یان لەژیان و گوزەرانێکی ناخۆش و نالەباردا بێت، زیاتر دەتوانێت شاعیریەتی خۆی دەربخات؟**

+ هەردووکیان، شاعیر ئەگەر بەهەژاری بژی، کۆمەڵێک دەسکەوتی هەیە و کۆمەڵێک شتیشی لەدەستداوە، بۆ نموونە ئازار دەکێشێ. بەڵام تەکنیکی، خوێندنەوەی، شەهادەی، خۆ تەرخانکردنی، تێدەگەی چۆنە، ئێستە نموونەی (مارسیل برووست) مان هەیە کە باشترین نووسەرە و لەهەموو ژیانیشی داری لەسەر بەرد دانەناوە لەناو کۆشکێک دەژیا کە پەنجا خزمەتکاری هەبووە، نموونەی (دۆستۆڤیسکی)شمان هەیە.

**– دوو شاعیری عەرەبی، شاعیرێکی وەکوو (نزار قەبانی) یان شاعیرێکی وەکوو (محەمەد ماغوت) ئەویان لەژیانیکی ئەرستۆقراتی و ئەویدیکەیشیان لەژیان و گوزەرانێکی پڕنەهامەتی و کولەمەرگی ژیا، دەرنەکەوت کامەیان زیاتر بۆ شیعر ژیان و خزمەتی ئەدەبیان کرد نزار، یان ماغوت، ئەگەرچی دواجار نزار دانی بەوەدانا کە ماغوت ڕاست بوو ئەو هەڵە بوو.**

+ ماغوت ڕاست بوو لەبەر ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا بوو لەگەڵ خەڵکی خۆی بوو، بەڵام بیرت نەچێت (نزار قەبانی) ئێستەش لەماغوت زیاتر کتێبەکانی چاپ دەکرێت و دەفرۆشرێت، وەکوو گوتم هەردوولایەن باش و خراپی هەیە، نزار هەندێک شتی لەدەستداوە بەڵام هەندێک شتیشی بردۆتەوە (ماغوت) یش هەندێک شتی لەدەستداوە و هەندێکیشی بردۆتەوە، ئێستا ئەوەی بیەوێت ژن بێنێ، یان ئەوەی خۆشەویستی بکات، یان ئەوەی بچێتە ژوانێک، نزار قەبانی دەخوێنێتەوە و ماغوت ناخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی ئازارکێش بێ ماغوت دەخوێنێتەوە، کەواتە هەریەکەو ئاراستەی خۆی هەیە.

**– بۆ کەوتیتە سلێمانی؟**

+ ڕاستییەکەی من ویستم بچمە دەرەوە بۆ هەندەران، لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم (سەرکەوت ڕەسوڵ)ی شاعیر چووینە کۆیە من قەت باوەڕم بەحزبایەتی و سیاسەت و ئەو شتانە نەبووە، ڕاستییەکەی باوەڕم بەسیاسەتی شیعریی هەبووە، بەڵام باوەڕم بەشیعری سیاسی نەبوو، باوەڕم بەحزبایەتی ئەدەبی هەبووە، بەڵام باوەڕم بەئەدەبی حزبایەتی نەبووە، ئیدی کە دەچمە سلێمانی دەمێنمەوە و ناچمە دەرەوە، دەسەڵات لەوێ یەکێتی بوو پێیانوابوو من یەکێتییێکم پەیوەندیم کردووە، گوتیان: کاکە بۆ هاتووی تۆ لەکۆمیتەیت، یان لەمەڵبەندی، منیش گوتم: من ئەدیب و نووسەرم گوتیان ئەی بۆ هاتووی؟ گوتم کاکە من لە هەولێر ناتوانم یاخی و بەڕەڵا بم، گوتیان: بۆ سلێمانی بەڕەڵڵاخانەیە؟ منیش گوتم: حەزم لێیە ئازادبم بۆ خۆم شیعر بنووسم. دواتر چوومە گۆڤاری (ئێستا) لای دڵشاد عەبدوڵڵا لەدەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی، دواتر دەزگای سەردەم دروستکرا، بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئایندە، هەروەها شیعرستان و ڕۆڤار ئیدی خەریکی کاری ئەدەبی و دواتر ڕووم لە بنکەی گەلاوێژ کرد و بوومە ئەندامی دەستەی باڵا، دوایش بوومە جێگری سەرۆک و خەریکی ڤیستیڤاڵی ئەدەبی و کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی بووم.

**– دەکرێ بزانم چی تۆی لە سلێمانی هێشتەوە، بۆ نەرۆیشتییە دەرەوە؟**

+ سلێمانی شارێکە ئەدەب زوو وەردەگرێت، لەوێ تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ ئەدەب هەیە، لەبەر ئەوەی مێژوویان هەیە، ئەدیب و نووسەر لەوێ ڕێزی هەیە، بوار و دەرفەتی بە ئەدیب بوون لەوێ زۆرترە وەک لەشارەکانی دی، سلێمانی ناوکێکی کلتوریی نازداری هەیە.

**– کەواتە سلێمانی چی پێبەخشی و چی لێ سەندیەوە؟**

+ سلێمانی ئەدەب و یادەوەری پێبەخشیم، دووری لە کەسوکار و لەزێد و لەو گەڕەکەی لێی لەدایکبووم، دووری لەهێلانەکەی لێ سەندوم.

**– تۆ سەفەرت کردووە؟**

+ زۆر!

**– ناوخۆی کوردستان باش گەڕاویت؟**

تەڵەعەت: دوای دەزگای سەردەم چوومە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ لەڕێکخراوێک بەناوی (یونۆپس) کە ڕێکخراوێکی تابەت بە مین و تەقەمەنی بوو، بەڵام من مین و تەقەمەنیم هەڵنەدەگرتەوە، من لەپلان و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بووم، بەم هۆیەوە گوند نەماوە لەدەڤەری سلێمانی، بە گەرمیان و شارەزوور و شارباژێر نەمدیتبێت، دەبوایە ئیمزای بکەم کە دیومە، من ئێستا وەکوو گوند و قەزا و ناحیە لە سلێمانی زیاتر شارەزام، وەک لەقەزا و ناحیەکانی هەولێر، لەبەرئەوەی گوندبەگوند سەردانیانم کردووە و کارم تێداکردووە، بۆ نموونە لەکەلار بەساڵ کارم کردووە لەپێنجوێن بەهەشت مانگ لەهەورەمان بەچەندین مانگ و

لەشارباژێر هەروەتر.

**– پێتوایە لەهەولێر بمابایتەوە هەمان ئەو تاڵعەتەی ئێستە دەبووی؟**

+ نەخێر لەوانەبوو (فەرهاد پیربال)ێکی دیکە بام، چونکە دونیابینی من لەگەڵ هەولێر نەدەگونجا، رەنگە هی تەمەنەکەش بووبێ ئەوکاتە هەولێر بۆ ئەدیب و نووسەری خۆیان خراپ بوون، گرنگیان پێنەدەدان، نازانم هەڵەکە لەخۆیانە، یان لە کۆمەڵگەکەیە کە ئەکتیڤیتی کۆمەڵایەتی لەناو ئەدیبان و نووسەرانی هەولێر کەمە.

**– واتە تۆ ناهەقی فەرهاد پیربال ناگری؟**

+ نەخێر ناهەقی ناگرم، ئێمە هەموومان فەرهاد دەناسین، پیاوێکی جوان و ئیشکەر، لەدوای راپەرین هاتەوە، هەندێک چالاکی مەدەنی کرد دژی شەڕی ناوخۆ بوو، لەدوای راپەڕین گۆڤارێکی زۆر چاکی بەناوی (ویران) دەرکرد، زۆر چالاک بوو، مامۆستایێکی سەرکەوتووی زانکۆ بوو، قوتابییەکانی و خەڵک خۆشیان دەویست، فەرهاد جگە لەخزمەتکردنی هەولێر هیچی دیکەی نەکردووە.


**– تۆ زیاتر لەماڵەوەیت یان لەدەرەوەیت ؟**

– لەماڵەوەم من پیاوێکی ماڵەکیم، زۆر گرنگی بەدەرەوە نادەم، ئەگەر بۆ بژێوی نەبێت دەتوانم بەساڵ و بەدوو ساڵ نەچمە دەرەوە.

**– دوای راپەڕین کتێبێکم زۆر بەدەستتەوە دەبینی (تدهور الحضارة الغربية) هی شپینگلر چی ئەو کتێبەت بیرماوە؟**

+ ئۆوو، ئاە ئەو کتێبە گرنگییەکەی لەوەدایە کە باس لەهاریکاری ئەقڵ دەکات لەگەڵ مێژوو، ئەوکاتەش ئەقڵ نامێنی، غیابی ئەقڵ هەیە، کە شێتییە، باس لەوەدەکات وەکوو چۆن لەرێنیسانس ئەقڵ هاریکاری مێژووی ئەوروپای کردووە، چۆن لەشەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، غیابی ئەقڵ شێتێتی مامەڵەی لەگەڵ مێژووی خۆراوادا دەکات. ئەم کتێبە ئەوەی فێرکردم کە سەیری مێژووی کوردی دەکەیت هیچ هاریکاریەکی ئەقڵ نابینی، مێژووی ئێمە بریتییە لەشێتێتی، باوەڕ دەکەی ئەوەی دەگوزەرێ، هەر لە (سمکۆی شکاک)ەوە بێجگە لەشێتێتی هیچی دی نییە، سمکۆی شکاک بۆ دەبێت ئەرمەنەکان بکوژێت و کوشتوبڕی کریستیانەکان بکات. شێخ مەحموود بۆ دەبێت مەملەکەت دابنێ و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد دەربکات، ئەو هەموو ئەدیب و نووسەرە دەربکات، شەڕی ناوخۆ هاریکاری ئەقڵە لەگەڵ مێژووی ئێمە، دەرکردنی بیست تا سی هەزار خێزانی هەولێری و نیشتەجێکردنیان لەسلێمانی، کە بەعس نەیکردووە دەرکردنی بیست تا سی هەزار خێزان لەناو سلێمانی و نیشتەجێ بوونیان لە هەولێر، ئەمە بێجگە لەشێتێتی چییە؟ ئەم دارمانی شارستانییەتی خۆراوایە ئەوەی فێرکردم کە لەمێژووی ئێمەدا پێویستە ئەقڵ هاوکار بێت لەگەڵ مێژوو و رۆژگاری ئێمە، کە بەداخەوە ئێمە ئەو هاریکاریەمان نییە، هەموو ئەوانەی ئێستە دەیبینی لەمێژووی ئێستە و رابردووی خۆماندا بریتییە لە هاریکاریکردنی نائامادەیی ئەقڵ و هاریکاریکردنی شێتێتی لەگەڵ مێژوو و رۆژگاری ئێمە.

**– ئەو دەرکەوتنەت، چ چێژێکت پێدەبەخشێت، ئایا چێژی لێ دەبینیت؟**



+ من چێژ لەشتی دی دەبینم، چێژ لەبینینی هاوڕێ کۆنەکانم دەبینم، چێژ لەوە دەبینم، بۆ نموونە خەڵک حەزی لەشیعر بێت، زۆرم پێخۆشە کە خەڵک حەز لەمۆسیقا دەکەن، من کە مامۆستا ئامانج غازی دەبینم، گەنجێک وێنەی لەگەڵ دەگرێت، دەڵێت مامۆستا تۆم خۆشدەوێت، بەڕاستی گەورە دەبم من کە هاشم سەراج دەبینم، خەڵک یەخەی دەگرن و دەڵێن مامۆستا ئەو کتێبەم بۆ ئیمزا بکە، گەورە دەبم، ئەدیب و نووسەری ئێمە بەڕاستی بەستەزمانن بەڕاستی بێدەسەڵاتیش بوونە، قانیع لەوێنەیەکدا بە ڕیکۆتێکی

> **"دونیابینی ئێمە وابوو، پێمان وابوو ئازارکێشان ئەدەب دروست دەکات، دواتر دەرچوو وانییە، لەبەر ئەوەی مادام ئەدەب سەنعەتکارییە، دەکرێ لەسەر ئازاری کەسانی دیکە بێت"**

تۆزاویەوە دەبینم، ئەم هەموو ئاغایەش دەبینم کە لەو زەمانە باش ژیان، زگم بەئەدیبان دەسووتێ بیریشت نەچێ ئەوکاتەی کوردایەتی لای ئەدیبان بووە زۆر پاکتر بووە لەوەی کە کوردایەتی دێتە لای سیاسییەکان، پێش شەستەکان کوردایەتی لای حەمدی ساحێبقڕان و ئەسیری و لای حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بووە، کوردایەتییەکی زۆر پاک و مرۆڤ دۆست و خەڵک دۆست دوای شەستەکان کوردایەتی دێتە لای سیاسی و حزبییەکان ئیدی وێران دەبێت، ئەدیبەکان هەمیشە قوربانی بوونە تەنانەت ئەگەر مێژوو بخوێنیەوە دەبینی میرەکانی بابان کە دەچنە ئەستەنبوڵ لێی پاڵدەدەنەوە، نالیش خەفەت لەسلێمانی و شارەزوور دەخوات و بەو خەفەتەوە سەردەنێتەوە، میرەکان دەچنە تاران لەوێ کۆشک و ئۆتۆمبێل و ژیانی باشیان پێدەدەن، سالمی ساحێبقڕان و مستەفا بەگی کوردیش، تەنانەت مستەفا بەگ، ناچارە ناوی خۆشی بگۆڕێت بیکاتە هیجری، تەنیا بۆ ئەوەی لەو مێژووە ڕزگاری ببێت.

**– زۆرن ئەوانەی بە دەقێک دەرکەوتوون، ئەو دەقە شیعرییەی تۆ پێی دەرکەوتیت کامە بوو؟**

+ زیاتر (پایزی زەعیم) بوو خەڵک زیاتر حەزی لەپایزی زەعیم بوو، ئەو وردە مەراقە سیاسی و وردە مەراقە ناهەقیانە و غەدرانەی هەبوو لەپایزی زەعیم جێی کرانەوە.

**– ئەو دەقەت چۆن نووسی و بۆ نووسیت، پێتوانییە بادانەوەیەکە بەلای سیاسەتدا؟**

+ من قەت حزبایەتیم نەکردووە، لەهەموو ژیانیشمدا فۆڕمیکی حزبیم پڕنەکردۆتەوە، لەهەموو ژیانیشم یەک کۆبۆنەوەی حزبیم کردووە، ئەویش لەسەرەتای ڕاپەڕین، ئەوکاتەی یەکێتی زۆر باڵادەست بوو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەکورانی عەنکاوەی بوو، برادەرێکم هەبوو گوتی بابچینە کۆبوونەوەیێک، کە نازانم کێ دێت بیرم نییە، ئەوەبوو چووین، شەست حەفتا کەس بووین پاش (١٠) دەقیقە هاتمە دەرەوە گوتی: ئەوە بۆ هاتیە دەرەوە؟ گوتم هیچ مەعقول نییە حەفتا کەسین، یەک قەناعەتمان هەبیت. ئیدی تەنیا ئەو (١٠) دەقیقەیە لەژیانمدا کۆبونەوەی حزبیم کردووە. خودی ئەم تێکستە لەیەک ڕستەوە دێت، ئەم کۆمەڵە شۆڕشگێڕە لەتەمەنێکدا دەسەڵات و ژن و پارە و ئەو شتانەیان دەستکەوت کە لە منداڵی پێویستیان پێی هەبوو، من ئێستەش پلەیستەیشنێکم بدەنێ شەش سەعات خۆم لەبیر دەکەم، لەبەر ئەوەی لە منداڵی نەمبووە، ئێستەش پاسکیلێکم بدەنێ زۆر لەئۆتۆمبێلەکەم پێخۆشترە، لەبەرئەوەی مەحرۆم بووم لەپایسکلەکە، ئەم خەباتگێڕانەش کە هاتنەوە لەبەرئەوەی گەنجێتیان لەدەست چووبوو، ئیدی پەلەپڕوزێیان بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی. هەموو پایزی زەعیم خۆی لەم دێرە دۆزیوەتەوە.

**– تۆ بەشیعر دەستت پێکرد، دەتەوێ درێژە بەنووسینی شیعر بدەیت، یان وەکوو زۆر کەسی دی دەتەوێ بچیە ناو بوارێکی دیکەی ئەدەبی؟**

+ من پێموایە شاعیر بارنەکات دەفەوتێت، شاعیر بمینێتەوە، یان چیرۆکنووس لەچیرۆکدا بمینێتەوە دەفەوتێت، خراپترین شت بۆ نووسەر دەست کەشفبوونە کە ئەمە لەیاریشدا ڕاستە لەمامەڵە و ئۆتۆمبێل کڕینیشدا ڕاستە، لەئەدەبیشدا هەرڕاستە، من ئەو ستایلەی کە پێی دەنووسم، ئێستە نزیکەی هەزار کورتە تێکست زیاترم پێنووسیوە، ئەگەر بەردەوام بم، یان دووبارەیان بکەمەوە، یان کتێبێکی دی چاپ بکەم بەو جۆرە و بەم ستایلە، ئەوە فەوتانە، مردنە، بۆیە ئێستە بارم کردووە چوومەتە شوێنێکی دی کتێبە تازەکەم کە تەواوم کردووە، خەریکم چاپی دەکەم. ئەم کتێبە قەسیدەی پەخشانە، کە ئێمە قەسیدەی پەخشانمان نییە، لەعەرەب زۆرە (ماغوت و ئەدۆنیس خەلیل حاوی) زۆرن ئەوانەی قەسیدەی پەخشان دەنووسن، ئەزموونێکی تازەیە لەلای خۆمان، ئەو قەسیدەی پەخشانەم خستۆتە ناو چیرۆکێکەوە.

**– بەڵام وەکوو ڕۆمان ناوی دێت وەکوو بیستوومە؟**

+ نەخێر ڕۆمان نییە بەو ستایلە ئێستەی، ڕۆمان یەک کێشەی هەیە، کە جارێکت خوێندەوە ئیدی کارت پێی نامێنێت، من زۆرجار دەڵێم غەدرم کرد ڕۆمانم دەکرد، بریا دراسات و لێکۆڵینەوەم بکرێبایە، کە

> **بردنە دەرەوەی شیعر لەدیالۆگ، لە قسەی ئاسایی، لەوەی دەبێ ئەو شتە بڵێی کە نەگوتراوە، ئەمە هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی شاعیر و لاوازکردنی خوێنەرە**

هەمیشە کارم پێی بوو، تۆ مادام بۆڤاری دەخوێنیتەوە، دواتر چیدەکەی؟ دەبێت داینێیت، بەدەگمەن ڕۆمان هەیە بتوانیت دووجار و سێ جار بیخوێنیتەوە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستە کە کاتت نییە هەشت سەد لاپەڕەی ئیسماعیل هێرمان مێرڤل بینی و دووجار بیخوێنیتەوە کە هەزار لاپەڕەیە زۆر زەحمەتە، بۆیە من پێموایە نووسینی ڕۆمان ڕیسکێکی تێدایە مەترسییەکی تێدایە لەوەی کە خوێنەر یەکجار دەیخوێنێتەوە و لایدەبات ئەوەی من نووسیومە ڕۆمان نییە، دیوانە شیعرێکە بەقەسیدەی پەخشان لەناو چیرۆکێکدا، بەڵام هەریەکەو ناوونیشانی سەربەخۆی هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر لەهەرکوێیێک بیخوێنێتەوە ئاسایی بێت و هەرچییێک پێی خۆشبێت دەستی بکەوێت.

**- لە کورد، لە عەرەب، لەوانی دیکەش، بەکێ سەرسامی، ئەو سارسامییە چۆن دروست دەبێ، تیکست دەبێ چۆن بنووسرێ، بۆ ئەوەی ببێتە تێکستی هەمووان و هەموومان پێی سەرسام بین؟**

+ ئەدۆنیس، کە لای من تەنیا شاعیر نییە، یان تەنیا بیرمەند، یان سیاسی نییە، ئەدۆنیس زۆر لەشکسپیر دەچێت، یان لە (نالی) دەچێت، ئێستە ئێمە بۆ (نالی) مان خۆشدەوێ لەبەر ئەوەی ناگیرێ، ڕیالیزمەکان دەڵێن نالی هی ئێمەیە، خەباتگێڕەکان دەڵێن هی ئێمەیە، ئەوانەی کوردایەتی دەکەن دەڵێن هی ئێمەیە، عەبەسییەکان دەڵێن هی ئێمەیە، ئاژەڵ دۆستەکان دەڵێن کاکە شیعری لەسەر گوێدرێژ هەیە، هەتا پۆڕنی تێدایە، تەنانەت هەجوی تێدایە (نالی) گرنگییەکەی لەوەدایە شاعیری هەموانە و هی کەسیانیش نییە (شکسپیر)یش وایە شکسپیر دادابییەکان دەیانگوت هی ئێمەیە و واعقییەکانیش دەیانگوت هی ئێمەیە، لەڕاستیدا هی هەموویانە و هی کەسیشیان نییە (ئەدۆنیس) یش وایە، ئەدۆنیس یەک گرفتی هەیە، بەخۆیشم گوتووە، تەنیا کێشەی ئەوەبوو کە شاعیری هەمووان نەبوو.



ڕۆژێکیان شێرکۆ بێکەس لەدەزگای سەردەم بانگی کردم گوتی: تەڵعەت چۆن ببمە شاعیرێکی جیهانی، منیش گوتم: جارێ تۆ هەوڵبدە ببە بە شاعیرێکی کوردی ئینجا ببە بەشاعیرێکی جیهانی، گوتی چۆن، گوتم: تۆ پارتییەکان ناتخوێننەوە، بۆ پارتی باوکتی خۆشناوێت، دایکتی خۆشناوێت، منداڵی خۆشناوێت؟ دەبێ شیعر بچێتە سەرووی یەکێتی و پارتییەوە، تۆ ئیسلامییەکان ناتخوێننەوە، موسڵمانەکان بەدەرنین لەو کۆمەڵگەیە، هاووڵاتی ئێرەن خانوویان ماڵیان باپیرەیان باپیرە گەورەیان خەڵکی ئەو وڵاتەیە وەکوو من و تۆن، ناکرێ شاعیر، ئیسلامییەکان نەیخوێننەوە، ناکرێ ئیسلامییەک شیعر بنووسێ و عیلمانییەکان نەیخوێننەوە ئەگەر وابوو ئەو تێکستە تێکستێکی باش نییە، چونکە نەیتوانیوە بچێتە سەرووی ئایدۆلۆژیا من پێم خۆشە ئیسلامییەک دەمخوێنێتەوە، پارتییەک عیلمانییەک دەمخوێنێتەوە کۆمەنیستێکیش، نامەی هەمووانم هەیە کە چێژی لێدەکەن یەکێک لەگرفتەکانی ئەدەبی ئێمە ئەوەیە کە بەردەوام لەپەنای هەق بووە، کە ئەدەب نابێ تەنیا لەپەنای هەق بێت، دەبێ لەپەنای ناهەقیشدا بێت، ئەدەب تەنیا موڵکی ئەوانە نییە کە ڕێکوپێکن، موڵکی ئەوانەشە کە ڕێکوپێکیش نین، ئێستە سەرکردەی ئەم وڵاتە دەزانێت گرفتەکە چییە، تەنیا باوکی ئەوانەیە کە سەر بە حزبەکەی ئەوە، خۆی لێپرسراوی ئەوانەشە کە لەبەندیخانەشدان، لێپرسراوی ئەوانەشە کە نەخۆشی دەروونیشیان هەیە، شاعیری باش، یان تێکستی باش دەبێ تێکستی ئەوانەش بێت کە تاوانبارن، تاوانبارێکیش لەبەندیخانەدا هەقی خۆیەتی لەڕێگای دوو تێکستی شیعرییەوە لەڕێگای چیرۆکێکیەوە فرمێسک لەچاوانی بێتە خوارێ و غەریبی دایکی بکات تاوانبارێکی دیکەیش لەبەندیخانەدا هەقی خۆیەتی لەڕێگای ڕۆمانێکەوە غەریبی منداڵەکانی بکات. ئەدەبی ئێمە ئەمەی نەزانیوە، ئەدەبی ئێمە نەبووە بە ئەدەبی هەمووان، تاکە گرفتی (ئەدۆنیس)یش ئەوەیە، نەیتوانیوە تێکستێک بنووسێ تێکستی ئەوانەش بێت کە لە گەڵیان هاوڕانییە.

ئەوانەی تێکستی من

“ ئەزموونی مرۆڤی خۆرهەڵاتی، مرۆڤی کورد بەتایبەتی، ئەزموونێکی ئەوەندە هەژارانەیە، هەر بەشی چوار پێنج کتێب دەکات ”

> **یەکەم بەرهەمم (لەبەر ئاوازێک نابێتە گۆرانی) بەهەفتەیێک لە کتێبخانەکان نەما، چاپیشم نەکردەوە لەبەر ئەوەی باوەڕم بەزۆری و بۆری نییە**

شەیر دەکەن دەچمە سەر پرۆفایلەکانیان بەهیچ شێوەیێک یەکدی ناگرینەوە نە لە دونیای ئاینی، نە ئایدۆلۆژی، نە پەروەردەیی منداڵ و نە لە قسەکردندا، بەڵام گرنگە لە شیعر یەکبگرینەوە شیعری ئێمە چۆتە لای ئەو کەسەی خۆشیدەوێ.

ئەدەبی خۆرهەڵات بەگشتی بۆنابێتە ئەدەبی جیهانی، با باسی خۆمان بکەین وەکوو کورد، من لەنێوان گەریلاییێک و جەندرمەیێک گەریلاکە هەڵدەبژێرم، چونکە کوردم، شاعیرێکی تورکیش جەندرمەکە هەڵدەبژێرێت، چونکە تورکە، بەڵام ئەگەر ئێمە چووینە لای دایکمان، من چوومە لای دایکم، شاعیرە تورکەکەش چووە لای دایکی، هەردووکمان ئەو تێکستە دەخوێنینەوە منیش تێکستەکەی ئەو دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی لەسەر دایکە، ئەویش تێکستەکەی من دەخوێنێتەوە کە لەسەر دایکە. ئەدەب دەبێ بچێتە لای دایک، ئەدەب نابێ بچێتە لای جەندرمە گرفتی ئەدەبی ئێمە چۆتە لای بەعسی نەچۆتە لای عەرەب، فازڵ عەزاوی بەمنی گوت: ئەدەبی ئێوە زۆر سەیرە، هەندێک تێکستی منی خوێندەوە گوتی: زۆرم پێخۆشە وەکوو پەشێو و شێرکۆ و ئەوانە نانووسی گوتم: لەبەرچی؟ گوتی: لەبەر ئەوەی ئەوانە جنێو بەدارخورما دەدەن، تۆ سەیرکە شاعیرێک جنێو بەدار خورما و حوشتر بدات، لەکاتێکدا حوشتر دەبێت زگت پێی بسووتێت، کە دوانزە ڕۆژ دەڕوات ئاو ناخواتەوە، حوشتر لەئاسک جوانترە لەبەر ئەوەی ئازاری زیاترە، ئێمە قسە بەعەگال دەڵێین، گوتی: ئێستا من شیعرێک بنووسم دژی جامانە دەڵێی چی گوتم: قبوڵ ناکەم گوتی: ئێ، خۆ جەمەدانی تەنیا هی لێپرسراوە کوردەکان نییە جەمەدانی هی باوکیشتە، منیش عەگال هی باوک و مامم و خاڵمە، ئەدەبی ئێمە بەردەوام ئەدەبی ئەوە بووە کە لەسەر ڕقوکینە بووە، ئەدەبی هەموان نەبووە، ئەدەبی باش، دەبێ ئەدەبی هەموان بێت، دوور لەئایدۆلۆژیا و دوور لەئینتیما.

**– هەست دەکەم زۆر سەرسامی بە ئەدۆنیس، بەڕاستی ئەدۆنیس لای تۆ چی دەگەیەنێت و بۆچی هێندە پێی سەرسامی؟**

+ ئەدۆنیس توانی وەکوو (سوهراب) بێ، من کە (سوهرابی سوپهەری) دەخوێنمەوە ڕقم لەزمانی فارسی نابێتەوە و سیاسەتی فارسیشم بەرامبەر بەکورد لەبیرنابێ وەک چۆن زوڵمەکانی دەسەڵاتدارانیشیم لە مێژوودا بیرنایەنەوە. مرۆڤێکە وەکوو ئەوەیە لەتەنیشتم دانیشتبێ (ئەدۆنیس)یش پێموابێت لەو زەمەنەی کە ئێمە تێیدا ژیاین تاکە کەس بوو کە واتلێبکات تۆ ڕقت لەزمانی عەرەبی نەبێت لەبەرئەوەی عەرەب زۆر زوڵمی لەئێمە کردووە، ئێمە هەستیارییەکمان بەرامبەر بەزمانی عەرەبی هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو گوتارە شۆڤینیانەی کە بەرامبەر ئێمە خوێنراونەتەوە، هەمووی بەزمانی عەرەبی بووە، وەکوو کوردی باشوور کە تووانی ئەم زمانەی زوڵم و غەدرە بەبیرنەهێنێتەوە، هیواداریشم نووسەری کوردیش کە بەکوردی دەنوسێت ئەم غەدرە بەبیر فارسێک، یان تورکێک، یان عەرەبێک، نەهێنێتەوە.

**– قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بەلای تۆوە کامەیان؟**

+ دوای ڕاپەڕین.

**– لەبەرچی؟**

+ دوای ڕاپەڕین لەبەرئەوەی بەئاگا هاتینەوە، پێش ڕاپەڕین لەوەهمدا بووین، لەسەڕاب و خەوندا بووین، ئێستە من ئەو نەوەیەم بۆیە خۆشدەوێ لەبەر ئەوەی منداڵی تۆ ئاگای لەباوک و دایکیەتی، من زۆرجار خەم لەوە دەخۆم کە باوکم نەخۆش کەوتووە بەلامەوە گرنگ نەبووە، بەڵام بەرپرسێکی کورد لەدەرەوە نەهاتۆتەوە خەفەتم خواردووە، لەکاتێکدا دەبوایە خەفەتم بۆ باوکم خواردبایە، نەک بۆ بەرپرسەکە، ئەم نەوەیەی ئێستە نەوەیێکی زۆر تێگەیشتووە، نەوەی ئایدۆلۆژیا نین، بەڵکوو نەوەیێکن دەیانەوێت شەقامەکانیان بۆ قیرتاو بکرێ خیتابیان ناوێ.

**– چۆن بوو بیرت لەخوێندنەوە و تۆمارکردنی شیعرەکانت کردەوە بەدەنگی خۆت، هەست دەکەم دەنگت گونجاوە، پێتوانییە دەبوایە زۆر زووتر ئەوەت بکردایە؟**

+ ئەوە ئازایەتی هەندێک برادەرم بوو، من لەبەرئەوەی لەپەیمانگەی ڕاگەیاندن دەمخوێند، هەندێ هاوڕێم لەگەڵدا بوون زۆر شارەزا بوون لەدەنگ تۆمارکردن، ئەوان ئەو کارانەیان بۆ کردم، گوتیان وەرە تێستێکت بکەین، هەندێ لەتێکستەکانت بەدەنگی خۆت بیخوێنەوە، ئیدی کە تێستیان کردم ئەوان ڕایان لێی بوو، هەرچەندە کەس دەنگی خۆی پێخۆش نییە بەس گوتیان دەنگت باشە بۆ خوێندنەوە.

**– تۆ دەنگی خۆت پێخۆش نییە؟**

+ باوەڕناکەم کەس دەنگی خۆی پێخۆش بێت، من لەگۆرانیبێژی زۆر دەنگ خۆشم بیستووە کە دەنگی خۆی پێخۆش نییە، زۆربەی گۆرانیبێژەکان، هەتا گوێ لەکاسێتی خۆیان ناگرن، کازم ساهیر، بزانە گوێ لەگۆرانی خۆی دەگرێت، یان

ئیبراهیم تاتلیساس، یان زیاد ئەسعەد گوێ لەدەنگی خۆی دەگرێت، نەخێر، گوێ دەگرێ وەکوو تێست بزانێت چۆنە، بەڵام وەکوو زەوق کەیفیان بەدەنگی خۆیان نایەت.

**– بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان چێژ و زەوق پێهاتن و دەنگ خۆشییەکەی؟**

+ تەواوە، بەڵێ لەگەڵتدام، گرنگە دەنگم شیاو بێ، جا گۆرانی بێت، یان شیعر خوێندنەوە، یان بۆ وتاردان بێت، من لەگەڵتدام، بەڵام وەکوو ئەوەی کەسەکە سەرسام بێ بەدەنگی خۆی، باوەڕناکەم، هەرشتێک مرۆڤ زۆر لەگەڵی بژێت ئەوا سەرسام نابێت پێی.

**– تۆ ڕاهێنانت کرد، بەرلەوەی دەنگت تۆماربکەی و شیعر بەدەنگی خۆت بخوێنییەوە، شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەوانەی کە بەدەنگی خۆی زۆر شیعری خۆی خوێندەوە، بەڵام وەک خۆی لەبیرەوەرییەکانی باسی کردوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕاهێنانی زۆری کردووە لەسەر خوێندنەوەی دەقی خۆی، جا بۆ کۆڕی شیعر خوێندنەوە بوویێت، یان بۆ تۆمارکردن؟**

+ ڕاهێنان نا بەڵام تۆنی دەنگیان تێست کردم گەیشتمە ئەو تۆنە کە ئەو هاوڕێ شارەزایانەی لەگەڵم بوون و هاوڕێی خۆمن گوتیان: ئەم تۆنە بۆ ئەمجۆرە تێکستانە باشە، بەڵام لەماڵەوە ڕاهێنان بکەم نا، چونکە من قەت کەیفم بەتێکستی خۆم نەهاتووە هەتا ڕاهێنانی تێدا بکەم من لەژیانمدا بەهیچ تێکستێکی خۆم سەرسام نەبوویمە، لەهەموو ژیانمدا باوەڕ ناکەم، جارێک گوێم لەخۆم گرتبێت، شتی وانەبووە.

**– هەندێک ناو دەڵێین پێمخۆشە ئەگەر کۆمێنتت هەبێت لەسەریان:**

**– تەڵعەت تاهیر؟**

+ گوڵەگەنم بوو، بوو بەگێسک.

**– زیاد ئەسعەد؟**

+ میهرەبان و بەهرەدار و خانەدان و خاوەن بەهرەییێکی گەورەیە.

**– هاشم سەڕاج؟**

+ یەکێکە لەدەرگاکانی قەڵا.

**– کەریم دەشتی؟**

+ هیوادارم ببێت بەو کەسەی دەیەوێت.

**– ئەنوەر مەسیفی؟**

+ ئەنوەر مەسیفی سەلماندی کە زمان گلۆپ نییە، بەڤۆڵتی زیاتر بسوتێت و لاستیکیش نییە ڕایکێشن و بپسێت، ئەنوەر مەسیفی زمانی بردە شوێنێک کە ئێمە هەموومان قەرزاری ئەوین و ئەویش نەبووایە زمان ئەوەندە ڕانەدەکێشرا بچێتە ئەوێ، ئێمە لەتاقیکردنەوەی زمان دەترسێین دەمانەوێت ئەو شتە بنووسین کە هەموومان لەسەری کۆکین وەکوو چۆن هەموو چێشتخانەکان برنج و فاسۆلیای تێدایە، چونکە دڵنیایە هەموو خەڵکی برنج و فاسۆلیا دەخوات، ناوێرێ سەرکێشی بکات و ڕۆبیان دروست بکات، لەبەرئەوەی دەزانێ کەممان ڕۆبیان دەخۆین، ئەنوەر مەسیفی ئەو سەرکێشییەی کرد و نەترسا، زمانی بردە شوێنێک کە کەسمان نەمانوێرا زمان بەینە ئەوێ .

**– سەعدوڵڵا پەرۆش؟**

+ یەکێک لەو کەسانەی ئێمە پێویستمانە، بەتایبەتی ئەو جۆرە تێکستە ڕۆمانسییە میهرەبانیانەی، ئەو بێوەیی و بێ ئەزیەتی و بێ دڕکییەی لەشەوانی تەنیایی سەعدوڵڵا پەرۆشدا هەیە.

**پ: پەشێو؟**

+ پەشێو قەڵاتە، هەولێر دوو قەڵاتی هەیە یەکێکیان پەشێوە، کە ڕەمزی مەردایەتی نووسەری کورد و سەربەرزی و چاوتێری ئەدەبیاتی کوردە، پەشێو هاوشێوەی نەماوە، من کە دەڵێم پەشێو واتە لەقامەتی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد



ئەو دەبینم، لەمەردایەتی و سەربەرزی و سەردانەواندندا، پەشێو گەورەی پەنجا ساڵەی ئێمەیە.

**– سەباح ڕەنجدەر؟**

+ سەنترالیزمی نووسەری پێ گرنگترە و خوێنەر لەلای ئەو پەراوێزە، ئەگەر واز لەوە بێنێ و خوێنەر بکات بەسەنتەر و خۆی بکاتە پەراوێز شتێ بەشتێ دەکات.

**– فەرید زامدار؟**

> **"هەندێک تێکستی منی خوێندەوە گوتی: زۆرم پێخۆشە وەکوو پەشێو و شێرکۆ و ئەوانە نانووسی گوتم: لەبەرچی؟ گوتی: لەبەر ئەوەی ئەوانە جنێو بەدارخورما دەدەن"**

+ پەپوولە بوو پەپوولەییەکی مەست و سەرخۆش، ئەوەی فەرید زامدار کردوویەتی لەنوێگەری هاوشانییەکانی نەیانکردووە، بیرمە هەتا ژوانی سێبەر کە لەکۆتایی حەفتاکان چاپکراوە، کودەتاییێک بوو بەسەر ئەو شیعرانەی کە ئەوکات دەنووسران، گرفتەکەی، یان کەمتەرخەمییەکەی ئەوەبوو کە یاری نەدەکرد و یاری ڕاگەیاندنی نەدەزانی، ئەگینا وەکوو نوێگەری و تازەگەری لەپێشی پێشەوە بوو.

**– نەوزاد ڕەفعەت؟**

+ قسەم نییە.

**– چ ناوێک حەزت دەکرد بیڵێم و نەمگوتووە؟**

+ شێرکۆ بێکەس، مامۆستا شێرکۆ بێگومان ڕەشماڵێکی گەورەیە لەئەدەبیاتی کوردی، بەڵام دەکرا زۆر باشتر بێت، دەکرا نموونە بێت توانای شێرکۆ بێکەس لەڕووی شیعرییەوە لە پەشێو زیاتر بوو، بەڵام کەسایەتی و دونیابینی و لە گەڵ خەڵکبوونی پەشێو جوانتر بوو. شێرکۆ بێکەس دەیوویست شاعیرێکی باش بێت و باشیش بژێت، کە پێموایە لەهەموان باشتر ژیا، لە (عەبدوڵڵا گۆران و قانیع و پیرەمێرد و نالی) و زۆربەیان باشتر ژیا، بەداخەوە بەدوای ژیانی باش کەوت، شێرکۆ بێکەس کێشەکەی ئەوەبوو لەکۆتاییدا تێکستەکانی تێکەڵ بەپڕۆژەی دەسەڵات دەبۆوە، هەمان قسەی دەسەڵاتدارەکان بوو، بەڵام بەشێوە شیعرییەکەی، شێرکۆ بێکەس شیعری مرۆڤ نەبوو، شیعری کۆمەڵگەو نەتەوە بوو.

**– ئەگەر پرسیارێک لەخۆتی بکەی و خۆشت وەڵام بدەیتەوە، ئەو پرسیارە چییە؟**

+ پرسیارێک لەخۆمی بکەم ئەوەیە کە هەست دەکەم زۆر ژیام، زیاد لەپێویست ژیام، من پێموایە مرۆڤ زوو بمرێت باشە، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، باوکم هەمیشە دەیگوت: کوڕم کە مرۆڤ زوو بمریت خەڵکی بۆ تاقی ناکرێتەوە نە منداڵەکانی، نە ژنەکەی بۆ تاقی دەکرێتەوە نە براوکەسوکاری. تۆ ئێستە منداڵەکانت بەدڵ و بە گیان بەخێو دەکەیت، کە دڵنیام باوکێکی باشیت و دەشتناسم زۆر زەحمەتە لەهەشتاساڵی تووشی بێ ئومێدی ببیت بەرامبەر بەو منداڵەی کە بەدڵ و بەگیان بەخێوت کردوە، یان بەرامبەر بەو خێزانەی کە هەموو ژیانت بۆی کردە قوربانی من دەمەوێت زووتر بمرم و خەڵک تاقی نەکەمەوە.

**– کەواتە تۆ لەمەرگ ناترسێیت؟**

+ نەخێر، خۆی دەبێت لەژیان بترسێیت، چونکە لەژیاندا ململانێی نا یەکسانی هەیە، نەوەی ئێمە بەداخەوە زۆر بەدوای یەکسانیدا گەڕاین لەژیاندا دواتر لەپەنجا ساڵی و سەرووی پەنجا تێگەیشتین یەکسانی لەمردندا هەیە، دەوڵەمەندەکە و سیاسییەکە وەکوو هەژارێک دەمرێت، مەرگ پرس بەکەس ناکات و یەکسانی لەمردندا هەیە، ئەو هەموو تەمەنەی سەرفمان کرد بۆ یەکسانی لەژیاندا بێت بێجگە لەوەهم هیچی دی نەبوو، چونکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە ڕق بردویەتیەوە، خۆشەویستی نەیبردەوە، ڕق دەتوانێت کوتلە دروست بکات، خۆشەویستی ناتوانێت کوتلە دروست بکات، ڕق ئاسانە، بەڵام خۆشەویستی گرانە، ئێستە ئەو پیاوەی بەتەنیشتماندا دەڕوات مۆڕەیەکمان لێبکات، هەردووکمان بەیێک چرکە ڕقمان لێی دەبێتەوە، بەڵام بمانەوێت خۆشمان بوێت ئەوا (١٠) ساڵمان دەوێت.

**– دەتەوێت لەکۆتاییدا شتێکی دی بڵێی نەوترابێت، یان من نەمپرسی بێت؟**

+ من حەزم لێیە نووسەری کورد وەکو یاریزانەکان فێری وازهێنان بێت، لەهەموو ئیشێکدا وازهێنان هەیە، نووسەری کورد دەبێ بگاتە ئەوباوەڕەی کە هیچی پێنەما دەبێت وازبێنێ، چونکە هیچیان لەمیسی و زەینەدین و زیدان باشتر نین و دەوڵەمەندتر و ناودارتریش نین، بۆیە لەتەمەنێکدا کە بزانێت هیچی پێنەماوە بۆ خوێنەرەکانی، ئیدی وازبێنێ، سونەتی ژیانیش وایە خەڵکی دی بێت و تەواوی بکات.

**– تۆ وادەکەیت؟**

+ بێگومان، بێگومان من یەک دوو کتێبم ماوە، بیانووسم وازدێنم.

**– بۆ هەست دەکەی هیشک دەکەی؟**

+ بەڵێ، هەست دەکەم خۆم دوبارە دەکەمەوە، ئەزموونی من ئەوەندە بوو، من ئێستە هیچ تەماعییم لەژیاندا نەماوە، منداڵەکانم دەبێ بەشی خۆیان ببەن بەشی خۆیان بێنن لەمۆڵەتی شوفێری و لەژنهێنان و لەمنداڵبوون، یەکێک پێی بڵێت بابە و یەکێک پێی بڵێت دایە ئەویش دەبێت بەشی خۆی بەرێت.

**– بەراست چەند منداڵت هەن و ناویان چییە و کێ ناوی ناون؟**

+ یەکێکیان من و ئەوی دیکەشیان خێزانەکەم، من دوو کچم هەیە یەکیان ناوی (هانە) یە، هانە وەکوو لانە بەبزوێن (هانە) بەهەورامی واتە کانی، دووەمیان خێزانەکەم ناوینا (وێنە).

# هونەری

- **ماموٚستا زرار محەمەد مستەفا .. پەروەردەکار، تێکۆشەر، هونەرمەند و کتێب دۆست**

مەغدید حاجی

- **گرنگی هونەر لە کۆمەڵگەدا**

هەندرێن خۆشناو

# مامۆستا زرار محەممەد مستەفا

# پەروەردەکار، تێکۆشەر، هونەرمەند و کتێب دۆست

مەغدید حاجی

مامۆستا زرار لەماوەی زیاتر لەنیو سەدەدا وەکوو چرایێکی گەش ڕووناکی بە ڕواندز بەخشیوە. ڕواندز چەند جوانە، ئەو جوانتری کردووە، خزمەتی دەکرد، ڕۆڵەکانی پەروەردە دەکرد، گەنجەکانی فێری هونەر و کوردایەتی دەکرد.

مامۆستا زرار لە بنەماڵەیێکی نیشتمانپەروەر گەورە بووە، هەر لەتەمەنی زووی لاوییەوە هەستی کوردایەتی گەشەی کردووە. لەساڵی (١٩٥٦) دەبێتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. لەساڵی (١٩٥٧) دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان. بەهۆی دڵسۆزی و لێهاتوویی لەکاری حیزبی و سیاسیدا دەبێتە جێگای متمانەی هەڤاڵانی، بۆیە بۆتە بەرپرسی ناوچەی ڕواندز و دواتر لەساڵی (١٩٦٣) کە ڕژێمی دیکتاتۆری و شۆڤێنی بەغدا بەشێوەییێکی دڕندانە پەلاماری کوردستان دەدات، مامۆستا زرار دەبێتە پێشمەرگە، لەهەمان کاتدا وەکوو کادیری حزبی لەقەزای ڕواندز ڕۆڵی بینیوە. بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە لەناوەڕاستی شەستەکان دەستگیر کراوەو دواتر بۆ چوار ساڵ لەوەزیفە فەسڵکراوە. مامۆستا زرار لەساڵی (١٩٧٨)دا پەیوەندی بەیەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە دەکات و لەسەر ڕێچکەی خەباتی سیاسی و کوردایەتیدا بەردەوام دەبێت تاکوو ساڵی (١٩٩١).

دوای ڕاپەڕین لەکاری حزبی و سیاسی دوورکەوتۆتەوە و وەکوو مامۆستایێکی پەروەردەکار و هونەرمەندێکی خزمەتگوزار و ڕۆشنبیرێکی دڵسۆز درێژەی بەکاروانی ژیانی پڕ لەبەرهەمی هونەری و ڕۆشنبیری داوە.

وەکوو مامۆستاش زیاتر لە چل ساڵیش لەبواری پەروەردە و فێرکردن خزمەتی کردووە. زیاتر لە (٣٠) سوپاسنامە و پێزانین و خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەشکراوە.

مامۆستا زراری هونەرمەند، خاوەن بەهرە و داهێنان لەهەموو بوارەکانی هونەرە جوانەکاندا، مامۆستا بوو، شارەزا بوو، داهێنەر بوو، دڵسۆز و لەخۆبوردوو بوو. لەباشوری کوردستان بەگشتی و لەشاری ڕواندز بەتایبەتی، دەیان ساڵ خزمەتی بواری هونەرە جوانەکانی کردووە، لەبوارەکانی شێوەکاری و خۆشنووسی دەست ڕەنگین بوو، لەبواری شانۆ زیاتر لە (٣٠) شانۆگەری وەکوو نووسین، ئامادەکردووە، ئەمە جگە لە کاری دەرهێنان و نواندن.



لەبواری مۆسیقادا پێشەنگ بوو، مامۆستای ڕاهێنەر و مۆزیکژەن و ئاواز دانەر و سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقا بوو.

لەتەمموزی (١٩٧٧)دا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەکردنەوەی لقی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لەڕواندز. هەروەها لەسەرەتای تەمموزی (١٩٧٧)دا (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)ی دامەزراند و دەستی کرد بەمەشق پێکردنی قوتابییە بەهرەدارەکان.

لەقوتابخانەی هونەریی مامۆستا زراردا، بەدەیان هونەرمەندی مۆسیقاژەن پێگەیشتوون، کە ئێستاش ڕۆڵی کارا دەبینن لەبواری مۆسیقا و ئاواز داناندا.

مامۆستا زراری کتێب دۆست، کەسایەتییێکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی چالاک بوو، لە یادکردنەوەی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، لەچالاکییەکانی ڕێکخراوی هاوڕێیانی کتێب لەقەزای ڕواندز هەمیشە ئامادەبووە.

لەدانیشتنەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، لەدوکانی پەڕاوگەی کاک فەرهادی برای، هەمیشە برادەرەکانی لەدەوری کۆدەبوونەوە، بەگفتوگۆی پڕ لەبایەخ مەجلیس گەرم دەبوو، بەندەش هەرچەندجاری دەچووومە ڕواندز، لەدوکانەکەی کاک فەرهاد، دەبوو سەردانی مامۆستا زرار بکەم، هەردوو لامان بەدیداری یەکدی زۆر شاد دەبووین. گوێم لەگفتوگۆ و بیرەوەرییەکانی دەگرت، وێنەم لەگەڵدا دەگرت.

تەنانەت لەساڵی (٢٠٢١)دا دوو دیاری ڕێزلێنانم لەهەولێرەوە بۆ برد و پێشکەشمکردن، یەکەمیان دیاری ڕێزلێنانی مۆزەخانەو ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر بوو، دووەمیشیان دیاری ڕێزلێنانی زانکۆی جیهان بوو.

مامۆستا زرار، تاکوو ماوم تۆ لەیادەوەری مندا بەزیندوویی دەمێنیتەوە. هەزار جار یادت بەخێر.

# گرنگی هونەر لە کۆمەڵگەدا



هەندرێن خۆشناو

هونەر شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕینی مرۆڤایەتی، و هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی ئەزموونی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و چاکترکردنی کەسایەتی، و تەنانەت گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیش، چونکە هونەر بە شێوەییک لە شێوەکان کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا هەیە.
هونەر ڕۆڵێکی گەورە و بنەڕەتی لە پەروەردە و فێرکردندا هەیە، چونکە کارلێکردنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە زێتردەکات، ئەمەش لەڕێی دەربڕینی ناباو لە خۆیاندا، کە متمانە و بیرکردنەوەییکی ئەرێنیان

> **زۆرێک لە هونەرمەندانی هونەری شێوەکاری تەنیا بەمەبەستی گۆڕان بەرەو چاکتر تابلۆ دەکێشن، نەک بۆ پارە پەیداکردن**

پێدەبەخشێت، هەروەها هونەر ڕۆڵێکی دیکە دەبینێت لە پتەوکردنی ئەفراندن لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەڕێی گەشەپێکردنی سینگ فراوانی و توانای هزری ڕەخنەگرتن و ڕەخنە قبوڵکردن، هەروەها لە گەشەپێکردنی هەڵسوکەوت و دابونەریتە ئەرێنیەکاندا، بۆ نموونە فێربوونی تابلۆکێشانێکی شێوەکاری، یان ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقایی، ڕاهێنانن بۆ چاکترکردن و بەردەوامبوون و کۆڵنەدان و ئارامگرتن، کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لە گەشەکردنی هەڵسوکەوتەکانی تاک، کە متمانەبەخشن، کاتێک هەوڵدەدەن ئەرکێکی ئەستەم جێبەجێ بکەن، ئەمەش فێرە دیسپلینیان دەکات، کە هاوکارە بۆ گەشەکردنی کەسایەتیان و فێربوونی هەڵوێست وەرگرتنی پێویست بۆ سەرکەوتن لەهەر بوارێک لە بوارەکانی ژیاندا.
هونەر لە کۆمەڵگەدا چەندین پتەوکاری هەیە، لەوانەش پتەوکاری هەڵسەنگاندن لە ڕێی نرخاندنی شتەکان، کە دەبێتە هۆی بایەخدان و بەهادانان بۆ شتەکانی دەوروبەرمان و پتەوکردنی بیرەوەری، لەڕێی تۆمارکردن و پاراستنی مەبەست و ئامانجەکانی کارێکی هونەریی بەشێوەی هەستی مرۆڤایەتی و پتەوکردنی خۆشی و خەم.
هونەر دیدێکی جیاواز بە هەستەکان دەبەخشێت، هونەر تەنیا خۆشی و دڵشادی نابەخشێت بە مرۆڤەوە، بەڵکوو دۆزینەوەی ڕێگاییێکیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خەمەکانیدا پێدەبەخشێت.
هونەر شێوەییکە لەشێوەکانی سەربەستی، ڕێگاییێکە بۆ دەربڕین لەخود و ئازادی کەسایەتی، کارێکە دەربڕی بڕوابەخۆبوونە و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕۆح و ئارەزووەکانی مرۆڤە. هونەر لەهەر کۆمەڵگەیەکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی کۆمەڵگەیە، هونەری هەر کۆمەڵگەییک جیایە لە کۆمەڵگەییکی دیکەوە، لە شێوازی دەربڕین لە بارودۆخە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەوە، زۆرێک لە هونەرمەندانی هونەری شێوەکاری تەنیا بەمەبەستی گۆڕان بەرەو چاکتر تابلۆ دەکێشن، نەک بۆ پارە پەیداکردن، چونکە هونەر شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕین بەبێ بەکارهێنانی قسە و زمان.
هونەر هۆکارێکی بنەڕەتییە لە هۆکارەکانی ئەخلاق، چونکە لەخودی خۆیدا زیانبەخش نییە، مەگەر بەکارهێنانەکانی زیانبەخش بن. بەشێوەییک دەبێت سوودبەخش بن لە پێناو خزمەتکردنی مرۆڤ و بەخشینی چێژ و بیرکردنەوە و ئاسوودەیی.
زۆرێک لەکارە هونەرییەکان بیروڕاکان و هەڵوێستە ئەخلاقییەکان پتەوتردەکەن،

چونکە کاریگەرییەکی کارای هەیە لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەویش لەڕێی وەرگرتن و هەڵچنینی ئەو مەبەست و بنەما و ڕێنماییانەی کە هونەرمەند مەبەستیەتی پێشکەشی بکات و بیبەخشێت.

هونەر یەکێکە لە چارەسەرە سوودبەخشەکانی ڕێگریکردن لە تاوان، ئەویش لە ڕێگای دابینکردنی هونەر بۆ هەمووان، کە وادەکات خەڵکانێکی زۆر دوورکەونەوە لە شەقامەکان و خەریکی کارێکی وابن کە ئەرێنیانە ناخی خۆیانی پێ دەرببڕن. بۆ نموونە بەشداریکردن لەکارە درامییەکان و گۆرانی گوتن و شاییکردن و هونەرەکانی شێوەکاری و ئەوانی دیکەش، کاریگەری خۆیان سەلماندووە لە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی تاوان، بەهۆی

**زۆرێک لەکارە هونەرییەکان بیروراکان و هەڵوێستە ئەخلاقییەکان پتەوتردەکەن، چونکە کاریگەرییەکی کارای هەیە لەسەر ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە**

زۆریی و بڵاوبوونەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکوو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەگەریی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کارە هونەرییەکان و بیرۆکەی هونەرمەندەکانی سەردەم لەبەردەستی هەمووانە، بێجگە لەگرنگی هونەر لە هۆکارەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، کە وایکردووە نمایشکردنی کارە هونەرییەکان و بەبازارکردنیان لەڕێی تۆڕەکانی فەیسبووک و تویتەر و ئینستیگرامەوە ئاسانتر و بڵاوتربێت.

یەکێک لە ئامراز و هۆکارەکانی زانین هونەرە، کە یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی مێشکی مرۆڤ، چونکە هونەر ئەنجام و ئاکامی هزر و بیرکردنەوەییکی بەپیتی داهێنەرانەیە، ڕۆشنبیریی و کولتور و دابونەریتی گەلان نمایش دەکات، یان زمان و ڕووداو و ئەزموونی مێژووی کۆنی گەلان دەگێڕێتەوە، لە دیارترین هونەرەکانی زانین هونەری ئەدەبە، کە چەندین بواری فراوانی زانین لەخۆدەگرێت، وەکوو شیعر و دراما و چیرۆکی خەیاڵی و واقیعی و پەند و ئیدیۆم و ڕۆژنامە و گۆرانی... هتد، هەروەها کاری هونەری بەهاییکە و بەپێی مێژوو و جیاوازی کلتورەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هونەرمەندانێکی وەکوو پاپلۆ پیکاسۆ و ڤان گۆخ و مۆنیێ و بیتهۆڤن و شێکسپیەر، هەریێک لەمانە جێی پەنجەیان بەسەر مێژووی کۆمەڵگە دیارە، کە بەچەندین شێوە داهێنانی هونەریان بە ڕوونی دەرکەوتووە، لە شانۆ و سینەما و ئەدەب و هونەرەکانی شێوەکاری و گۆرانی، هەندێک پێیانوایە کە هونەر بریتییە لەپارچە قوماشێک بە دیواری مۆزەخانەییکەوە هەڵواسراوە و بەردەوام وەکوو هۆکارێکی زانین دەمێنێتەوە.

هونەر لەڕێی پەیوەندییەکی توندوتۆڵەوە بە کلتورەوە بەستراوەتەوە، پارچە شوێنەوارییە جێماوەکانی وەکوو کەڤاڵ و وێنەکێشراوەکان، چاپەمەنییەکان، داتاشراوەکان و وێنە فۆتۆگرافییەکان و دۆکیۆمێنتەکان و پەرتوک و دەستنووسەکان، ئامرازەکان، هەموویان ئاماژەن بۆ داهێنانی مرۆڤایەتی، ئەو کلتورە تەنیا کۆمەڵێک پارچەی ڕۆشنبیری و هونەری، یان کلاسیکی ڕابردوو نین، بەڵکوو نیشانەی جیاکاری هەر کۆمەڵگەییکن لەگەڵ ئەوەی دیکەیاندا.

پتەوکردنی تەندروستی دەروونی: هەڵبەتە هونەر کاریگەری لەسەر دەروون هەیە، بۆ خەڵکێکی زۆر هونەر بریتیە لە چالاکییێک بۆ حەوانەوە و ئیلهام بەخشین، ئینجا چ ئەو کارە هونەرییە لە داهێنانی خۆی بێت، یان یەکێکی دیکە، دەربڕینی هونەری زۆر قوڵترە لە حەوانەوە و حەسانەوە و چێژوەرگرتن، تادەگاتە قۆناغی چارەسەرکردن بە هونەر، چونکە هونەر ڕێگاییێکی نایابە بۆ دەربازبوون لەخەمۆکی و ڕاڕایی و دردۆنگی. هونەر بریتیە لە دەربڕینی هەستەکانمان بەبێ وشە، یان ڕووبەڕووبونەوەی هەستە ئاڵۆزەکان بۆ گەیشتن بە حەسانەوە.

پتەوکردنی لایەنی ئابووری، دەتوانین زۆربەی هونەرەکان وەکوو کالاییێک سەیربکەین، چونکە هونەر بریتیە لە هەستونەست و ئیلهام و داهێنان و سۆزەکانی مرۆڤ، ئەمانەش سەرنجی زۆرێک لە ئارەزوومەندانی هونەرە، بۆ کۆکردنەوەی کارە هونەرییەکان، هەروەها پیاوانی کار و سەرمایەدارانیش ڕادەکێشن، زۆرجار کۆمێنتێکی هونەرمەندان و ناوداریکی بەناوبانگ کاریگەری لەسەر بازاڕ و نرخی کارەکان هەبووە، بەتایبەتی کارە هونەریی و مێژوویی و هزری و کلتورییەکان، هەروەها پەیوەندی نێوان هونەرمەندان و کڕیاران و نمایشکاران و بینەران کە کاریگەری لە بواری ئابووریدا هەیە.

پتەوکردنی پیشەسازی، هونەر بەشدارە لە زۆرێک لە بوارەکان لە پتەوکردنی پیشەسازییەوە، زۆرێک لە هونەرمەندانی کارە دەستییەکان، بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە هەیانە لەم بوارانەدا، دەتوانن ، لەڕێی فرۆشتنی کەڤاڵ و تابلۆ و وێنە و دیزانین و دیکۆرەکانیان دەستکەوتی دارایی بەدەست بێنن، ئەمەش پتەوکردنێکی بەرچاوی پیشەسازییە دەستییەکانە، هەروەها هونەر دەستێکی باڵای هەیە لە دیزاینکردنی لۆگۆ و مارکە و تەنانەت جلوبەرگیش، هونەر لە بواری پیشەسازیدا تەنیا پەیوەست نییە بە شارەزایی لەکارە دەستییەکان، بەڵکوو هونەرە دیگیتاڵی و کۆمپیوتەرەکانیش لەم سەردەمەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، بۆیە هونەرە شێوەکارییەکان و میللیەکان و ئەدەب و مۆسیقا و شانۆ، هەر هەموویان بەشدارن لە بیناکردن و بەرەوپێشوەچونی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانەوە.

# خوێندنەوەی کتێب

- ***بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر .. مێژووی کورد لە تورکیا، یان بیبلۆگرافیای خەباتگێڕانی کورد لە باکوور***

مەسعودی مەلا هەمزە

- ***ڕۆمانی بنووسە خوێن .. چیرۆکەکانی ڕابردوو، ئێستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە***

باهۆز مستەفا



# بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر

## مێژووی کورد لە تورکیا، یان بیبلۆگرافیای خەباتگێڕانی کورد لە باکوور

**(ئەگەر زمانەکەم مەترسی بێت بۆسەر پایەکانی دەوڵەتەکەت! کەواتە وڵاتەکەت لەسەر خاکەکەی من بنیادناوە) موسا عەنتەر**



مەسعودی مەلا هەمزە

ئارنۆڵد تۆینبیی مێژوونووسی ئینگلیز دەڵێ: بۆ هەر گەلێک، گەورەترین ماڵوێرانی، بریتییە لەوەی مێژووەکەی لەلایەن دوژمنەکانییەوە نووسرابێ» ئەم وتەیە لە لاپەڕە «٢٨٨»ی کتێبی بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر نووسراوە و نووسەر زۆر عاقڵانە بەکاری هێناوە، نەنگیش نییە ئەگەر بڵێین ئەم مێژوونووسە گەورە ئینگلیزە ڕێک و ڕەوان ئەم قسەیەی بۆ کورد کردووە و قسەکانی پڕ بە پێستی مێژووی کوردە.

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو خەباتی کردووە لەپێناو دۆزە ڕەواکەی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو خەباتە هەمیشە لەپێناو سادەترین مافەکانی بووە، نەک لە پێناو خەون و ئامانجی گەورە، بۆ نموونە خەبات لەپێناو قسەکردن بەزمانی خۆی و ژیان لەسەر خاکی خۆی! خەبات لەپێناو پۆشینی جلوبەرگی کوردی و دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردی زمان.... کەچی ئەمانەشیان پێ ڕەوا نەبینیوون.

قسەیێکی باو هەیە دەڵێ «هەر میللەتێک مێژوو و رابردووی نەبێ، داهاتووشی نابێت» بەداخەوە بەشێکی گرنگی ئەم قسەیە لەسەر کورد جێبەجێ دەبێت و لە هەموو لایەکەوە هەوڵدراوە مێژووی کورد، یان لەناو ببرێ یا بشێوێنرێت، بۆیە هەمیشە مێژوونووسان گرفتی گەورەیان لەگەڵ کەمی سەرچاوە، یاخود نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی هەیە، ئەوەشی هەیە وەک ئارنۆڵد تۆینبیی دەڵێ لەلایەن دوژمنەکانمانەوە نووسراوەتەوە.

نووسینەوەی یادەوەری لە ئێستەدا بۆتە بەشێکی گرنگی ئەو مێژووەوە، بە پێچەوانەی رابردوو کە کەمترین کەسایەتی و سیاسەتمەدار و سەرکردە و ڕۆشنبیری کورد یادەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە.

خوێنەری کورد دەتوانێ لەنێو ئەو کتێبی یادەوەرییانەدا جیاوازی بکات و پۆلێنیشیان بکات، چ ئەوانەی وەک ئەدەب نووسراون، یاخود ئەوانەی تەنیا نووسەرەکەی پاڵەوانە و خەڵکی دیکەی فەرامۆش کردووە! یاخود ئەوانەی ڕاستگۆیانە ڕووداوەکانیان نەگێڕاوەتەوە.

کتێبی «بیرەوەرییەکانم»ی موسا عەنتەر جیاوازە لەهەموو ئەو بیرەوەرییانەی تا ئێستە نووسراون.

ئەم کتێبە لایەن هاوڕێی ڕۆژنامەنووس «محەمەد عزەدین» بە ڕەزامەندی خانەوادەکەی لە تورکییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لەدوو توێی کتێبێکی «٦٢٨» لاپەڕەیی بە چاپێکی جوان بڵاوکراوەتەوە، هەریێک لە ئیسماعیل بێشکچی و سینەم جەلادەت بەدرخان-یش پێشەکیان بۆ نووسیوە.

قسەکردن لەسەر ئەم کتێبەی موسا عەنتەر یەکجار قورسە، چونکە هەر بەتەنیا بیرەوەری نییە، بەقەد ئەوەی مێژووی باکووری کوردستانە.

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاشنا دەبی بە زیاتر لەنیو سەدە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و میللی و نەتەوەیی کورد لە تورکیا. موسا عەنتەر هەوڵیداوە لەم کتێبەیدا لە گۆشەی ئەو ڕووداوانەی بەسەر خۆیدا هاتوون مێژووی جووڵانەوەو بزاقەکانی کوردمان لە تورکیا پێ بناسێنێ و شییان بکاتەوە، تەنانەت بەمەش نەوەستاوە، دەستی خستۆتە


سەر برینەکان و بەشێک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم جووڵانەوانەشی نووسیوەتەوە و وەک خۆشی دەڵێ: بۆیە ئەمەی نووسیوە تا نەوەی ئێستا سوود لەم هەڵانە وەربگرن و ئەگەر کرا دووبارەی نەکەنەوە.

بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر، کە خۆی لەبنچینەدا دوو بەرگە و نووسەر بەدوای یەکدا نووسیونی، زۆر ورد و بەرپرسیارانە باس لەمێژووی دروستبوون و دامەزراندنی سەرجەم ئەو پارت و ڕێکخراوە چەپ و کوردییانە دەکات کە لە تورکیا دامەزراون، سەرباری ئەوەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هاوکات نایشارێتەوە کە بۆچی لەنێو هێندێ لەو پارتانە کاری نەکردووە و نەبۆتە ئەندام تێیاندا، لەپاڵ ئەوەشدا بیروڕای خۆی لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرام و بەرنامەی بەشێک لەو حزبانە خستۆتەڕوو، کردووشیەتی بە وێستگەیێک بۆ ئەوەی دید و سەرنجەکانی ئەوکاتی خۆی لەگەڵ دامەزرێنەرانی ئەو پارتانە بخاتەڕوو، کە بە تێپەڕبوونی کات بەشێک لە قسەکانی هاتوونەتەدی و بوونەتە ئەمری واقیع. لەنێو لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەردا خوێنەر ئاشنا دەبێ بە دەیان کەسایەتی دیارو گەورەی کورد و تورک لە تورکیا، کە ئەو کەسایەتیانە ڕۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە لەمێژووی تورکیادا، نووسەر نەهاتووە لەڕێگای سەرچاوەی نووسراو، یان گێڕانەوە باسی ئەو کەسایەتیانە بکات، بەڵکو وەسفی هەریەک لەو کەسایەتیانەی لەڕێگای ئەو ڕووداوانەوە کردووە کە لەگەڵ خۆیدا، یان لە سەردەمی ئەودا ڕوویانداوە، کەسایەتییەکانی بەگوێرەی ڕووداوەکان و لەنێو گەرمەی کێشەو گرفتەکان هەڵسەنگاندووە، لە بەرانبەر ئەوەشدا نووسەر لە باسکردنی ئەو کەسایەتییە کوردانەی خۆفرۆش و نۆکەری بێگانە بوونە و دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد کاریان کردووە دەستی نەپاراستووە و، زۆر زیرەکانە باسی ئەو کەسایەتییە سیاسیانەی تورکیای کردووە، کە تا لە دەسەڵاتدا نەبوونە، چۆن خۆیان بە دۆستی کورد داناوە، کەچی دوای وەرگرتنی دەسەڵات چۆن بوونەتە دوژمنی کورد و قەتڵوعامی کوردیان کردووە، نموونەی ئەو کەسایەتیانە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیەوە بەشێکی گرنگی کتێبەکەی موسا عەنتەر پێکدەهێنن، ئەو لەڕێگای باسکردنی ئەو کەسایەتیانەوە دەمانباتەوە بۆ دەیەها ڕووداوی سەیر و سەمەرە کە پرسیارن و خوێنەر و مێژوونووس بەدوای وەڵامەکانیدا دەگەڕێن.

لەپاڵ ئەوەی کە باسمانکرد، موسا عەنتەر هەوڵیداوە لەنێو دێری بیرەوەرییەکانیدا مێژووی ئەو سەردەمانەی تورکیا بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی بگێڕێتەوە و باسی ڕۆڵ و خەبات و قوربانیدانی دەیان و سەدان کەسایەتی بکات، لێ ڕووداوەکانی ژیانی کەسی موسا عەنتەر ئەوەندە زۆرن، خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکان، کێ هەیە باوەڕ بکات لەسەدەی بیستدا نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری گەورە لەسەر نووسینی وتارێک، بەساڵ بەند بکرێت و لەنێو بەندینخانەشدا بەجۆرەها شێوازی دوور لە ئاکاری مرۆڤایەتی ئەشکەنجە بدرێت و تەنانەت بگاتە ئەو ئاستەی خەڵک لە زیندان لەبەر ئەشکەنجەدان بمرێت، یاخود تووشی نەخۆشی درێژخایەن بێ و تا مردن پێیەوە بتلێتەوە!

بەر لە هەر کەسێک ئەم کتێبە بۆ سیناریست و سینەماکاران باشترین کەرەستەیە کە ڕووداوەکانی بکرێنە سیناریۆی دەیەها فیلم و چەندان درامای دوورو درێژی مێژوویی، چونکە نووسەر زۆر ورد ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، کە لەنێو هەناوی گەڵەکەیدا هەڵقوڵاون.

بۆ ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان، زیاتر لەهەر کوردێکی پارچەکانی دی




> ❝ لەڕێگای باسکردنی ئەو کەسایەتیانەوە دەمانباتەوە بۆ دەیەها ڕووداوی سەیر و سەمەرە کە پرسیارن و خوێنەر و مێژوونووس بەدوای وەڵامەکانیدا دەگەڕێن ❞

کوردستان خوێندنەوەی ئەم کتێبە گرنگە، ئەم کتێبە پێمان دەڵێت و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە خەباتی کورد لە تورکیا کەی و چۆن سەریهەڵداوەو بە چ قۆناغگەلێکی هەستیاردا تێپەڕیوە، تا گەیشتووە بەوەی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بچنە چیاکان و بە خەباتی چەکداری بەرگری لەخاک و زمان و کلتووری خۆیان بکەن!

ئەوەی زۆر سەیرە و هەرگیز باوەڕم نەدەکرد وابێت، ئاستی شۆڤێنیەتە لە تورکیا، بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە تێدەگەیت کوردبوون ئازارێکی چەندە گەورەیە و لە بەرامبەر ئەوەدا چ زوڵم و زۆرییێک لەکوردەکانی تورکیا کراوە، لەپێناو (ناو، زمان، قسەکردن بەزمانی دایک و چالاکی بچووک و سەرەتایی ڕۆشنبیری و سیاسی).

دەبێ بڵێین سوپاس ئاپێ موسا بەم کتێبە تێتگەیاندنین چ ژیانێکتان گوزەراندووە و چیتان بەسەرهاتووە!

جیاواز لەمانە، ئێمەی کوردی باشوور لەباسی دڕندەییدا هەمیشە باسی ڕژێمی بەعسی رووخاو دەکەین، کە لە زیندانەکاندا چی بەسەر ڕۆڵەکانمان هێناوە و چۆن خەڵکی سڤیل و گوناحیان کوشتووە، لێ بەوردبوونەوە لە ڕووداوەکانی نێو ئەم کتێبە تێدەگەین دوژمنانی کورد تەنیا تایتڵیان جیاوازە و هەریەکە و لە نەتەوەیێکی جیاوازە، ئەگینا هیچ جیاوازییەکیان نییە و یەک لە یەک دڕندەترن بەرانبەر گەلی کورد، لە بەرانبەر ڕێگرتن لە گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان هەموویان یەک ڕێگا دەگرنەبەر ئەویش کوشت و بڕ و لەناوبردن و ئەشکەنجەدانە...

زیندان، یان بەندیخانە، ناخۆشترین و تاریکترین شوێنە و مەنزڵی بێ ئومێدکردنی مرۆڤە لە ژیان.


> **بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە تێدەگەیت کوردبوون ئازارێکی چەندە گەورەیە و لە بەرامبەر ئەوەدا چ زوڵم و زۆرییێک لەکوردەکانی تورکیا کراوە**

موسا عەنتەر بەشێکی زۆری لەنێو کونجی زیندانەکانی تورکیا بەسەر بردووەو لەسەر بابەتی زۆر سەرەتایی و مافی زۆر سادە بەساڵ بەندکراوە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشیە و لەکاتی خوێندنەوەیدا مرۆڤ دڵخۆش دەبێ، ئەو ورە و خۆڕاگرییەی موسا عەنتەر و هاوڕێکانیەتی، کە هەرگیز بەندیخانە نەیتوانیوە لە داواکردنی مافەکانیان و نووسینی بیروڕاکانیان، ساردیان بکاتەوە، ڕێک ئەو دێرە شیعرەی کە شاعیر دەڵێ «قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە» چونکە هەمیشە ئاپێ موسا بەندیخانەی کردووە بە خوێندنگایێک بۆ ئەوەی زیاتر گەنج و لاوەکانمان جۆش بدا و سوورتریان بکات لەسەر مافەکانی گەلەکەمان و خەبات کردن بۆی. هەر لەنێو زیندانیش باسی ئەو کەسانە دەکات کە جیاواز بوونە یا زوو تەسلیم بوونە و بەرگەیان نەگرتووە.

بەخوێندنەوەی کتێبی «بیرەوەرییەکانم»ی موسا عەنتەر، سەرباری ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازار و دەردەسەرییەی بەسەری دێت، کەچی ناتوانی هەرگیز ئەوە لە موسا بخوێنیتەوە کە دژی تورکە و لەگەڵ پێکەوە ژیان نییە، موسا عەنتەر وەکوو ڕۆشنبیرێک لەنێو دێرەکانیدا بە ئاشکرا ئەوەی گوتووە کە لەگەڵ پێکەوەژیان و برایەتی نێوان کورد و تورکە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: برایەتی و پێکەوە ژیان، نەک کۆیلایەتی و چەوساندنەوەو تواندنەوە.

یەکێک لەکارە سەرنجڕاکێشەکانی عەنتەر کە لەژیانی خۆیدا کردوویەتی و لەو کتێبەدا زۆر بەوردی باسی کردووە، بابەتی بەشە ناوخۆییەکانە، ئەگەرچی بەشێکی گرنگ لەم کارەی موسا عەنتەر وەک بزنس بووە و لەڕێگایەوە پارەیێکی باشی دەستکەوتووە، لێ لە پاڵ ئەوەدا ئەو بەشە ناوخۆییانەی وەکوو ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی گەنج و لاوان و کەسانی نیشتمانپەروەر و خاوەن کەسایەتی بەکارهێناوە، کە دەکرێ لە لایەنە پەروەردەیی و پێگەیاندنەکەشییەوە سەیری ئەم بابەتە بکرێ و سوودی لێ

> **ئەم کتێبە بۆ سیناریست و سینەماکاران، باشترین کەرەستەیە کە ڕووداوەکانی بکرێنە سیناریۆی دەیەها فیلم و چەندان درامای دوورو درێژی مێژوویی**



وەربگیرێت و بکرێتە بنەماییک بۆ پێگەیاندنی گەنج و لاوی بەتوانا.

قسەکردن لەسەر ئەو کتێبەی موسا زۆر هەڵدەگرێ و بەهیوام مێژوونووسان و ڕەخنەگران زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە بکەن و دەکرێ شێوازی نووسین و گێڕانەوەی ئەم کتێبە ببێتە بنەماییکی گرنگ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە داهاتوودا یاداشت و بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە، چونکە ئەو کتێبە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە نووسینەوەی بیرەوەری تەنها ئەو گێڕانەوەی چیرۆک و وەسفی جوانی ناوچە و شوێنەکان نییە، بەقەد ئەوەی گرنگە ئەمانەتە مێژووییەکەی سەرشانت جێبەجێ بکەی و لەپاڵ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆت، باسی ئەو کەسایەتییانە بکەیت کە لەو ڕۆژگارەدا لەنێو ڕووداوەکاندا بوونە و ڕۆڵیان هەبووە، یانی ناکرێ نووسینەوەی یاداشت پرۆسەی بە پاڵەوانسازکردنی خۆت و ونکردنی هەوڵ و تەقەڵای ئەوانی دیکە بێت.

**سەرباری ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازار و دەردە سەرییەی بەسەری دێت، کەچی ناتوانی هەرگیز ئەوە لە موسا بخوێنێتەوە کە دژی تورکە و لەگەڵ پێکەوە ژیان نییە**

بە دیوێکی دیکەشدا موسا عەنتەر پێمان دەڵێت نووسینەوەی بیرەوەری چیرۆک نووسین و شیعر نووسین نییە، تا هەوڵدەی فەزاییکی ئەدەبی جوان بۆ خوێنەر دروست بکەی و وێنەی شیعریی و فەنتازی بۆ دروست بکەی، بەقەد ئەوەی گێڕانەوەی ڕاستی ڕووداوەکانە بەزمانێکی سادە و ساکار، گرنگە تا هەموو کەس تێی بگات و ڕۆڵی خەڵکانی بەشداری ناو پرۆسەکە وەکوو خۆی بنووسیتەوە و بیانپارێزی.

جیاواز لە هەموو ئەمانە لەو کتێبە ٦٢٨ لاپەڕەییەدا موسا عەنتەر کەمترین شت باسی ژیانی کەسیی خۆی دەکات، بۆ ئەوەش بیانووی هەیە و پێیوایە، ئەوەی ئەو کردوویێتی بۆ گەلەکەیەتی، بۆیە گرنگە ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون بنووسرێنەوە، گرنگترە لەوەی نووسەر بچێتەوە سەر ژیانی شەخسیی خۆی و شتە زۆر تایبەتەکانی بنووسێتەوە.

موسا عەنتەر لەم کتێبەیدا توانیویەتی وەکوو ڕاوچییەکی زیرەک و لێهاتوو، بە نووسینی یاداشتەکانی چەندین ئامانج بپێکێ، مێژووی نووسیوەتەوەو ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە، شێوازێکی نوێی داهێناوە لە گێڕانەوەی یاداشت و بە هەموو ئەوانە دەڵێت کە بەنیازن یاداشت بنووسنەوە کە ناکرێ ڕووداوەکان لەقالب بدەن و تەنها ئەو شتانە بنووسنەوە کە خۆتان دەتانەوێ.

ئەوەی زۆر جێی سەرنج بوو لای من کۆتا بەشی کتێبەکەیە، کە بەچەند لاپەڕەیێکی کەم نووسەر باسی چیرۆکی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری دەکات و هاوکات دەقی ئەو نامەیەی کە وەڵامی پرسیارەکانی خەزووریێتی بڵاوکردۆتەوە، کە بە بڕوای من ئەو چەند لاپەڕە ئەزموون و وانەی زۆر گەورەی تێدایە بۆ گەنجان و ئەوانەی دەیانەوێ ژیانی هاوسەرگیریی پێکبێنن، یاخود ئەوانەی وێڵن بەدوای ئەو پرسیارەی بۆ بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە لەسەرجەم لایەنەکان.

بە کوردی و بە کورتی، لێرەوە بانگهێشتی هەموو خوێنەران دەکەم ئەم کتێبەی بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر بخوێننەوە و دڵنیام سوودی زۆر زۆری لێ وەردەگرن، ئەم وتارەش بە دەرفەت دەزانم دەستخۆشییەکی زۆر تایبەت لەبرای ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ محەمەد عزەدین بکەم کە توانیوویێتی بەو کوردییە جوانە ئەم کتێبە نایابە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و خوێنەرانی کوردی پێ ئاشنا بکات.

# ڕۆمانی بنووسە خوێن

## چیرۆکەکانی ڕابردوو ، ئێستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە



بامۆز مستەفا

جەبار جەمال غەریب، لەم ڕۆمانەیدا، بە شێوازێکی دی، ڕووی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکەمان ئاشکرا دەکات. کەم کەس توانیوویەتی وەکوو نووسەری ڕۆمانی بنووسە خوێن بەو بوێرییە بچێتە بنج و بنەوانی کێشەکان و لە ڕەگەوە هەڵیتەکێنێ. جەبار لە دواوە سەیری کۆمەڵگە دەکات و پاشخان و مێژووی ساختەی پیاوەکان دەخاتە بەردیدەمان.

ڕۆمان پێویستە کۆمەڵێ شتی تازە پێشکەش بکات و بە ڕوئیایێکی فراوان و جیاواز، لەسەر بابەتی گرنگ و داخراو بنووسێ، ئامانجێکی دیاریکراو، یان نیمچە دیارکراوی هەبێ، هەروەها بتوانێ فەلسەفە و تێڕوانین و دونیابینی خۆی لەڕێگەی ڕووداو و کارەکتەر و پاڵەوانەکانی دەربخات، زانیارییێکی باشی هەبێ و بەسەر چیرۆکەکانیدا دابەشی بکات، ناوە ناوەش بە ڕەزیلی لە پەنای ڕستەکان کەم کەم فڕێی بدات، کە ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی، نەک ئاڵۆز و بێزارکردن.

لەم ڕۆماندا جەبار توانیوویەتی هەموو ئەوانەت پێببەخشێت (کەسایەتی ساختە، چێژ سز، گەمژەیی پیاوی کورد، کوشتن لە ژیانی کورد، کاریگەری کلتوری هاوردە، پەروەردەی هەڵە، منداڵبازی، ژنناسی، سێکسواڵیتی، نەبوونی ئینتیما، نەبوونی خۆشەویستی، ئاریشەکانی خێزانی کوردی، هتد) بەکورتی ئەو فەوزایەت نیشان دەدات کە کۆمەڵگەکەمان تێیکەوتووە، وەکوو فەوزای دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ئەڵمانیا، کە گونتەر گراس لە ڕۆمانی دەهۆڵی تەنکە باسی دەکات.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا شەکیب هەر سێ منداڵەکانی ( سامخان، قەندەهار، عەبدولبار) لە تەک یەکدی ڕیزکردن و بە کلاشینکۆفەکەی دەستڕێژی لێکردن و خوێنی جەستەی منداڵەکانی ئاوێتەی دار و دیوارکرد، لای شیرین، نەفخی سوور لێدرا، کەسی نەما، کۆتایی دونیا بوو، کەچی براکانی شیرین، قاسم و نەبەز و ڕزگار، ویستیان شار و گەڕەک جێ بێڵێن، پێیانوابوو خوشکەکەیان حەیای ئەوانی بردووە و هۆکاری ئەو کارەساتەیە و نەیتوانیوە پەروەردەیێکی باشی منداڵەکانی بکات، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییێکیان لەسەر هۆکاری ڕوودانی ئەو ڕووداوە هەبێ.

لێرەدا ڕۆمانی (کۆشکی کافکا)م هاتەوە یاد، کە لەسەر دڕاندنی نامەیێک کە کەس نازانێ لە کوێ هاتووە و کێ بۆ ئەو کچەی ناردووە، خەڵک و دەروجیران لێیان دوور دەکەونەوە و بە سووک و ڕیسوا سەیریان دەکەن! نەبادە نامەکە لە کەسێکی ناو کۆشکەوە هاتبێ.

کەسایێتی لەم ڕۆمانەدا، کەسایێتی تێکشکاو و بێباوەڕ و ناجێگیرن. شەکیب ئامادەیە لە دیالە لەو خانەوادەیە خۆشبێ کە گوللەیان لێداوە و ئامەدەشە ببێ بە کرێکار و خزمەتیان بکات. هۆکاری گوللە لێدانەکەی دەگەڕێنتەوە بۆ قەزاوقەدەر و ئەمری خودا، بەڵام بۆ منداڵەکانی خۆی، بیر لە ئەمری خودا ناکاتەوە، هیچ بەهانەیێک نادۆزێتەوە، ئامادە نییە بۆ یەک چرکەش بیربکاتەوە، کە ئایا ئەو کارەی ئەنجامی دەدات دروستە، یان نا، جگە لە کوشتن و بەنەفرەتکردنیان.

مامۆستا چالاک لە عەفەجی دیوانییە خەریکی ڕابواردن و گەڕانە بەدوای ژنان، جگە لە دەستکەوتنی زۆرترین ژن و سێکسکردن لەگەڵیاندا، لەوێ بەبێ خواستی خۆی لە خەودا دەستدرێژی دەکرێتەسەر، کە چاوەڕوانی نەدەکرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی دەبێ.

کورد خەریکی ژنی عارەبە، کەچی پیاوی عارەبیش

خەریکی پیاوی کوردن. لێرەدا ئاگادار دەکرێنەوە کە ئێمە لە پێشەوە بۆ عارەب دەچین، ئەوانیش لە دواوە بۆمان دێن! بە گەواد سەیرمان دەکەن. ئەوان هەموویان ڕائید نەسرن، کە خەڵک دەگرێ و سواری دەبێ و ئازاری جەستەی دەدات و داواش دەکات لە پێناو نیشتمانەکەیدا کاری بۆ بکەیت. جگە لە کەی قوباد و مەلا عەونی کەسی دی نەبوو خۆی لەبەر سەختی زیندانی بەعسییەکان بگرێ. مەلا عەونی خوشکی خۆی (گوڵخاتر) پێشکەشی شەکیب کرد، کە عاشقی کەی قوباد بوو، بەڵام چونکە کەی قوباد دووربوو لە فیکری ئیسلام دژی بوو، مەلا عەونی تاکە کەس بوو شەکیبی گرتە باوەش دوای کارەساتی کوشتنی منداڵەکانی، کەچی شەکیبی گەمژە جارێکی دی خۆپەرستیکرد، کۆمەڵێک کەس ڕووبەڕووی زیندان دەکاتەوە و ناوی گروپەکەی خۆیان دەداتە بەعسییەکان، تا دەگاتە ئەوەی ژنەکانیان دەهێننە زیندان.

ئەم ڕۆمانە بەشێوەیێکی گشتی سادەیی (گەمژەیی) پیاوی کورد نیشاندەدات، کە چەند زوو دەکەونە ژێر کاریگەری فیکری هاوردە، وەکوو حەسەن بەننا و سەید قوتب، کە لەڕێگەی مەلا عوسمان سیفۆن و برا موسڵمانەکانی دی، کە داوا دەکەن هەموو کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوانی دی بۆ خۆیان ڕابکێشن، کوشتنیش لەسەر نامووس بە کارێکی پیرۆز و ڕەوا دەبینن و نموونەشی بۆ دێننەوە، کە پیاو هەبووە ژنەکەی خۆی کوشتووە، کە سکی بە دوو منداڵ پڕ بووە، هەروەها ئامادەشن هەموو کەسێکی لادەر و بکوژ بێننە ڕیزەکانیان. پێچەوانەی عیسۆ و ڤیبرۆنای فرشتە کە دوو کەسی مەسیحی عینکاوەن، عەبدولباری لە مردنێکی سەد دەر سەد ڕزگار دەکەن، ناوی دەنێن ئاراسن و دەبێتە هاوڕێی ڕەنین.

سابیری عەلییە گورگە، حەزی دەکرد شەهلا کوڕ بوایە، چونکە پێوابوو ئەو سمتی شەهلا، دەبوا هی کوڕان بوایە، نەک هی ژن، تەحسین تەنکەچی پازدە ساڵ بوو بە خەیاڵی ژنی قایمقام دەچووە لای ژنەکەی، شەهلا بیری هەر لای سامخان بوو، هەستی دەکرد سامخان لەو چووە، نەک لە شیرین.




دیاردەی چاوباشقاڵی و دیاردەی هۆمۆ دیاردەیێکی جیهانییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردستاندا شێواز و مامەلەکردنی جیاوازە، لەسەردەمی ڕۆمەکانەوە بگرە پێشتریش گریکەکان و هتد ئەو دیاردەیە هەبووە، کەچی لەم ناوچەیەدا بەشێکی زۆری لە ڕێگەی دەستدرێژی، یان فێڵ لێکردن و هەڵخەڵەتاندن و ترس دروست بووە، هەروەها لای خەڵکانی بەهێز و شەقاوە و بە دەسەلات بۆ شکاندنی

**«پیاوی کورد تاحەزی لە ژنێکە دوای دەکەوێت و سەیری دەکات و ئاهی بۆ هەڵدەکێشێ، ئیدی کە هێنای دە مەتر لە پێشیەوە دەڕوات»**

**ئەم ڕۆمانە بەشێوەییەکی گشتی سادەیی (گەمژەیی) پیاوی کورد نیشاندەدات، کە چەند زوو دەکەونە ژێر کاریگەری فیکری هاوردە**

بەرانبەریان بەکارهاتووە، هەندێک کەس هۆکاری دیکەیان هەیە بۆ خۆشەویستی پیاو و پیاو، زۆر کەسی دیار و مێژوویی هەن تووشی ئەو حاڵەتانە بوونە، وەکوو لۆرکا وسلڤادۆر دال، ڕامبۆ و ڤێرلین، جۆرج مویکل، ئەلیکساندەری مەکدۆن. بۆ کوردستان و هەولێریش لەو حاڵەت و دیاردەیە بێبەش نەبووە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشێوەییکی بەرچاو دەردەکەوێت، لەم ڕۆمانەش زۆر جوان ئاوێتەکراوە.

پیاوی کورد تاحەزی لە ژنێکە دوای دەکەوێت و سەیری دەکات و ئاهی بۆ هەڵدەکێشێ، ئیدی کە هێنای دە مەتر لە پێشیەوە دەڕوات.

تائێستاش بەشێوەییکی گشتی ئەو قسەیە بۆ کۆمەڵگەکەمان ڕاستییێکی بێ گەواهییە، جگە لەمە بابەتی سێکسکردن گەرمترین بابەتی پیاوانی نەتەوە دواکەوتووەکانە، بەتایبەتیش کورد کە زانیاری کەمیان لەو بوارە هەیە، تەنانەت نازانن سوڕی مانگانەی ئافرەتان یانی چی، هەروەها چێژێکی تایبەت بە خۆیان نییە، ئەگەر سەیری نموونەی شەکیب و مامۆستا چالاک بکەین، دەبینین دوای هەموو ژنێک دەکەون، جگە لە ناوگەڵ هیچی دی نابینن، پیر و گەنج، قەڵەو و لاواز جیاوازی نییە، شەکیب گەیشبووە ئەوەی حەزی دەکرد ئوم عەمشە لەسەر دار خورماوە میزی پێدابکات، هەروەها مامۆستا چالاک کە لەگەڵ پیرەژنەکانی دیوانیە ڕایدەبوارد دەگەیشتە لوتکەی نێرڤانە، کەچی لە هەولێر جوانترین و سێکسیترین ژنی هەبوو، نەیدەتوانی ڕازی بکات، وایلێبکات چاوی لەدەرەوە نەبێ، دەفتەری بیرەوەرییەکانی خستبووە بەردەستی و هەموو نهێنی ژیانی لای ژنەکەی بوو، کەواتە پیاوی کورد سەرچێغ چووە، کە وادەزانێ ژنەکەی بێ ئاگایە لەو کار و کردەوانەی پیاوەکەی.

ئەنجام

١. بە تەکنیکێکی جوان چیرۆکەکانی ڕابردوو، ئێستا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٢. لەڕووی هونەرییەوە زۆر جوان کاریکردووە، بەتایبەتی لەسەر خەیاڵ و فلاشباک و وێنە و گرتەکان.

٣. لەڕووی جۆری ڕۆمانەوە دەچێتە خانەی ڕۆمانی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئیرۆتیک.

٤. ئازادییەکی تەواو لەم ڕۆمانەدا دەبینم، نووسەر لەکاتی نووسینی خۆی بەهیچ سانسۆرێکی فیکری، کولتوریی، ترادیسیۆنی، سیاسی نەبەستۆتەوە.

٥. لەڕووی بابەتییەوە، بابەتەکانی یەکانگیر و هەمەجۆر وسەرنجڕاکێشن، گفتوگۆکانی زۆر ڕوون و ئاشکرا و بیگرێن، خوێنەر ماندوو ناکات، هەروەها تەمبەڵیشی ناکات.

٦. کارەکتەرەکانی خەڵکانی ئاسایی و هی سەنتەری شارن، دەکرێ هەر کەسێک بن.

٧. لەڕووی چاپ و هەڵەگرییەوە، هەڵەی چاپی زۆرە و لە هەندێ شوێن هەڵەکان گریان لە نێو ڕستەکان دروستکردووە.

**ڕۆمان پێویستە کۆمەڵێ شتی تازە پێشکەش بکات و بە ڕوئیاییەکی فراوان و جیاواز، لەسەر بابەتی گرنگ و داخراو بنووسێ، ئامانجێکی دیاریکراو، یان نیمچە دیارکراوی هەبێ**

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان (بەشی ٣)

د. ئەرسەلان بایز

# شەو لەکێوان



د. ئەرسەلان بایز

(٣)

لەیەک دوو ڕۆژی دوای گەیشتنی (ئەو) بۆ (ناوزەنگ) وردە تەقەییێک لەنێوان دەستەی یەکێ لە لێپرسراوەکانی کۆمەڵە و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان لەنێوان گوندی (شێنێ و گۆڕەشێر) دروست بوو. بەڵام زوو ئاگربڕیان کرد و نەیانهێشت تەشەنە بسەنێ. ساڵانی دواتر چەندین وردە تەقەی لەو جۆرە، بوو بەهۆی بەرفراوانبوونی شەڕێکی ناوخۆیی چەندین ساڵەی خوێناوی، دەیان فەرماندە و کادیر و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان بوون بە قۆچی قوربانی. دوژمنانی گەلی کوردیش ڕۆژانە لە هەوڵی زیاتری تەشەنە و بەرفراوانکردنی پانتایی ئاگرەکە دابوون، ئەگەر هەندێ جار خامۆشیش ببووایە چیلکەیان تێوەردەدا و فوویان لە ژیلەمۆکاندا دەکرد. شیاوی باسە (گۆڕەشێر) گوندێکی خنجیلانەی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ڕووبارێکی بچووک لە گوندی (شێنێ) جیایی دەکردەوە. نێوان گوندی (شێنێ و گۆڕەشێر) کەمتر لە یەک کاتژمێر دەبوو. حەوت مانگ پێشتر (بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان) و (لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان) دوای جیابوونەوەیان لە (ی.ن.ک) کردبوویان بە بارەگای تازەی خۆیان.

ئەو وردە تەقەیە ئەو گفتوگۆیەی هێنایەوە بیر (ئەو) کاتێ دوای ئازاد بوونیان لە زیندان، دوو هەڤاڵی کۆمەڵە لە سلێمانییەوە هاتبوونە هەولێر بۆ لای هاوڕێ (جەبار فەرمان) و (ئەو) تاکوو ڕاسپاردەکەی (مام جەلال)یان پێ ڕابگەیەنن کە پێوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. شیاوی باسە ئەوسا هەڤاڵ (جەبار) و (ئەو) بەیەکەوە لە کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر فەرمانبەر بوون. (ئەو) لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیە گوتبووی، مرۆڤ نازانێ چی بکات و چی بڵێ. باشە ئێمەی کورد دوای ئەو نسکۆ گەورەیەی ساڵی (١٩٧٥) و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، بەو بێ ئیمکانیاتیە، لەلایەکەوە شەڕی ئەو هێزە گەورە و زەبەلاحەی سوپای عێراق دەکەین، لەلایەکی دیکەشەوە حزبەکان شەڕی یەکدی دەکەن. ئەمە چۆن بەڕێوە دەچێ و سەرەنجامەکەی بە چیمان دەگەیەنێ.

ئاشکرایە کە (ی.ن.ک) لەسەرەتاوە وەکوو نیمچە بەرەیێک لە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و (بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان) و (لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، کە د. مەحموود سەرۆکایەتی دەکرد) پێکهاتبوو.

لەسەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش هێزە شەڕکەرەکەی (ی.ن.ک) زۆری لە کادیرە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلول و سەر بە بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بوون. چەند لێپرسراوێکی سیاسی و فەرماندەی ناسراوی سەربازی وەکوو عەلی عەسکەری، د.خالید کۆیی، کەسانی وەکوو ڕەسول مامەند و عەلی هەژار و کەسانی دی لە سەرکردایەتی بزوتنەوە بوون.

ئەوانە خەڵکانێکی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون بوون. کەچی سەرکردایەتی کۆمەڵە

> **(هێرۆخان) وەکوو هەر پێشمەرگەییێک جلوبەرگی خاکی لەبەردابوو. زۆر بە سادەیی دەژیا و تێکەڵاوی پێشمەرگەکان دەبوو**

هەموویان گەنج بوون هەرە گەورەکانیان تەمەنیان لە سی و پێنج ساڵی تێپەڕی نەدەکرد. بەڵام چالاک و خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمەو گەورە بوون. لەڕووی فیکر و بیرکردنەوەش لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان و حزب و گروپەکانی دی ناکۆک و ناتەبابوون. بۆیە هەمیشە لە ململانێدا بوون. شیاوی باسە (مام جەلال) خۆی بەلای کۆمەڵەدا ساغ کردبووەوە. ساغ کردنەوەی ئەویش هێزێکی مەعنوی گەورەی بە کۆمەڵە بەخشیبوو چونکە (مام جەلال) کەسایەتییەکی سیاسی گەورەی خاوەن کاریزما و لێزان و ڕەمز و خوێندەوارێکی گەورە و بە ئیدارە بوو. ئیدی کێشەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە و تەشەنەی دەکرد، تاکوو لەشەوی ١٩٧٩/٧/٢١ بزوتنەوە و لیژنەی ئامادەکاری پارتی (ناوزەنگ)یان جێ هێشتبوو چووبوونە گوندی (گۆڕەشێر) دواتریش ئەو دوو لایەنە یەکیان گرت و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێنا.

هەر لەو ماوەیەدا مامۆستا (جەعفەر) کە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە و مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بوو، ژمارە یەکی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)ی بۆ چاپ کردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد.

(مامۆستا جەعفەر) پیاوێکی بەڕەچەڵەک خانەقینی و لە بنەماڵەیێکی نیشتیمانپەروەر بوو، هەر ماوەیەکی کەم پێشتر برایێکی رووناکبیر و هۆشیاری لە بەغدا لە سێدارەدرابوو. خۆی باڵا مام ناوەندی سپیکەڵە و جەستە لاواز و کەمدوو بوو. نووسەرێکی بە سەلیقە و شارەزا لە ئەدەبی کوردی بوو. بەڵام لە قسەکردندا بێ دەم و دوو بوو. لەبەر ئەوەی (ئەو) دەرچووی بەشی کوردی و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی هەولێر و جارجارە لەشار وتاری بۆ ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤارەکان دەنووسی، (وتارێکی) بە ناوی (مەحمود نیم محەمەد)م بۆ ڕۆژنامەکە ئامادەکرد. کە تیایدا باسی لە درندایەتی و شۆڤێنیەتی (دادگای شۆڕش)ی بەعسییەکان دەکرد. پیاوێک بەناوی (محەمەد) لەسەر بە قاچاغ بردنی چەک و تەقەمەنی بۆ شۆڕش زیندانیی کرابوو. لەکاتی دادگایی کردنی هاواری کردبوو کە ناوی (مەحموود) نییە بەڵکوو (محەمەد)ە کەچی دەستەی سەرۆکایەتی دادگا بە تۆمەتی ئەوەی کوردە، بۆیە بڕیاریاندا بوو کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو دوو ناوەدا نییەو کورد هەر کوردە، پانزە ساڵ سزای زیندانییان بەسەردا سەپاندبوو.

هەر لەماوەی ئەو مانگەدا (ئەو) سەردانی بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی کۆمەڵە و چەندین بارەگای سەرکردە و پێشمەرگەکانی دۆڵەکەی کرد. دەیویست خۆیانی پێ بناسێنێ. بە بۆنەی هاتنی گروپی زیندان (مام جەلال) میوانداری کردن. لەوێوە بۆ جارێکی دی (مام جەلال)ی بینیەوە. ماڵی (مام جەلال) لە دوو ژوور و بەر هەیوانێک پێکهاتبوو، ماڵەکەی ئەویش وەکوو هەموو ماڵەکانی دیی سەرکردە و پێشمەرگەکانی دۆڵەکە، دەرگا و پەنجەرەکانی بە بەتانی ڕەشی سەربازی و نایلۆنی سپی داپۆشرابوو

(هێرۆخان) وەکوو هەر پێشمەرگەیێک جلوبەرگی خاکی لەبەردابوو. زۆر بە سادەیی دەژیا و تێکەڵاوی

> **“ ئەوسا هەڤاڵ (جەبار) و (ئەو) بەیەکەوە لە کۆمپانیای پەلەوەری هەولێر فەرمانبەر بوون ”**



**هاوێر ئەرسەلان، پەخشان حەفید، د. ئەرسەلان بابیز**

پێشمەرگەکان دەبوو. ئەبوو بەیانی خۆی و (مام) بە ئاوی سۆندەکەی بەر ماڵیان کە لە کانیەکەی قەدپاڵی دۆڵەکە ڕکێشرابوو، دم و چاوی خۆیان بشوشتایە.

پاش یەک دوو دیدەنی، هاوڕێیەتی (ئەو) لە گەڵ (هێرۆخان) زۆر خۆش بوو. ئەو ساڵانە (هێرۆخان) خوێنەرێکی گەورەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی (مام جەلال) بوو. (هێرۆخان) جارجارە چیرۆکی دەنووسی. (ئەو)یش بە حوکمی ئەوەی دەرچووی بەشی کوردی و دۆستی ئەدەب و ڕۆژنامەنووس بوو. بۆیە هەندێ جار بەدەم قاوە خواردنەوە و قسەکردنەوە سەیری چیرۆکەکانی دەکرد، بەپێی توانای خۆی هەڵیدەسەنگاند و سەرنجەکانی خۆی دەردەبڕی. گەلێ جاریش داوای لە (هێرۆخان) دەکرد چیرۆکەکانی لە گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەوسای ناو شۆڕش بڵاو بکرێتەوە، کەچی ڕەتی دەکردەوە.


(مەلا بەختیار) یەکێک لەو سەرکردە سیاسی و سەربازییە کارا و دیارانەی پارتیزانی ئەو ساڵانە بوو. ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەو سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بوو. زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردو چەند جارێک بە تاک و کۆ میوانداری کرد. لوتفی ئەوەشی کرد هەر کاتێک ئارەزووی کرد دەتوانێ لە بارەگاکەی ئەو بمێنێتەوە. شیاوی باسە (ئەو) لە پایزی ساڵی (١٩٧٥) کاتێ لەدەستی دەزگاکانی ئەمنی هەولێر رایکردبوو بۆ سلێمانی و لەوێ خۆی شاردبووەوە، پاش مەلا بانگدانی ئێوارەیێکی مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٧٩) لە گەڕەکی مامۆستایان لەگەڵ (مەلا بەختیار) یەکتریان ناسی بوو، گەنجێکی باڵا بەرزی چالاک و وریاو چاونەترس بوو.

شاخەوان عەباس، حەسەن ئەنوەر کە بە (مامۆستا کاوە مەخموری) ناسرابوو، پێشتر لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە بەیەکەوە بوون. ماوەییێک پێش (ئەو) پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. ئەوان و ژمارەیێکی دیی لە کادیرەکانی هەولێر لەوانە (شۆڕش حاجی، هەژار کانیمارنی، شێخ سلێمان...هتد) ڕۆژانە بەیەکەوە دادەنیشتن و باسیان لەچۆنیەتی بەهێزکردنی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) دەکرد لە هەولێر. شیاوی باسە تاکوو ساڵی (١٩٨٢)ش ژمارەی پێشمەرگەی مەفرەزەکانی ناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و کۆیە بە پەنجەی دەست دەژمێردران. تەنیا یەک (کەرت)ی پێشمەرگەی کاریگەر بە لێپرسراوەتی (فەرەج و مەندە) کۆیی کە ئامۆزای یەکدی بوون لە دەشت و وراتی کۆیە هەبوون. ناوچەکانی دی وەکوو خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر لاواز بوون. بۆیە جارجارە هێزەکانی هەورامان و شارەزوو رو گەرمیان بە میوانی دەهێنرانە ناوچەکە بۆ بوژانەوەو بەهێزکردنی هێزەکانی هەولێر.

+ + +

لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٠)دا زیندانی (ناوزەنگ) چۆل کراو پاک کرایەوە، زیندانییەکانیان بۆ گوندی (شێنێ) گواستەوە. مامۆستا (ئەنوەر) بوو بە لێپرسراوی.

زیندانەکەش بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کرا بە بارەگای پێگەیاندنی دەورەی



**عەلی بچکۆڵ، ئاوات عەبدولغەفوور، د. ئەرسەلان بابیز**

**شاخەوان عەباس، حەسەن ئەنوەر کە بە (مامۆستا کاوە مەخموری) ناسرابوو، پێشتر لە ئەڵقەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە بەیەکەوە بوون. ماوەییێک پێش (ئەو) پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو**

کادیران. کاک (فەرەیدون عەبدولقادر) کرا بە لێپرسراوی دەورەکە (فەرەیدون عەبدولقادر) پیاوێکی باڵا کورتی تێکچەقی هەندێ سپیکەڵە بوو. لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا بوو. چەندین ساڵ لەشاری کەرکوک کارمەندی حکومەت بوو. لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. پیاوێکی وریا، دم و لفت شیرین لە قسەکردن، خوێندەوار و نووسەر و ڕۆژنامەنووس. دوای ئاشکرا بوون و بڕیاری گرتنیان لەگەڵ (خالە شەهاب) و هاوڕێکانی بە نیازی گەشت بۆ لای (مام جەلال) لە دیمەشق، لە سنوری کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ژاندرمی ئێرانەوە گیرابوون. (ئەو) لە گەڵ (کاک فەرەیدون) ماوەی مانگێک لە زیندانی سەقز و چوار ساڵیش لە زیندانی (ئەبو غرێب) لە بەغدا بەیەکەوە بوون. لە دەورەکەش سەرباری بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەورەکە وانەی پەیڕەو و پرۆگرامی (ی.ن.ک)ی بە کادیرەکان دەگوتەوە.

(ئەو)یش بوو بە مامۆستای مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان. هەڤاڵ (پێشڕەو) چەمچەماڵی کە دەرچووی کۆلێژی ئیدارە و ئابوری بەغدا بوو کرا بە مامۆستای ئابوری. لەو دەورەیەدا پانزە کادیر لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد. (مام جەلال) بە وتارێکی گرنگ لەبارەی دەوری کادیر لە ڕێکخستن و شۆڕشەکاندا دەورەکەی کردەوە. شیاوی باسە (هێرۆخان و نەرمین عوسمان)یش لە کادیرەکانی دەورەکە بوون. ئەو خوشکە (هێرۆ) جیا لەوەی وەکوو هەموو کادیرەکانی دی ڕۆژانە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ئامادە دەبوو. ڕۆژانە بە جلێکی خاکی لەگەڵ خۆشی دەرزی و دەزووی دەهێنا، هەر پێشمەرگەیێک جلەکانی بدڕایە هەر لە دەورەکە بۆی دەدورینەوە.

کاک (نەوشێروان) چەندین موحازەڕەی تێدا گوتەوە، ڕۆژێکیان نۆرەی دەرسی ئەو بوو. کەچی لە وادەی خۆی دواکەوتبوو ئەوانیش کادیرێکیان بەدوایدا ناردە بارەگاکەی کە تەنیا پێنج خولەکێک لە دەورەکە دوور بوو تاکوو بزانن بۆچی دوا کەوتووە. کەچی لەوێ بە پێشمەرگەکەیان گوتبوو، ماوەی نیو سەعات زیاترە بەرەو دەورەی کادیران هاتووە. کاتێ ئەوان بە ڕێگاکەدا چوون سەیریان کرد لە دیوی تاشە بەردێک ئەودیوی یاڵەکە لەبەر تیشکی هەتاوی بەهارە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیێک لە گفتوگۆدایە

پیاوێکی سیاسی عەرەبی عێراقی بەناوی (جبار) کە بە (حازم الکبیسی) ناسرابوو، یەکێک لە سەرکردە ناسراوەکانی حیزبی بەعسی عێراقی سەر بە بەعسی سوریا بوو. ڕژێمی (سەدام) دوو برای لە سێدارە دابوو. ئەو لە شام دەژیا. بەڵام جارجارە سەردانی بارەگای حزبەکەیانی دەکرد لە (ناوزەنگ) شیاوی باسە ئەو ساڵانە ئەو دۆڵە ببوو بە پەناگە و حەوانەوەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان. بارەگای چەندین حزبی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و ئێران، کورد و عەرەب و تورکمان و ئێرانی بەهەموو پێکهاتەکانیانەوە لە دۆڵی (ناوزەنگ) بوون. بۆیە ناویان نابوو (دۆڵی حزبەکان). (حازم) چەند جارێک سەردانی دەورەی کادیرانی کرد و چەند (موحازەرە)ییێکی گوتەوە. یەکێ لەو قسانەی کە کردی (کورد مافی چارەی خۆنووسینی خۆی هەیە) (ئەگەر توانیمان سەدام حوسێن بڕوخێنین. لەشکری عەرەب دەهێنین بۆ پشتیوانی کورد و ڕزگاری هەموو بەشەکانی دیی کوردستان). ئێمە ئەوسا بیروباوەڕمان وابوو کە (مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە) واتا کێشەی هەموو پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە بەستراوە و هەر بەیەکیشەوە چارەسەر دەکرێت. بۆیە بەو قسانەی (حازم) دڵخۆش بووین و بە سادەیی خۆمان بڕوامان کرد. هەموو کادیرەکان دەستیان بە چەپڵەڕێزان کرد. بەڵام چەندین

> **“(مام جەلال) خۆی بەلای کۆمەڵەدا ساغ کردبووەوە. ساغ کردنەوەی ئەویش هێزێکی مەعنوی گەورەی بە کۆمەڵە بەخشیبوو”**

ساڵ دواتر، دوای داگیرکردنی کوێت، بەرەبەری هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر بەغداو ڕووخانی (سەدام) (حازم) و بەشێک لە حزبەکەی بە بیانووی پاراستنی نەتەوەی عەرەب و نیشتمان لەبەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا دەستی دۆستایەتیان بۆ (سەدام حوسێن) درێژکرد و لەگەڵی ئاشت بوونەوە. بەو کارەیان ناپاکیان لە کورد و تەنانەت عەرەب و براکانی خۆشیان کرد. ئیتر (حازم) و ئەو بەشە حزبەی بەعس کە دۆستایەتی (سەدام)یان کرد لە سوریا دەرکران و گەڕانەوە عێراق چارەنووسیان وەکوو ڕژێمەکەی (سەدام) مردن و کۆتایی هێنان بوو.

ئێستا کاتێ کادیرەکان بیر لەو ڕۆژانە دەکەنەوە دەزانن زۆر سادە و خۆش باوەڕ و کەم مەعلومات بوون. چونکە حزبی بەعسی سوریا. لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراق دوو دیوی یەک دراوبوون. هەر یەکەیان بە شێوە و تایبەتمەندی خۆیەوە. ئەگەرچی حزبی بەعسی عێراق دانی بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا نابوو، بەڵام لەژێر ئەو ناوەدا هەموو ڕێگاییکی گرتبووە بەر بۆ ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بە عەرەب و بە بەعسی کردن و دژایەتی کوردستان. بەعسی سوریاش نەک هەر دانی بە مافەکانی گەلی کوردی سوریادا نەدەهێنا بگرە پێناسەشی پێ ڕەوا نەدەبینین. تەنانەت زمانی دایکیشیان لە خوێندن قەدەغەبوو. ڕۆژانەش وەکوو بەعسی عێراق سیاسەتی بە عەرەب کردنی بەرامبەریان پیادە دەکرد. ئەگەرچی لە عێراق و سەردەمی ڕژێمی سەدام ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی هەبوو. چەندین چاپخانە، کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاریان بە زمانی کوردی چاپ دەکرد، ئەوا لە سوریا ئەو چالاکیانەش قەدەغە بوون. حزبەکەی (حازم)یش بەشێک بوون لە حیزبی بەعسی سوریا.

دوای پانزە بیست ڕۆژێک لە خوێندنی دەورەی کادیران، ڕۆژێک سکرتاریەتی (مام جەلال) بە تەلەفۆن ئاگاداریان کردەوە کە (مام) دەیەوێ چاوی پێی بکەوێت. (ئەو)یش پاش نوێژی عەسرێک وردە وردە لە بارەگای دەورەی کادیرانەوە بەرەو سکرتاریەتی (مام) شۆڕبۆوە (مام) جلێکی پێشمەرگانەی خاکی لەبەردابوو، دەمانچەیەکی سمیسی لەکەمەر بوو، لەپشتی مێزێک لەسەر ڕایەخێک دانیشتبوو، لەولاشەوە (هێرۆخان) چوارچمکی دانیشتبوو، خەریکی جگەرە کێشان و جارجارەش فڕێکی لە قاوەکەی پێشی دەدا. زۆپاییکی داریش لە کونجەکەی ئەو سەری ژوورەکە بۆ خۆی ورد ورد دەسوتاو ماڵەکەی گەرم دەکردەوە (مام) هەموو گیانی ورە و چالاکی و بزێوی بوو، سیما و کاریزماکەی کادیر و پێشمەرگە و مرۆڤەکانی سەرسام دەکرد. بەگەرمی پێشوازی لێکرد. دوای هەندێ باسی دەورەکە و ڕێنمایی: دوای پشوویێکی کورت و قاوە خواردنەوەیەک، پێیگوت: ئەم نامەیە بۆ کاک (سەلاحی موهتەدی) لە شاری (بۆکان) ببە. بەڵکوو لەوێ کلاشنکۆفێکت بۆ پەیدا بکات. بەڵام بەهۆی دەورەکەوە دەبێ زوو بگەڕێیتەوە و خۆت ماتەڵ مەکە. گوژمە پارەیەکیشی بۆ خەرجی ڕێگا پێدا. ئەوسا شۆڕش و پێشمەرگایەتی و چەک، خەون و خولیای سەرجەم کادیر و ئەندامەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) بوو. کێ بیری لە پارە و ڕەفاهیەتی ژیان دەکردەوە. کێ پارەی لە گیرفاندا هەبوو. ژیان بخۆو بڕۆ بوو. بۆ خەرجی پێداویستییەکانی سەفەری فەرمی و بارەگاکانی حزب و پێشمەرگایەتیش ئیدارەی (ی.ن.ک) لێی بەرپرسیار بوو.

(ئەو) ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بوو پێوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو بەڵام وەکوو دەیان کادیری دی چەکی نەبوو، چونکە ئەو ساڵانە چەک بە ئاسانی دەست شۆڕش نەدەکەوت. سەرچاوەی سەرەکی چەک بۆ پێشمەرگەکان، دەسکەوتی چالاکی بوو لە دژی هێزە چەکدارەکانی عێراق و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕژێم. یان یارمەتی هەندێ لە خەڵکانی دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەری کوردستان بوو بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە بۆ کرینی چەک. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش تا ئەو ساتەوەختە ڕێگری لە هێنانی چەک دەکرد لە دەرەوەی وڵات.

**ئەو دۆڵە ببوو بە پەناگە و حەوانەوەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان. بارەگای چەندین حزبی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و ئێران، کورد و عەرەب و تورکمان و ئێرانی بەهەموو پێکهاتەکانیانەوە لە دۆڵی (ناوزەنگ) بوون. بۆیە ناویان نابوو (دۆڵی حزبەکان)**

ئەگەرچی (ئەو) لە شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٤-١٩٧٥) لەگەڵ ژمارەیێک لە هاوڕێیانی گەشتێکی دووروودرێژی چەند ڕۆژەی بۆ کوردستانی ئێران کردبوو. شارەکانی ورمێ، سابڵاخ، سنە و کەرماشانی دیبوو. بەڵام تا ئەو ساتەوەختەی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە کردبوو سەردانی ئێرانی نەکردبوو، ناوی کاک (سەلاح)یشی نەبیستبوو. بەڵام بە هۆی تێکەڵاویان لەگەڵ کوردە چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی ئەو بنەماڵەیەی بیستبوو کە ماڵیان لە شاری بۆکانە، دەشیزانی زۆر دۆستی (مام جەلال)ن ئەوەشی دەزانی کە (عەبدوڵلا) ی برا بچووکیشی سکرتێری (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران) بوو. لەڕووی سیاسیشەوە (بۆکان) چەقی چالاکیەکانی حزب و گروپە چەپ و مارکسییەکان بوو. ئەو ساڵانە کۆمەڵەی ئێران دۆست و جێی چاوانی خەڵکە ڕەش و ڕووت و زەحمەتکێشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران ئەوە بوو. ئەوان ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ئێرانی بوون. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش کوردستانیی بوو. بۆیە هەمیشە لە گفتوگۆدا بوون. بەڵام بە حوکمی چەپ و مارکسی بوونی هەردوو کۆمەڵە. کادیر و پێشمەرگەکانی هەردوو ڕێکخراو جۆرێک لە پەیوەندی فیکریی و دۆستایەتی گەورەیان لەنێواندا هەبوو. سەرکردەکانی هەردوولاش زوو زوو سەردانی یەکدییان دەکرد و یارمەتی یەکدییان دەدا. شیاوی باسە (د.جەعفەری شەفیعی) و (مامۆستا برایمی وەتەن دۆست) کە لە سەرکردەکانی ئەوسای کۆمەڵە بوون، لە سەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی کوردستانی باشوور بە سەرۆکایەتی (ی.ن.ک) بە مەبەستی پشتیوانی و هاوکاری، بە گوژمەیێکی باش لە پوڵ پەیوەندییان بە سەرکردایەتی (ی.ن.ک)ەوە کردبوو، ماوەی چەندین ساڵیش وەکوو میوان لە چیای (قەندیل) لەگەڵ سەرکردەکانی (ی.ن.ک) ژیانیان بەسەر بردبوو.

شیاوی باسە دوای ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران و کۆنترۆڵکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن هێزە چەکدارەکەی حزب و گروپە سیاسییەکان. (ی.ن.ک) چەند دەستەیێکی پێشمەرگەی نارد بۆ هاوکاری و مەشق پێکردنی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران.


جەعفەر شێخ مستەفا، عوسمانی حاجی مەحموود، د. ئەرسەلان بایز

چەند ڕۆژێک پاشتر، لەگەڵ گزنگی هەتاوی بەیانیان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیێک. کە ئەوان دەگەڕانەوە (شارباژێڕ و هەورامان) بەرەو شاری سەردەشت بەڕێکەوت. هەتا گوندی (بێوران) پیادە بەیەکەوە ڕۆیشتن لەوێ هەریەکە و بەڕێگای خۆیدا سەفەری کرد. لەوێوە لەپشتی پیکابێک سواربوو تا شاری سەردەشت چونکە (ئەو) یەکەمین سەفەری بوو بۆ دیوی ئەو دیو، بۆیە لە (سەردەشت) بۆ چاوساغی و ڕێنمایی لای دایە مەکتەبی (ی.ن.ک). ئەوسا مامۆستا (موحسین عەلی ئەکبەر) بەڕەچەڵەک (خانەقین)ی نوێنەری (ی.ن.ک) بوو. بۆ یەکەمین جار یەکدییان ناسی. مامۆستا (موحسین) پیاوێکی سپیکەڵەی تەمەن سی ساڵە و هەندێ دم و چاوی پڕ بوو. کەسێکی بە شەخسیەت و گران و، خوێندەوار و ئەدەب دۆست و قسە خۆش بوو. هەر لەو یەکدی ناسینەیان نامیلکەیێکی

**سەرکردایەتی کۆمەڵە هەموویان گەنج بوون هەرە گەورەکانیان تەمەنیان لە سی و پێنج ساڵی تێپەڕی نەدەکرد**

(ماوتسی تۆنگ)ی نیشاندا کە وەریگێڕابووە سەر زمانی کوردی، ئەو شەوە تادرەنگان باسی ئەدەب و سیاسەتیان کرد، لەسەر ڕێنمایی ئەو بەیانی زوو بە پاسی ڕێگای (سابڵاخ) سەفەری کرد.

دیمەنی ڕێگای نێوان (سەردەشت و سابڵاخ) لە نێرینەی بەهاراندا، وەکوو دەڵێن بە هەشتێکی سەر زەمینەو خوا بە کوردەکانی بەخشیوە. جیا لەوەی هێشتا بەفر لوتکەی شاخەکانی بەرنەدا بوو، کلۆ بەفرەکانی قەد پاڵ و سەر ڕێگاکە لەبەر گەورەیی و هەیبەتی ئەو تیشکە زێرینانەی هەتاو بە ئەژنۆدا دەهاتن و دەتوانەوە. جۆگەلەی توانەوەی بەفرەکان لەگەڵ سەرەتاتکێی گوڵە مێلاقەو بەیبوون و گوڵە سوورەی نیسان دیمەنێکی دڵڕفێنی ئەوتۆیان لەلا دروست کردبوو کە دەیویست یەکەوسەر لە پاسەکە دابەزێ و (سۆفی)یانە بە عیشقی ئەو سروشتە جوانە، (دەف و عەسایێک) هەڵگرێ و هەموو ژیانی خۆی لەنێو ئەو لالەزار و دەنگی کەو و بولبول و خوڕەی قەڵبەزانە بەسەر ببات. ئاخر چ دیمەنێک لە سروشتی وەرزی بەهارانی ئەو ڕێگایە و بنار و نسێی زنجیرە شاخی (زمجیران) سەرنج ڕاکێش و دڵ ڕفێنتر نییە.

لەقەدپاڵی شاخەکە و لەسەر جادە سەرەکییەکە. گوندێکی سێ چوار ماڵی هەبوو، چایخانەیەکیش چەند مێز و کورسییێکی لەنێو بەرهەیوانە بە نایلۆن داپۆشراوەکە دانابوو. پاسەکە لەبەردەم چایخانەکە بۆ پشوودان و چا خواردنەوەیێک وەستا. هەموو سەرنشینەکان هاتنە خوارەوە. ئەو چووە سەر مێزێک و داوای چایێکی دیشلەمەی کرد. لە قەدپاڵی شاخەکە ڕانەمەڕێک لەنێو نیوە بەفری تواوە و لەسەر گەڵای دار بەڕووەکان دەلەوەڕان. لەسەر لوتکەی شاخەکانیش قاسپەی کەو و دەنگی نەرمی شنە باییک و خوڕەی قەڵبەزەکان لەگەڵ ئاوازی شمشاڵی دەنگی شوانەکە تێکەڵاوی یەکتر دەبوون. مرۆڤ حەیرانی ئەو دیمەنە دلڕفێن و ئاوازە هۆش مەست کەرانە دەبوو. دوای سێ سەعاتێک گەیشتن.

(سابڵاخ) مەیدانی چوار چرا. پایتەختی کۆماری مهاباد، هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر کۆمار، دواتر لە سێدارەدانی (پێشەوا قازی محەمەد) پشت لێکردنی ڕووس و سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردەکان و قەتل و عام و ئاوارەبوونی سەدان خێزان و پێشمەرگە، لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی کوردستانی باشوور دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق. هەموو ئەوانە وەکوو فیلمێکی تراژیدیا بە خانەکانی مێشکیدا گوزەریان دەکرد. بەڵام شارەکە پڕ جۆش و خرۆش و سیمای ڕەتکردنەوەی خۆ بەدەستەوەدانی پێوە دیار بوو.

دیاردەی شۆڕش و چەکداری لەو شارۆچکەیەدا بە ئاشکرا دیار بوو، دەیانگوت (سابڵاخ) ئێستە مەڵبەندی سەرەکی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. بەپێی سەرچاوەکانیش ئەو حزبە لە ڕۆژاوای کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوادارانی زۆرتری هەبوو لە کۆمەڵە. بە پێچەوانەوە دەیانگوت هەوادارانی کۆمەڵەش لە شارەکانی (سنەو سەقزو بۆکان) زیاترن. ئەوەی بە ووردی سەیری دید و ڕەفتاری هەردوو ڕێکخراوەکەی بکردایە، هەرزوو جۆرێک لە دڕدۆنگی و ململانێی ناشەرعی لە نێوانیاندا بەدی دەکرد. حزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی سەرکردەی هۆشیار و ڕووناکبیر دکتۆر (قاسملۆ) خۆی بە وەریسی کۆماری (مهاباد) دەزانی. مێژوویێکی زیاتر لە چل ساڵەی هەبوو. خاوەنی ڕێکخستنێکی دێرین و کادیری قاڵ بووە و بە تەمەن بوو. بۆیە نەیدەویست هیچ هاوبەشێکی بۆ دروست بێت. بەڵام کۆمەڵە کۆمەڵێ گەنجی هۆشیاری ڕووناکبیری خوێن گەرم سەرکردایەتیان دەکرد، مێژووەکەی لە مێژووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی باشوور نزیک بوو.

جیا لەو دیمەنە سیاسیانەی سەرەوە، قەدوبالا و لارولەنجەی کچە شۆخ و شەنگە پشتێن لە کەمەرەکانی شاری (سابڵاخ) دەنگە تۆمارکراوەکانی (محەمەدی مامڵێ) دیمەنێکی دیی ڕۆمانسی ئەو شارە جوانە بوو.

# وێستگەی دیوان

- **(۱) پرسیار**

- **قسەکانی پشتی کامێرا .. مەرگوژین میسلی سێبەر و تاوە ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە**

سالار کۆشار

- **خەونی ڕەنگاوڕەنگ**

ڕەسوڵ بەختیار

- **وەسیەتنامەی کوردستانییەک بۆ منداڵ و نەوەکانی**

تاریق جامباز

- **هەرەسەکەی من**

حەمەڕەشید هەرەس




# چۆن دڵنیابین دەستکاری بەرگی شەشەم و حەوتەمی (ڕۆژگاری من) نەکراون؟

یادداشتەکانی (مارف خەزنەدار) بە ناوونیشانی (ڕۆژگاری من) لەسەر بنەمای باسکردنی ڕاستییە مێژووییەکان، بە هەناسەیێکی ئەدەبیانە نووسراوەتەوە، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێک لە یادداشتە هەرە بەرچاوەکانی کەسایەتییە کوردەکان. دەکرێ ئەم یادداشتانە بە سەرچاوەیێکی گرنگ دابنێین بۆ وردبوونەوە لەمێژووی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، بگرە تا ڕادەیێک سیاسیش لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

(مارف خەزنەدار) هەمیشە هەوڵیداوە نووسین و دەستنووسەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی چاپ بکات. لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا دوو پڕۆژەی گرنگی تەمەنی بەچاپ گەیاند (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (ڕۆژگاری من) ئەگەرچی مەرگ مەودای نەدا بەرگی شەشەم و حەوتەم لە یادداشتەکانی بەر لە مەرگی چاپ بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کەسێک بوو پەلەی نەبوو لە چاپکردنی کتێب، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە بە شێوەی زنجیرە بوون، وەکوو (ڕۆژگای من) پێی باش بوو مەودایێک لەنێوان چاپکردنی بەرگەکان هەبێت بۆئەوەی خوێنەر دەرفەتی پێ بدرێت بەرگە چاپ کراوەکان بخوێنێتەوە و تا ڕادەیێک حەزێکی چاوەڕوانی لای دروست ببێت بۆ بەرگەکانی دیکە. بۆیە دوای کۆچی دوایی دەستنووسی هەردوو




بەرگەکەمان بە چاپ گەیاند لەسەرهەمان ئەو شێوازەی کە بەرگەکانی دی پێ چاپ کرابوو.

(مارف خەزنەدار) جگە لەوەی دەسخەتێکی ڕوون و دیاری هەبوو، هەروەها زۆریش بایەخی بە لایەنی ڕێنووس و خاڵبەندیش دەدا. بۆیە ئەو کەسەی دەستنووسەکانی ئەوی چاپ دەکرد هەرگێز هەستی بە ناڕوونی نەدەکرد. لە چاپکردنی ئەم دوو بەرگەدا، تا ڕادەیێک ترسێکمان هەبوو لە هەڵبژاردنی ئەو وێنانەی کە لەم دوو بەرگەدا چاپ دەکرێن، بەڵام ئەو ترسەشمان نەما، کاتێک بینیمان، وێنەکانی هەر بەرگێکی بەجیا لەناو زەرفێک داناوە و تەنانەت لەپشت وێنەکانیێش ئەو دەربڕینانەی نووسیبوو کە لەژێر وێنەکان چاپ بکرێن.

هەروەها پاراستنی ئەمانەتی فیکری و زانستی بابەتێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی کە دەستنووسی کەسێکی کۆچکردوو چاپ دەکرێت، بۆیە ئێمە بەوپەڕی ئەمانەتەوە دەستنووسەکانمان چاپ کرد

> زۆرجار پرسیارمان لێ دەکرێت. کتێبی (ڕۆژگاری من) بەرگی دیکەی ماوە چاپ بکرێت؟ لە وەڵامدا ڕایدەگەیەنین، تەنیا ئەم حەوت بەرگەیە کە چاپ کراوە



بەبێ هیچ دەسکاری کردنێک. تەنانەت چەند جارێکیش پێداچوونەوەمان بۆ چاپەکە کرد بۆ ئەوەی دووربێت لە هەڵەی چاپ. چونکە بیرمە ئەو هەمیشە خۆی هەڵەچنی بۆ کتێبەکانی دەکرد.

لە سەرتاسەری بەرگەکانی کتێبی (ڕۆژگـــاری مـن) بە شێوەیێکی بابەتیانە باسی لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان کردووە. ئەو سوور بووە لەسەر ئەوەی باس لەو ڕووداوانە بکات کە خۆی کەسی یەکەم بووە تیاندا، بێگومان ئەمەش متمانە دەبەخشێتە ئەم کتێبە و دەکرێ وەکوو سەرچاوەیێکی پڕ بایەخ سوودی لێوەربگیرێ. وەکوو ڕۆشنبیرێک کە پتر لە پەنجاساڵی تەمەنی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی لە کوردستان و عێراق و وڵاتانی دی بەسەربردووە، هەردەم قسەی خۆی هەبووە لەسەر ڕووداو و بەسەرهاتەکان. گەلێک جار پێشبینیەکانی ڕاست دەردەچـــوون، لێرەدا گەلێک لە هاوڕێیان و ئەدیبان و ڕۆشنبیران کە هاتوچۆی (مارف خەزنەدار) یان دەکرد هەمیشە باس لەم لایەنەی دەکەن. هەموو کاتێک ڕاوسەرنجی خۆی ڕاشکاوانە دەخستەڕوو.

ڕەخنەی بابەتیانەی هەبوو بۆ بەسەرهات و ڕووداو و بگرە کەسایەتیەکانیش، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی ڕەنجاندنی کەسی بەرامبەر. هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە (مارف خەزنەدار) باسی کردوون، یان هاوڕێی تەمەن بوون، یان لانی کەم جارێک چاوی پێ کەوتوون. ئەوانەی نزیک بوون لێی هەردەم ڕەخنە و بۆچوونەکانی ئەویان لا گرنگ بوو، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕەخنانە ئاراستەی خودی کەسایەتیەکانیش کرابێ. ڕاستەوخۆ هیچ گلەییێک لەمن نەکراوە، بەڵام ئەگەر لێرە و لەوێ هەندێ قسەم بەرگوێ کەوتبێ کە هەندێک لەو کەسانە گلەییان هەبووە لە ڕاوبۆچوونەکانی (مارف خەزنەدار) سەبارەت بەم کەسانە، ئەوا بێگومان (مارف خەزنەدار) سەرنجی خۆی وەکوو نووسەرێک و ڕۆشنبیرێک خستۆتەڕوو، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی بریندارکردنی هیچ کەسێک. ئێمە ئەم دوو بەرگەی دوایی یادداشتنامەکەیمان وەکوو خۆی بێ دەستکاری چاپ کردووە وەکوو ئەمانەتێکی مێژوویی و زانستی و ئەخلاقی. زۆرجار پرسیارەمان لێ دەکرێت، کتێبی (ڕۆژگاری من) بەرگی دیکەی ماوە چاپ بکرێت؟ لە وەڵامدا ڕایدەگەیەنین، تەنیا ئەم حەوت بەرگەیە کە چاپ کراوە.



## قسەکانی پشتی کامێرا

# مەرگوێزن میسلی سیێەر و تاوە ئەوی باقی بمیێنێ هەر ناوە

سالار گۆشار

مامۆستا (وشیار سەید ئەحمەد) ناوێکی گەورە و مێژوویێکی پڕشنگدارە لە مێژووی هونەری کوردی. ساڵی ٢٠١٠ میوانداریم کرد، بۆ بەرنامەی (دوێنێ و ئەمڕۆ) لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر.

لەپشتی کامێرا یادگاریەکی خۆی بۆگێڕامەوە کە پێی باش نەبوو لەپێش کامێرا بیگێڕێتەوە، بەڵام وە ئەم کۆچەی من لێرە دەیگێڕمەوە تا نەوی ئێستا بزانن شانۆی کوردی چۆن کراوە.

وەکوو خۆی لەدەمی مامۆستای کۆچکردوو:

ئێمەکۆمەڵێک شانۆکاربووین بەحەز و عیشقەوە هاتبووینە ناو هونەری شانۆ، شانۆمان وەکوو سەنگەرێکی بەرگری کوردایەتی و زمان و جلوبەرگ و کلتوور لە هەناوماندا بوو ،هەموو شتێک خۆمان دەمانکرد دیکۆر، کورسی هێنان بەشانی خۆمان بۆ گۆڕەپانی تۆپانێ. شانۆییەکمان بەدەستەوەبوو هێشتا پێشکەشمان نەکردبوو، لەگیرفانی خۆمان مەسرەفمان دەکرد پاش پێشکەشکردنی شانۆییەکە ئەگەر لەڕێگای بلیت فرۆشتن پارەکەمان بۆ گەڕاباوە.

ئێوارەیێک زۆرماندی بووم گەڕامەوەماڵەوە تەماشام کرد خێزانەکەم عێدزە گوتم: هیچ بووە؟ گوتی: خاوەن خانی هاتییە لۆ کرێی خانی، ڕوونیشمان نەمایە، بڕەک دامام ئەمنیش ئەوە دوو مانگە خەریکی ڕێکخستنی دیکۆر و ئەوشتانەم هیچیشمان نییە، هەرچی پولوپارە هەیە بەخۆم و شانۆکارانی هاوڕێم لەو شانۆییەمان سەرفکردیە، سەرەکم هێنا و برد بەخێزانەکەم گۆت: بڕۆ لای حاجی جیرانمان پێی برێ ١٠ دینارمان بەقەرز بداتێ، هەتا ئەو شانۆییە پێشکەش دەکەین دوایە دەیدەمەوە. وەڵا خێزانەکەم چوو بڕەکی پێچوو هاتەوە تەماشامکرد دەگرێێ گۆتم: لۆدەگری بەگریانەوە گۆتی: حاجی دەڵێ: کو وشیار لەسەر مەسڕەحی ڕاقیسەی دەکا، باهەرئاوهاش بەڕاقیسەی قەرزی کرێ خانی بداتەوە. زۆر پێ تێکچوم ئەوەندە دڵم توند بوو هیچ جێم بەخۆم نەدەگرت زۆر بە بێزاری چووم لەپێش دووکانەکەی مام پۆڵس دانیشتم، دووکانەکەی وەکالەی مەشروب بوو مەشروبی دەفرۆشت، مەسیحی بوو، نەچوومە ژۆرێ زۆر عێدز بووم، هەندەکی پێچوو مام پۆڵس هاتەکنم گۆتی: وشیار ئەوە لۆ وا عێدزی؟ گۆتم: هەرمەپرسە مام پۆڵس، گۆتی: دەبرێ بزانم چییە، ئەمنیش هەموو مەسەلەکەم لۆ گێڕاوە مەسڕەح و کرێی خانی، بیل موناسەبە ڕوونیشمان نەمایە دەستی لەگیرفانی ڕاکرد دزدانەکی گەورەی دەرینا لێکی کردەوە هەمووی دەباوی و پێنج دینارە گەورەکان بوو، ئەوی پێیان دەگۆت بەتانی.

گۆتی: هەڵگرە چەندت دەوێ هەڵگرە، گۆتم: نا مام پۆڵس چەند ڕۆژەکی دیکە مەسڕەحییەکەی پێشکەش دەکەین پێکەنی گۆتی: باشە وەکی مەسڕەحیەکەتان پێشکەشکرد بمدەوە، ئەتو ئێستا لەماڵێ ڕوونت نییە، کرێت نییە. دەستم برد دەباویە گەورەکانم هەڵگرت.

گۆتی: چەندی دەتەوێ هەڵگرە گۆتم: نا مام پۆڵس ئەوەم لەبیرناچی ئێمە ئەوکات ئەوهابووین، ئەوها مەسڕەحمان دەکرد، ئەوە گێڕانەوەی مامۆستای کۆچکردو وشیار سەید ئەحمەد بوو.

ڕۆحت شادبێ مامۆستا.



نووسەر لەگەڵ وشیار سەید ئەحمەد

# خەونی ڕەنگاو ڕەنگ



ڕەسوڵ بەختیار

خەونە ڕەنگاوڕەنگەکان هەردەم لەگەڵماندا دەژین، بەڵام کاتێک وریا دەبییەوە، تەنیا خەونێکە لەڕەش و سپیش ناچێ، هەموو خەون بەوەوە دەبینین، ببین بەبەشێک لەو سەرمایەدارە زلانەی ڕۆژانە لەنێو شاردا دەیانبینین، ئێرەیی و ماستاوکردن و بەپیاو زانینی کەسی سەرمایەدار لەڕادە چووەتەدەر.

بەچاوێکی پڕ لە داخوازی سەیری باڵەخانە بەرزەکەی بەرانبەری دەکرد، وەک ئەوەی خۆی خاوەن هەمان ئەو باڵەخانەیە بێ، خەونی بەوەوە دەدی، هەردەم هاوڕێیەکانی داوەت بکات، تا لەنێو ئەو باڵەخانەیەدا چەند ساتێک بەخۆشی یەکتری ببینن، نەک هەر ئەمە بیری لەوە دەکردەوە، چۆن بتوانێ ئەو کچانەی بۆ ساتێک دەیەوێ سلاویان لێبکات، لەگەڵیدا بێن بۆ ناو باڵەخانەکە، لەوێدا وشە بەسۆز و بریسکەدارەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. لەو بیرکردنەوە و خەیاڵانەدا بوو، هاوڕێیەکی بانگی کرد:

حەمە بۆ وا نغرۆی نێو بیر و خەیاڵ بووی؟ چی بووە، خۆ گرفتێکی گەورە ڕووی نەداوە؟ وەرە بۆم باس بکە، بزانم چی بووە، بیر لەچی لەچی دەکەیتەوە؟ ئەوەندە لەشتەکان ڕامەمێنە، دوایی شێت دەبیت.

حەمە: ڕاست دەکەی لێناگەڕێن هیچ کاتێک خەونێکی ڕەنگاوڕەنگیش ببینین، یەکسەر بەئاگامان دەهێننەوە، تا پێمان بڵێن ئێوە تەنیا دەبێ لەنێو خەونی ڕەش و سپیدا بن.

ئەو ئافرەتەی دوای شەڕ بووە پەناهەندە لە شارەکەمان، لەسەرەتادا بینیم نەیدەویست وەک ئافرەتانی دیکە دەست بەسواڵ بکات، منداڵەکانیشی فێری هەمان پیشە بکات، ماوەیەک چاوی بەهەموو لایەکدا دەگێڕا، وەک ئەوەی دەیەوێ خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی لەنێوەندی ئەم شارەدا بونیاد بنێ، ئەو لەنزیکەوە لەگەڵ پەککەوتەکانی شەقام زۆرجار ڕادەوەستا قسەی خۆشی لەتەکدا دەکردن، زۆرجارانیش هاوکاری دەکردن و لەشەقامەکاندا گالیسکەی بۆ پاڵ دەدان.

ماوەیێک بەوشێوەیەم بینی، دواتر بۆماوەی چەند ڕۆژێک لەچاوان ونبوو، دوای گەڕانەوەی بۆ سەر شەقامەکانی شار، بینیم وەک کورە بەنگلادیشییەکان، ترمزە چایێکی پێبوو لەگەڵ چەندین پیاڵەی سەفەری، لەگەڵ ترمزێکی پڕ لە ئاوی گەرم، ئێستا ئەو لەجیاتی ئەوەی سواڵ بکات یاخود کاری نەشیاو بکات، لەنێو شارەدا بەخەڵک دەڵێت: چا، قاوە، نیسکافە هەیە، هەرزانە، بیخۆرەوە.

زۆرجاریش سەیری پاکەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەکرد، وەک ئەوەی دەیەوێ لەڕێگەی ئەو کاغەزە ڕەنگاوڕەنگانەوە، خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی بهێنێتە دی.

ئێستا ئەو لەلای ڕێبوارانەدا خۆشەویستە زۆرێک لەلای ئەو بەدەم ڕێگەوە چای لێدەکڕن، چەند قسەیێکی خۆشیش بەگوێی ڕێبوارانەدا دەچرپێنێ، هەریەک لەلای خۆیەوە پێدەکەنێ، ئەمەش وایکردووە ئەو ئافرەتە زیاتر خۆشەویست بێ.

چ حەمە، یان ئەو ئافرەتە پەناهەندەیە، ئێستا لەوە گەیشتوون خەونی ڕەنگاوڕەنگ لەڕەش و سپییەوە دەستپێدەکات، وەکوو ئەو عەرەبانچییەی لەشەقامی ئیسکان خواردنی دانابوو، کەچی ئێستا خاوەنی چەندین ڕیستۆرانتە و دەیان شاگردیشی هەیە.

وەسیەتنامەی کوردستانییەک بۆ منداڵ و نەوەکانی

# بۆ ئەوەی هەمیشە نەتەوەکەیان لەهزر و بیریاندا بێت

زۆرکەس ڕۆڵ و جێپەنجەیان لە وڵاتپارێزیدا هەبووە، بەڵام نەمزانیوە، وەسیەتنامەکانیان لایەنی وڵاتپارێزی هزر و بیر بگرێتەوە، نەوەک سامانی (گوازراوە و نەگوازراوە) بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانیان لەدوای ئەوەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن چ بکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ بەرهەمە چاپکراو و دەستنووسەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام ناسنامە (بوون)ی نەتەوەکەیان بەشێکی دانەبڕاو بێ لە گیان و ژیانیاندا.

ئەم وەسیەتنامەیەم بۆ هەرچوار جگەر گۆشەکانم (ژوان-کارزان-سەران-کاروان) و منداڵەکانیان (نەوەکانم و نەوەی نەوەکانیشم) نووسیوەتەوە.

گەر باوکتان و باوانتان خۆش دەوێ بۆ ئەوەی گیانم حەساوە بێت، کاتێ ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ژیان دەکەم و بەئەرکی وڵاتپارێزانەی بزانن، ئەوا دەبێ و پێویستە لەسەرتان ئەم خاڵانە لەبیر نەکەن بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیتان پارێزراو بێت:

یەکەم: ئێمە کوردین و وڵاتمان کوردستانە.

دووەم: لەهەر کات و شوێنێکدا بن لە کوردستان، یان دەرەوەی کوردستانیش بن، ئەرکی نەتەوایەتیتان ئەوەیە کە لەگەڵ منداڵەکانتان بەزمانی کوردی قسە بکەن و دەبێ زمانی کوردییان بەنووسین و خوێندنەوە بزانن تاکو گیانی ناسنامەی نەتەوەییمان چەسپاو بێت، دەبێ ناوی کوردیشیان لێ بنێن. هەمووتان لە ماڵەوە نەخشە و ئاڵای کوردستان لەشوێنێکی بەرز و بەرچاو هەڵبواسن، یان دابنێن.

سێیەم: ئەو کچەی بۆ کوڕتان دەهێنن، یان کچتان بەمێرد دەدەن، بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی، دەبێ هاوسەرەکانیان کورد بن و لەخێزانی وڵاتپارێزی کوردستانی بن (بووک و زاوا) شەوی خوازبێنی و گواستنەوە جلوبەرگی کوردی بپۆشن و بەگۆرانی کوردی دەست پێبکات و بەدەهۆڵ و زوڕنا کۆتایی بێت.

چوارەم: لە جەژنی نەورۆز (نەورۆزانە) بدەنە منداڵەکان و نەوەکانتان و لەم ڕۆژەدا لەهەر شوێنێکی سەر گۆی زەوی بن (جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن) کوڕەکان ئاڵا و نەخشەی کوردستان بە بەرۆکیانەوە بکەن و کچ و بووکەکانیشتان ملوانکەی (ئاڵا و نەخشەی کوردستان) لەگەردەن بکەن.

پێنجەم: هەرکەسێ حەز دەکات لەهەموو کەس مەزن و بەرزتر بێ، بەڵام (دایک و باوک) لەکانگای ناخیانەوە حەز دەکەن منداڵەکانیان پلەو پایەیان بەرز و مەزنتر و لە چڵە پۆپەدابن، بۆیە داواتان لێ دەکەم لەبەرئەوەی خوێندن سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نییە، بۆیە پێویستە بڕوانامەکانتان پەیوەندی بەگۆڕانکارییەکانی ژیانەوە هەبێ تاکو شوێنی شیاوتان بەر بکەوێ.

شەشەم: یەکترتان هێندە خۆش بووێت، نەک تەنیا هەواڵی یەکتر بپرسن، بەڵکو چەندی دەتوانن هاموشۆی یەکتر بکەن و چاوتان لەیەکتر بێ و کێشەکانتان (گەر هەبوو) لەنێو خۆتان چارەسەر بکەن، هەرچەندە تەبا و کۆک و ڕێز لەیەکتر بگرن، ئەوا پتر گیانم حەساوەتر دەبێ، بەم جۆرەش ژیانتان ئاسوودە و هێمن دەبێ، دەرئەنجام بەخۆشی و شادی و کامەرانی ژیان بەسەر دەبەن. ئەوەی هەیەتم هی هەمووتانە و گەر یەکتان پێویستی هەبوو کۆمەک و یارمەتی بکەن، بێ ئەوەی کەس بزانێ.

حەوتەم: دوای ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکیتان لێ دەکەم، نەکەن بگرین و لەخۆتان بدەن، چونکە ئەمە ڕێی هەموومانە، کە بۆ ناشتنم دەبەن پڕ بەهزر و بیر حەز دەکەم (ئاڵای کوردستان

**❝ دوای ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکیتان لێ دەکەم، نەکەن بگرین و لەخۆتان بدەن، چونکە ئەمە ڕێی هەمووماڵە، کە بۆ ناشتنم دەبەن پڕ بەهزر و بیر حەز دەکەم (ئاڵای کوردستان لە تەرمم بپێچنەوە) و تەلقینم بەزمانی کوردی بدرێ و خێرم لەنەورۆزدا (نەورۆزانەم) بۆ بکەن ❞**

لە تەرمم بپێچنەوە) و تەلقینم بەزمانی کوردی بدرێ و خێرم لەنەورۆزدا (نەورۆزانەم) بۆ بکەن و هەرکاتێ توانیتان بێنە سەر گۆڕم بەجلوبەرگی کوردی وەرن و ئەو وەسیەتنامەیە لەگەڵ چەند وێستگەیەک لەژیانم چاپ و بڵاوبکرێتەوە. بۆیە دوای مەرگم قبوڵم نییە ( چلەو ساڵڕۆژم) بۆ ئەنجام بدرێ.

**ئەو ڕۆژەی کوردستان سەربەخۆ دەبێ (هەر ئەو ڕۆژە وەرنە سەرگۆڕم)**

هەشتەم: دەستنووسەکانیشم و ئەو دەستنووسانەی هەڵمگرتوون و ئەو بەڵگەنامە (دۆکیومێنتانە)ی پاراستوومن مەیدەنە کەس خۆتان چاپی بکەن، یان سەرپەرشتی چاپکردنی بکەن، دەنا ئەوانەی (کەس و لایەن داوای چاپکردنی دەکەن دەبێ ڕێککەوتنی قانوونییان لەگەڵ مۆر بکەن) گەربێت و خەڵک داوایان بکات، ئێوە پێشتر چەند دانەیەکی کۆپی بکەن و ئەوانەی بۆ سەرچاوە داوایان دەکەن (تەنیاوتەنیا) کۆپیکراوەکانیان بدەنێ و گەر لە تواناتاندابێ، سەرجەم چاپکراوەکانم سەرلەنوێ چاپ بکەنەوە، تاکو نەوەکانی داهاتوو بزانن چیم کردووە، چاپکراوەکانی نێو کتێبخانەکەم کە لەدوو ژووری گەورە دانراون دوای ماڵئاوایی یەکجارەکی جگە لەوانەی پێشتر ئاماژەم پێکردوون، بەدیاری بیدەنە ئەو شوێنانەی کە پێویستە بیاندرێتێ، بەمەرجی پێشوەخت، کە دەبێ لەسەر تابلۆیەک ناوی (طارق جامباز) بنووسرێ، دانەیەک لەناوی چاپکراوەکانیان بدرێتێ بۆ ئەوەی ئەوانەی دێنە لاتان داوای دەکەن یەکسەر ناوی شوێنەکەی بدەنێ کە لەوێ پارێزراوە. دەستنووس و ڕۆژژمێرەکانم و چەند وێستگەیەک لەژیانمدا لەنێو جانتایەکی گەورە دانراوە سکانەریان بکەن.

نۆیەم: ئەو ڕۆژەی کوردستان سەربەخۆ دەبێ (هەر ئەو ڕۆژە وەرنە سەرگۆڕم).

دەیەم: هەموو وێنەکانم چوار دانە سکانەر بکەن و لاتان بێ و لەسەر (CD) یان (DVD) دابنێن و ئەوەی داوای کرد تەنیا وێنەکە یان وێنەکان بە ئیمێڵ بۆی بنێرن، یان لەسەر فلاش میمۆری بۆی تۆمار بکەن و نەکەن بەهیچ جۆرێک دانەی (ئەصلی) بدەنە کەس، چونکە(CD) و (DVD) فلاش میمۆری (ڤایرۆس)ی لێدەدا، یان ماوەیەکی بەسەردا بچێ ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت.


یازدەم: دوای ناشتنم ئاڵایەکی کوردستان لەسەر کێلی گۆڕم چەسپ بکەن و لە تەنیشت دایکم بمنێژن.

ئیتر هەر بەخۆشی بژین.

**تاریق محەمەد سەعید جامباز**


**لەنەورۆزی ٢٧١٣ کوردی تاوەکو ٢٧٢٢ نووسراوەتەوە**

**باشووری کوردستان- هەولێر/ گەڕەکی ئازادی**





# هەرەسەکەی من



هەرەسەکەی من

ئەو هەرەسە نازناوی
شیعرەکانم بوو
شاعیری گەورە شێخ ئەنوەر
پێی بەخشیم.
هەرەس ئەو دیمەنەیە
کاتێک بەفری کوێستانەکان
دێنە خوارەوە (ڕنو) شی
پێ دەڵێن. مانایەکی
تریشی هەیە کە ئەویش
ڕووخاندنە، بەڵام من
هەرگیز ناڕووخێم.

حەمە ڕەشید هەرەس


ئەو هەرەسە
نازناوی
شیعرەکانم بوو،
شاعیری گەورە
شێخ ئەنوەر پێی
بەخشیم.
هەرەس ئەو
دیمەنەیە،
کاتێک بەفری
کوێستانەکان
دێنە خوارەوە(ڕنو)
شی پێ دەڵێن.
مانایەکی تریش
هەیە کە ئەویش
ڕووخاندنە،
بەڵام من هەرگیز
ناڕووخێم
حەمە ڕەشید
هەرەس

# باخچەی دیوان

## شەممە ٢٠٢٢/١/٨

کتێبی (سێیەم عیراق)
ساڵۆنی لاپەڕە نۆ بەمەبستی ناساندنی کتێبی (سێیەم عیراق) کۆڕێکی بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنووس (ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد) ساز کرد .






## شەممە ٢٠٢٢/٢/١٢

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، ساڵۆنی لاپەرە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن بە ئامادەبوونی ژمارەیێک نوسەر و رۆشنبیر، بەناوونیشانی (کورد لەنێوان رێنیسانس و ریفۆرم و مۆدێرنیزم) کۆرێکی بۆ نوسەر موحسین عوسمان ساز کرد.



## شەممە ٢٠٢٢/٢/١٩

لەدرێژەی چالاکیی هەفتانەیدا ساڵۆنی لاپەرە (٩) میوانداریی د.شوان ئادەم ئەیڤەس-ی سەرنووسەری گۆڤاری (دەرگاوان)ی کرد، بەبۆنەی دەرچوون و ناساندنی ژمارە (١) گۆڤارەکەیان، کە گۆڤارێکی وەرزی تایبەتمەندە بە پەروەردەی میدیاییە و لە سلێمانی دەردەچێت.






سۆشیال میدیای
تەلەفزیۆنی گەلی
کوردستان-هەولێر
مینبەرێک بۆ
هەواڵی خێرا و
زانیاری دروست.

GK
HAWLER HD

fk.com/GK-Hawler-HD

لێرەوە خێراتر بەرنامەو بەرهەمە جیاوازەکانی تەلەفزیۆن ببینن

# سلێمانی وەکو تابلۆیە

زوو زوو خۆم دەکەم بەشاردا، سلێمانی شارێکی پڕ وزە و مرۆڤی جوانە، تابلۆیەکە چەندی وردتر لێی بڕوانی، مانای تازەتر و جوانتری لێ دەخوێنییەوە. شاری تازە وەک کچ و کوڕی گەنج وایە، تەژی لەخوێن و قەشەنگی و ئینەرجییە، شارە کۆن و خودان شارستانییەتەکان، لەگەڵ هەبوونی هەندێ خاڵی ئەرێنی، بەڵام مرۆڤەکانی ناوی هاڕدراون، کوشراون، تامی مرۆڤبوون کەمتر دەدەن، چونکە لەبرست خراون، دەستەمۆ و بەکۆیلە کراون، جارێک نێر بەزەبروزەنگ مێینەی (مێ!) کردووە، جارێکی دیکە، سیستەم و دەسەڵات، بۆ مانەوە و قایمکردنی خۆی، نێرەکانی بە (مێ!) کردۆتەوە!

ئەگەر سەیرێکی ئەو شار و وڵات و نەتەوانە بکەین کە خودان شارستانییەتن، باشتر لەتابلۆکە دەگەین، ئێران و فارس، ڕۆم و یۆنانی و ئیتالی، فیرعەونی و میسرییەکان، نەوەک زمانە ناسک و پڕ ئاوازەکەیان، تەنانەت (پیاوەکان!)یشیان، جۆرێک لەمێ بوونی تێدایە!.

بەڵام ئەو شارانەی تازەن، هێشتا سرکن، جەربەزەن، خەڵکەکەی دەستەمۆ نەبوون و دوورن لەڕادەست بوون، من لەو گۆشەنیگایەوە سلێمانی دەبینم، بۆیە دڵم پێی خۆشە و تێڕوانینی تایبەت و جێگیری خۆم بۆی هەیە و بەهیچ شتەک لەق نابێ!.





مانگی ڕابردوو هێشتا بەفر لەکوچە و کۆڵانەکانی مابوو، کاتێ سەردانی شارم کرد. پێشنیوەڕۆیەک، بەنیازی چوونە فەرمانگەیەک، دوو تاکسیم، یەک لەدوای یەکتر ڕاگرت، یەکیان پێنج هەزار دیناری لێ وەرگرتم و ئەوەی دیکەش سێ هەزار، ئینجا نەشیانگەیاندمە فەرمانگەکە! ناچار بەپاسەک هاتمەوە لای سەهۆڵەکە و لەسەرما خۆم کوتایە قاوەخانەی (جەمال عیرفان) کاتەک ئەو هەموو کچ و کوڕەم لەوێ بینی، گارسۆنەکان کە بەجلی ڕەش خزمەتی ئەو خەڵکەی ئەوێیان دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە: ئێمەش لەهەولێر، پێویستمان بەشوێنەکە بەناوی قاوەخانەی (عەبدولخالیق مەعرووف).

دوای عەسر بەجادەی مەولەوی بەرەو مزگەوتی گەورە سەرکەوتم، دەمێک بوو کوڕێکی گەرمیانی، ناوونیشانی کتێبخانەکی پێدابووم کە هەرکات هاتمە شار، هەردوو کتێبی (ڕەمزی نافیع) و (خانی لەپ زێڕین)ی بۆ لەوێ دانێم. ئەو ئەرکەشم بەجێ گەیاند و بەهەمان ڕێگا بەرەو باخی شار هاتمەوە.

دنیا تا دەهات تاریکتر و ساردتر دەبوو، بایەکی دەهات پێستی سوور دەکردەوە. لەشەقامەکە پەڕیمەوە، عەرەبانەیەکی پاقلەفرۆشی وەستابوو، چوومە لای و داوای جێ پاقلەیەکی سوورەوە کراوم کرد، دوای قسەکردن و وردبوونەوە لێی، ئینجا زانیم عەرەبانچییەکە ژنە!.

لەسەرما وەها خۆی پێچابوو، بەشێکی کەمی ڕووخساری دیاربوو، لەتەنیشت خۆیەوە تەنەکەیەکی پڕ لەخەڵوزی گەشاندبۆوە و زوو زوو، دەستە تەزیوەکانی گەرم دەکردەوە. قاپە پاقلەکەی بۆ ئامادەکردم و منیش بەدەم خواردنی پاقلە، کەوتمە پرسیارکردن لێی:

ژنە گوتی: تەنها گورچیلەیەکم هەیە و دکتۆر پێی گوتووم نابێ سەرمام بێ، بەڵام بەو حاڵەوەش دایک و خوشک و برایەکم بەخێوکردنیان کەوتۆتە ئەستۆی من و پێویستە کاربکەم، هیچ نەبێ لەو چەند ڕۆژە کرێی خانووەکەمان تەواو بکەم!

لێمپرسی ئەوەندە پاقلەی ناو مەنجەڵەکە بایی چەندە؟ سەیرێکی کرد و گوتی: پانزە هەزار. گوتم: تەواو، من ئەو پارەیەت دەدەمێ و تۆ بڕۆرەوە ماڵ. پارەکەم دایێ و زەردەخەنە کەوتە سەر ڕوومەتە سڕبووەکانی! کاتێ ئەوم بەدڵخۆشی بینی، هەستم بەخۆشییەکی سەیرکرد.

ئەوێم جێهێشت و لەڕێگای گەڕانەوە بۆ لای خانەخوێیەکەم، لەتەواوی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەدا، تەنیا بیرم کەوتە سەر ئەوەی کە ژنەکە گوتی: پاقلەی ناو مەنجەڵەکە بایی پازدە هەزارە، بۆیە من دەبووا شازدە هەزار دیناری بدەمێ، هەقی ئەو جێیەی پێشتر بۆی ئامادە کردبووم!

محەمەد گۆران